


# ڕۆژهەڵات مێحوەری - خەباتی چەکداری

## دیدو بۆچوونی کۆمەڵێک نووسەری کورد

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست

١- "ڕۆژهەڵات مێحوەری" ئاراستەیەکی تەواو نەتەوەیی یە ............................ مستەفا شەڵماشی ........................... ٥
٢- ڕۆژهەڵات تەوەری: پرەنسیپێکی کاتالیزۆر بۆ خەباتێکی هاوبەش و بووژاوە ..................... ئاسۆی حەسەن زادە ........... ٨
٣- ڕۆژهەڵاتتەوەری، بەستێنێک بۆ کار و خەباتی هاوبەش ڕێکارێک بۆ دەربازبوون لە پەراوێزخران ......... قادر وریا ......... ٢٠
٤- ڕۆژهەڵات تەوەری: تێکشاندنی تەلیسمەکان ................................................ عەزیز مەعرووفی .................. ٢٥
٥- باسێک لەسەر ڕۆژهەڵات تەوەری ..................................................... فۆئاد محەممەدی .......................... ٢٨
٦- ڕۆژهەڵات میحوەری" خۆ پەراوێزخستنە .......................................... هاوار بازیان ............................... ٣١
٧- ڕۆژهەڵات مێحوەری و ڕۆژهەڵات تەوەری ............................................ خەلیل غەزەڵی ....................... ٣٤
٨- ڕۆژهەڵاتتەوەری، گوتارێک بۆ تیۆریزەکردنەوەی بنەماکانی خەباتێکی بەرفراوان .............. عەبدوڵڵا بەهرامی ........... ٣٨
٩- ڕۆژهەڵات میحوەری واقعیەتێکی سەردەمی ئێستا ........................................ ئاگری باڵەکی ......................... ٤٠
١٠- گریمانە هەڵەکانی ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵات مێحوەری و خەباتی چەکداری ...................... ئاسۆی حەسەن زادە ........... ٤٣
١١- "ڕۆژهەڵات میحوەری " و چەند سرنجێک. .......................................... لوقمان زەهرایی ...................... ٤٨
١٢- ڕۆژهەڵات مێحوەری پێویستی ئێستاو داهاتوو ......................................... خالید محەممەدزادە ...................... ٥٢
١٣- پێناسەیەک بۆ گوتاری ڕۆژهەڵات میحوەر ............................................... عەلی ئیسماعیلنژاد .................. ٥٤
١٤- ڕۆژهەڵات تەوەری" ئەفسانەیە یان کوردایەتی! ...................................................... ئەحمەد تاشک ........... ٥٨
١٥- ڕۆژهەڵات میحوەریی، ئەفسانە یان واقی .................................................... حیسام دەسپیش ..................... ٦١
١٦- مێحوەریەت یا ڕۆژهەڵات تەوەری ئەگەر درەنگ نەبێت زوو نییە ........................ کەماڵ مام خزری ................. ٦٥
١٧- ڕۆژهەڵات تەوەری و چەند کورتە سەرنجێک ..................................................... سۆران شێرزاد .............. ٦٧
١٨- ڕۆژهەڵات مێحوەری" بنەمایەک بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات ...................... ناسر باباخانی ................ ٦٩

١٩- هەر هێزێکی ڕۆژهەڵات بەجۆرێک تێکەڵاوی بە باقی هێزەکانی کوردستانەوە هەیە ............... عەبدوڵڵا حیجاب ......... ٧٢

٢٠- دژ بە پیلانی لە پەراوێزخستنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ....................... سمایل شەرەفی ................ ٧٩

٢١- "پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەریم" یا پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خود ............ خالید محەممەدزادە ..................... ٨١

٢٢- پاراستنی ئەزموونی باشوور بە چ نرخێک؟! ................................................ شۆڕش پایەمەرد ................. ٨٤

٢٣- ئاگری ژێر خۆڵەمێش ................................................................ بەدرەددین ساڵح ..................... ٨٦

٢٤- خەبات و بەربەرەکانێگەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات! ......................... نەوید کەرەمی ...................... ٨٨

٢٥- بووژانەوەی شۆڕش بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبێڵن! ..................... محەممەد سلێمانی ........................ ٩٣

٢٦- پرۆژەیەک بۆ ژیانەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........................... مەسعوود ڕۆستەمی ..................... ٩٦

٢٧- پیلانێک بۆ کوژاندنەوەی وشیاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .................. سامان فەقێ نەبی ................ ١٠٦

٢٨- ڕۆژهەڵات، هاوپەیمانێکی بێ بەرژەوەند! .................................... ئومید تاهیری ............................ ١٠٨

٢٩- بە قوربانیی کردنی ڕۆژهەڵات گەورەترین هەڵەیە ............................ قادری خەندەڕەش ...................... ١١٣

٣٠- ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پیلانی لە پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .................... سمایل شەرەفی ............... ١١٦

٣١- چاوەڕوانیی ڕزگارکەری دەرەکی، کوردی لەڕۆژهەڵات تەریک کردووە .............................. ڕامان نەسری ............ ١١٩

٣٢- خوێندنەوەیەک بۆ نوێترین هەڵوێست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .................. مەسعوود ڕەواندووست .................. ١٢٣

٣٣- گەشەکردنی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ................................ کوێستان فتوحی ................... ١٢٦

٣٤- ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە پلانە .............................................. سوارە کەمال ..................... ١٢٩

٣٥- ئەقڵانییەتی وتووێژ لە سیاسەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ...................... ڕێبوار مەعروفزادە ................ ١٣١

٣٦- تێڕامانێک لە چەند پرس و ڕووداوی گرینگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤دا ........... هەژیر عەبدوڵڵاپوور ...... ١٣٤

٣٧- "ئەحزاب، ڕووناکبیران و خەڵکی کوردستان، سێ کوچکەی سەرەکیی خەبات" ................. وریا ڕەحمانی ............... ١٣٦

٣٨- ئەرکی شۆڕشگێر لە قۆناخە دژوارەکانی خەباتدا ................................................ شارۆژ ...................... ١٣٩

٣٩- ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان ........................................ شۆڕش گوڵکار ........................ ١٤٤

٤٠- نەوەی نوێی ڕۆژهەڵات و ئاسۆیەکی لێڵ لە هەستی نەتەوایەتی .......................... هەڵمەت مەعرووفی ............ ١٤٦

٤١- تێچووی بەردەوامیی بزووتنەوە لە کوردستان هەتا کەنگێ لە سەر بەشێکی کەمی خەڵک بێت؟ ............. قادر وریا ....... ١٥٠

٤٢- پیش زمینەکانی ئاشتیی نەتەوایەتی ........................................................ شەماڵ میرزا .................... ١٥٣

٤٣- بزووتنەوەی مەدەنی - خەباتی شار ........................................................ جیهان کەرەمی ................... ١٥٨

٤٤- چالاکی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی حدک لەو چالاکیانە ..................... مستەفا شەڵماشی .......... ١٦٠

٤٥- خەباتی چەکداری بوون و نەبوون ........................................................ سوهراب کەریمی ................. ١٦٤

٤٦- خەباتی چەکداری پەرچەکردارێکە دژی دیکتاتۆری و تیرۆریزمی سەردەم .................... کاوە بەهرامی ................. ١٦٧

٤٧- کوردستانی ڕۆژهەڵات، خەباتی مەدەنی یان بزووتنەوەی چەکداری؟ ........................... سمکۆ بێکەس ............... ١٦٩

٤٨- ڕۆژهەڵاتی کوردستان- خەباتی چەکداری مەترسی یان هەل؟ ....................... مەجید حەقی .......................... ١٧٢

٤٩- جووڵەی چەکداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی لەپشتگیرییە .............................. هاوار بازیان ................... ١٧٥

٥٠- خەباتی چەکداری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەکاتە دوو بەرە ................................... فواد حەقیقی ................. ١٧٩

٥١- پێویستیی بەرەنگاری چەکدارانە (لەگەڵ چاوخشانێک بەسەر دەسپێکی خەباتی چەکدارانەی حدک).... ئەردەڵان باستانی ... ١٨٢

٥٢- ئایا هەوڵەکەی حدک قۆناغێکی نوێیە یانخود ئەزموونێکی ناسەرکەوتوو؟ ................... ئاریتما محەممەدی ........... ١٨٥

٥٣- ڕاپۆرتی حەوتوونامەی وشە لەسەر چالاکییەکانی ئەم دواییانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ....... هیدایەت جان ... ١٨٨

٥٤- عەبدوڵا موهتەدی: حکوومەتی هەرێم بەهۆی لاوازیی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵاتەوە ئیمتیاز بە ئێران دەدات ....... کاوە جەم ... ١٩٣

٥٥- د. عەباس وەلی: ڕێبەرایەتی حزبەکانی ڕۆژهەڵات فکریان مردووە .................... هیدایەت جان .................... ١٩٩

٥٦- کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەیە ............................................... کاوە جەم ............................ ٢٠٧

٥٧- جووڵەی پێشمەرگە ئێرانی هێنایە دەنگ .................................... مەنسوور مرووەتی ............................. ٢١٠

٥٨- ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتەوە نێو هاوکێشە سیاسییەکان؟ .................................. ئالان. ب ....................... ٢١٢

٥٩- هەنگاوێک بەرەو ئاسۆ ........................................................... کاوە بەهرامی ................................. ٢١٤

٦٠- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەر دەم خاڵی وەرچەرخاندا، .................. هیوا بەهرامی .............. ٢١٦

# "ڕۆژهەڵات میحوەری" ئاراستەیەکی تەواو نەتەوەیی یە

**مستەفا شەڵماشی**

لە درێژەی هەوڵ و تێکۆشانەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا بۆ چالاکترکردنەوەی خەباتی مافخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕۆژهەڵات تەوەرییش هاتە ئاراوە. لە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکرات و پاش ئەوەی لە کۆنگرەی چاردە دا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەواوی خۆی ئۆرگانیزە کردەوە، چەندین پرۆژەی سیاسی و جولانەوەی مەیدانی هێنانە ئاراوە و کاری بۆ کردن تا خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگاتەوە ئاستی شیاوی خۆی و شانازییەکانی ڕابردووی نە چەندان دووری، دیسان سەرهەڵدەنەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بتوانێ ڕیسالەتی مێژوویی خۆی بە باشترین شێوە بە ڕێوە بەرێ.



گرنگترینی ئەو پرۆژانە چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ داڕشتن و ئاراستە پێدانی خەباتی نەتەوەیی بوو. لە کۆنگرەی چاردەی حیزب دا بناغەی ئەو ئاراستە کردنە داڕێژرا بە پەسند کردنی کۆمەڵێک ویست و دروشمی ستراتیژی کە لە هەمویان گرنگتر دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستانە، کە یەکێک لە شانازییە گەورەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئەمڕۆش. جگە لەوە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەک داڕێژرا کە چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا لە چوارچێوەی مافی دیاری کردنی چارەنوس دا هەڵسەنگێندرێ و وەک مافێکی ڕەوا چاوی لێ بکرێ کە پیادەکردنەکەی لە سەردەمی ئازادی دا، بەدەست گەلی کورد خۆی دەبێ و ناکرێتە پرۆسەیەک لە چوارچێوەی ووتووێژ لە نێوان کورد و دەسەڵاتداران لە ناوەندی ئێران دا. بەڵکو هەر دەسەڵاتێک بیهەوێ گەلی کورد قەبوڵی بکا، دەبێ لە پێش دا ئەو دەسەڵاتە مافە ڕواکانی خەڵکی کوردستان قەبوڵ بکا. مافی دیاریکردنی چارەنوس، مافێکی سەلمێنراوی نێونەتەوەیییە و جێگای موناقەشەی تێدا نییە. کۆی بڕیارەکانی کۆنگرەی چاردە ئەو ئاراستەیان تێدا بوو کە بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لە کوردستانەوە بڕوانرێ و زەمینە بەدەستەوە گرتنی ئەو مافە لە ناو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەلکی کوردستان دا برەخسێنرێ و کەسایەتی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە جۆرێک دروست بکرێ و ئۆرگانیزە بکرێ، کە بتوانێ ئیرادەی نەتەوەیی لێ بێتە بەرهەم و بەو ئیرادەیە بتوانرێ چارەنوسی ئەو بەشە لە نەتەوەی کورد دیاری بکرێ.

ڕەنگە هێندێک کەسی ئەوتۆ کە قووڵایی ئاڵ و گۆڕەکانی دوای کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نابینن، یا نایانهەوێ بیبینن، ئەو پرسیارە بێننە گۆڕێ کە حیزب چی بۆ ئەو دروشمانە کردوە؟!

بێگومان ئەگەر ئەو کەسانە بە ووردی سەرنج بدەنە گوتار و کردەوەکانی حیزب لە مێدیاکان و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانیەکان دا، بە ڕوونی بۆیان دەردەکەوێ کە لەو مەیدانەدا چ کراوە. ئەگەر گوێ لە زمانی مێدیایی حیزبی دێموکراتی کوردستان بگرین، وەک جاران گوێت لە "کوردستانی ئێران" نابێت و "ڕۆژهەڵاتی کوردستان" جێگای گرتوەتەوە. لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانیەکان دا چیدی جانانە، بەرگری لە "ئێرانی بوون"ی خۆمان ناکەین و خۆمان لە هەموو کەس بە "ئێرانیتر" نازانین و تەنانەت مەرجمان هەیە بۆ ئەوەی لە نێو ئێران دا بمێنینەوە. ئەویش سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانمانە. لە بواری پەیوەندییە کوردستانیەکان دا دڵفرەوانی نەتەوەیی مان نیشان داوە و تەنانەت هێزە نەیارەکانیشمان قەبوڵ کردوە بۆ بەهێزکردنی خەباتە نەتەوەییەکە و بەرە نەتەوەییەکە.

جگە لەوە پرۆژەی زیندووترکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕەسمی ناسین وهاندان و پاڵپشتی کردن لە چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی نێوخۆ. پەیوەندی کردن و ناسینی خەباتی ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانەی کە تەنانەت لە چوارچێوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی دا و بە پێی ئەو ئیمکانە کەمانەی کە لەو چوارچێوەیەدا کاری سیاسی دەکەن و مەسەلە نەتەوەییەکە دێننە گۆڕێ. هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەو بەهێزتر کردنی بەرگریی نەتەوەیی بە چوونەوەی کادر و پێشمەرگەکان بۆ قوڵایی ناوچەکانی کوردستان و پشتیوانی کردن لە جوڵانەوەی لاوانی نێو خۆ لە چوارچێوەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا و دوایین پرۆژەی گرنگی ڕۆژهەڵاتمیحوەری، هەمویان لە خزمەتی ئەو ئامانجە سەرەکیەدابوون کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بە خاوەن بکا لە مەسەلە نەتەوەییەکەی خۆی و ئامڕازی بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی بەرهەم بێنێ.

بە پێچەوانەی بۆچونی هێندێک کەس و بە پێچەوانە هەڵسەنگاندنی هێندێک لایەنیش، ڕۆژهەلات میحوەری نەک تەنیا گەڕانەوە نییە بۆ میکانیزمەکانی ڕابردوو، بەڵکو هەڵقولاوی ئاراستە کردنی خەباتە بە لای ئیمان بەخۆبوون و دروستکردنی کەسایەتیەکی نەتەوەیی بە هێز لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

بەشێکی دیکە لە ئاڵوگۆڕەکان هێمایی بوون. وەک ناوی حیزب و ئارمی حیزب کە ڕەنگدانەوەی قووڵتر بوونەوەی بیری نەتەوەیی یان تێدایە. بە لابردنی وشەی ئێران لە سەر ناوی حیزب و بە نیشاندانی هێمایەک بۆ چوارپارچەی کوردستان، هەریەکەیان بە هێمای خۆیەوە، هەم دروشمی کوردستان یەک وەڵاتە ڕەنگی داوەتەوەو هەم ئەمری واقیعێک نیشان دراوە کە بە داخەوە وڵاتەکە کراوەتە چوارپارچە. ئەو هێمایە نیشان دەدا کە ئێمەی کورد پێویستە واقیعبین بین و سەرەڕای پاراستنی یەکیەتی نەتەوەییمان و سەرەڕای هاوسۆزی و هاوکاریی نەتەوەیی، نابێ لە کاروباری یەکتر دا دەخالەت بکەین و کێشە بۆ یەکتر ساز بکەین. ئەوە بێ ئەملاو ئەولا لە گەڵ پرۆژەی ڕۆژهەڵاتمێحوەری یەک دەگرێتەوە، کە بەم دواییانە حیزبی دێموکراتی کوردستان هێناویەتە گۆڕێ. بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێک کە س و لایەن، ڕۆژهەڵات مێحوەری دەقاو دەق لە ڕاستای ئەو هێمایە دایە کە لە ئارمی حیزب دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەویش ئەولەوییەت دانە بە خەبات لەو پارچەیەی کوردستان کە حیزبی بۆ دامەزراوە و بەرپرسایەتی مێژوویی هەیە بەرامبەری. چوار شاخەکەی نێو ئارمی حیزب پێمان دەڵێن کە دەبێ غەمی سەرەکیمان مەسەلە نەتەوەییەکە بێ، دەبێ هەرچوارپارچە هاوکار و پشتیوانی یەکتر بین و هەر لەوکاتەش دا ڕێز لە هەل و مەرجی جیاوازی یەکتر بگرین. دەبێ هەر پارچەیە ئەولەوییەتی خەباتی لە نێوخۆی بێ و خۆی بە هێز بکا و خۆی لەبیر نەچێتەوە، تا ئەوەندە بەهێزبێ کە بتوانێ یارمەتیدەری

پارچەکانی دیکەش بێ. بەو پێیە ڕۆژهەڵاتمێحوەری لە ڕاستای دروشمە نەتەوەییەکانی کۆنگرەی چاردەی حیزب دایە و نە تەنیا گەڕانەوە نییە بۆ دواوە، بگرە جێ بەجێ کردنی بەشێک لەو دروشمانەیە.

جێگای خۆیەتی ئیشارە بەوەش بکەین کە دروشمە نەتەوەییەکانی دوای لەتبون، لە ڕاستی دا پێویستیەکی سەردەم بوون کە دەبوا پێشتریش حیزب بیخستنایە نێو ڕۆژەڤی سیاسەتی خۆی و بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی نۆژەن بکاتەوە و لە گەڵ سەردەم و بەرزبوونەوەی ئاستی خەباتی کورد و بەرفرەوانبونی ناساندنی مەسەلەی کورد لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا خۆی بگونجێنێ، ئەو دروشمانە پەسند بکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنانەت ئاسانکارییەکی زۆریشی بۆ حیزبی دێموکڕاتی یەکگرتو کردوە. بناغەی ئاڵ وگۆڕە پێویستەکانی داڕشتووە و بۆ یەکگرتنەوەیەکی ئوسولی ئامرازی زۆر پێشکەوتوو و سەردەمیانەی بەرهەم هێناوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٣ی ژانویەی ٢٠١٥

# ڕۆژهەڵات تەوەری: پرەنسیپێکی کاتالیزۆر بۆ خەباتێکی هاوبەش و بووژاوە

(بەشی یەکەم)

ناسۆی حەسەن زادە

## شەرعییەتی ڕۆژهەڵات تەوەری: لە ڕۆژهەڤ کەوتنی ڕۆژهەڵات



ئەگەر زەرفی زەمەنی بۆ ئاوڕدانەوە لە پاشخانی بزوتنەوەی کورد لەو سەردەمەوە دابنێین کە مەسەلەی کورد بیچمی هاوچەرخی بەخۆیەوە گرتوە و هۆشیاری نەتەوایەتیی کورد چۆتە نێو قالبێکی ڕێکخراو و مۆدێرن و جەماوەرییەوە، بەبێ دوودڵی دەتوانین بڵێین خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژترین رابردووی لە تێکۆشان و بەرهەمهێنانی هێماکان و مۆدێلسازیی سیاسی نەک هەر بۆ کورد لە ئێراندا، بەڵکوو بۆ سەرجەم بزوتنەوەی کورد هەیە. لانیکەم لە دوو بڕگەی گەورەی مێژووی نوێی کورددا (پاش شەڕی دووەمی جیهانی و دوای ئینقلابی ئێران) ئەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە ببووە رووگە و پەناگا و ناوەندی بارستایی هەموو بزوتنەوەی کورد.

ئەوە کە ناوەندی بارستایی پرسی کورد لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە پارچەیەکی کوردستانەوە بۆ پارچەیەکی دیکە بگوازرێتەوە شتێکی زۆر سروشتییە. ئەمڕۆ سەرەڕای زیندوویی و بەردەوامیی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (شتێک کە بەردەوامیی سیاسەتی سەرکوت و زەبر و زەنگی ڕێژیم دەرهەق بە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی چالاکانی سیاسی و مەدەنی گەواهیی بۆ دەدا)، لەبەر زۆر هۆکار مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان کەمتر لە ڕۆژهەڤدایە. هۆکارەکان بەشێکیان هۆکاری ستروکتور (ساختاری)ین و بەشێکیشیان پێوەندییان بە هەلومەرجەوە هەیە. لەریزی هۆکارە دائیمییەکاندا دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین: جێگە و پێگەی جیاوازی کورد لەڕووی سیاسی و حقووقی و بالانسی دێموگرافییەوە لە ئێراندا و ئالۆزتربوونی پێوەندییە مێژووییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا بەبەراورد لەگەڵ هەمان شت لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، نەبوونی پاشخانێکی ئیستعماری لە ئێراندا (بە مانا مۆدێرنە حقووقییەکەی) کە وەک لە عیراقدا دانپێدانان بە مافی کەمینەکان و بەنێونەتەوەیی کردنی پرسەکەیانی لێ کەوتبایەوە، نەبوونی بەستێنی دێموکراتیزاسیۆنی حاکمییەت و باڵکێشانی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کە جیا لە ئینکار و سەرکوت بە هەموو ڕێگایەکیش لە هەوڵی کپ کردنی دەنگی کورد و داپۆشینی پرسیەکەیدایە، خیسڵەتی دێموکڕاتیک و فرەچەشن و تا رادەیەکیش بەهاگەرایانەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان کە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەم دابەشبوون و پارچە پارچە بوونیان تێ بکەوێ و هەم لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا دەست بۆ هەموو کارێک نەبەن و مەیدانی مانۆڕی خۆیان بە کۆمەڵێک خەتی سووری

ئەخلاقی و نەتەوەیی (کە ئەمانە بەجێن) و بە ژمارەیەکی زۆریش «بڤە» و تابوو (کە ئەمانە شیاوی پێداچوونەوەن) بەرتەسک بکەنەوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ژێئۆپۆلیتیک و هۆکارەکانی پێوەندیدار بە هەلومەرجیش، هەر ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بە مەوقعییەتی ژێئۆستراتژیی ئێران بەتایبەتی لەبواری سەرچاوە و ڕێڕەوەکانی وزە و یاریی فێڵبازانەی ڕێژیم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا و توانای تێکدەرانەی ڕێژیم لە ناوچەدا لەڕێگای گرووپە توندڕەو و تێرۆریستییەکانەوە کە هەمووی ئەمانە دەرەتانی ئەوەیان داوەتێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵیدا بکەوێتە سات و سەودا و سازان، هەروەها بارودۆخی نویی ناوچە و مەوقعییەتی نوێی هەرێمی باشووری کوردستان بکەین. هەر لەو سۆنگەیەوە پێویستە ئاماژە بە هەوڵ و پیلانی لە پەراوێز خستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ کە ئەگەر ڕوونە سەرچاوەکەی کۆماری ئیسلامییە، زۆر ڕوون نیە کە بە کوێ کۆتایی دێ و بە ئەگەری زۆر، بە شێوەی ئاگایانە یا نائاگایانە درێژکەرەوەی خۆماڵیی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشدا هەیە.

جیا لەوە کە هەر هێزێکی بەرپرسیار پێویستە بۆ هەر قۆناغێک لە خەبات هەڵوێست و چەمکی گونجاو و بەڕۆژ بەرهەم بێنێ، شەرعییەتی بەرزکردنەوەی دروشمی ڕۆژهەڵات تەوەری لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە لە کۆی ئەم فاکتەرانە هەڵدەقووڵێ و ئەم دروشمە نەک هەر شتێکی خەیاڵی و داتاشراو نیە، بەڵکوو وڵامدەری زەرووڕەتێکی زۆر ڕوون و کۆنکرێتە کە هەمان لە ڕۆژهەڤ کەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستیی هێنانەوە نێو ڕۆژەڤی خەباتی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا و بووژاندنەوە و یەکخستنی ئەو خەباتەیە.

### بنەمای پێناسەکردنی ڕۆژهەڵات تەوەری و دەستنیشانکردنی ڕێکارەکانی

یەکێک لە کەمایەسییەکانی کاری کوردەکان لە هەر ئاست و چوارچێوەیەکدا کە بیگرین هەمیشە بریتی بووە لە پشتگوێ خستنی ژێرخانی زانستی و بنەما تیئۆرییەکانی سیاسەت و خەبات. زۆربەی کات کورد لەبری ئەوەی تێ بکۆشێ بە دیدێکی ستراتژی و بە مێتۆدێکی زانستییەوە مەسەلەی خۆی لە خانەبەندیی چەمکە باوەکانی پێوەندیدار بە خەباتەکەیدا پێناسە بکا و چەمکسازییەکی خۆماڵی بەڵام گرێدراو بە جیهانی دەرەوەی بۆ بکا، هەموو سەرنج و وزەکەی تەنیا خستۆتە سەر مەسایلی مەیدانی و زەرووڕەت و پێویستییەکانی خەباتی ڕۆژ بە ڕۆژ. مەبەست لە چەمک (کانسێپت) ئەوەیە کە تەنیا بە بیرۆکەیەکی تەم و مژاوی یان بەرداشتێکی گشتی (نۆشن) کە دەکرێ لە دیاردە یا بابەتێکمان هەبێ قەناعەت نەکەین، بەڵکوو هەوڵ بدەین بیرۆکەکە بە چەشنێک خورد بکەینەوە کە پێناسەیەکی ڕوون و فۆرموولەکراو هەم لە دەروونی خۆیدا و هەم لەپێوەندی لەگەڵ چەمک و دیاردە پێوەندیدارەکانی دیکەدا بخەینە بەر دەست و بە مەفهوومێکی کارا بگەین کە تەنیا و تەنیا تابعی واقعییاتی کاتیی ڕۆژ نەبێ، بەڵکوو خیسڵەتێکی پێکهاتەیی و دائیمییش بەخۆیەوە بگرێ.

ئەگەر بمانەوێ ڕۆژهەڵات تەوەری ڕۆڵی ئەو پرەنسیپە کارییە بگێڕێ کە بەشێوەیەکی بەسوود ئاقاری ڕوونی ستراتژیک بخاتەوە

بەردەم تێکۆشەران و خەباتگێڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە ئەو چەمکە لە دروشم یان سیاسەتی بەکردەوەی لایەنێکەوە بگوازرێتەوە بۆ پرۆژەیەکی خەباتگێڕانەی هەمەلاگیر. ئەوەش کاتێک دەکرێ کە رێککەوتن یا لانیکەم لێک تێگەیشتنێکی رێژەیی لەنێوان زۆربەی هەرە زۆری ئەکتەرەکانی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەم سەبارەت بە بنەما و نێوەرۆکی رۆژهەڵات تەوەری و هەم سەبارەت بە رێکارەکانی جێبەجێکردنی هاوبەش یا لانیکەم هەماهەنگی ئەو پرەنسیپە بێتە دی. بێگومان پێناسەکردنی رۆژهەڵات تەوەری و دیاری کردنی رێکارەکانی جێبەجێکردنی، تەواو لەگەڵ یەکدی لەپێوەندیدان و وڵامدانەوە بەو پرسیارانەی لەبواری پێناسە کردنی رۆژهەڵات تەوەریدا دێنە پێش، هەرلەوکاتەدا دەستنیشانکردنی رێکارەکانی جێبەجێکردنی رۆژهەڵات تەوەریش ئاسان دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە رۆژهەڵاتتەوەری وەک چەمک و وەک پرەنسیپێکی کاری لە چەند مانگی دواییدا لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بەرجەستە کراوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ئەسڵە رەگ و ریشەی لە رابردووی دەیان ساڵەی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت بزوتنەوەی کورد بە گشتیدا هەیە. بەو پێیە، رۆژهەڵات تەوەری لە نێوەرۆکدا بە مانای داهێنانی شتێک نیە کە پێشتر نەبووبێ، بەڵکوو بریتییە لە وەبیرهێنانەوە و گەڕاندنەوەی شتێک بۆ مەنزڵەتی پێشووی خۆی. هەروەک چۆن لەپێوەندی لەگەڵ خەباتی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا باوە، رۆژهەڵاتتەوەرییش لە نێوەرۆکدا شتێک نیە جگە لە ئاکامگیریی بەکردەوە لە دابەشبوونی کوردستان و لەو تەزادە زاتییانەی مەسەلەی کوردیان پێ دەناسرێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە رۆژهەڵات تەوەری هەر لەو کاتەدا کە بریتییە لە خۆناساندنەوەیەکی کوردەکانی رۆژهەڵات بە دنیای دەوروبەری خۆیان، پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی کۆمەڵێک مژاریش دەگرێتەوە کە پێوەندییان بە دینامیزمی نێوخۆیی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە:

### ١/ خۆناساندنەوەی رۆژهەڵات لە بازنە فراوانترەکانی خەباتدا

مانابەخشین بە رۆژهەڵات تەوەری پێویستی بە سەرنجدانەوەیەکی سەرلەنوێ بە جەوهەر و کارتێکەریی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر سێ بەستێنی کوردستانی و ئێرانی و نێودەوڵەتیدا هەیە.

### ئەلف. رۆژهەڵات تەوەری و کوردستانی بوون

لە رەهەندی کوردستانیدا، رۆژهەڵات تەوەری بە مانای پێداچوونەوە بە جێگە و پێگەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر نەخشەی بزوتنەوەی کورد بە گشتی و هەڵسەنگاندنەوەی کارتێکەری و چاوەڕوانیی نێوان ئەم پارچەیەی کوردستان و پارچەکانی دیکەیە. بێگومان ئیدەئال ئەوە بوو کە خەباتی سەرجەم پارچەکانی کوردستان لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی سەراسەریدا رێک بخرێ کە بەپێی ئاجێندایەکی یەکگرتوو بچێتە پێش و هەموو پارچەکانی کوردستانیش وەک یەک باجی بۆ بدەن. بەڵام مادام ئەو ئیدەئالە نە ئێستا و نە تەنانەت لە دووەدیمەنێکی نێوەندخایەنیشدا وەدی نایە و لەولاشەوە ژێئۆپۆلیتیک و هەلومەرج و بەستێنە نێوخۆییەکان بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان وەکیەک دەست نادەن، نە رەوایە و نە تەنانەت بە قازانجی چوونە پێشی مەسەلەی

کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستانیشیە کە مەسەلەی کورد لە پارچەکانی دیکەدا بخەوێندرێ یان ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی کوردستاندا لەرادەبەدەر بکەوێتە ژێرکاریگەریی بارودۆخ و ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا.

ئەوە بەو مانایە نیە کە کورد هەمووی بەسەریەکەوە بیر لە بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەیی نەکاتەوە. بێگومان نەک تەنیا وەک ئەندامانی نەتەوەیەک، کوردی سەرجەم پارچەکانی کوردستان دەبێ لە بەرامبەر یەکتردا خۆیان بە بەرپرسیار و هاوسۆز بزانن، بەڵکوو قازانجی هاوبەش و بەجیای هەر کامیشیان لە بەهێندگرتنی مەوجوودییەتی یەکتردایە، چونکە داخوازیی سیاسیی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا ئەو وەختە باشتر شەرعیەت وەردەگرێ کە بوونی کورد لە وڵاتانی دیکەدا و دابەشکرانی وڵاتی کوردان بە بێ رەزامەندیی خۆیان بەرجەستە بکرێتەوە. لەو بوارەدا بێگومان بەستێن و بۆشاییەک بۆ یەکخستنی روانین و هەڵوێستەکان و تەنانەت کاری هاوبەشی نەتەوەیی لەنێوان کوردی هەموو پارچەکاندا هەیە کە پێویستە دەکار بخرێ و پڕ بکرێتەوە.

کێشەی بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەیی بەڵام لە پێناسەکردن و خوردکردنەوەیدایە. لەلایەک بەهۆی ئەو پێوەندییانەوە کە هەر پارچەیەکی کوردستان دەکرێ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی هەبێ و بەگشتی بەهۆی تەعامولی هەر پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە گۆشەنیگای ئەو وڵاتەوە کە ئەو پارچەیەی کوردستانی لێ هەڵکەوتووە، مەرج نیە بەرژەوەندییە کاتی و قۆناغییەکانی کوردی دوو پارچەی کوردستان هەمیشە وەکیەک بن، ئەگەر نەڵێین زۆر جار تەنانەت بە پێچەوانەی یەکتریشن. لەلایەکی دیکەوە، کێشەی کورد لەو بوارەدا نەبوونی ئالیەت و مەرجەعیەتێکی هاوبەش بۆ پێناسەکردنی بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەییە کە ئامانج و ئاجێندای خەبات بە چەشنێک دیاری بکا کە هەمووان پێڕەویی لێ بکەن (لەو پێوەندییەدا ئەزموونی [نە]بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هاوینی ٢٠١٣ دا نموونەیەکی بەداخەوە زۆر باش بۆ تەئیدی ئەو قسەیەیە).

راستییەکەی ئەوەیە کە نەک هەر لەسەر ئاستی هەموو بزوتنەوەی کورد، بەڵکوو زۆر جار تەنانەت لەنێوان هێزەکانی هەمان پارچەی کوردستانیشدا رێککەوتنێکی روون لەسەر وەها پێناسەیەکی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کە هەموو لایەنەکان کاری پێ بکەن، لەبەردەستدا نیە و هەر لایەنە ئەو بەرژەوەندییە و لە ئاکامدا ئاجێندای خەبات لە دید و روانینی خۆیەوە راڤە دەکا و دایدەڕێژێ. دیارە ئەو کێشەیە تەنیا تایبەت بە کورد نیە و حاڵەتی لەو چەشنە لە دنیادا کەم نین (بۆ نموونە کۆمکاری عەرەبی لە ماوەی نزیک بە حەفتا ساڵ تەمەنی خۆیدا هەرگیز نەیتوانیوە پێناسەیەکی روون لە هاوبەشییەکانی وڵاتانی عەرەبی بخاتە روو کە لەرووی سیاسییەوە کارا بێ یان لە ئوورووپا هەوڵی هێندێک ناوەند بۆ هاوشێوەکردنی پرسی باسکەکانی فەڕانسە لەسەر مۆدێلی «وڵاتی» باسک لە ئیسپانیا هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە). بەڵام ئاڵۆزییەکانی ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد و هەموو ئەو مەترسی و دژوارییانەی تا ئێستاش هەڕەشە لە مەوجودییەتی سیاسیی کورد دەکەن بە رادەیەکن کە پێویستە بڕاردە و هێزە سیاسییەکانی کورد لەو بوارەدا بەرپرسیارانەتر و لەخۆبردووانەتر رەفتار بکەن و لەو پێوەندییەدا رەنگە بتوانین بڵێین کە بارودۆخی ئێستای ناوچە بەتایبەتی پاش هێرشی داعش لە هەموو کاتێک زیاتر دەرفەتی پەسندکردنی روانینێکی کارا و ستراتژیکی لەو بوارەدا بۆ هەموو کورد پێک هێناوە.

بەهۆی نەبوونی ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و درێژبوونەوەی مەودای ڕوودانی ئاڵوگۆڕ، شتێکی سەیر نیە ئەگەر کوردەکانی ڕۆژهەڵات زۆر ڕوویان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بێ. ئەوە هەروەها یەکێک لە شانازییەکانی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتە کە هەروەک هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە شەڕی داعش و شەپۆلی هاوپێوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ کۆبانی دەریخست، بەرامبەر بە دۆخی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاگادار و هەستیارن. بەڵام ئەو کاردابەشکردنە سروشتییە کە دابەشبوونی کوردستان بەسەر کوردەکانی داسەپاندووە وا دەکا کە کوردی هەر پارچەیەکی کوردستان پێشدا خۆی لە بەرامبەر بردنە پێشی خەبات لە پارچەکەی خۆیدا بە ئەرکدار و بەرپرسیار بزانێ. لەلایەکی دیکەوە، هاوپێوەندیی نەتەوەیی بۆ ئەوەی بەڕاستی مانا بدا پێویستە مژارێکی دوولایەنە بێ. هەروەک گوترا نە ڕەوایە و نە تەنانەت بە قازانجیشە کە پرسی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستان لەسەر حیسابی پرسی کورد لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا بچێتە پێش. بێگومان ئەوە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بۆخۆیانن کە دەبێ مشووری بووژاندنەوەی خەباتی خۆیان بخۆن، بەڵام زۆر مایەی سەرسووڕمان و گومانە کە هێندێک کەس پێیان وایە پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دەبێ تەنیا و تەنیا لەسەر حیسابی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بچێتە پێش.

ئەگەر قەرار بێ بۆ نموونە بەستێنی شۆڕشگێڕیی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکی جێگە و پێگەی نوێ و نەهادینەکراوی هەرێمی کوردستان لە عیراقدا و لە ناوچەدا بکا، کەمترین چاوەڕوانی کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەتوانن لە هێزەکانی باشووری کوردستانیان هەبێ ئەوەیە کە ئەوانیش ڕۆژانی سەختتری خەباتی خۆیان و ئەو سەردەمەیان لەبیر بێ کە ئەوانیش ناچار بوون لە نەزمی مەوجوود یاغی بن و ئەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە پشت و پەنا هەرە قایم و جێ متمانەکەی ئەوان بوو. پێداچوونەوە بەو ناهاوسەنگییە کە ئەمڕۆ لە هاوپێوەندی و دەرکی نێوان کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردی پارچەی دیکەی کوردستاندا هەیە پێویستی بە پەرەپێدان و نەهادینەکردنی دیالۆگی نێوخۆیی کوردان هەیە بۆ ئەوەی لەو شوێنەدا کە ناڵێکی لەنێوان بەرژەوەندییە کاتییەکانی کوردی دوو یا چەند پارچەی کوردستاندا دێتە پێش، پێکەوە تێبکۆشن بە چەشنێک بە تەفاهوم بگەن کە نە ئاجێندای خەباتی پارچەیەکی کوردستان ببێتە سەرچاوەی مەترسی بۆ جێگە و پێگەی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و نە جێگە و پێگەی پارچەیەکی کوردستانیش ئاجێندای خەباتی پارچەیەکی دیکەی کوردستان پەک بخا.

ڕۆژهەڵات تەوەری بە هیچ جۆر بە مانای بێتەفاوەتی بەرامبەر بە پرسە کوردستانی و نەتەوەییەکان نیە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ڕێک بە مانای جێبەجێکردنی کوردستانی بوونێکی کامڵ و عادڵانەیە. نەک هەر لەبەر ئەرک و ڕیسالەتی نەتەوەیی، بەڵکوو بەهۆی زۆربەی بەربەستەکانی سەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات و داخراوی و گیرانی زۆر لە دەرەتان و بەستێنەکانی ئەو خەباتە و لەسەردەمێکدا کە هەموو ڕەهەندە سیاسییەکان پێکەوە گرێ دراون و کار لە یەکتر دەکەن، ئەوە بە قازانجی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشە کە بەستێنی کوردستانی وەک بوارێکی بەرێز بۆ خۆدەرخستن و گەیاندنی دەنگی خۆیان چالاکانەتریش لە ئێستا بەکار ببەن.

پێناسەی ڕۆژهەڵات تەوەری لەجیاتی ئەوەی لەسەر تەزادسازی راوەستێ، بە مانای ئەولەویەتبەندییەکە بۆخۆی بەرهەمی مێژوویە و وا دەکا کە هەر پارچەیەکی کوردستان وێڕای بەشداری لە بەستێنی هاوبەشی نەتەوەییدا، تایبەتمەندیی خۆی بپیارێزێ و هێزەکانی هەڵقوڵاو لە هەر پارچەیەک بۆخۆیان نوێنەرایەتیی بەرژەوەندی و خواستەکانی ئەو پارچەیە بکەن و لە بەرنامەڕێژیی خەبات و تێکۆشانیاندا زۆرترین سەرنج و وزە بخەنە پێناو بردنە پێشی مەسەلەی کورد لە پارچەکەی خۆیان. مادامیش کە ئەولەوییەتی هەر پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ هی پارچەکانی دیکە جیاوازە و هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان بەپێی بەرژەوەندیی پارچەکەی خۆیان دەڕواننە پێوەندییە دەرەکییەکانیان، ناکرێ ئامانج و ئاجێندای خەباتی هیچ پارچەیەکی کوردستان بکرێتە پاشکۆ و حاسڵ جەمعی ئامانج و ئاجێندای بارودۆخ و خەبات لە پارچەیەکی دیکە.

لە ژمارە ٦٤٦ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە ( ٢١ی دێسامبری ٢٠١٤)

## ڕۆژهەڵات تەوەری: پرەنسیپێکی کاتالیزۆر بۆ خەباتێکی هاوبەش و بووژاوە

(بەشی دووهەمو کۆتایی)

ئاسۆی حەسەن زادە

### ب. ڕۆژهەڵات تەوەری و «ئێرانی بوون»

لەگەڵ ئەوەدا کە مەسەلەی گوتار و ئاجێندای نەتەوەیی کورد لە ئێراندا و پێوەندیی بزوتنەوەی کورد لەگەڵ بزوتنەوەی «سەراسەری» لە ئێراندا (ئەگەر بزوتنەوەیەکی سەراسەری لە ئێراندا هەبێ) هەمیشە بابەتی مشت و مڕی بژاردە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە دوو دەهەی رابردوودا بووە، بەڵام ئەو مەسەلەیە وەک ڕەهەندێکی گرینگ بۆ پێناسە کردنی ڕۆژهەڵات تەوەری کەمتر سەرنجی دراوەتێ.

ئەولەوییەتدانی خەباتگێڕان و تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەسەلەی کورد لە پارچەکەی خۆیان دەبێ ببێتە هۆی نزیک بوونەوەی سەرلەنوێ و زیاتر لە واقعییاتی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوەش ئەولاتر هی سەرجەم کۆمەڵگای ئێران و گرێدانەوەی ئەو واقعییاتە بە پاشخانی مێژوویی و بەستێنی سیاسی و فەرهەنگی و قانوونیی پرۆسەی سیاسەت و دەسەڵات لە ئێراندا. چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ بە شێوەی سروشتی و «بالاجبار» ئێستاش ئەو پانتاییە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لەڕووی چارەنووس و چ تەنانەت لەڕووی فەرهەنگی سیاسییەوە زۆرترین شوێنەواری لێ وەردەگرێ و پێیەوە بەستراوەتەوە، کۆمەڵگای ئێران و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە حاکمییەت لە ئێراندایە.

بەڵام ئەگەر سەرنجدانەوە و نزیک بوونەوەی سەرلەنوێ لە واقعییاتی نێوخۆی ئێران دەبێ وەک ڕێکارێکی باشتر سازدان و بردنە سەری قابلییەتەکانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات چاو لێ بکرێ، هەرلەوکاتەدا ئەمە نابێ بە چەشنێک شوێنەوار لەسەر نێوەرۆکی دیسکۆرسی سیاسیی کورد لە ئێران دابنێ کە ئەو کاریگەرییە بە مانای ئێرانیزەکردنی لەوە زیاتری ئەو دیسکۆرسە و بە پاشکۆ کردنی بزوتنەوەی کورد بۆ ڕەوتە سیاسییە ناوەندییەکانی نێو ئێران بێ. جیا لەوە کە دروست وایە هێز و لایەنەکانی نێو بزوتنەوەی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵات بە گەڕانەوە بۆ سەرەوەرییەکانی ڕابردووی ئەو بزوتنەوەیە بەڕوونی لەسەر ماهییەتێکی قورس و قایم بۆ گوتاری گەورەی گەلەکەمان ڕێک بکەون، لە مامەڵەی بزوتنەوەی کورد بە هەموو بەستێنەکانیەوە لەگەڵ پرۆسە سیاسییە سەراسەرییەکانیشدا پێویستە ڕۆژهەڵات تەوەری بە مانای وەڕێ کەوتن لە کوردستان ڕا و گەڕانەوە بۆ کوردستان بێ و لەهەرحاڵدا بەرجەستەکردنەوەی فاکتەری کوردی لە ئێران وەک فاکتەرێکی قائم بە زات و تایبەتمەند و سەربەخۆی لێ بکەوێتەوە.

### ج. ڕۆژهەڵات تەوەری و فاکتەری نێودەوڵەتی

وەک زۆر جار باسمان کردوە و لێرەدا پێویست بە شیکردنەوەی زیاتر ناکا، کەمایەسییەکی ئەو هەلە نوێیە کە بۆ کورد لە ناوچەدا هاتۆتە پێش لەوەدایە کە لە درێژەی واقعییەتە ژئوپۆلیتیکەکانی ڕابردوودا جیهانی دەرەوە ئێستاش سیاسەتێکی کوردیی یەکدەستی نیە و مامەڵەی لەگەڵ کوردی هەر پارچەیەکی کوردستان بە تەعامولی لەگەڵ دەوڵەتی حاکم بەسەر ئەو پارچەیەی کوردستان یان هەلومەرجی تایبەت بەو وڵاتە کە ئەو پارچەیەی کوردستانی لێ هەڵکەوتووە دەبەستێتەوە. هەربۆیە خوێندنەوەی جیهانی دەرەوە بەتایبەتی ڕۆژئاوا بۆ فاکتەری کوردی لەو هەلومەرجە نوێیەشدا کورد هەمووی بەسەریەکەوە چاو لێ ناکا و وەکیەک جێگە و پێگەی پێ نابەخشێ.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونی خەبات و ڕیشەداریی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئیعتبار و خیسڵەتی پێشکەوتنخوازانە و بنیاتنەرانەی ئەو بزوتنەوەیە و هەروەها گرینگیی نەخشی ئێران لە دروستبوون و درێژەکێشانی ئەو بەستێنە کە داعشی لەسەر دروست بوو، ئەوە نەک هەر بە قازانجی هەموو کورد بەڵکوو لە بەرژەوەندیی ڕوانگە درێژخایەنەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیشدایە کە جیهانی دەرەوە هەموو کونجەکانی چوارگۆشەی کورد ببینێ و هەرکامەیان بەپێی مەوقعییەتی خۆی ئەکتیڤ و ئەرکدار بکا. لەو سۆنگەیەشەوە ڕۆژهەڵات تەوەری بە مانای کاملکردن و کاراترکردنی فاکتەری کوردییە و هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانن ئەم بابەتەش وەک بوارێک بۆ هاوهەنگاویی نێوان خۆیان و لۆبیگەری بەڕووی جیهانی دەرەوەدا بەکاربەرن. دیارە تەنیا کاتێکیش جیهانی دەرەوە سەرنجی بە کردەوە دەداتە گۆشەی ڕۆژهەڵاتیی فاکتەری کوردی و دانی پێدا دەنێ کە هێزەکانی ئەو بەشەی کوردستان بە جۆرێک ڕوانین و هەنگاوەکانیان یەک بخەن کە لە ئەنجامدا بەشێوەی مەیدانی بەهێز بینەوە.

### ٢/ دینامیزمی نێوخۆیی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕەوتی بەسیاسی بوون (سیاست پذیری) لە کانتێکستی خەباتی نەتەوەییدا لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەو

کاتەدا کە رابردوویەکی دەوڵەمەندی هەیە، هەمیشەش دیاردەیەکی ئاڵۆز و پڕ کێشە بووە. سەرباری باوەڕ و ئیدئالە دێموکڕاتیکە فەرمییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات، لە سێ دەهە و نیوی رابردوودا فرەیی (پلورالیزم) لەسەر رووبەری خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە فرەییەکی پڕ ژان و پڕ تێچوو بووە. بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵات تەوەری بەڕاستی بتوانێ ببێتە ئەو پرەنسیپە کارییە کە هەموو هێزە و وزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بەمەبەستی بووژاندنەوەی خەبات بە ئاقارێکی هاوبەشدا دەکار بخا، پێویستە پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەشنێک پێداچوونەوەیان پێدا بکرێ کە هەم لایەن و بەستێنە جۆربەجۆرەکانی نێو ئەو بزوتنەوەیە بەشێوەیەکی واقعی و ئاکامدار دان بە بوونی یەکتر دابنێن و هەم هەماهەنگی و ڕێککەوتنێکی روون و کارا سەبارەت بە شێوازەکانی خەبات و داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات لەنێوان ئەم هێز و بەستێنانە بێتە دەست.

## ئەلف. فرەلایەنی و فرەبەستێنی

ڕەهەندێکی سروشتی و مێژوویی ئەم بابەتە پێوەندی و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لەگەڵ ئەوەدا کە لە سەردەمی ئێستادا ئەو هێزانە گرژییان لەنێواندا نیە (ئەگەر گرژیی جاروبارەی تەبلیغاتی حیساب نەکەین)، بەڵام دۆستایەتی و هاوخەباتییەکەشیان بەو جۆرەی پێویستە ڕێکخراو و بەبەرهەم و کارا نیە. گشتاندنی پرۆژەی ڕۆژهەڵات تەوەری ئەو وەختە جێبەجێ دەبێ کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە بن لە ڕێگای هێندێک مێکانیزمی هاوبەشەوە، بۆ نموونە فۆرۆمی ڕۆژهەڵات، چوارچێوەیەک بۆ دیالۆگ و لێکگەیشتن بدەنە خۆیان و لەوێدا وێڕای خەسارناسی و ئەزموون وەرگرتن لە کێشەکانی رابردوو، بنەما و ڕێکارەکانی هاوخەباتیی لەمەودایان دابڕێژن و کاریان پێ بکەن. ئەو چوارچێوەیە بۆ ئەوەی هەم شەرعییەتی بەهێز و هەم راندمانی لەسەرەوە بێ، وێڕای ئەوە کە پێویستە بەدەوری ناوکێک لە هێزە سەرەکی و نەرتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بێ کە وەک کۆڵەکە و مۆتۆڕی وەها مێکانیزمێک دەور بگێڕێ، پێویستە تا ئەو جێگایەی دەکرێ بنکە فراوان بێ و بۆ وەخۆگرتنی دیاردە و ڕەوتە سیاسییە نوێیەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەوڵ بدا و تەنانەت لەگەڵ ئەو هێزانەشدا کە هەڵقوڵاوی ڕۆژهەڵات نین و ئاجێندای سیاسییان پێڕەوی لە ئاجێندای سیاسیی هێزی پارچەیەکی دیکەی کوردستان دەکا بچێتە نێو راوێژ و گفتگۆوە.

ڕەنگە بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات ئەم قسانە لەڕادەبەدەر خۆشبینانە بێنە بەرچاو. حاشای لێ ناکرێ کە هەم کێشەکانی پێشووی نێوان هێزە خاوەن رابردووەکان و هەم بەتایبەتی ڕەوتی پارچە پارچەبوونی ئەم هێزانە و دردۆنگی یا لانیکەم بێگانەیی زۆربەیان لەگەڵ ڕەوتە سیاسییە تازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەربەستی گەورە لەسەر ڕێگای دروست بوون و مەشین و پایەداریی وەها مێکانیزم و چوارچێوەگەلێکن. بەڵام ئەگەر بێت و سەرجەم ئەو هێزانە حازر بن ئەو گیروگرفتانە لە بازنەی داخراوی پێوەندیی نێوان دوو لایەنی دابڕاو لەیەکتر ببەنە دەر و بیانخەنە خانەی فراوانتری هەموو بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، ئەمە یارمەتی بەوە دەکا کە سووڕەتی مەسەلەکان بە چەشنێکی بەسوود بگۆڕێ و زەرفییەتی چارەسەری ئەو کێشانەش بچێتە سەر.

ڕەهەندێکی دیکەی مەسەلەکە فرەبەستێنییە. ئەگەر سیاسەت و خەبات وەک پرۆسەیەکی خەتی چاو لێ نەکەین کە لەودا لایەنێک

یان دوو لایەن بە پێڕەوی لە میراتێکی بەسەرچووی ئاڤانگاردیستانە خۆیان بە پێشڕەو و نوێنەری هەموو کۆمەڵگا بزانن، دەبێ بەکردەوە قبووڵی بکەین کە بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا لە هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیدا خولاسە نابێتەوە. ئاشکرایە شەرعییەتی مێژوویی پرسی کورد لە ئێراندا لەسەر دەست و لەسەر شانی بەستێنی شۆڕشگێڕیی بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات چەسپاوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ ڕۆژهەڵات تەوەری بکەینە ئەسڵێک بۆ ڕێکخستن و دەکاروەردانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، پاش ئەوەی ئاکامگیریی پۆزەتیڤمان لە فرەلایەنیی هێزەکان کرد، پێویستە فرە بەستێنیی خەباتیش قبووڵ بکەین و لەو نێوەدا بەتایبەتی بەستێنی مەدەنیی خەبات لە نێوخۆی وڵاتدا بە هێند بگرین.

لەگەڵ ئەوەدا کە بەستێن بۆ خەباتی مەدەنی لە سایەی کۆماری ئیسلامیدا یەکجار زۆر لاوازە، بەڵام بەو دینامیزمە کەموێنەیە لە هۆشیاری و هەستیاریی سیاسی و مەدەنی کە لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵات و بژاردەکانیدا هەیە، خوێندنەوەی ئەو بەستێنەی خەبات نەک هەر لەبەر پێویستییەکانی خەباتی فرەڕەهەند، بەڵکوو ڕاست بۆ گرێدانەوەی زیاتری بەستێنی شۆڕشگێڕی بە قووڵایی کۆمەڵگا زەروورەتێکی حاشا هەڵنەگرە. فرەبەستێنی لە جێبەجێکردنی ڕۆژهەڵات تەوەریدا کاتێک بەڕاستی بەبەرهەم و کارا دەبێ کە لەڕێگای دیالۆگێکی داماڵراو لە پێشداوەری و کلێشە داتاشین، هەردوو بەستێنی مەدەنی و شۆڕشگێڕی بەمەبەستی ئەرکدارکردن و هێنانە مەیدانی هەموو چین و توێژ و سەرجەم تاکەکانی نێوکۆمەڵگا گوتارێکی سیاسیی وەها پەسند بکەن کە هەموو فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات (لە هەموو ڕووەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ناوچەیی و جنسیەتییەوە) خۆیانی تێدا ببیننەوە. بەستێنەکانی خەبات لەجیاتی ئەوەی بە زێهنیەتی ڕکابەری و بەدیلسازی لە بەرامبەر یەکتردا قەرار بگرن یان لە یەکتر دڕدۆنگ و بەگومان بن، هەق وایە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و زیمنییش بێ بە چەشنێک پێکەوە هەماهەنگ بن کە لە هەر قۆناغ و لە هەر وەرزە لە خەباتدا بەپێی ئەوە کە سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی و هەلومەرجی زەینی و عەینی چی دەخوازێ، هەر جارە یەکێک لە بەستێنەکان بەرجەستە بکرێتەوە و هەموو بەستێنەکانی دیکە یارمەتیی پێ بکەن و لە هەموو هەلومەرجێکیشدا هەرکامەیان خۆی لە هەر هەمووی بە بەرپرسیار و خاوەندار بزانێ.

### ب. شێوەکانی خەبات

هاوکاتبوونی بەرجەستەکردنەوەی چەمکی ڕۆژهەڵات تەوەری لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لەگەڵ حزوور و چالاکیی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات لەلای هێندێک کەس ئەو زێهنیەتەی دروست کرد کە ڕۆژهەڵات تەوەری تەنیا بریتییە لە خەباتی چەکداری. جگە لەوەش، ئەو نیگەرانییە لەلای هێندێک ڕووناکبیر و چالاکی مەدەنی دروست بوو کە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەبێتە هۆی بە ئەمنیەتی بوونی زیاتری فەزای کوردستان و لەبارچوونی بەستێنی تێکۆشانی مەدەنی.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خەباتی چەکداری، جیا لەوە کە لەهەرحاڵدا سەردەمی ئێستا پێویستی بە مۆدێلێکی تازە لە خەباتی چەکداری هەیە کە چ لەڕووی نیزامی و چ لەڕووی سیاسییەوە لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆ و دەرفەت و بەربەستەکانی سەردەمی ئێستا

بگونجێ، ڕۆژهەڵات تەوەری تەنیا لە خەباتی چەکداریدا چڕ نابێتەوە، بەڵکوو لە پێناوی بووژاندنەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێنانەوە نێو ڕۆژەڤی پرسی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا و لە درێژەی چەمکی خەباتی فرەڕەهەندا، ڕۆژهەڵات تەوەری دەبێ لە هەموو مێتۆدە مەشرووعەکانی خەباتدا خۆی بنوێنێ. لەو نێوەشدا خەباتی چەکداری لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستاش ڕەنگە کاریگەرترین مێتۆدی خەبات بێ، یەکێک لە مێتۆدەکانی ئەو خەباتە و تەنیا یەکێکیانە.

هەر بەو پێیەش خەباتی چەکداری وەک یەکێک لە ڕێگاکانی بەکردەیی کردنی ڕۆژهەڵات تەوەری نابێ لە بەرامبەر خەباتی مەدەنی دابنرێ. تیئۆریی خەباتی مەدەنی و هەقیقەتی مۆدێل و ئەزموونەکانی خەباتی مەدەنی لە جیهاندا پێمان دەڵێ کە خەباتی مەدەنی لە بنەڕەت ڕا بە مانای خۆڕاگری لە بەرامبەر حکومەتێکدایە کە ئەو حکومەتە بۆخۆیشی مەدەنی بێ و خەباتی مەدەنی بە زەحمەت لە سایەی حاکمییەتە میلیتار و فاشیستەکاندا شانسی سەرگرتنی هەیە. ئەگەر تەنانەت بمانەوێ یارمەتییش بە دروستبوونی بەستێن بۆ تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی بکەین، هەڵەیە ئەگەر پێمان وا بێ بەرپرسیاری بە ئەمنیەتی کرانی فەزای کوردستان بوونی باسکێکی چەکدارییە، چونکە ڕەفتاری سەرکوتکەرانە و مامەڵەی ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی لەو شوێنانەی ئێرانیش کە خەباتی چەکدارییان تێدا بەڕێوە نەچووە یان لەو سەردەمانەدا کە لە کوردستان خەباتی چەکداری لە ئارادا نەبووە، چی وا لەو ناوچە و سەردەمانە کە لەواندا خەباتی چەکداری مێتۆدی هەرە باوی خەبات بووە، کەمتر نەبووە. بە پێچەوانەوە، هەروەک چۆن تەنانەت لە حاکمییەتە دێموکڕاتیکەکانیشدا دەسەڵاتی ناوەندی ئەو کاتە بەڕاستی ملی بۆ ویستەکانی بزوتنەوە مەدەنییەکان داوە کە نیگەرانی بەهێزبوونی ڕەوتە ڕادیکاڵ و چەکدارییەکان بووە، لە حاکمییەتێکی دیکتاتۆریشدا دەسەڵات ئەو کاتە بەڕاستی لە بەستێنی سیاسی و مەدەنیدا پاشەکشە دەکا و مل بۆ دانوستان و کرانەوە ڕادەکێشێ کە شمشێری داموکلێسی خەباتی چەکداری لەسەر بێ و ئەوەندە لە باسکی چەکداریی گەل بترسێ کە ئیجازەی هەموو چەشنە ڕەفتارێک لەگەڵ خەڵک و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی بە خۆی نەدا.

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژهەڵات تەوەری بە مانای ئەفزەلییەتی شێوازێکی خەبات بەسەر شێوازەکانی دیکەی خەباتدا نیە و لەو نێوەدا تەنانەت وتوویژ و بەشداریی سیاسییش (کە لە هەلومەرجی ئێستادا تەنیا هەڵبژاردن دەگرێتەوە) ئەگەر تەنیا بۆ بەچالش کێشانی ڕێژیم و بە مەوزووع کردنەوەی پرسی کورستانیش بێ، -بەستراوە بە هێندێک مەرج کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیان نیە- جێی خۆیان هەیە. لەهەرحاڵدا، ڕۆژهەڵات تەوەری لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆی دڕدۆنگی و درزی زیاتر لەنێوان بەستێنە جۆربەجۆرەکاندا، دەبێ دەرفەتی دیالۆگێکی ڕووک و بەبەرهەم بداتە دەست تێکۆشەرانی بەستێنە جۆراوجۆرەکان.

### ج. نێوەرۆکی داخوازییەکانی کورد لە ئێران

فاکتەرێکی دیکەی نالێکی لە گوتار و پلانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕابردوودا، لێک نەگەیشتن و ڕێکنەکەوتن لەسەر نێوەرۆکی ویست و داخوازییەکانی گەلەکەمان و چۆنیەتیی هەڵوەژاردن و فۆناغبەندیی ئەو ویست و داخوازییانە بووە. سەرەڕای ئەوەی لەسەریەک زۆربەی هەرە زۆری هێز و لایەنەکان ڕوانینیان سەبارەت بە جەوهەری ئامانجە سیاسییەکانی خەبات بەتایبەتی لە

سەردەمی نوێدا لێک نزیک بۆتەوە، کەچی ئەوان بەردەوام لە خوردکردنەوەی ئەو ئامانجانەدا و لە هەڵبژاردنی تاکتیکەکانی گەیشتن بە ئامانجەکاندا لێک دوور کەوتوونەوە.

بە پێچەوانەی ئەوە کە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەگشتی لەنێو بزوتنەوە رزرگاریخوازییەکانی دیکەی جیهانیشدا باوە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە عادەتێکی ئۆرتۆدۆکسانە و لەڕادەبەدەر بەهاگەرایانەی سیاسەتکردن، زۆر جار بە هەڵە تاکتیکەکان لەگەڵ ستراتژییەکان تێکەڵ کراون، هەنگاوە وردەکان لە بەرامبەر ئامانجە گەورەکان داندراون، داخوازییە فەرهەنگییەکان بە نەفیکەرەوەی داخوازییە سیاسییەکان لە قەڵەم دراون و ... هتد. لەحاڵێکدا کە زۆر باش دەکرا تاکتیکەکان و هەنگاوە وردەکان و ویستە سنووردارەکانیش وەک رێگاخۆشکەری گەیشتن بە ستراتژی و ئامانجە گەورەکان یا هەر نەبێ وەک بیانوویەک بۆ مانۆڕدان و بە چالش کێشانی دەسەڵات و راکێشانی سەرنجی بیرورای گشتی بۆ لای کێشەی سەرەکیی کورد چاو لێ بکرێن بەبێ ئەوەی هیچ لە جەوهەری داخوازیی باڵای سیاسیی کورد لە ئێراندا کەم بکرێتەوە.

بێگومان مەسەلەی کورد لە ئێراندا پێش هەموو شتێک مەسەلەیەکی سیاسیی خاوەن پاشخانی مێژووییە کە نابێ بهێڵرێ لە خانەی ویستە بچووک و سنوورداره فەرهەنگی و کارگێڕییەکاندا ورد و خاش بکرێ یا لە ریتۆریکی مافەکانی هاووڵاتیدا بێسەروشوێن بکرێ. بەڵام هەم بەمەبەستی دروستکردنی زۆرترین دەرفەتی مانۆڕدان و مەوزووعسازی و هەم تەنانەت لەپێناوی فەرهەنگسازی لەنێو خودی کۆمەڵگای سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا و رێک لە چوارچێوەی ئەو فرەڕەهەندی و فرەبەستێنییەدا کە لەسەرەوە باس کرا، جێی خۆیەتی وێڕای زیندوو راگرتنی ئامانجە گەورەکانی خەباتی کورد لە ئێران لە گوتار و ئاجێندای سیاسیی رۆژدا، هەموو پرس و بابەتێکیش کە لە خانەی هەقخوازیی خەڵکی کوردستان و پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێراندا جێ دەگرێ، وەک دەرفەت و بیانوویەک بۆ هێنانە مەیدانی خەڵک و بە یەکتر گرێ دانەوەی بەستێنە جۆربەجۆرەکانی خەبات بەکار ببرێ. ئەوەش نەک تەنیا لەبەر ئەوە کە لێرەدا دژایەتییەک لەنێوان ئامانجە گەورەکان و بابەتە بچووکتر و سنووردارترەکاندا نیە و دووەمیان ژێرکۆمەڵ (زیر مجموعە) و دەرەنجامی یەکەمیانە، بەڵکوو هەروەها لەبەر ئەوە کە زۆر جار ئەو دەرفەتەی هەموو رۆژێ بۆ هێنانە گۆڕی ویستە بچووکتر و سنووردارترەکان دێتە پێش، رەنگە بە چەند ساڵ جارێکیش بۆ هێنانە گۆڕی بەکردەوەی ئامانجە گەورەکان نەیەتە پێش، و خەباتی جەماوەری پێش هەموو شتێک لەسەر بەستێنی ئەو پرسانەی لە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە نزیکترن وەڕێ دەخرێ.

### ئەنجام

هەروەک چۆن لە بواری زانستە دەقیقەکاندا «کاتالیزۆر» بەو ئێلێمێنتە دەگوترێ کە یارمەتی بە خێراکردنی دژکردەوەی ئێلێمێنتەکانی دیکە دەکا بەبێ ئەوەی لە کۆتاییدا خیسڵەتی ئەسڵیی خۆی لەدەست بدا، لە بواری مرۆیی و سیاسییشدا کاتالیزۆر ئەو پرەنسیپەیە کە پرەنسیپ و فاکتەرەکانی دیکە بەدەوری ویدا یان لەپێوەندی لەگەڵ ویدا شکڵ دەگرن و خۆیان دەناسێنن. رۆژهەڵات تەوەری لەگەڵ ئەوەدا کە وەک چەمک و دروشم لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەرجەستە کراوەتەوە، بەهۆی ئەو ماهییەتە

مێژوویی و ئەو زەروورەتەی ڕۆژەوە کە هەیەتی، قابلییەتی ئەوەی هەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا وەک پارادیگمێکی ڕێکخەر و کۆکەرەوەی سەرجەم پۆتانسیەلەکانی سەر رووبەری بزوتنەوەی کورد لە ئێراندا دەور بگێڕێ و لە ڕێگای یەکخستنی ئەو پۆتانسیەلانەوە لەسەر بنەمای روانگە و نەخشە ڕێگای هاوبەش بۆ خەباتی لەمەودوای ڕۆژهەڵات، یارمەتی بە بووژانەوەی هەرچی زیاتر و هاتنەوە نێو ڕۆژەڤی ئەو خەباتە بکا. بۆ ئەوەش پێویستە ئەم چەمکە تەنیا لە بەرنامەی کار و تێکۆشانی حیزبێکدا قەتیس نەبێتەوە و هەموو ئەکتەر و بەستێنەکانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات ئیرادە و زەرفییەتی کارپێکردنی لەخۆیاندا پێک بێنن.

* ئەم باسە لە سیمینارێکدا کە ڕۆژی ١٨ نۆڤامبری ٢٠١٤ لەلایەن «یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد»وە لە هەولێر بەڕێوە چوو، پێشکەش کراوە.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە ٦٤٧ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٥ی ژانویەی ٢٠١٥

# ڕۆژهەڵاتتەوەری، بەستێنێک بۆ کار و خەباتی هاوبەش ڕێکارێک بۆ دەربازبوون لە پەراوێزخران

**قادر وریا**

ئاماژە:

ڕۆژهەڵاتتەوەری، وەک چەمک و زاراوە، لە مێژ نییە لە دایک بووە. لەم ١-٢ساڵەی دوایی‌دا بۆ یەکەم جار بە کار هاتوە. لەم مانگانەی دواییش‌دا هاتووەتە نێومیدیاکان و ئەدەبیاتی سیاسی و، بووە بە جێگای باس و قسەلەسەکردن. داهێنەر یا بەرهەمهێنی ئەم چەمک و زاراوەیە، یا هەر نەبێ کارپێکەر و پەرەپێدەرەکەی، حیزبی دیموکراتی کوردستانە. بەڵام وەک ڕوانین و عەقڵیەت و بیرکردنەوە،دەکرێ بڵێم شتێکی نوێ نییە و ئەوەندە کۆنە کە لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا لە دایک بووە.




ڕۆژهەڵاتتەوەری چیە؟

مەبەست لە ڕۆژهەڵاتتەوەری ئەوەیە تاکەکانو لایەنەکانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە تیکۆشانی خۆیان دا، چ لە گۆڕەپانی کوردی و لە ئاستی نەتەوەیی، چ لە ئاستی ئێران دا بناغەی کاری خۆیان لە سەر بایەخدان بە پرسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو بەرگری کردن لە ئامانجەکانو داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، دابمەزرێنن. بەم پێیە نابێ سەبارەت بە پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، یا نابێ سەبارەت بە بزووتنەوەیەکی سەرانسەریی ئێران، پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ببێت بە قوربانی و پشتگوێ بخرێ. واتە ئەسل بۆ تاک یا لایەنێکی ڕۆژهەلاتی، خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و پرس نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستانە.

وەڵامێک بەو پرسیارانەی بەرەوڕووی تاک و لایەنی ڕۆژهەڵاتتەوەر دەبنەوە؟

بە دڵنیاییەوە، ئەم جۆرە پێناسەکردنی ڕۆژهەڵاتتەوەری ، پرسیار دەخوڵقێنێ. بۆ وێنە "کە وابیت بۆ تاک یا لایەنێکی ڕۆژهەڵاتتەوەر، نەتەوەی کوردو کوردستان لە تەواوەتییەکەی خۆیان‌دا ئەسل نین، بەڵکوو کوردی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەسلن؟" یا بە دەربڕینێکی دیکە: بۆ تاکو لایەنی ڕۆژهەڵاتتەوەر،"جزء" سەرەکییە و "کل" ناسەرەکی؟!! وەڵامی ئەم پرسیارانە لە جیاتی بەڵێ یا نەخێرێکی کتوپڕ،ساغکردنەوەو وەڵامدانەوەی پرسیارێکی دیکەیە.

لە گەڵ ئەوەی کورد یەک نەتەوەتەو کوردستان یەک سەرزەوییە و، دابەش کراون، ئایا قبووڵمانە لە سەردەمی ئیستا دا، هەر بەشێکی کوردستان، لە چوارچێوەی ولاتێکدا کە پێیەوە لکێنراوە، دەیەوێ یا دەتوانێ پرسە نەتەوەییەکەی خۆی چارەسەر بکا؟ ئایا قبووڵمانە کە هەر بەشێکی کوردستان، خاوەنی هێزی سیاسی یا هێزە سیاسییەکانی خۆیەتی کە ئەوە ئەوانن نوێنەرایەتیی مەسەلەی کورد لەو پارچەیە دەکەن؟ ئایا قبووڵمانە کە هیچ هێزێکی سیاسیی کوردی نیە کە نوێنەرایەتیی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بکاو هیچ هێزێکی کوردی نییە کە ڕزگاریی کورد لە هەموو بەشەکانو خەبات لە گەڵ هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆی خۆیدا هەبێ؟ ئەگەر ئەم ڕاستیانەمان قبووڵ بن، دەبێ قبووڵیش بکەین کە کوردی هەر بەشێکی کوردستان، دەبێ بۆ خۆی خاوەنداریەتی پرسەکەی خۆی بکا. دەبێ لە چوارچێوەی ولاتێکیش دا کە بە پێچەوانەی ویستی خۆی پێیەوە لکێنراوە، بە دوای چارەسەری پرسەکەی خۆیدا بگەڕێ.

ئەگەر ئەمە نەکەنو پرسەکەی خۆیان بسپێرنە هێزێکی کوردی پارچەیەکی دیکەی کوردستان، لە ڕاستیدا مەسەلەکەیان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی "اصل و فرع"ی ئەم هێزە کە دیارە ئەسلەکەیان، پارچەکەی خۆیانو فەرعەکەیان پارچەکانی دیکەی کوردستانە. هەر وەها مەسەلەکەیان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندیو پێوەندییەکانی ئەو پارچەیە لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ، ئەویش دراوسێگەلێک کە لە گەڵ کورد لە وڵاتەکەی خۆیاندا تەرەفنو کێشەیان هەیەو لە زۆربەی حالەتەکان دا، زەوتکەر و پێشێلکەر و ئینکارکەری مافی کوردنو، وەک داگیرکەر لە گەڵ کورد لە بەشەکەی خۆیاندا دەجووڵێنەوە.

پرسی کورد لە بەشێکی کوردستان لە گەڵ بزووتنەوەیەکی سەرانسەری لە ئاستی وڵاتێکیش دا کە کوردستانی پێوە لکێنراوە، زۆر جار بووە بە قوربانیی "اصل و فرع"ی ئەم بزووتنەوانە.جا ئەم بزووتنەوانە چ شۆڕشو ڕاپەڕینی دژ بە دیکتاتۆری بووبن، چ بزووتنەوەی چەپ بووبن چ ڕیفۆرمخوازی. هەموو ئەو شۆڕشو ڕاپەڕینو بزووتنەوانە چاوەڕوانیان لە کورد لە ولاتەکی خۆیان دا ئەوە بوو، ڕەگەڵیان کەونو لە پیناوی ئامانجی گەورەتر و سەرانسەری دا، لە سەر جێگە و پێگەی پرسەکەی خۆیانو ئەو مافو دەسکەوتانەی لەم سۆنگەیەوە دەستیان دەکەوی، پیداگری نەکەن.واتە ئەمە هەڵ بگرن بۆ داهاتووو دوای سەرکەوتن! بەلام وەک دیتوومانە دوای سەرکەوتنی شۆڕشو ڕاپەڕینو بزووتنەوە سەرانسەرییەکان، ئەوەی وەبەر کورد کەوتوە، بەدعەهدیو پاشگەزبوونەوەی فاتیحان لە بەڵێنەکانیانو پەنابردنەوەیان بۆ بەر سیاسەتی ئینکار و سەرکوت بووە!

کەوایە ڕێگە هەر ئەوەیە کوردی هەر بەشێکی کوردستان بۆ خۆی خاوەنداریەتیی پرسە نەتەوەییەکەی خۆی بکا، پرسەکەی خۆی، نە بسپێرێتە دەست هێزێکی کوردی لە بەشێکی دیکەی کوردستان، نە بە تەمای "قول سر خرمن"ی بزووتنەوەیەکی سەرانسەری لە چوارچیوەی ولاتەکەی ئێستای دابیت.

## تەعامول لە گەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە گەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری لە وڵاتێکدا

لێرە دا پرسیار ئەوەیە کە وایە تەعامولی کوردی هەر پارچەیەک لە گەڵ پرسی کورد بە گشتی، یا لە گەڵ بزووتنەوەی کورد لە

بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێ چۆن بێت؟ هەر وەها کوردی هەر پارچەیەک لە گەڵ شۆڕش و ڕاپەڕین و بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ولاتی خۆیان چۆن تەعامول بکەن؟ ولامەکە زۆر سادە بەلام هەر لەو کاتە دا مەنتقی و مەعقوول و بەرپرسانەیەیە. بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێکو، هەر حیزب و ڕێکخراو و تاکێکی نەتەوەیی و وشیار و بەرپرس لە هەر بەشیکی کوردستان، پیویستە دڵسۆزو پشتیوانو خەمخۆرو هاوکاری بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە بێت، هەر هاوکاریو پشتیوانییەک لە دەستی هات، دریغی لێ نەکا. بەلام ئەوانە بەو مانایە نین،مەسەلەی کورد لە بەشەکەی خۆی، لە بیر بەرێتەوە. هاوکاریو خەمخۆریو پشتیوانی بەرانبەر بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستان، جێگای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر بە بەشەکەی خۆی، بۆ پڕ ناکاتەوە. هەر هیزێکیش لە بەشێکی دیکەی کوردستان، چاوەڕوانیی ئەوەی لێ هەبێ کە تیکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی و خەبات لە گەڵ ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئەو پارچەیەی کوردستان، سەبارەت بە بەرژەوەندەکانی ئەو تەعتیل بکا، دەبێ لێی قبووڵ نەکا. لەوانەیە لە قۆناغیک یا لە بڕگەیەکی زەمانی دا، بەرژەوەندێکی نەتەوەیی، یا بەرژەوەندێکی گەورەتر وا بخوازێ کوردی پارچەیەک یا هێزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە، بە تێبینییەوە،شێوە خەباتێک بەرێوە ببەن یا ڕەچاوی هەلومەرجێکی تایبەتی لە ناوچەکە دا بکەن. بەلام بە دوو مەرج: یەکەم، بە تەفاهومو ڕێککەوتنی دوو لایەنە بێ نەک بە داسەپاندن یا بە جۆریکی خۆبەدەستەوەدەرانە. دووهەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بیت نەک بۆ هەمیشە. جگە لەمەش دلسۆزی و بەدەنگەوەچوونەکە نابێ هەر لە لایەنیکەوە بێ.

لە پێوەندی لە گەڵ ڕاپەڕین و بزووتنەوە سەرانسەرییەکانیش دا، بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشیکی کوردستان، دەبێ بە شیوەیەکی مەرجدار ڕەگەڵیان بکەوێ.واتە پاش داننانی ڕێبەریی بزووتنەوەکە بە ڕەوایی پرسی کورد لەو ولاتە و قبوولکردنی داخوازە بنەڕەتییەکان- هەر نەبێ بە شێوەیەکی گشتی بەلام سەریح-. هەر وەها پشتبەستن بە هێندێک گەرەنتی و میکانیزم وەک بوونی نوێنەری بزووتنەوەی کورد لە ناوەندی بڕیارو ڕێبەریی بزووتنەوە سەرانسەرییەکە یا بوون بە هێزێک لە سەر ئەرزی واقیع کە لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێک دا، فاتیحانی سبەینێ نەتوانن بە هاسانی کورد پشتگوێ بخەن، کە ئەمەش کۆمەڵێک ئەرک دەخاتە سەر هیزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە کە لە هەموویان گرنگتر پێکەوە کارکردن وهەبوونی پلاتفۆرمی هاوکاری و بە یەکگرتوویەوە چوون بە پێشوازی ڕووداوەکانە.

### ئایا ڕۆژهەلاتتەوەری، ڕوانین و سیاسەتکردنێکی نوێیە ؟

وەک لە سەرەتای ئەم باسە دا گوترا، چەمک و واژەکە، نوێیە ئەگینا ئەم جۆرە ڕوانین لە چارەسەری پرسی کورد لە نیو بزووتنەوەی کورددا نوێ نییە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوەتا هەیە، بەم جۆرە بیری کردووەتەوە. نە خۆی بە نوێنەری کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان زانیوەو لە جیاتی ئەوان بڕیاری داوە یا قسەی کردوە، نە هیچ کات قبووڵی بووە هێزو لایەنێک لە بەشێکی دیکەی کوردستانەوە ببێتە دەمڕاستی کوردی ڕۆژهەلات. دەتوانین بڵێین ئەوە هەر تایبەت بە حیزبی دیموکراتیش نەبووە، لە نێو بەشێکی بەرچاوی هێزو لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زاڵ بووە. ئەگەر وایە بۆ چی لە هەلومەرجی ئێستا دا،باس لە ڕۆژهەلاتتەوەری دەکرێو دەمانەوێ ببێتە گوتاری زاڵی ئەمڕۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان؟

لە ڕاستیدا، وەک لە نووسینو ئاخاوتنەکانی ئەم دواییانەی کۆمەڵێک لە خاوەنڕای ڕۆژهەلاتتەوەریشدا هاتوە، لە لایەکەوە هەوڵێکی ئاگایانەو بە بەرنامە هەیە بۆ ئەوەی پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو لە ئێراندا، تۆزی فەرامۆشیی لێ بنیشێ و بوارو مەجالی خۆ دەرخستنی بۆ نەڕەخسێ. هەر وا بزانە کورد لە ئێران لە گەڵ بیمافی و بندەستی و سەرکوت بەرەوڕوو نییە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کێشەیەکی لە گەڵ کورد لە ولاتەکەی خۆی دا نییە!! یا لە کوردستان تیکۆشان و هەولدان و خەبات بۆ داواکردنی مافی نەتەوەییو بۆ نەهێشتنی بندەستی و زۆرلێکراوی لە ئارا دا نییە!! لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی لە ڕۆژڤ دابوونی پرسی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەتی شەڕفرۆشیی داعش بە کوردو هێندێک کارەسات کە بەرەوڕووی کورد لە باشوورو خۆراوا بووەتەوەو، سەرقاڵبوونی میدیاکانو دەوڵەتان و ناوەندە سیاسییەکان بەو ڕووداوانەوە، هەم لە نێو بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیو خەڵکی دیکە لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان،هەم لە  نیو بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو بەشە، خەریکە بندەستیی کورد لە ئێران و بێبەش ڕاگرتنی کورد لەم ولاتە لە سەرەتاییترین مافەکانی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە بیر دەچێتەوە.

### چارەسەر و هەنگاوەکان:

١- گوتارو سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەر، ڕێکارێکە بۆ هینانەوە سەری پرسی کورد لەم بەشەی کوردستان، بۆ پێدانەوەی جێگە و پێگەی شیاو بە پرسی کورد و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەبێ کوردی ڕۆژهەڵات گوتار و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەر بگرێتە بەر.

٢- گوتارو سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەر، دەبێ ببێتە بەستێنی دیالۆگو بیروڕاگۆڕینەوەی حیزبو ڕیکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلات لە گەڵ یەکتر، ئەکتەران و ڕێکخەرانو بەشدارانی نیو بزووتنەوەی مەدەنی لە نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵ یەکتر، هەر وەها لە نیوان حیزب و ڕێکخراوەکان و ئەو بزووتنەوە مەدەنییە. بۆ ئەوەی پێکەوە بگەنە ڕێککەوتن لە سەر ئامانجە دریژخایەن و کورتخایەنەکانی ئەم گوتار و سیاسەتە.

٣- لە باری نێورۆکەوە هەر وەها شێوازەکانی تێکۆشانو خەباتەوە ، دەبێ گوتار و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەر دەوڵەمەند و فرەڕەهەند بکرێ بە جۆرێک بێ کە هەم حیزب و ڕیکخراوە سیاسییەکان ، هەم چالاکانی سیاسیو فەرهەنگیو بوارەکانی دیکە لە دەرەوەو ژووری ولات، خۆیانی تێدا ببیننەوە. هەر وەها لە رووی ڕەنگدانەوەی ویستو داخوازی چین و تویژەکانی کۆمەڵگە. لە ڕووی جۆگرافیاییشەوە، پێویستە هەموو کوردی ڕۆژهەلات بگرێتەوە، بەوشار وناوچانەی ئێرانیشەوە کە کوردنشینن و دەکەونە دەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

٤- زالکردنی ئەم گوتارو سیاسەتە پیویستی بە سمینارو کۆڕو کۆبوونەوە و دیالۆگ لە نیوان هەمووبوارەکانو لایەنەکان دا

هەیە. هەر وەها پێویستی بە ناوەند و دەزگای ئەوتۆ هەیە کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بکا و ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێز و لایەن و تاکێکی ڕۆژهەلاتەوەر لە دەوری خۆی. چەترێک یا دامەزراوەیەک کە هەر هێز و لایەنێک کە بڕوای بە سیاسەت و گوتاری ڕۆژهەلاتەوەرانە هەبێ و، بڕیاردان لە سەرڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مافی خەڵکی ئەو بەشە بزانێ،نەک هێزێک لە بەشێکی دیکە، بگرێتە خۆ.

(ئەم وتارە لە سمیناری تایبەت بە "ڕۆژهەڵاتتەوەری" کە ڕۆژی ٢٥ی نوڤامبری ٢٠١٤. یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە هۆڵی هوتێل چوارچرای شاری هەولێر پێکی هێنابوو، پێشکەش کرا.)

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٢٦ی نوامبری ٢٠١٤

# ڕۆژهەڵات تەوەری: تێکشاندنی تەلیسمەکان

عەزیز مەعرووفی

چەمکی ڕۆژهەڵات تەوەری و شکڵ گرتنیی بۆ هاوینی پار ڕاست بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە داعش پەلاماری شەنگال و ناوچەکانی دەورووبەری دا و شەڕێکی نەخوازراو و خوێناوی بە سەر باشووری کوردستاندا سەپاند. لەوە گەڕێین کام حیزبی ڕۆژهەڵات داهێنەر و داڕێژەری ئەو چەمکەیە و هەروەها قووڵ بوونەوە پەرەگرتنی چەندە خزمەت بە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکات، بەڵام حاشا هەڵنەگرە هێنانە گۆڕ و هەوڵ بۆ بەڕێژەو کردنی لێکدانەوەی دروستی بارودۆخی ناوچەیی و ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و گرتنەبەری جۆر و شێوەی دیکەی تێکۆشان و تێکشکانی تەلیسمەکانی بەردەم خەباتی ڕەوای کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دایە. کەواتە، ڕۆژهەڵات تەوەری چۆن قووڵ دەبێتەوە ؟ چۆن دەتوانێ تەلیسمەکان تێک بشکێنێ؟



ڕێژیمی ئێران، لە درێژەی دەسەڵاتی نامەشرووعی ٣٦ ساڵەی بە سەر نەتەوەوەکەمان دا، تێکڕای کوردستانی میلیتاریزە کردوە، دەیان و سەدان هەڵکەوتە و چالاکی سیاسی و ڕووناکبیری دە قوژبنی گرتووخانەکانی ئاخنیوە، هیچ چەشنە بوار و بەستێنێکی بۆ دەنگ هەڵبڕین و خۆ نواندنی کورد نەهێشتۆتەوە، بێ سڵ کردنەوە ساڵانە دەیان لاوی کورد لە سێدارە دەدا – چەندی بە ئاشکرا، ئەوەندیش بە نەهێنی- پەرە و برەو دان بە بڵاو کردنەوەی ماددەی هۆشبەر و هەوڵ بۆ گیرۆدە بوونی لاوانی کورد دوژمنایەتی زەقی ڕێـژیم لە ئاست خەڵکی کوردستان و لاوەکانی دایە، هەروەها ساڵانە کوشتنی دەیان کۆڵبەری کورد و بە تاڵان بردنی بار و کۆڵەکانیان، دەست وەشاندن لە خەڵکی ئازادی و گۆڕەوشار و کوشتن و برینیان، کوشتنی گوماناوی و نەخشە بۆ داڕێژراوی کوڕ و کچانی کورد و هەوڵی چڕ وپڕی دام ودەزگای دەوڵەتیی بۆ بەلاری بردن و لە داو خستنیان بە مەبەستی چاوترسێن کردن و تواندنەوەی خەباتی نەتەوەیی کورد و نیشتمانی کوردستان، ڕاستییەکن لە کەس و تەنانەت لە بیروڕای نێودەولەتیش شاراوە نین.

ترۆری ڕێبەرانی کورد د.قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی لە پێتەختی پێشکەوتووی وڵاتانی ئوورووپا، ترۆری خەباتگێڕانی شۆڕشی کوردستان بە تایبەت لە باشووری کوردستان و تورکیە، پێناسەی ترۆریزمی یاغیی نێودەوڵەتی بە ڕێژیمی ئێران بەخشیوە. ئەو ڕێژیمە، دەستی لە دەیان ترۆری گەورەی دیکەی نێو دەوڵەتی دا هەبووە، دەستی لە پڕ چەک کردنی تاقم و گرووپە توندڕەوەکانی سەربەخۆی نەگێڕاوەتەوە. عێراق، سووریە، یەمەن، لوبنانی کردوون بە مەیدانی تەراتێنی سەربازانی ئیمام زەمان و بە دنەدان و پشت گرتنی تاقم و دەست و پێوەندەکانی، ئاڵۆزی و پاشان قەیران دەخولقێنێ. بۆیە لە هەر کوێیەک شەڕ، ئاژاوە و ماڵ وێرانی هەبێ نێوی ئێرانیش لەوێ هەیە.

گیان لە دەست دانی کچە کورد، فەرنیاز خوسرەوانی لە مهاباد و ڕووداوەکانی تایبەت بەو کە ڕاستەخۆ ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی لێی بەرپرسە ، ئەو دەرفەتەی بۆ پێک هێناوین، قووڵتر لەو چەمکە بەبرشتە بڕوانرنین و لێکدانەوەی شێلگیرانەتر بۆ بیچم گرتن و شکل گرتنی بخەینە ڕوو؛

رۆژهەلات تەوەری، نابێ تەورەی سیاسی و ئامانجی تەنیا حیزبێک بێ، بەڵکو دەشێ ئامانجی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە ورد و درشتەوە بێ و، هەموو لایەک پێکەوە بیرێکی نوێ، ڕێگا و شیوازی گونجاوتر بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئامانجەکانی کورد ببیننەوە. کوردستان و خەڵکەکەی کە لە بارو دۆخێکی دژوار و دڵتەزێن دایە پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانەی هەموو لایەک هەیە و شۆڕش و تێکۆشان بەشی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات.

بزووتنەوەی شۆڕشگێری کوردستان، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، کەمتر کاری لە شۆڤنیزمی میللەتی دەسەلات دار کردوە و ، کەمتر بەرپەرچی چاونزێری و حەزیای بێ سنووری پان ئێرانیزمی داوەتەوە، ئەمە کارێکی کردوە هەڵکەوتەو و ڕووناکبیری کورد- نەک هەمووی- بکەونە بن شەپۆلی بێ ئامانی بیری داپەلۆسێنەرانەی پان ئێرانیزم و ئێرانی بوون لە کورد بوونی بشواتەوە. گۆڕەوشار دانی بیری پان ئێرانیزم و ئاشنا کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە مافەکانیان وەک نەتەوەی خاوەن خاک و ناسنامەی تایبەت بە خۆی، بەوە بەستراوتەوە کە ئاخۆ هێزە خەباتگێڕەکانی کورد دەتوانن پێکەوە کار بۆ گۆڕینی بیر و چۆنییەتی ڕوانگەی کۆمەڵگەی کوردستان و لەوەش گرینگتر ئامادەن کار بۆ بنکۆڵ کردنی بیری پان ئێرانیزم و ڕەواندنەوەی کارتێکەرییەکەی لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان بکەن. لیرەدا ئەوە زۆر گرینگە، رۆڵەکانی کورد ڕاست شانازی بە کورد بوون و کوردستانی بوونی خۆیان بکەن نەک شانازی بە تراویلکەی شتێک کە بە درێژایی مێژوو کوردی گورچ و بڕ کردوە.

ڕاستە ڕێژێم، تاکوو ئێستا وەڵامی گشت داوکارێکی خەڵک بە گوللە و زیندان و شکەنجە داوەتەوە و دەستی لە هیچ جنایەتێک نەگێڕاوەتەوە. بەڵام ئایا شیاوە بەو پاساوە کۆمەڵانی خەڵک و ئازادیخوازان لە سەر خۆ وە دەنگ هاتن و لە هاتنە سەر شەقام بترسێنین؟ ئەو ڕێژیمە زەندەقی لە چەغماغەی دەنگی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان چووە، دەنا بۆ خۆشی چاک دەزانێ ئەگەر زۆری بۆ هات ناچارە لە بەرامبەر ئیرادەی یەکگرتووی خەڵک پاشکەشە بکات. گرینگە، چلۆنایەتی ڕوانگەی بەرەنگاربوونەوەی دژ بەو ڕێژیمە ڕێنسانسێک لە خۆی دا پێک بێنێ، چونکە دەسەڵاتی ڕەش و خوێناوییەکەی هیچ سەناریۆیەکی بێ ئەگەر نەهێشتۆتەوە.

هەر لە سۆنگە دا، وەنەبێ، کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، بە گژ سیاسەتی ڕەشەکوژی و سەرکوتی ڕێژیم دا نەچووبێتەوە. لەو چەند ساڵەی دواییدا لە سەردەشت، سەقز، مەریوان، سنە، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار، خۆپێشاندانی بەرینی خەڵک بە دژی دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی وەڕێ خراوە. ئەوە دەری دەخات، خەڵک ملی بۆ ئەو ڕێژیمە نەوی نەکردوە، بەڵام لە پشتیوانی ڕاستەوخۆی حیزبەکانی بێ بەری بووە و لانی کەم چاوەڕێ بوونە هەموو پێکەوە بتوانن دەرفەت و هەلەکان بە باشترین شێوە بقۆزنەوە و سێبەری شوومی سەرەڕۆیی ڕێژیم لە سەر ژیانیان کەم بکەنەوە.

ڕۆژهەڵات تەوەری بۆ ئەوەی تەلیسمەکان بە چاکی تێک بشکێنێ، لە سەرێتی شێوە وقۆناغی خەبات بە باشترین شێوە لێک داتەوە و هەر بە پێی ئەو ڕاستییە و ڕاستییەکانی لە سەرەوە قامکمان لە سەر دانان، کەڵک لە هەموو جۆرەکانی خەبات وەرگرێ، جا ئەو خەباتە، قووڵ کردنەوەی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆ و هاوکات پەرەدان بە خەباتی دیپلۆماسی، میدیایی و تەنانەت خەباتی چەکداری بگرێتەوە. تێکڕای جۆر و شێوەکانی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە یاغی و سەرەڕۆیە، ڕەوا و پیرۆزن. خەباتی سەدەی ٢١ی کورد شیاوی ئەوەیە، هەموو هێزە شۆڕشگێر و تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان پێکەوە لە ژێر بەیداغی شۆڕشی تەوەر نەتەوەیی ڕۆژهەڵات لێک گرێ بدرێن و هەتا چاو هەتەرە دەکات لە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی ریژیمی ئێران و شۆڤینیزمی چاوچنۆکی ئیران بدات. ئەو کاتە تیری ڕۆژهەڵاتتەوەری چاک بڕ دەکات، بەو ئامانجە دەڵین؛ سیاسەتی هونەری مومکین.

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٦ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٠ی مەی ٢٠١٥

# باسێک لەسەر ڕۆژهەڵات تەوەری

فۆئاد محەممەدی



لە لایەکەوە کوردی ڕۆژهەڵات ماوەی ٣٥ ساڵە لە ژێر ستەمی ئیسلامی سیاسی دا بە ئاشکرا دەچەوسێندرێتەوە و مافەکانی پێشل کراوە و دەکرێ و بە کردەوە سیاسەتی پاکتاو کردنی ڕەگەزی، زمانی و کلتووری لە سەر جێ بە جێ دەکرێ و دەوڵەتی تاران سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە دەبا و تیرۆریزمی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی حکومەتی ئیسلامی زەبری لە کورد و لە خەباتەکەی داوە. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەو هەلومەرجەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هاتۆتە پێش و تێوەگلانی کورد ڕاستەوخۆ لەو شەڕە کە تیرۆریستان و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کە بە سەر کوردیان داسەپاندووە، کورد کەوتۆتە بەر پەلامار و قەڵاچۆ و ژینۆساید کردن و لە هەمان کاتدا دەرفەتێک بۆ ئاڵوگۆڕ لە ناوچەکە ڕەخساوە بە جۆرێک کە کەسێکی شارەزا لە دۆخی ناوچەکە وەکوو کێسینجر دەڵێت:" لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا واخەریکە پەیمانی سایکس_پیکۆیەکی تازە پێک بێتەوە". ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چارەنووسی کورد و بە خاکەکەی و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە هەیە. هەر بەو هۆیەوە بووژانەوەو هەستانەوە و بە جەماوەری کردنی خەباتی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات گەلێک گرنگە و زەروورەتی ڕۆژە، بۆ ئەوەی ئەو پارچە لە کوردستان فەرامۆش نەکرێ و نەخرێتە پەراوێزەوە و مافەکانی چیتر لە لایەن حکومەتی ئیسلامی ئێرانەوە پێشێل نەکرێ. بەم پێیە، پێویستی هەبوونی گوتارێکی هاوبەش لە نێو حیزبە کوردیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و جەخت کردنەوەی کردەیی و تیۆریکی جیدیتر لە سەر خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ژێر ناوی "ڕۆژهەڵات میحوەری"دا لە ڕاگەیاندنەکاندا هاتووەتە ئاراوە و قسەی لە سەر دەکرێت. ئەم نووسراوەیەش بەش بە حاڵی خۆی هەوڵ ئەدا تیشک بخاتە سەر ئەو بابەت و گوتارەی کە لەم ماوەیەدا لە ژێرناوی "ڕۆژهەڵات میحوەری" یان "ڕۆژهەڵات تەوەری" هاتووەتە ئاراوە.

### ئەو خاڵانەی گوتاری "ڕۆژهەڵات میحوەری" دەتوانێ لە بەرچاوی بگرێت

١- "ڕۆژهەڵات میحوەری" دەبێ لەگەڵ ئەوەی ماف خواز و شوناس خوازە، یەکسانی خوازیش بێ و ئەوەش بەو مانایەی کە، دژی گوتاری رادیکالیزمی ئیسلامی لە ناوچەکە بوەستێتەوە و خۆی لە بەرەی دژبەرانی تیرۆر و تیرۆریستان ببینێتەوە و خەباتەکە بە دوور بێ لە هەر جۆرە مۆرکی ئایینی و ئیسلامی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا و بەشداری پێدان و هێنانە مەیدانی بە ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان بۆ نێو خەباتەکە گەلێک گرنگە و دەبێ کچان و ژنانی ڕۆژهەڵاتیش بە هەزارانیان لە مەیدان دا بن و شان بە شانی پیاوان لە خەباتی

شوناسخوازی، ماف خوازی و یەکسانی خوازی بەشدار بن و لەو ڕێگاوە ببنە بەربەست لە هەمبەر رادیکالیزمی ئیسلامی و جەریاناتی توندڕەوی ئیسلامی بە هەموو شێوەکانیەوە.

٢- "رۆژهەڵات میحوەری" پێویستە لە کوردستانەوە سەرچاوە بگرێ و هەوڵی درووست کردنی هاوپەیمانیەک بدا لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە باوەڕیان بە دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ و ئاڵوگۆڕی سیستم هەیە، بە تایبەت لەگەڵ نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێراندا.

٣- پەیامی "رۆژهەڵات میحوەری" بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێ روون و ئاشکرا بێ کە لە مافەکانی خۆی ناگوزەرێ و ئامادەش نابێ ببێتە پاشکۆ و یان بخرێتە پەراوێزەوە بۆ هەر کام لە پارچەکانی دیکەی کوردستان.

٤- چالاکی پێشمەرگانە و درووستکردنی هاوپەیمانیەکی نیزامی لە نێو حیزبەکانی رۆژهەڵات بۆ پشتگیری و بە فریای یەکترکەوتن لە هەمبەر هێزەکانی حکومەتی ئیسلامی دا گەلێک گرنگە. بۆیە ئەو چالاکیانە و بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوخۆی کوردستانی رۆژهەڵات نەک هەر شتێکی پیرۆز و ڕەوایە، بەڵکوو لە داهاتوودا بە پێی پلان و بەرنامە و ئێستراتیژی روون دەبێ پەرەی پێ بدرێ و هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانی رۆژهەڵات خۆیانی تێدا ببیننەوە بۆ ئەوەی بوونیان و حزووریان لە نێو خۆی کوردستان ورە، هێز و توانا بە خەڵک دەبەخشێ و خەڵکی گوند و شارەکانی رۆژهەڵات هەست بەوە دەکەن کە لە بەرامبەر جاش و پاسدارە جەردە و ئینسان کوژەکانی حکومەتی ئیسلامیدا بە تەنیا و بێ پشت و پەنا نین و هەر ئەو پشت گەرمی و بوونە لە ناو خەڵک دەبێتە هۆی ئەوەی کە حیزبەکان بتوانن جەماوەر لە رۆژهەڵات ڕێکبخەن و هەموو یەکدەنگ دژ بە حکومەتی کۆماری ئیسلامی خەبات بکەن. بۆ ئەوەی حکومەتی ئیسلامیش خەباتی چەکداری و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هێزێکی تێرۆریست ناوزەد نەکا و مۆرکی تێرۆریست بوون لە کورد و خەباتە رەواکەی نەدا، پێویستە یەکێک لە ئامانجەکانی "رۆژهەڵات میحوەری" ناساندن و ریسواکردنی حکومەتی ئیسلامی وەکوو ڕژێمێکی تێرۆریست و تێرۆریست پەروەر بێ، بۆ ئەوەی حکومەت ئەو ناو و ناتۆرە کە پڕ بە پێستی خۆیەتی بە شۆڕشگێڕان و و ماف خوازان و ئازادیخوازانی کوردی رۆژهەڵاتەوە نەچەسپێنێ.

٥- رۆژهەڵات میحوەری لە جەوهەردا دژی هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان نیە، چ بۆ بەهاناوە چوونیان و چ بۆ بەهاناوە هاتنیان. رۆژهەڵات مێحوەری شۆڕبوونەوەی گیانی بەرپرسیارەتی رۆژهەڵاتە بەرامبەر بە پارچەکانی دیکەی کوردستان تا ئاستی خەڵک مێحوەری و تێپەڕاندنی سووڕانەوەیە بە دەوری حیزبی بەشەکانی دیکەی کوردستان و گواستنەوە لە حیزب مێحوەریە بۆ سەر ئاستی نەتەوەیی و کوردستانی. لە راستیدا ئەوەی ئێستا بەشێک لە رۆژهەڵاتییەکان بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە ناوی خەباتی نەتەوەیی و کوردستانی دەیکەن، هەڵگری پرسیاری گەورەیە بە تایبەت کە کارکردیان تەواو حیزبی و لە هەر پارچەیەکیش لە لایەنگری لە حیزبێک زیاتری تێنەپەڕاندووە.

**ئاکام:**


ئەوەی راستی بێت هەر چەن بزووتنەوەی حەق خوازانەی کوردستان چالاکترین بزووتنەوەیە لە هەموو ئێراندا و لە بواری سیاسیەوە قورسایی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام کورد نەتەوەی سێهەمە لە ئێران و 11 تا 13 لەسەدی حەشیمەتی دانیشتوانی ئێرانی لە خۆ گرتووە. ئەمەش راستییەکە کە لە ئاڵوگۆڕەکانی نێو ئێراندا ناکرێ لە بەرچاو نەگیرێت. بە هەموو ئەمانەوە، بێ گۆمان جێ بە جێ بوونی پێشنیاری بەستنی کۆنگرەی رۆژهەلات و پێکهێنانی هەیئەتێکی هاوبەش لە بواری دیپلۆماسی و نیزامیەوە لە نێو حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەلات، دەتوانێ کاریگەری سایکۆلۆژی هەبێت بۆ پێکهێنانی کەشێکی هیوابەخش لە نێو بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردی و ئەمەش کاریگەری هەیە لە سەر گەشە و پەرەسەندنی بیری وشیاری نەتەوەیی لە پانتایی هەموو کوردستانی رۆژهەلات دا. بە واتاییەکی دیکە بەشداری و پشتیوانی چالاکانی سیاسی، کلتووری و مەدەنی و ئامادە بوونی حیزب و رێکخراوە کوردییەکان لە ژێر چەترێک بە نێوی کۆنگرەی رۆژهەلات، دەتوانێ بیری گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی هەموو هێز و تواناکان لە پێناو گەیشتن بە مافەکانمان لە رۆژهەلات و هەروەها " مێحوەری" لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان زۆرتر جێگیر دەکات. لە لایەکی دیکەوە کۆنگرەی رۆژهەلات دەتوانێ کارناسانی بوارە جۆراوجۆرەکان و حیزبەکان و لە ئاکامدا کۆمەڵگای کوردستانی رۆژهەلات بەرەو جۆرێک لەیەک تێگەیشتن و دوابەدوای ئەوەدا بەرەو پێکەوە بوون و پێوەندی چڕوپڕی هێز و تواناکان رێنوێنی بکات. کۆنگرەی رۆژهەلات، لە هەمان کاتدا دەتوانێت لە پێناو جێگیر کردنی ئەو بیرۆکەیە لە نێو حیزبەکانی بەشەکانی تری کوردستاندا بۆ رێز گرتن لە تایبەتمەندی و ئیرادە و شێوەی خەباتی خەڵکی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان و سەربەخۆییەک کە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بۆ کاروباری خۆیان هەیانە زۆرتر کاریگەر بێت. هەموو ئەمانەش بۆ پێکهاتنی یەکیەتی نەتەوەیی و هاوکاری و هاوپشتی کۆمەڵگای کوردی و حیزبە کوردیەکان لە کات و ساتە هەستیارەکاندا پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە. بەم پێیەش بە کورتی دەتوانین بڵێین کە رۆژهەلات مێحوەری دەبێت خەمی هاوبەشی هەموومان بێت بۆ بەگژدا چوونەوەی ئاسیمیلە کردنی کورد لە ئێران و ئەمەش پێویستی بە لاکردنەوە لە رۆژهەلات هەیە نەک پشت تێکردنی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەلات / ڕێکەوتی : ١ی فێوریەی ٢٠١٥

# ڕۆژهەڵات میحوەری" خۆ پەراوێزخستنە

هاوار بازیان

هاتنە بەرباسی چەمکێکی نوێی سیاسی بەناوی "ڕۆژهەڵات میحوەری" کە بەشێکی لایەنەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەت حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی بەڕەسمی بەخۆیەوە خەریک کردووە، هەرچەندە بانگەشەیەکی زۆری بۆ دەکرێ، بەڵام دوور لە ڕەخنە هەر نییە.



بە لەبەرچاوگرتنی وردیی کار و چالاکییەکانی ڕابردووی پێوەست بەو پرسە هەر لە کۆنفرانسی "ڕۆژهەڵات میحوەری" مانگی ڕابردووی هەندێک لایەنی ڕۆژهەڵاتی لە هەولێر، گفتوگۆی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکرات لەوبارەوە و کۆبوونەوەی تەشکیلاتیی "د. ئاسۆ حەسەنزادە"ی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکە بۆ ئەندامان لە هەولێر و گەنگەشەکانی تری میدیایی و حیزبی، پرسی ڕۆژهەڵات تەوەری و لێکەوتەکانی ئەو باسە هەندێک ڕەخنە و تێبینی هەڵدەگرێ کە بە کورتی باسیان دەکرێ:

١- هەر لە سەرتاوە درووشمێکی گەورە و ئامانجێکی نادیار بە هەموو ڕوخساری ئەو چەمکەوە دیارە. بەڕاستی ئامانجی ئەو پرۆژەیە چییە؟ گومانی ئەوە ناکرێ کە حیزبی دێمۆکرات بەهەردوو باڵەوە بەگژ نەتەوەیی بووندا بچێتەوە، بەڵام هاوکات بەهەر شێوەیەک سەیری ئەم بابەتە دەکەی تووشی ئەنجامێکی تر دەبی. چونکە تەنانەت باسکردنی پرۆژەیەکی لەوشێوەیە کە چاوەڕوان دەکرێ وەک خاڵی سەرەتا بۆ گفتوگۆی نێوان هەندێک لایەنی ڕۆژهەڵاتی دابنرێ، ڕاستەوخۆ بە دیوارێکی گەورەی سیاسی و مەعنەوی لە نێوان ڕۆژهەڵات و پارچەکانی تری کوردستان دێتە بەرچاو. یەک یان دوو حیزب ناتوانن سیاسەتی "ڕۆژهەڵات تەوەری" پێڕەو بکەن و پێیان وابێ هەموو کوردستان دەبێ لە خزمەت ڕۆژهەڵاتدا بێ! ئەو بۆچوونە زیاتر وەک کینەیەکی سیاسی یان لانیکەم بێ بەرنامەیی دێتە بەرچاو کە ڕەنگە بەرهەمی خۆ بەکەمزانینی سیاسی لە ئێستادا بێ. لە بەرامبەردا دەکرا هەمان ئەو حیزب و لایەنانە تۆڕێکی نەتەوەیی دروست بکەن کە تێیدا ڕەچاوی کوردستان میحوەری کرابا، نەک ئەوەی ژووری سیاسیی خۆت بەجیا لە ماڵی هەمووان ببینی. بە سەرخستنی ئەو پرۆژەیە پێویستە بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵات بکەوێتە پێش پارچەکانی تر کە ئەوە سیاسەتێکی هەڵەیە. هاوکات پێشبینیی ئەوەش دەکرێ ئەو پرۆژە سیاسییە هێشتا لەسەر دوا ئامانجی خۆی ساغ نەبووبێتەوە. ئەوەی مایەی نیگەرانی بوو، لە کۆبوونەوەکانی دواییی بەڕێوەبەرانی ئەو پرۆژەیە هەندێک ڕەفتار ئاماژەیان بە جیاکردنەوەی ڕۆژهەڵات لە کوردستان دەکرد، بۆ نموونە هەندێک وتار و خوێندنەوەی بابەت لەژێر ناوی: "ڕۆژهەڵاتناسی، ڕۆژهەڵات حزووری، سڕینەوەی ڕۆژهەڵات داماوی و سواڵی سیاسی". ئەو جۆرە سەردێڕانە خزمەتی کورد بەگشتی ناکەن.

٢- بانگەشەکردن بۆ ئەو چەمکە نوێیە، تا ڕادەیەکی زۆر تەنیا تیئۆری و خۆدزینەوەیە لە واقیعەکانی ئەمڕۆی کوردستان. لە

کاتێکدا گشت پێکهاتەکانی کوردستان بە سکۆلار و ئاینییەوە بەرەو یەک وتاربوونی کورد دەچن و داوای یەکپارچەیی بۆ چوار پارچەکە دەکەن، بەڵام ئەو پرۆژەیە باسی گرینگیدان بە پارچەیەک دەکات. سەیرتر لەوەش ئەگەر تێبینی بکەین، هەر ئەوانەی باسیان لە نەتەوەیی کردنی زیاتر حیزبی دێمۆکرات دەکرد و یەکپارچەیی حیزبیان لەسەر دانا، ئەمڕۆ ئەوان دیسان بازنەکە لە کوردستانەوە بۆ یەکپارچە بچووک دەکەنەوە. کە باس و گفتوگۆ لەگەڵ هەندێک لە بەرپرسانی باڵای حدک دەکەی پێیانوایە دەکرێ ئەوە تاکتیکێک بێ تا زیاتر بەرەو ناخی رۆژهەڵات بگەڕێینەوە، بەڵام حیزبێکی سیاسی سەر لە بەری خۆی هەموو ناگۆڕێ بۆ یەک تاکتیک، بەتایبەت کە ئەو حیزبە زیاتر لە 8 ساڵە دەنگی خۆی گۆڕیوە و بەڵێنی گەورەتر لەو دروشمانەی بە کورد داوە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان یەکەم لێدوانەکانی پاش لەتبوون لە حیزبی دێمۆکرات زۆر گەورەتر بوون لەوەی ئێستا باسی دەکا، بۆیە دەتوانین ئەو هەنگاوەی دێمۆکرات بە چوونەوە پاش لێک بدەینەوە ئەگەر تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ.

٣- لەو پرسەدا کەمترین گرینگی بە خەڵکی ناوەخۆی رۆژهەڵات دراوە بێ ئەوەی بزانین کە سەرخستنی شتێک بەناوی "رۆژهەڵات میحوەری" بەر لەهەموو شت پێویستی بە خەڵکی ناوەخۆی خودی رۆژهەڵاتە. بەشێک لەوانەی خۆیان بەخاوەنی ئەو بیرۆکەیە دەزانن کەسانی ناسراون و لە شوێنی خۆیاندا جێگەی رێزن، بەڵام ناتوانن خۆیان وەک شتێکی تر پێناسە بکەن. بەشێک لەوانە پێیانوایە پێویستە لەگەڵ کوردانی ناوەخۆ گفتوگۆ و دانوستاندن بکەین تا بتوانین رەزامەندییان بەدەست بێنین! لەکاتێکدا پێویست بوو ئەو گفتوگۆ و لێک تێگەیشتنە پێشتر و تەنانەت لەگەڵ هێز و لایەنەکانی تریش لە ناوەخۆ و دەرەوە ئەنجام درابا و دواتر رەوانەی ناو راگەیەنراو و بڵاوکراوە رەسمییەکانی حیزبی بکرێ. ئەو دۆخە برینێکی سیاسیمان وەبیر دەخاتەوە، ئەویش دابڕانی حیزبەکان لە کوردی ناوەخۆی رۆژهەڵاتە کە زیانێکی زۆری بە کاری سیاسی لەو پارچەیە گەیاندووە، بەشێوەیەک کە لەمێژە ئەو دوو لایەنە دەنگی یەکترییان نییە و گرینگی بەیەکتری نادەن و لە ئێستادا بۆ کوردی ناوەخۆی رۆژهەڵات هیچ پرسێکی سیاسی گرینگ نییە جگە لە یەک شت: ئەویش یەکبوون و یەکگرتنەوەی دەنگە ناسازەکانی رۆژهەڵاتە. دەتوانین بڵێین هێنانە بەرباسی ئەو چەمکە سیاسییە ئێستا تا رادەیەک خۆ دزینەوەیە لە خواستێکی گەورەتری کوردی رۆژهەڵات کە هەمان یەکبوونە، بەڵام خەڵک لەوە هۆشیارترە و بەو دروشمانەوە سەرقاڵ ناکرێ. نەوەیەکی نوێی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێگەیشتووە کە هیچ گومانی نییە لەوەی حیزبایەتی ناگاتە کوردایەتی.

### ئەنجام

یەکەم ئەرکی هێزەکانی رۆژهەڵات، نزیکبوون و یەکگرتنە. هەر هەنگاو و بەرنامەیەکی تری سیاسی پێویستە لەسەر ئەو هاودەنگییە بنیات بنرێ و هەماهەنگی هەمووانی تێدابێ، ئەگینا هەرجۆرە جووڵەیەکی گەورەتر لە حیزب، بە مانۆڕی سیاسی لێکدەدرێتەوە کە بۆ ئێستا زیانبارە و دەرفەتی کاری گەورە دەکاتە قوربانیی دروشمی گەورە.

### سەرچاوەکان:

سیمناری رۆژهەلات مێحوەری لە کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزب لە هەولێر

دێموکرات و کۆمەڵە: دەکرێ گوتاری "رۆژهەڵات مێحوەری" بکەینە بنەمایەک بۆ کاری هاوبەشی لەمەوبەدوامان

کۆنگرەی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرێوەیە

لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵات بۆ گفتوگۆی میحوەری رۆژهەڵات کۆبوونەوە

ژنی رۆژهەلات لە کوێی پرۆژەی رۆژهەلات میحوەریدایە؟

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕیکەوتی : ٢١ی دێسامبری ٢٠١٤

# رۆژهەڵات میحوەری و ڕۆژهەڵات تەوەری

خەلیل غەزەڵی

بەرخۆدان وخۆڕاگریی کۆبانێ گۆڕانی بەسەر زۆر فاکتوردا هێناوە.ئەگەر گرینگرتین گۆڕانێک ئەم قارەمانیەتیە هێنابێتیە ئاراوە، گۆڕانی روانگەی کۆمەڵگەی کوردی، ناوچەیی و جیهانی لە سەر ژن بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی بووبێ، لە بوارەکانی دیکەشدا گۆرانی گەورەی هێناوەتە ئاراوە. کە ئاماژە پێکردن و شێکردنەوەیان پێویستی بە نووسینێکی ورد و توێژەرانەیە. بەڵام من لیرەدا وێرای ئیشارە بە چەند تەوەرێک، لەسەر یەک فاکتۆر رادەوەستم.



بێگومان کاتێک باسی کۆبانێ دەکرێ، ناتوانین گەر کورتیش بوە، باسی ئەو گۆڕانە بنەڕەتیانە نەکەین کە لەگەڵ خۆی هێناویە. گەرچی ئیشارەیەکی کورتم بە چۆنیەتی روانگەی کۆمەڵگەی خۆمان(کوردەواری)و کۆمەلگەی جیهانی لە سەر "ژن" وەک تەوەرێکی گرینگ کرد، بەڵام ناکرێ ئیشارە بە پێکهاتنی یەکگرتوویەکی نەتەوەیی لە ئاست گشت کوردستان و بەرز بوونەوەی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی تا رادەی جەماوەریی و هاوکات یەکدەنگی و بەخەمەوە بوونی پارچەکانی دیکە، لە ئاست ئەو خۆڕاگریە بێوێنەیە نەکرێت. خۆڕاگریەک کە بیگومان وەک شانازیی و ئەزموونێکی بێ وێنە دەچێتە لاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەمانەوە.

یەکێک لەو خالانەی کە خۆراگریی کۆبانی لەگەڵ خۆی هێناویە، ڕاچڵەکاندنی حیزبە ئوردووگانشینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. گەرچی ئاواتەخواز بووم کە ئەو ڕاچڵەکاندنە موسبەت و بەقازانجی ئەو خودی حیزبانە و بزووتنەوەی رزگاری –نیشتمانیی گەلەکەمان لە رۆژهەلات بوایە، بەلام سەد مەخابن و ئەسەف، ئەم راچلەکینە، وەک هەر کردارێکی دیکەی ئەو حیزبانە، مەنفی و دوور لە واقعی ئەمڕۆی رۆژهەلاتی کوردستانە. ئەو خالەش هێنانە گۆڕی چەمکی "رۆژهەڵات مێحوەری و ڕۆژهەڵات تەوەری" ـە لەلایەن رێبەریی دوو حیزبی رۆژهەڵاتیەوە.

حێزبە ئوردووگانشینەکان، سیاسەتی٢٠ ساڵی ڕابردوویان، شووێنکەوتنی سیاسەت وهەڵوێستەکانی دوو حیزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان بووە. گەرچی سەرەتاکان بووبوون بە دوو بەشەوە و بەشێکیان لای یەکێتی و ئەوی دیکەیان رووی لە پارتی بوو. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، و بەهۆی لاواز بوونی یەکێتی، وەک تایبەتمەندیی هەر تەیارێکی هەلپەرست، هەموو روویان رووبە پارتی سووڕاوە، تا ئەو ڕادەیە کە "رێبەر"انی حیزبە رۆژهەلاتیەکان لە چاپلووسی و ماستاو خەستکردنەوە بۆ بارزانی و شان و شەوکەت دان بە مەلا مستەفا کەوتنە رەقابەت. ئەوەش لە کاتێکدا بوو ، لە مێژوویەکی نزیکدا هەموویان ئەوەی ناو و ناتۆرەی سەخیف و قەبێحە لە وەسفی پارتی و بارازنی دا درێخیان نەکردبوو.

بەو تایبەتمەندیەی کە باسکرا، سیاسەتی حیزبەکانی رۆژهەڵات لەئاست باکوور و رۆژئاوای کوردستان هەر ئەو سیاسەتە بوو کە پارتی رەچاوی دەکرد. تا ئەو ڕادەیە بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە، رێبەرایەتی بزووتنەوەی رۆژئاوایان بە جاشیەتی بۆ سووریە تاوانبار دەکرد و لە ئاست هەنگاوەکانی شۆڕشەکەی دا هەڵوێستی نێگاتیڤ یان هەبوو، یا ئەو پەڕەکەی بێدەنگیان دەپاراست. بەڵام پالاماری داعەش و بەرخۆدانی کۆبانی هەموو لێکدانەوە و ئیدیعاکانیانی کردە بلّقی سەرئاو، بەشێوەیەک کە پاش هێرشی داعەش و کەمتەرخەمی تورکیە، بارزانی بەناچاری رووی لە پ.ک.ک کرد و ناچار بە گۆڕان لە روانگەی خۆی لە ئاست رۆژئاوا بوو. ئاشکرایە گۆڕانی هەڵوێستی پارتی، گۆرانی هەڵوێستی حیزبەکانی رۆژهەڵاتێسی لەگەڵ خۆی هێنا. ئەڵبەت هاودەنگیەکی جەماوەریی لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە ئاستی کۆمەلگە و جەماوەر و خاوەنداریەتیی کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان و باشوور و بەتایبەت باکوور لە کۆبانی و رۆژئاوا، هیچ مەودایەکی بۆ دژایەتی کردنی شۆڕشی رۆژئاوا و "پ.ی.د" نەهێشتەوە. بۆیە حیزبەکانی رۆژهەڵاتیش بەبێ ئەوە هیچ ئاوڕدانەوەیەکیان لە هەڵوێستە چەوت و نارەواکانی تا ئەوکاتی خۆیان دا پێک هانیبێت، لە شەوێکدا لەم دیو بۆ ئەو دیو وەرگەڕان و ئەو هیزەی کە بە نۆکەری حافز ئەسەد و ئیران ناویان دەبرد، لایان بوە قارەمان و شۆرشگێر!!

لە درێژەی بەرخودانی قارەمانانەی کۆبانی دا، هەرچی پشتیوانیی جەماوەر لە رۆژئاوا و کۆبانی و بەتایبەت "پ.ی.د"بەرینتر دەبوو، بەو رادەیە مەقبووڵیەتی حێزبە هاوتەرازەکانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی زیادی دەکرد. لە ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان (وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان) سەرەڕای سەیتەرەی دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی و هەبوونی خەفەقان و فەزای ترس و خۆف، پشتیوانیەکی کەم وێنەی جەماوەری بۆ رۆژئاوای کوردستان و کۆبانی و هەروەها دژ بە رێکخراوی داعەش وەرێکەوت، کە خۆپێشاندانی جەماوەریی (سەرەڕای بەربەستیەکانی حکوومەت) لە شارە کانی بەدواوە بوو. ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستیەبوون کە کورد یەک نەتەوەیە و هەر ڕێکخراوێک و لایەنێک هەوڵی رزگاری بدا، پشتیوانی لێدەکەن.

بێگومان خۆپیشاندانەکانی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان گەورەترین خاڵ بوون کە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی هاندا چەمکی "رۆژهەڵات میحوەری و ڕۆژهەڵات تەوەری" وەک ئاڵترناتیڤی خۆیان بۆ رووبەروو بوونەوەی هەلومەرجەکە بیننە ئاراوە. ئەگەرچی هەرکامەیان ئەنگیزە وهۆیەک بۆ هێنانە گۆڕی ئەو چەمکە دێننەوە(وەک وەگەر خستنەوەی بزووتنەوە لە رۆژهەلات، لە پەراوێز دەرهێنانی رۆژهەلات و...)، بەلام بە دڵنیاییەوە، خۆیان باش دەزانن کەلەم هەلومەرجەدا کە حکوومەتی ئێران دیکتاتۆریەکی بێهۆساری بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندوە و لە کوردستان سەرەرای میلیتاریزەکردن، تۆرێکی بەرینی جاسووسی دامەرزاندوە و هاوکات بۆ چکۆلەترین حەرەکەت بە توندی هەڵسوکەوت دەکات و بۆ چاوترسێن کردن ناو بە ناو ئیعدام وەرێ دەخات، چەمکی رۆژهەڵات مێحوەر و تەوەر، چ دەردێک دەوا ناکات. بەتاتبەت بە نەبوونی ئەو حیزبانە لە ناوخۆی ولات ، ئەو چەمکانە دروشمێکی بێ مانا فرتر نابن. بۆیە لەو باوەڕەدام ئەمە خودی ئەو حیزبانەش دەزانن و هۆکاری سەرکی هێنانە گۆڕی ئەم دروشمە، ئەوەیە کە تا ئێستە رێبەرانی ئەو حیزبانە ىێ شاردنەوە رایانگەیاندوە، ئەویش ئەوەیە کە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ حیزبی خۆی هەبێت و حیزبی پارچەیەکی دیکەی کوردستان لە بەشێکی دیکەدا دەخالەت نەکات!!

ئەگەرچی پێشریش ئەم قسانەیان هەر کردوە. بەڵام ئەمجارە ئیتر بەکردەوە ترسیان لێ نیشتوە کە لە ئەگەری هەرچەشنە ڕووداوێک یا وەرسوورانێکی سیاسیدا، حیزبێکی پارچەیەکی دیکە ڕۆڵی سەرەکی لە حەرەکەتەکاندا بگرێتە دەست و جڵەوی بزووتنەوەکەش بگرێتە دەستەوە. بۆیە بەتەمان بە وەرێختنی ئەو دروشمە، چەشنێک دابران و قەتیس کردن تەبلیغ بکەن. بەڵام بە دڵنیایەوە هیچ سەرکەوتنێکیان لە پێشبردنی ئەو دروشمە (و بەتایبەت ئامانجە ڕانەگەیەندراوەکانیان) نابێت.

ڕاستی ئەوەیە کە وەک لە سەرەوە باسم کرد، هێرشی داعەش و خۆراگریی کۆبانی بزووتنەوەی کورد و وشیاریی نەتەوەیی‌یان بردە قۆناخێکی دیکەوە. ئەگەر پێشتر هاوسۆزیەکی نەتەوەیی لە نێوان بەشەکانی کوردستان هەبوو بێ، زۆرتر لە ئاستی ڕووناکبیریی و سۆز و "دڵسووتانەوە" دا بوو. بەڵام لێرە بەدواوە، هاو سۆزیی نەتەوەیی لە ئاستی قووڵی کۆمەڵگادایە.بۆ وینە ئەگەر لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا ، پارتی و یەکێتی و حیزبە ئیسلامی‌یەکان لە باشوور هەستی نەتەوەییان مراند، هێرشی داعەش و خۆراگریی ڕۆژئاوا و بەتایبەت کۆبانی، هەستی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەییان لە باشوور بووژاندەوە. پێشمەرگەی لە چەکداریکی مووچەخۆری دلسار و بێ باوەڕ (بەهۆی ئەو هەلومەرجەی کە حیزبەکان پێکیان هێنابوو) کە لە شەنگاڵ تەنیا بیر لە هەلاتن بکاتەوە، کۆبانی و خۆراگری کچان و کوڕانی ئەو هەستەی گۆڕا بۆ ئینسانێکی نیشتمان پەروەر و نیشتمان پارێز. هاوکات لە ڕۆژهەڵاتیش کە وەک باسکرا دەرتانی هەرچەشنە خۆدەرخستنێکی سیاسی داخراوە، جەماوەری خەڵک بێ گوێدانە بەربەستەکانی حکوومەتی داعەشی شیعە، ڕژانە سەر شەقامەکان و هاوکات دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەری ڕۆژهەلاتی بۆ پارێزگاریی لە نیشتمانەکەیان خۆیان گەیاندە شەروانان لە کۆبانی.

ئەوانە لە کاتێکدا ڕوو دەدەن کە حیزبی ئۆردووگا نشین کە باسی ڕۆژهەلات میحوەری دێنێتە ئاراوە، ئەوە زیاتر لە ٢٠ و چەند ساڵە لە ئاست خەڵکی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەکەی لە ژێر ناوی "پاراستنی بەرژەوەندیی حکوومەتی هەرێم" بێخەم بونە و لە هیچ ڕووداوێکی سیاسی و کۆمەلایەکی ئەو بەشەی کوردستان کە گۆیا نوێنەرایەتیی دەکەن، حوزووری چالاکیان نەبوە. هاوکات لەو ماوەدا حیزبەکانی باشوور لەو پەڕی بێ پرەنسیپی دا لە گەڵ حکوومەتی ئێران پێوەندیان هەبوە، زۆر نائینسانانە لە ئاست ڕۆژهەلاتیەکان(چ کرێکار و چ پەنابەر) هەڵسوکەوتیان هەبوە، بەڵام ئەم حیزبە "ڕۆژهەڵات میحوەر"انە فرزەیان لێنەهاتوە!!

ئەوە چ ڕۆژهەلات میحوەریەکە، کە حیزبێک کە ئاڵاهەڵگری بێت، سەربەخۆیی بڕیاردانی نەبێت؟ ئەوە چ ڕۆژهەڵات تەوەریکە کە ڕووناکبیری کورد بێهزادی خوشحاڵی لە لایەن دەسەلاتی باشوورەوە (بەهەر تاوانێک) زیندانی دەکرێ، بەڵام هیچ کام لە حیزبەکان جورعەتی ڕانیاریی بڵاوکردنەوە و داکۆکی لە ڕووناکبیرێکی ڕۆژهەلاتیان نییە؟ کام ڕۆژهەڵا تەوەری، کاتێک کە حیزبێک ڕێبەرەکەی ڕادەگەیەنێت: هیچکات دەرکەی وتوویژ لەگەڵ قاتڵی ڕێبەرەکەی خۆی داناخات. ئاخر وتوویژ لە گەڵ کام دەسەڵات! دەسەڵاتێک کە هەموو یاساکانی داعەشیە، گەریش مل بە وتوویژ بدات، چی بەو حیزبە غەیر نۆکەری کردن و بەگژ خەڵکی خۆیدا کردنی پێ دەدات. کام ڕۆژهەڵات میحوەری، کاتێک حیزبێک خۆی بە چەپ و لائیک دەناسێنێت، کەچی لەئاست ئەو تەراتێنەی کۆماری ئیسلامی لە باشوور و دەخالەت و ئیسلامی کردنی کۆمەڵگەی باشوور بێدەنگە؟

چەمک گەلی رۆژهەڵات مێحوەر و رۆژهەڵات تەوەر، کەسانێک بانگەشەی دەکەن کە هێشتا لە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە رۆژهەڵات و گشت کوردستان، نە تاکتیکی دیاریان هەیە و نە ستراتیژیەکی کونکرێت!! هێشتا هیچکام لەم حیزبانە پێناسەیەکی سیاسی و روون یان لە بزووتنەوەی رزگاری – نیشتمانی کوردستان نییە.

ئەو حیزبانە لەکاتێکدا باس لە رۆژهەلات تەوەر و رۆژهەلات مێحوەر دەکەن ، هێشتا نازانن کوردستان یەک خاک ونیشتمانە و چوار پارچە کراوە. بە رۆژهەلاتی کوردستان دەڵێن:"کوردستانی رۆژهەلات". ئەمە ئەو پەڕی داماوی و تێنەگەیشتوویی، یا هەلپەرستی کەسێکە کە هێشا نەزانێ (یا بزانێت و بە مەبەستەوە نکۆڵی بکات کە) کوردستان وەک خاکێک، رۆژهەلات و رۆژئاوا و باشوور و باکووری هەیە. منداڵێکیش دەزانێ کە باشوور ، یا باکوور یا رۆژهەلات ئەملاو و ئەولاو وسەرو خواری خاکێکی یەکپارچەن بەناوی کوردستان کە دابەشکراوە، بەلام خۆ خاکەکە چوار لەت نەکراوە و تەنیا سنوورێکی قەراردادی لە نیوانیدا کێشراوە !!

بە کورتی، هێنانەگۆڕی چەمکی "رۆژهەلات مێحوەری" و "رۆژهەلات تەوەری" لە لایەن کەسانێکەوەیە، کە زیاتر لەدووودیە، بەناوی "بەرژەوەندیی باشوورٍ" هەموو توان و وزەیەکی رۆژهەلاتیان قوربانی حەوانەوە لە ئوردووگاکان کردوە. کەچی ئێستا کە یەکدەنگێەک خەریکە لە ئاستی کۆمەڵگە(نەک رێبەران) دێتە خوڵقان، بوونەتە رۆژهەلات مێحوەر و رۆژهەلات تەوەر!!

من دڵنیام بەرز کردنەوەی ئەم دروشمە لە لایەن ئەو حیزبانەوە تەنیا تاکتیکە و لە کردەوەدا بوێریی وەگەرخستنی تواناکانی رۆژهەلاتیان نییە. لەبەر ئەوە شتێکی وا لە زەرفیەتی ئەو حیزبانەدا نییە. چونکە ئەو حیزبانە سەرەتا دەبێ فێکرێک و رێگە چارەیەک بۆ قەیرانە ناوخۆییەکانی خۆیان ببیننەوە . جیا لەوەش ئەو شێوە دروشم بەرز کردنەوە نیشانەی بێ باوەڕی بە خەڵک و بڕیاردان لە جێگەی خەلکە. ئەگەرچی لە عالەمی هەقێقەت دا، خەڵک خۆی باش دەزانێ لە کاتی خۆیدا چ بڕیارێک بدات. سەردەمی رووخانی شا و کرانەوەی فەزا و هاتنەئارای بزووتنەوەی جەماوەریی و هەڵبژاردنی رێبەر (مامۆستا شێخ عیزەدین) لەلایەن خەڵکەوە باشترین نموونەیە. بۆیە باشترە حیزبە ئوردوگانشینەکان لە فیکری حەوانەوە لە ئوردووگاکانیاندا بن و کاری گەورە بۆ جەماوەر دابنێن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی هەڵوێست / رێکەوتی : ٢١ی دێسامبری ٢٠١٤

# ڕۆژهەڵاتتەوەری، گوتارێک بۆ تیۆریزەکردنەوەی بنەماکانی خەباتێکی بەرفراوان

**عەبدوڵڵا بەهرامی**

لە یازدەیەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا کە لە ڕۆژەکانی ٢٤ و ٢٥ ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ دا بەڕێوەچوو، گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری کە ماوەیەکە لەلایەن ڕێبەریی ئەم حیزبەوە هاتۆتە گۆڕێو کاری بۆ دەکرێ، کەوتەوە بەر باس. لەم پلینۆمەدا لەگەڵ ئەوەدا کارکردی تا ئێستای ئەم حیزبە لەم پێوەندییەدا هەڵسەنگێندرا، هەوڵ درا پێناسەیەکی وردتر لە بارەی ئەم گوتارەوە بخرێتەڕوو.



هەرچەند ڕۆژهەڵاتتەوەری گوتاری سەرەکیو بنچینەیی تێکۆشانی ئەم حیزبەیەو لەگەڵ فەلسەفەی دامەزرانو خەباتی ئەم حیزبە بە تەواوی ئاوێتە بوە، بەڵام بەم حاڵەش لە چەند بڕگەی مێژوویی‌داو یەک لەوان لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە هۆکاری جوراوجۆر پتانسیەلو تواناکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شێوەیە کە پێویستە رووی لە هەناوی ئەم کۆمەلگایە نەبووە. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە هەم جۆرێک مەودا لە نێوان بزووتنەوەو کۆمەڵگەدا دروست بێو هەم پتانسیەلە بەرفراوانە کۆمەڵایەتیو جەماوەرییەکانی کۆمەڵگا لە پێناوی ئامانجی سەرەکی‌دا کانالیزە نەکرێ.

یەکێک لە خەسارەکانی دیکەی ئەم قۆناخە بریتییە لەوە کە بەرژەوەندییەکانو ئاستی ئاکتیوبوونی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لە هێندێک حاڵەتدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کارتێکەریی هەلومەرج یان بەرژەوەندییەکانی پارچەکانی دیکەوە. یان ئەوە کە پوتانسیەلی شۆڕشگێرانەی ئەم بەشەی کوردستان بە قازانجی ڕێکخراوەکانی پارچەکانی دیکە بەکار هێنراوە. ئەوش نەک هیچ قازانجێکی بۆ بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات یان کۆی بزووتنەوەی کورد نەبوە، بەڵکوو بۆتە هۆی ئەوە کە کوردی ڕۆژهەڵات ئاواتەکانی خۆی لە دەرەوەی ئەم بەشە بدۆزێتەوە. دیاردەیەک کە بەتەواوی بەدڵی دەسەڵاتی ناوەندی ئێرانو بە زیانی بزووتنەوەی کورد لەم بەشە شکاوەتەوە. لە ئاکامیشدا وەک دەبینرێ ئەم بزووتنەوەیە سەرەڕای ئەم پتانسێلە مێژوویی‌و جەماوەرییەی هەیەتی لە ئاستێکدا کە شایانی خۆیەتی نەک مەیدانداری ناکاو لە هاوکێشەکاندا قورسایی جارانی نەماوە، بەڵکوو تووشی جۆرێک چاوەڕوانیی درێژخایەن بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری لە ڕاستی‌دا بە واتای نوێژەنکردنەوەی بنەما ڕەسەنەکانی تێکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە ئەویش بریتییە لە

خەباتو تێکۆشان لە پێناوی دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان. گوتارێک کە لەودا سەرەڕای بڕوا بە ئاواتی ڕەواو لە مێژینەی سەربەخۆییو یەکگرتنەوەی کوردستان، واقعبینییەکی سیاسیی کردۆتە بنەمای خۆی. هەروەک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا بەڕوونی ئاماژە بەم خاڵە گرنگە کراوە کە " وەها سیاسەتێک بە هیچ جۆر دژایەتیی لەگەڵ بەرپرسایەتییە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نیە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بە مانای ئەوەیە کە تێ بکۆشرێ لە ڕێگەی هێنانەوە نێو ڕۆژەڤی پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فاکتەری گشتیی کوردی بەهێزترو کاملترو کاراتر بکرێ."

گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری لەوبارەیەوە هەڵگری ڕیسالەتی مێژوویی ئەم قۆناخەیە کە دەیەوێ هەموو بەستێنەکانی خەبات، هەم خەباتی شۆڕشگێڕانەو هەم خەباتی مەدەنیو جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو چوارچێوەیەکی نوێی هاوبەشدا پێناسە بکاتەوەو پێکەوەیان گرێ بداتەوە. لەمبارەیەوە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حدکدا هاتوە: "ڕۆژهەڵات میحوەری تەنیا لە بەستێنی شۆڕشگێڕیدا خولاسە نابێتەوەو پێویستە ڕۆژهەڵاتتەوەری لە هەموو ئەو بەستێنە سیاسیو مێدیاییو جەماوەرییانەی خەباتێکی فرەڕەهەندا کە پێویستە هێزێکی بەرپرسیارو وەڵامدەر لە سەردەمی ئێستادا بەڕێوەی ببا، خۆی ببینێتەوە."

لە پێوەندی لەگەڵ میکانیزمی پێوەندیی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەشدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان قامکی لەسەر خاڵێکی گرنگ داناوەو ئاماژە بەمە دەکا کە: " دیالۆگ و پێوەندیی نێوان هەردوو بەستێنی شۆڕشگێڕی و مەدەنی بە چەشنێک ڕێک بخرێ کە لەژێر سایەی ڕیسالەتی مێژوویی پرسی کورد لە ئێراندا هەموو تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی هەماهەنگو بە ئاقارێکی هاوبەشدا هەنگاو هەڵێننەوە."

بەم پێیە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی دیکەی ئەم گوتارە ئەوەیە کە هەموو تواناکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات بە چاوێکی واقعبینانە چاویان لێبکرێو لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا بخرێنە پێوەندییەکی هەمەلایەنەوە. لە چوارچێوەی ئەم گوتاردا مێژوو، ئەزموون، پێگەی کۆمەڵایەتیو سەنگی سیاسیی حیزبە سیاسییەکان لەلایەکو لەکایەکی دیکەوە ئەو تواناو پوتانسێلە گەورەیەش کە لە بەستێنی خەباتی مەدەنی، جەماوەریو فەرهەنگیدا خۆی دەرخستوە بە شێوەیەکی لۆژیکی دەکەونە پێوەندییەوەو تواناکانیان دەخەنە سەر یەک.

کەواتە ئەم ئامانجە سەرەکییانەی دەکرێ بۆ ئەم گوتارە دەست نیشان بکرێن بەم شێوەیە کورت دەکرێنەوە: یەکەم، ئەولەویەتدان بە بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دووەم، خوێندنەوەیەکی نوێو واقعبینانە لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سێیەم، دروستکردنی پێوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان هەموو بەستێنەکاندا. چوارەم کانالیزەکردنی هەموو بەستێنەکان بەرەو ئامانجێکی هاوبەش کە بریتییە لە بە فاکتەرکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکاندا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٢٠ی نوامبری ٢٠١٤

# رۆژهەڵات میحوەری واقعیەتێکی سەردەمی ئێستا

ئاگری باڵەکی

رۆژهەڵات میحوەری باسی ئەو رۆژانەی رۆشنبیران و نووسەرانی رۆژهەلاتی کوردستانە، چەمکێک کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر چالاکی و کردار لە رۆژهەلاتی کوردستان دا دەکات.



گوتاری رۆژهەڵاتی ماوەیەک پێش ئێستا لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە هاتۆتە بەرباس، ئەو چەمکە واتە رۆژهەڵات مێحوەر دەمێکە لە نێو بابەتی بەشێک لە نووسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هاتوو چوون دایە، بەلام حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەیدا باسکەکەی هێناوە نێو کۆبەندنی خەبات و جووڵانەوە، بەڵکو بە کرداریش رۆژهەڵات میحوەری خستە بەرنامەی کاری خۆیە، چالاکییەکانی ئەو دواییانەی پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها پەیوەندنی لەگەڵ بزووتنەوەی مەدەنی ناخۆی کوردستان ئەو هەنگاوانە بوون لە راستای چەمکی رۆژهەڵات میحوەریدا.

ئەگەر کەمێک بگەرێیەوە بۆ رابردوو، دەبین لە رۆژهەڵات لە دوای شۆرشی گەلانی ئیران دژی رێژیمی پاشایەتی، دەبین هەلێکی زێرین بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکانی لە کوردستان( ئێران) دەێتە ئاراوە و هەرکەسە و بەقەبارەی خۆی هەوڵ دەدات کە هێژموونی خۆی زاڵ بکات، لەو نێوەدا حیزبی دێمۆکرات بە کەڵک وەرگرتن لە رابردوویەکی دوورودرێژ و خاوەنی یەکەم کۆماری کوردی لە چەمکی ناسیۆنالیستی کوردی لە رۆژهەڵات کەڵک وەردەگرێ ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان (ئێران) روو بکەنە ئەو حیزبە و هەر ئەوەش بوو کە هەر زوو دژبەرانی حیزبی دێمۆکرات دژکردەوەیان بەو حەرەکەتانە نیشان دا. دوای ئەوەی کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بنکەو بارەگاکانی بردە سنوورەکان، بە گشتی خەباتی شاری بەجێهێشت و رویکردنە شاخ، بەدرێژایی ساڵەکانی ١٣٦٠ تا ١٣٧٥ گوتاری رۆژهەلاتی و ناسیۆنالیستی لە دەست حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو، ئەو بەردرێژایی ئەو سالانە لەگەڵ ئەوەیدا هەوڵ دەدات برەو بە ناسیۆنالیزمی کوردی بدات و بەها نەتەوەیەکان لەسەروی بەها حیزبیەکانەوە نیشان بدات و بەبەردەوامیش هەوڵی ئەوەبوو کە لە دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان پارێزگاری بکات، ئەو دەستکەوتانەی کە دوای ٧٠ سال بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئێستاش هەر کاریگەریی راستەوخۆیان لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەر چوار پارچەی کورستان هەیە، ( ناوی پێشمەرگە، ئالا، سرودی نەتەوەیی ئەی رەقیب، شەهید،... ) ئەوانە نموونەیەکن لە خەروارێک کە وەک یادگار و پێناسە بۆ کورد و کوردستان ماونەوە.

دوای ساڵی ١٣٧٥ و نەمانی حزوری فیزیکی پێشمەرگە لەناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستانو جێگیربوونی لە باسووری کوردستان، لە راستیدا لەبەر پاراستنی بەرژەوندییەکانی هەرێمی کوردستان، رۆژهەڵات تا ڕادەیەک خرایە پەراوێز.

بەنەمانی حزوری هێزەکانی پێشمەرگەش لەرۆژهەڵاتی کوردستان، کوردی رۆژهەڵاتی و توێژی تازە پێگەیشتووی رۆژهەڵات

تووشی جۆرێک لە پاسیڤ بوون بوو، هەر ئەوەش وایکرد کە هێزەکانی پارچەکانی دیکە زوو بیر لەو بۆشایە بکەنەوە کە لە ڕۆژهەڵات دروست بووە. تێکۆشان و هەوڵی چەند لایەنێک بەتایبەت لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تارادەیەک ڕێگە پێدراو بوو، وایکرد کە توێژی تازە پێگەیشتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆلای ئەو لایەنان و گرووپانە بکێشرێن، ئەو توێژە توێژێک بوو کە شۆرشی ١٣٥٧ی نەدیبوو ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە حیزبێکی کوردی لە ڕۆژهەڵات حزوری نەبوو، هەر لە بۆیە زۆر لاوی ڕۆژهەڵاتی لە زانکۆ و ناوەندەکانی کارەوە ڕوویان کردە ئەو لایەنانە کە لە ژێر کاریگەری خەباتی پارچەکانیدیکەدا تێکۆسانیان هەبوو و لەلایەن ئەوانیشەوە گوتاری باکوور یان باشوریان لە بیروزەینیاندا دەچاندن.

### گوتاری ڕۆژهەڵات

گوتاری ڕۆژهەڵاتیی یا ڕۆژهەڵات میحوەری، دوای ئەوەی کە ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بڕیارێکی درەنگ ئەما بەکەڵک و بەمانا بڕیاری دا کە چالاکیەکانی بەشێوەیەکی تر و بە کردار بەرێتەوە نێو خاکی خۆی لە ڕۆژهەڵات. ئەو بڕیارە چەمکێکی کۆنی ڕۆژهەڵاتی بۆ جارێکی تر هێناوە سەر زمانان ئەویش ڕۆژهەڵات میحوەری بوو. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەک دارێژەی ئەو بیرۆکەیە پێ وایە کە دەبێ تواناکان لەوەی کە تائێستا بۆ پارچەکانی تر بەکار هاتوون کارێکی خراپ نەبووە بەلام دەبێ لەم و بەدوا ڕوو بکرێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیسانەوە خەبات بەشێوەیەکی گەرم و گورتر دەست پێبکرێتەوە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەوباوەڕە دایە کە هێزی کارا و چالاک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەیە کە ئەو هێز و توێژانەی ڕۆژهەڵات دوبارە ئامادە بکرێنەوە و بتوانن کە خەباتی ڕۆژهەڵات گوڕوتینێکی دیکەی پێ بدەنەوە. حەدک بە چالاکیەکانی هاوینی ئەو ساڵ لە ڕۆژهەڵات بە کردار و بە بیرۆکە دەستی کردوە بە چالاکییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵات کە ئەوە دەتوانێ سەرەتایەک بێت بۆ سەردەمێکی نوێ لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### چۆنو دەبێ چ بکرێت؟

سەرەتا دەتوانم بلێیم کە تا ئێستاش پێناسەیەکی ڕێک و دەقیقمان لە ڕۆژهەڵات میحوەری لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە وەک دارێژەری فکرەکە نیە. دواتر دەبێ ڕۆژهەڵات میحوەری مانیفیستی هەبێت و هەدەفە ئەساسییەکانی دیاری بکرێت، لەگەڵ ئەوەیدا دەبێ تەکید لەوە بکرێتەوە کە دەبێ هەموو هەوڵەکان بۆ ڕۆژهەڵات بخرێنە گەڕ.

گوتاری ڕۆژهەڵاتیی دەبێ کار لەسەر ئەوەبکات کە خەبات لە ناوخۆی کوردستان واتە خەباتی شار و شاخ لێک گرێ بدات ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە دەبێ دەستبکات بە دیپلۆماسیەکی گرشتگر و بەهێز لە دەرەوەی وڵات و بە دانانی نوێنەر و بردنی کێشەی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ ناوەندە جیهانیەکان گوتاری ڕۆژهەڵاتی بەهێزتر بکرێت، ئەوەی کە نوێنەرانی هێزە سیاسیەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە ناوەندە جیهانیەکان کردوویانە زۆرتر باسی کوردستان بەگشتی بووە و هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە نوێنەرانی هیزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بیریان لە قازانجی گشتی کردۆتەوە تا قازانجی تایبەت بۆ ڕۆژهەڵات، ئەوە لەگەڵ ئەوەیدا کارێکی باشە،

بەلام لە هەمانکاتدا بوونی کێشەی پارچەکانی تری کوردستان لە ناوندە جیهانیەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشەی کوردی ڕۆژهەلاتی پشت گوێ بخرێ.

گوتاری ڕۆژهەلاتی دەبێ حزوریی بەردەوامی هەبێ لە ڕۆژهەلات، هەر بیرۆکەیەک لە دەرەوەی ژینگەی خۆی مەحکوومە بە نەمان، هەربۆیە دەبێ ڕۆژهەلات میحوەری لە ژینگەی خۆی واتە ڕۆژهەلاتی کوردستان پەرەی پێ بدرێت، لە هەموو ئالیەتێک کەڵک وەربگیرێ بۆ ئەوەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بتوانن لە بیرۆکەکە تێ بگەن.

ئەگەر ژینگەی خەباتی ڕۆژهەلات دا بنێن بە مەیدانێکی یاری فوتباڵ دەبینین کە یاریزانەکانی ئەو دەڤەرە ماوەیەکی زۆرە کە بوون بە تەماشاچی و لە جێگای ئەوان دا خەلکی دەڤەری تر یاری دەکات، بۆئەوەی بتوانێ ببیەوە یاریزانێکی باشی ئەو مەیدانە دەبێ لە قالبی تەماشاچی بێیە دەرێ و بچی ناو یاریگا، چونکە لە دەرەوەی یاریگا و وەک تەماشاچییەک تەنها دەتوانێ سەیری ڕووداوەکانی ناو مەیدان بکات و ناتوانێ تەسیری ڕاستەوخۆی لەسەری هەبێ، بەلام کە بووی بە یاریزانێکی باشی ناو یاریگا ئەو ئەوکات خۆت یاسا و ڕێسا ڕێک دەخەی بۆ مەیدان، یاساکانی مرۆڤەکان دیاری دەکەن لەکاتی پێویست دا دەتوانن گۆڕانی بەسەر دابێنن.

پێویستە گوتاری ڕۆژهەلات دەبێ بکرێتە فەرهەنگ، لە هەموو چینەکانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی دا جێگایی ببێتەوە و دەبێ لەناوەندەکانی خوێندن و لە زانکۆکان ، ڕێکخراوە سینفیەکانی ناوخۆ بۆ بلاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە کەڵک وەربگیرێ، کە ئەو کارە پێویستی بە ڕاگەیاندنێکی تۆکمە و بەهێز هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا پێوسیتە چالاکیە نهێنیەکانی ناوخۆی ڕۆژهەلات چرتر بکرێتەوە.

### فەرهەنگی بەشداری، خەبات بۆ هەموو کۆمەلگا

فەرهەنگی بەشداری نەکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەلات لە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێران یەکێک لەو هۆکارە بەهێزانە بووە کە کورد لە ڕۆژهەلات تا کو ئێستاشی لەگەڵ دابێ پیوەی دەنالێنێ، بەشێکی کەم لە کۆمەڵگایەکی نزیک بە ١٠ میلیۆنی بەشدار بووە لە خەبات و جوولانەوە، ئەوە لە حالێک دایە کە هێزە سیاسییەکانیش کەمتەرخەم بوون بەنیسبەتی ڕوونکرنەوەی زیاتری خەڵک و ناوچە جۆراو جۆرەکان.

لە کۆتایی دا دەبێ ئەوە بلێم کە گوتاری ڕۆژهەلات نابێتە هەرەشە بۆسەر گوتارەکانی تری کوردی بەڵکو ئەو هەوڵ دەدات کە هەر گوتارەی بۆ ناوچەی خۆی بەکار بێنت و لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری ڕۆژهەلاتی باوەری وایە کە دەبێ کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان هەر کامە و بە میتۆدی خۆی کە لە ژینگەی خەبات بکات و نەبێتە هەرەشە بۆسەر بەرژەوەندی باڵاکانی کورد لە هیچ کام لە ناوچەکانی تر.

لە ژمارە ٦٤٤ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٢٠ی نوامبری ٢٠١٤

# گریمانە هەڵەکانی ڕەخنەگرانی ڕۆژهەڵات میحوەری و خەباتی چەکداری

ئاسۆی حەسەن زادە

(چەند قسەیەک لەگەڵ هێندێک لە ڕووناکبیران و چالاکانی مەدەنی)

ئەو زنجیرە تێکهەڵچوونە خوێناوییەی مانگی خەرمانان و سەرەتای مانگی ڕەزبەری ئەمساڵ لە چەندین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەنێوان پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕووی دا، بەلەبەرچاوگرتنی هەستیاریی بارودۆخی گشتیی ناوچە و جوغرافیا و قەبارەی تێکهەڵچوونەکان ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەیەکی پێشتر نەدیتراوی بەخۆیەوە دی. ئەم دەورە نوێیە لە خەباتی مەیدانیی شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانکە هێندێک کەس بە «٤٧-٤٦ یکی دیکە«ی ناوزەد دەکەن و بە هێندێک مەرج دەتوانێ ببێتە خاڵێکی وەرچەرخانی ڕەوڕەوەی خەباتی ئێستای کورد لە ڕۆژهەڵات، سەرنج و تێڕامانی زۆر لە ڕووناکبیران و چالاکانی نێوخۆ و ئەندامان و لایەنگرانی لایەنە سیاسییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.



ئەو پرسیار و بۆچوون و شرۆڤانەی سەبارەت بە چەند و چۆنی و بەستێن و ئاکامەکانی جموجۆڵی ئەم دواییانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و نیشتمانپەروەران و وڵاتپارێزانی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا خراونەتەڕوو، بەدەوری دوو چەمکی سەرەکیدا دەخولێنەوە: یەکەمیان بریتییە لە «ڕۆژهەڵات میحوەری» کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مانگی گەلاوێژی ڕابردووەوە وەک پرەنسیپێکی کاری بۆ ئەولەوییەت سازی لە ئاجێندای خەباتگێڕانەی خۆیدا زەقی کردۆتەوە.دووەمیشیان خودی خەباتی چەکدارییە کە چاوەدێران جموجۆڵ و تێکهەڵچوونەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لەو خانەیەدا لێک داوەتەوە و خوێندنەوەیان بۆ کردوە.

ئەم دوو چەمکە لەگەڵ هەموو پێوەندیی نێوانیان، لە یەک ئاستی ئانالیزدا جێ ناگرن: یەکەمیان بنەمایە و ئامانج دەستنیشان دەکا، لەحاڵێکدا دووەمیان ڕێکارە و ئاکام دەبەخشێ. ئەگەر ڕۆژهەڵات تەوەری بەو بنەما گشتییە دابنێین کە لە سەردەمی چڕبوونەوەی ناوەندی بارستایی مەسەلەی کورد لەسەر باشووری کوردستاندا هەوڵ دەدا بە پشتبەستن بە گوتارێکی تۆکمەی جەماوەر ڕێکخەر، ڕووگە و ئاقاری ستراتژیک بخاتەوە بەردەم خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوا خەباتی چەکداری دەبێ وەک ئالیەتێک و تەنیا وەک یەکێک لە ئالیەتەکانی بەکردەیی کردنی ڕۆژهەڵات تەوەری چاو لێ بکەین. لەو شوێنەدا کە ڕۆژهەڵات تەوەری جێگە و پێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر نەخشەی بزووتنەوەی کورد بە گشتی و کارتێکەری و چاوەڕوانیی نێوان ئەم

پارچەیەی کوردستان وپارچەکانی دیکە،و خۆناساندنەوەی بزوتنەوەی رۆژهەلاتی کوردستان بە جیهانی دەوروبەر و دەرەوەی خۆی دەگرێتەوە، خەباتی چەکداری پێوەندیی بە دینامیزمی نێوخۆیی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە هەیە و لە ریزی ئەو تاکتیک و رێکارانەدا جێ دەگرێ کە نێوەرۆک بە رۆژهەڵات مێحوەری دەبەخشن و خوردی دەکەنەوە. هەربۆیە ئەوەی لێرەدا بایەخ و گرینگی پەیدا دەکا ئەوەیە کە بەلەبەرچاوگرتنی فرە رەهەندی و فرە بەستێنیی ئەم بزوتنەوەیە، پێ بە پێی سیاسەتی دەسەلاتی ناوەندی و ئالوگۆڕە سیاسییەکان، فاکتەرە عەینی و زەینییەکانی بەرجەستەکردنەوەی هەرکام لە رەهەندەکانی ئەم خەباتە لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەستنیشان بکرێن و کارکردی جیاوازی ئەکتەرەکانی نێو بزوتنەوەش هەر لەسەر ئەم بناغەیە هەماهەنگ بکرێ.

حزووری بەرچاو و بەربڵاوی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو قووڵایی خاکی رۆژهەلاتی کوردستاندا و جموجۆڵ و چالاکیی پارێزەرانی رۆژهەلاتی کوردستان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی رۆژهەلات لەگەڵ پێشوازیی زۆر گەرمی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەرەوڕووبۆتەوە و لە دەرەوەی ئەم رووبەرە سەرەکی و واقیعییەی خەباتیشداگیانی شۆڕش و بەرخۆدانی بەدەر لە دابەشبوونە سیاسی و حیزبییەکان زیندوو کردۆتەوە. بەلام لەنێو توێژی چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی ولات و رووناکبیرانی دەوروبەری حیزبەکاندا هێندێک کەس لەلایەک بەگومانبوونی خۆیان لە بەجێبوون و بەوەخت بوونی ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان و ناوچەدا نیشان داوە. لەلایەکی دیکەشەوە،وێڕای بردنەژێرپرسیاری تەبایی ئەم جموجۆلانە لەگەڵ سیاسەتەکانی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبواری چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد و پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی هەنگاو بە هەنگاویش بۆ وەدیهێنانی مافەکانی کورد لە ئێران، نیگەرانیی خۆیان لەمەڕ لێکەوت و کاردانەوەی نەرێنیی ئەم چالاکی و جموجۆلانە بۆ سەر خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی ولات دەربڕیوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بەجێبوون و بەوەخت بوونی ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە کە بابەتێکە لە خانەی فەلسەفەی رۆژهەلات مێحوەریدا ولام وەردەگرێتەوە، حاشای لێ ناکرێ کە سیناریۆی ئیدەئال ئەوە بوو کە نەک هەر هێزەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، بەڵکوو سەرجەم هێزەکانی سەرتاسەری کوردستان بەیەکەوە بەرنامە و ئاجێندایەکی هاوبەش و هەماهەنگی خەبات بۆ بردنە پێشی مەسەلەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان دابرێژن و وەک یەکیش لە بەشی خۆیان باج بۆ هەر هەمووی بدەن. ئێستا کە بەلام ژێئۆپۆلیتیکی ناوچە و نالێکییە دەروونیەکانی نێو بزوتنەوەی کورد ئەم دەرفەتە نادا، لێرەدا تەنیا بەوەندە قەناعەت دەکەین کە بلێین چیدیکە نە رەوایە و نە تەنانەت لە قازانجی مەسەلەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستانیشدایە کە پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا پەک بخرێ. بەپێچەوانەوە، بەلەبەرچاوگرتنی مەسلەحەتی بردنە پێشی سەرجەم مەسەلەی کورد و پێویستیی پەرەپێدانی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و ئەزموونێک کە هێزەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە رۆژانی سەختی خەبات و یاغیبوونیان لە نەزمی مەوجوودی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیانە، هەق وایە فیداکاری و پشتیوانییەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان لە پارچەکانی دیکە مژارێکی دوولایەنە بێ، نەک ئەوە کە پرسی کورد لە پارچەیەکی کوردستان لەسەر حیسابی کوردی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بچێتە پێش. حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەدا کە لە هەلومەرجی نوێی ناوچە و ئەرک و ئیلزاماتی نەهادینەکراوی هەرێمی باشووری کوردستان غافڵ نیە، لەو باوەڕەدایە کە دەرک و چاوەڕوانیی نێوان کوردی پارچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان

پێویستی بە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنەوە هەیە و بوار بۆ ئەوە هەیە کە ئەو درز و ناهاوسەنگییەی لەو بوارەدا لە ئەنجامی بارودۆخی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا دروست بووە، نەمێنێ و راست بکرێتەوە.

هەرچی پرسیار و نیگەرانییەکانی پێوەندیدار بە خەباتی چەکداریشە، با لەپێشدا ئەوە بڵێین کە هەر هەوڵێک بۆ گفتگۆ و رۆشنگەری لەم بوارەدا لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و چالاکانی نێوخۆ و رووناکبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێ وەک دیالۆگی نێوان دوو لایەن یان دوو کەمپی ئاشنا بە یەکتر و تەنانەت نزیک لە روانگە و فەرهەنگی سیاسیی یەکتر چاو لێ بکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان نەک لەڕووی باوەڕ و ئومێد بە دروستبوونی بەستێنی وەدیهێنانی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بەڵکوو لەپێناوی فەرهەنگسازی لە دەروونی کۆمەڵگای کوردیدا و بۆ بە چالش کێشانی رێژیم و بە مەوزووع هێشتنەوەی مەسەلەی کورد لە ئێران، هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە و هەیە کە پێویستە چالاکانی مەدەنی لە هەوڵ و هەنگاوەکانی خۆیان لەو بوارەدا هان بدرێن و پشتیوانیان لێ بکرێ.

هەرلەو سۆنگەیەوە، حیزبی ئێمە نەک هەر خەبات لەگەڵ رێژیمێکی دیکتاتۆر بەڵکوو تێکۆشان لە چوارچێوەی حاکمیەتێکی دێموکراتیکیشدا وەک پرۆسەیەکی خەتی چاو لێ ناکا کە لەودا لایەنێک کە ئەگەر تەنانەت وەک حیزبی ئێمە خاوەنی شەرعیەتی مێژووییش بێ، لەجیاتی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا یەکسانە هەموو ماف و ئازادییەکانی گەل و کۆمەڵگا لە چنگ حاکمییەتی زەوتکەری ئەو ماف و ئازادییانە دەربێنێ. بەڵکوو پێی وایە کە رووبەڕووبوونەوە بەتایبەتی لەگەڵ رێژیمێکی پاوانخواز و فێڵباز و سەرکوتکەر پێویستی بەوە هەیە کە بە پەنابردن بۆ تاکتیکی جۆراوجۆری خەبات رێژیمەکە بە چالش بکێشرێ و هەموو چین و توێژەکانی خەڵکیش هەر کامەیان بەشێوەی خۆی و هەر کامەیان لەپێوەندی لەگەڵ یەکێک لە رەهەندەکانی پرۆسەی مافخوازیدا ئەرکدار بکرێن و بۆ تێکۆشان بهێندرێنە مەیدان.

ئێستا سەبارەت بە ئەگەری بە ئەمنیەتی بوونی فەزای سیاسیی کوردستان بەهۆی حزووری پێشمەرگە و جموجۆڵی پارێزەرانی وڵات، لەپێشدا پێویستە بگوترێ کە جارێ مەبەست لە حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو خاک و خەڵکی خۆیاندا دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری و پارتیزانی بەو مانایە نیە کە بەتایبەتی لە دەهەی شەستی هەتاویدا لە ئارادا بوو. بەلەبەرچاوگرتنی دەرفەت و لەمپەرەکانی سەردەمی ئێستا و پێویستیی هەڵسەنگاندنی هەموو فاکتەرە بڕیاردەرەکانی ئەم بڕارە، ئاقارێکی لەم چەشنە لەهەرحاڵدا پێویستی بە خستنەڕووی مۆدێلێکی نوێ لە خەبات و خۆڕاگریی چەکداری هەیە کە هەم لەگەڵ هەل و بەربەستەکانی سەردەمی نوێ گونجاو بێ و هەم ئەکتیڤ بوونی بەستێنەکانی دیکە و لە مەیداندا بوونی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرێ.

لەڕاستیدا ئەمسالێش وەک سالانی پێشوو حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نیاز و مەبەستی سیاسی و تەشکیلاتی و بەهەرحاڵ غەیرە نیزامیی لەپشت بوو. لە هەموو ئەو تێکهەڵچوونانەشدا کە روویان داوە وەدەستهاتنی پێشمەرگەکانی حدک و بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ هێزە دژی گەلییەکانی رێژیم لە ئاکامی کەمین و هێرشی ئەو هێزانە بۆ سەر پێشمەرگە یان بۆ سەر کاروانچی و کۆڵبەرانی بێدیفاعدا بووە.زۆر بێجێ دەبێ ئەگەر لە هەلومەرجێکی ناوچەیی پڕ جۆش و

خرۆشی وەک ئەوەی ئێستادا و لەکاتێکدا کە ڕێژیم بە نائینسانیترین شێوەکان لەگەڵ چین و توێژە هەرە سیڤیل و بێدیفاعەکانی گەلەکەمان هەڵسوکەوت دەکا، سەبارەت بە هەوڵی شۆڕشگێڕانی کورد بۆ لەپێوەندیدا بوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ میللەتی خۆیان و هۆشیارکردنەوە و متمانە بەخشین بە لاوان و بە هاناوە هاتنی خەڵکی مەزڵووم، لۆمەی ئەو شۆڕشگێڕانە بکرێ.

سەرەنجام و لە هەمووی گرینگتر، ئایا بەڕاستی ئەوە حزووری پێشمەرگە لەنێو دڵی نیشتمانی خۆیدایە کە دەبێتە هۆی بە ئەمنیەتی کرانی فەزای کوردستان؟بیرکردنەوەیەکی لەم چەشنە پێش هەموو شتێک بۆ تێگەیشتنی هەڵە لە هەقیقەتی مۆدێلەکانی خەباتی مەدەنی بەو جۆرە کە لە وڵاتانی دیکەی دنیادا ئەزموون کراوە، دەگەڕێتەوە. ئەو هەقیقەتە بریتییە لەوە کە خەباتی مەدەنی قەت لەسایەی ڕێژیمێکی فاشیستیدا ناتوانێ مانای دروست و ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێ و پێویستی بە بەستێنێک هەیە کە لەودا لانیکەمی ماف و ئازادیی چالاکانی مەدەنی ئەمنیەتی گیان و بەردەوامیی چالاکییەکانیان دەستەبەر بکا. ئەو بەستێنەش نەک تەنیا لە دەوڵەتانی دێکتاتۆردا بەڵکوو تەنانەت لە حاکمییەتە دێموکراتیکەکانیشدا تەنیا لەژێر فشاری هێزی هەمەلایەنەی گەلدا دروست دەبێ.

بۆ دەرکی ئەم ڕاستییە هەڵوەستەیەک لەسەر کاکڵی تیئۆریی خەباتی مەدەنی و ڕابردووی ئەو خەباتە لە دنیادا بەسە. جارێ هەر بیرۆکەی چالاکی و نافەرمانیی مەدەنی وەک ڕێکارێکی نەرم بەمەبەستی گۆڕینی سیاسەتەکانی حکومەتێک داندراوە کە ئەو حکومەتە بۆخۆیشی مەدەنی بێ(بەم چەشنەیە کە دامەزرێنەری ئەم بیرۆکەیە لە سەردەمی مۆدێرندا واتە هێنری داڤید تۆرۆ ناوی کتێبەکەی خۆی نابوو «خۆڕاگری لە بەرامبەر حکومەتی مەدەنی»دا). پاشان بە چاوخشاندنێک بهنموونە هەرە دیارەکانی خەباتی مەدەنی لە جیهاندا (بەتایبەتی ئەزموونی سەربەخۆیی هیند بە ڕێبەریی گاندی و بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمریکا بە ڕێبەریی مارتەن لوتەر کینگ و خەبات بەدژی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور بە ڕێبەریی نێلسۆن ماندێلا) بۆمان دەردەکەوێ کە لە تەواوی ئەو نموونانەدا نەک هەر هێندێک ڕەوتی ڕادیکاڵ و لایەنگری خەباتی چەکدارانە بە قورس و قایمی لە مەیداندا بوون و حاکمییەتەکان نیگەرانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ڕەوتە ڕادیکاڵ و ئینقلابییانە بوون، بەڵکوو زۆر جار خودی ڕەوتە ئاشتیخواز و مەدەنییەکانیش ناچار بوون ئاقاری چەکداری و توندوتیژ بگرنە بەر و پاشەکشەی حاکمییەت و چارەسەری سیاسی و ئاشتییانەی کێشەکان لە ئەنجامی چڕبوونەوەی ئەم ئاقارەدا وەدی هاتووە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێرانیشەوە هەیە، ئەوەی لە سێ دەهە و نیوی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی بۆ بە ئەمنیەتی کردنی فەزای گشتی هان داوە پێش ئەوەی بەدەستەوە گرتنی چەک لەلایەن نەیارانی ڕێژیم و خۆڕاگریی چەکدارانەی خەڵک بووبێ، هەر لە بنەڕەتڕا بوونی هەر چەشنە بیر و دەنگێکی جیاواز و نەشاز و هەر جۆرە ڕەوت و هەناسەیەکی ئازادیخوازانە بووە. دەنا هەم لە تاران کەسانێک بەبێ بەدەستەوە گرتنی چەک زیندانی و ئێعدام کراون و هەم بەتایبەتی لە کوردستان لە زۆر قۆناغدا (بۆ نموونە دەورەی یەکەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژاد و تەنانەت دەورەی دووەمی سەرکۆماریی خاتەمی) بەبێ ئەوە کە شۆڕشگێڕانی کورد جموجۆڵێکی ئەوتۆیان لە نێوخۆی وڵاتدا بووبێ، زەبر و زەنگی ڕێژیم دەرهەق بە خەڵک بەتایبەتی چالاکانی مەدەنی قەت ڕانەوەستاوە، ئەگەر بە ئەوپەڕی خۆی نەگەیشتبێ.

وەک لە سەرەوە باسمان کرد پێویستییەکی هەرە بنەڕەتی و حاشاهەڵنەگری خەباتی فرەڕەهەندە کە بەستێنە جۆربەجۆرەکانی خەباتی کورد لە ئێراندا یەکتر بخوێننەوە و لە تێکۆشانی بەجیای خۆیاندا حیساب بۆ یەکتر بکەن و ئاگایان لە یەکتر بێ. بەڵام هەڵە دەبێ ئەگەر پێمان وابێ بۆ سەرکەوتنی یەکێک لە بەستێنەکانی ئەو خەباتە دەبێ بەستێنەکانی دیکە لە کار بخرێن و بخەوێندرێن. ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە ترسی بە سەرتاسەری بوونی نارەزایەتی و سەرهەڵدان، ئەوپەڕی دڕکردەوە لە بەرامبەر مێتۆدە نەرم و سنووردارەکانی نارەزایەتیش بەکار دەبەن و تەنیا کاتێک پاشەکشە دەکەن کە لە هەموو لایەکەوە و لە هەردوو بەستێنی مەدەنی و شۆڕشگێڕیدا بکەونە ژێر فشار. هەربۆیە پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هەر کامەی بەشێوە و لە شوێنی خۆیدا بۆ بەجێگەیاندنی ئەرک و ریسالەتی تایبەت بە خۆیان هەستنە سەر پێ و لە بەرامبەر ملهوڕی و سەرەڕۆییدا مەیدانداری بکەن.

لە کەیسی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، پێوەندی و هاوخەباتیی پێشمەرگە و بژاردەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە پشتیوانیی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک تەنیا بۆ کۆتایی هێنان بە زەبر و زەنگ و وەدیهێنانی مافە رەواکانی گەل پێویست نیە، بەڵکوو تەمرینێکیشە بۆ ئەو ڕۆژە کە ئەم دوو توێژە تێکۆشەرەی کۆمەڵگای کورد دەبێ بۆ دروست کردنەوەی وڵات و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و ئاسوودە دەست وەدەستی یەک بدەن و دەست بەکار بن.

لە ژمارە ٦٤١ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# " ڕۆژهەڵات میحوەری " و چەند سرنجێک.

لوقمان زەهرایی

ماوەیەکە لە سەر تۆرە کۆمەڵایتیەکان وهیندێک سایت باس لە چەمکێک بە ناوی " ڕۆژهەڵات میحوەری یان ڕۆژهەلات تەوەری " دەکرێ کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هاتۆتە بەرباس و ئەندامانی ئەو حیزبە و خەڵکانی غەیری حیزبی لە ڕوانگەی جیاجیاوە لێکدانەوەی بۆ دەکەن و لایان وایە کە "حدک " لە فکری هەڵگیرساندنەوە خەباتی چەکداری دایە. هەرچەند هیچ نوسراوە و نامیلکەیەکی تایبەت بەو باسە لە لایەن حدک بە فەرمی بڵاو نەبۆتەوە، بەلام ئەندامانی دەفتەری سیاسی حدک بۆ شیکردنەوەی ئەو چەمکە نوێیە لە سەر ئەو باوەرن کە دەبێ هێز وتوانای کوردانی رۆژهەلات تەرخان بکرێ بۆ خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان و چیدیکە وزە وتوانای رۆژهەلاتییەکان بۆ بەشەکانی دیکە تەرخان نەکرێ و کورد گوتەنی " چرایەک کە بۆ ماڵ ڕەوایە لە مزگەوت حەرامە ".



لە ماوەی یەک مانگی رابردوو دا لە چەندین شاری رۆژهەلاتی کوردستان شەڕ و پێکدادانی چەکداری لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وپارێزەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وچەکدارەکانی سپای پاسدارانی رێژیمی مەلایانی حاکم بە سەر ئێراندا روویداوە و لەو نێوە دا ژومارەیەک پاسدار کوژرا وبریندار بوون وپێشمەرگەیەکی حدک بە ناوی هەژار قاسمی شەهید بووە.

جم وجۆلی پێشمەرگانەی حدک وهێزەکانی پارێزەری ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەو پرسیارەی وروژاندوە کە گەڵۆ حدک بە نیازە شەڕی چەکداری دەست پێبکاتەوە یان نەخێر ئەو جم وجۆڵانە کاتی و تاکتیکین و زیاتر بۆ خۆ دەرخستن و خۆنیشاندان لە گۆرەپانەکە دایە؟

" رۆژهەلات میحوەری " یان بە واتایەکی دیکە وەگەرخستنەوە وبوژاندنەوە وگیان وەبەرنانەوەی خەباتی ڕزگاری خوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان ناکرێ تەنیا وتەنیا لە ڕوانگەی شەڕی چەکداری لێکبدرێتەوە و لایەنە گرینگەکانی دیکەی پەیوەست بەو خەباتە لەبەرچاو نەگیرێ. ئەگەر قەرار بێ شەڕی چەکداری هەڵگیرسێتەوە و تەنیا وەکوو تاکتیک وبۆ ماوەیەکی زەمەنی کورت خایەن وبۆ هیندێک ئامانجی تایبەتی بەرێوە بچێ و هیچ پلان وبەرنامە وستراتیژی روون وئاشکرای لە پشت نەبێ، زۆر سەیر نابێ کە لە ژێر زەخت وگوشاری کۆماری سێدارە بۆ سەر حیزبەکانی باشوری کوردستان حدک یان حیزبەکانی دیکەی رۆژهەلاتیش بە بیانوی " پاراستنی دەسکەوتەکانی هەرێم، تۆ بلێ حیزبەکان " ناچار بکرێن کە شەڕی چەکداری ڕابگرن و لە ئەنجام دا هەمان مێژوو وهەمان سیناریۆی وهەمان بێ هێوایی ولە پەراوێز خرانی دەیان سالی رابردوو چەند پاتە ببێتەوە.

چەندین بابەتی گرینگ لە پەیوەندی بە " رۆژهەلات میحوەری " و دەستپێکردنەوە خەباتی چەکداری دەور دەبین وئامانج و ستراتیژی ئەو سیاسەتە دەبێ بە جەماوەری کردنی خەباتی لێبکەوێتە کە هەموو چین وتوویژەکانی کۆمەلگای کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان خۆیانی تێدا ببینەوە و تاکەکان بە پێێ لێهاتوویی وتوانایی ولە دەرفەت وکات وشوینی جیاواز دا بەشدار بن و دەور و رۆلی خۆیان بۆ سەر خستنی ئامانجەکانی خەباتی رزگاریخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان بگێرن. لەو راستایە دا گەلێک گرینگە کە هەڵەکانی ساڵانی پێشوو چەند پاتە نەبنەوە و نابێ رزگاری لە ژێر دەستی داگیرکەر تەنیا لە لوولەی تەفەنگەوە ببینرێ و لە فکر وزکرمان دا ببێتە تەنیا رێگا وئالترناتیف لە رۆژهەلاتی کوردستان. بە پێچەوانەوە خەباتی چەکداری دەبێ وەکوو باسیکی "رۆژهەلات میحوەری " دەرکەوێ نەک وەکوو مێشکی.

بۆ بەرچاو روونی زیاتر " رۆژهەلات میحوەری یان وەک هیندێک دەلێن " رۆژهەلات تەوەری " دەکرێ لە چەندین رەهەندەوە شرۆڤە ولێکدانەوەی بۆ بکرێ ولایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بخرێتە بەر چاو.

**یەکەم، هەل ومەرجی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان**

حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە هۆی لێکدابڕان ولێک جیابونەوەیان هێز و وزە وتواناکانیان دابەش بووە و لە دەرئەنجامی ئەو دابەش بوونەش دا بچوکتر بونەتەوە وخەلکیان لێ دوورکەوتۆتەوە و رێژەیەکی زۆر لە ئەندامانی خۆیان بە هۆی جۆراو جۆر لە گەڵیان نەماون. ئەو ناکۆکی و دووبەرەکیانەی کە لە نێویان دا هەیە بۆتە هۆی ئەوەی کە راستەوخۆ کاریگەری لە سەر کۆمەلگای کورد لە رۆژهەلات و لە سەر چەقبەستوویی خەباتی رزگاری خوازی دابنێ. هەر بۆیە ئاشت بونەوە ویەکتر قەبولکردن و رێز لێنان لە یەکتر و درێژکردنی دەستی هاوکاری وپشتگری یەکتر کردنی حیزبەکانی رۆژهەلات خاڵێکی گرینگە لە وەگەڕخستنەوە وبە جەماوەری کردنی خەبات کە بتوانێ وەرچەرخانێکی نوێ بە دوای خۆیدا بێنێ.

**دووهەم، هەبوونی پلان وبەرنامەیەکی روون  بە تاکتیک وستراتیژی دارێژراوە**

هەبوونی پلانێکی لەو چەشنە کە بتوانێ کۆدەنگێک لە مەڕ بەرەو پێش چوونی خەباتەکە دروست بکا و بۆ ئەو مەبەستەش بەشداری هەموو لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەلات، ماموستایانی زانکۆ، هونەرمەندان، رۆژنامەنوسان ،نوسەران ،چالاکوانانی مەدەنی وچالاکانی بواری ژنان و ژینگە وبازاریان وغەیرە لە دەرەوە و ناوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ بە جەماوری کردنی خەباتەکە گەلێگ گرینگە و دەکرێ بۆ ئەو مەبەستەش و بۆ ئال وگۆری بیرو رای جیاواز ولێک تێگەیشتن وشرۆڤە کردنی هەموو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بەو باسە کۆنفرانسێک کە رێزدار کاک هێمن سەیدیش لە پرۆژکەی دا ئاماژەی پێکردووە، بە ناوی" کۆنفرانسی رۆژهەلاتی کوردستان" لە یەکێک لە ولاتانی ئورووپایی ببسترێ.

**سێهەم، گوتاری " رۆژهەلات میحوەری "**

کوردی ڕۆژهەلات ماوەی ٣٥ ساڵە لە ژێر ستمی ئیسلامی سیاسی شیعەی ١٢ ئیمامی دا بە ئاشکرا دەچەوسێندرێتەوە و مافەکانی پێشل کراوە و دەکرێ وبە کردەوە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی وزمانی وکولتوری وئاینی ومەزهەبی لە سەر جێ بە جێ دەکرێ ودەولەتی تاران سیاسەتی تێرور وتۆقاندن لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرێوە دەبا و تێرۆریزمی دەولەتی ونێو دەولەتی کۆماری سێدارە زەبری گورچ وبڕی لە کورد ولە خەباتەکەی داوە. کۆماری ئیسلامی خۆی یەکێک لە جەمسەرەکانی تێرۆریزمە لە ناوچەکە ولە جیهاندا. بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی خەباتی چەکداری وهێزی پێشمەرگە وپارێزەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە هێزگەلی تێرۆریست و بە گرێ دراو بە داعش ناوزەد نەکا ومۆرکی تێرۆریست بوون لە کورد وخەباتە ڕەواکەی نەدا، پێویستە یەکێک لە ئامانجەکانی " ڕۆژهەلات میحوەری " ناساندن و ریسواکردنی ڕێژیمی مەلایان وەکوو ڕێژێمکی تێروریست وتێرۆریست پەروەر بێ، بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئەو ناو وناتۆرە ولەقەبەی کە پڕ بە پێستی خۆیەتی بە شۆرشگێران وماف خوازان وئازادیخوازنی کوردی ڕۆژهەلاتەوەی نەچەسپێنێ.

" ڕۆژهەلات میحوەری " دەبێ لە گەڵ ئەوەی ماف خواز وشوناس خوازە یەکسانی خوازیش بێ وئەوەش بەو مانایەی کە، دژی گوتاری رادیکالیزمی ئیسلامی لە ناوچەکە بوەستێتەوە وخۆی لە بەرەی دژبەرانی تێرۆر وتێرۆریستان ببنیتەوە و خەباتەکە بە دوور بێ لە هەر جۆرە مۆرکی ئاینی وئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا و بەشداری پێدان وهێنانە مەیدانی بە ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان بۆ نێو خەباتەکە گەلێک گرینگە و دەبێ کچان و ژنانی ڕۆژهەلاتیش بە هەزارانیان لە مەیدانەنە دابن وشان بە شانی پیاوان خەباتی شوناسخوازی وماف خوازی ویەکسانی خوازی بکەن ولە ڕێگایەشەوە ببنە بەربەست لە هەمبەر رادیکالیزمی ئیسلامی وئەحزابی توندرەوی ئیسلامی بە هەموو شێوەکانیەوە.

" ڕۆژهەلات میحوەری " پێویستە لە کوردستانەوە سەرچاوە بگرێ و پەیامەکەی بۆ ناوەند وباقی شوینەکانی دیکەی ئێران پەیامێکی گۆرانیخواز ودێموکراسی خواز وسیکولاریخواز بێ وتەئکید لە سەر جیاکردنەوە دەسەلاتی سیاسی وئاینی بکا ولە هەمانکاتدا لە هەولێ دروست کردنی هاوپەیمانێکد دابێ لە گەڵ هەموو ئەوانەی کە باوەریان بە دێموکراسی وبە مافی مرۆڤ وبە ئال وگۆری سیستم هەیە ، بە تایبەت لە گەڵ نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێراندا.

" ڕۆژهەلات میحوەری " لە گەڵ ئەوەی بە پلەی یەکەم دەبێ لە هەولی خۆ ڕزگار کردن لە ژێر چنگی داگیرکەر وگەیشتن بە مافەکانی خۆی بێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، دەبێ کوردستانیش بێ و پشتگری و یارمەتی پارچەکانی دیکەی کوردستان بکا لە دروست کردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی و لە لێک نزیک کردنەوە هێزە سیاسیەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دا دەور و ڕۆلی خۆی بگێڕی وسەنگی خۆی هەبێ لە ئەگەری دروست بوونی کۆنگرەی نەتەوەیدا. کەواتە ڕوانگەی " ڕۆژهەلات میحوەری " نابێ ببێتە هۆی دژایەتی کردنی بەشەکانی دیکەی کوردستان ونابێ ببێتە پاشکۆی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. بۆیە پەیامی " ڕۆژهەلات میحوەری" بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێ روون وئاشکرا بێ کە لە مافەکانی خۆی ناگوزەرێ و ئامادەش نابێ ببێتە پاشکۆ و یان بخرێتە پەراوێزەوە بۆ هەرکام لە پارچەکانی دیکەی کوردستان.

بێگومان حیزبەکانی پارچەکانی کوردستانیش، بە تایبەت حیزبەکان ودەسەلاتی باشوری کوردستان دەبێ ئەو حەقیقەتە بزانن وئەوە بە باشی دەرک بکەن کە رۆژهەلاتی کوردستان وەکوو دوهەمین پارچەی کوردستان چ لە باری خاک وچ لە باری حەشیمەتەوە ناکرێ پشت گوێ بخرێ بە " بیانوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم " و پاراستنی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی. بە پێچەوانەوە هاوکاری و پشتگری حیزبەکان ودەسەلاتی باشور بۆ ئەوەی کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستانیش بە مافەکانیان بگەن گەلێک لە قازانجی ئەوان دایە وئەو کات باشوری کوردستانیش لە مەترسی وهەڕەشەی دەست درێژی ودەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی دەپارێزرێن و بە پشتگری وهاوپشتی کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان زۆر زیاتر لە سەربەخۆیی نزیکتر دەبنەوە.

جم وجۆلی پێشمەرگانە و دروستکردنی هاوپەیمانێکی نیزامی لە نێو حیزبەکانی رۆژهەلات بۆ پشتگری وبە فریای یەکترکەوتن لە هەمبەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دا گەلێک گرینگە و بۆیە ئەو جم وجۆلانە وبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پارێزەرانی رۆژهەلاتی کوردستان لە ناو خۆی رۆژهەلاتی کوردستان نەک هەر شتێکی پیرۆز وڕەوایە، بەڵکوو لە داهاتوو دا بە پێی پلان وبەرنامە و ستراتیژی روونی دەبێ پەرەی پێ بدرێ وهەموو هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان خۆیان تێدا ببینەوە بۆ ئەوەی بوونیان وحوزوریان لە نیو خۆی رۆژهەلاتی کوردستان ورە وهێز وتوانا بە خەلک دەبەخەشێ وخەلکی گوند وشارەکانی رۆژهەلات هەست بەوە دەکەن کە لە بەرامبەر جاش وپاسدارە جەردە وئینسان کوژەکانی کۆماری سێدارە بە تەنیا و بێ پشت وپەنا نین وهەر ئەوە پشت گەرمیە وبوونە لە ناو خەلک دەبێ هۆی ئەوەی کە حیزبەکان بتوانن جەماوەر لە رۆژهەلات رێکبخەن و هەموو یەدەنگ بۆ وەدیهێنانی ماف وئازادیەکانیان دژ بە کۆماری سێدارە خەبات بکەن.

بە هۆی ئەو هەل ومەرجەی کە لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا هاتۆتە پێش و تێوەگلانی کورد راستەوخۆ لەو شەڕە کە تێرۆریستان ودەولەتانی داگیرکەری کوردستان کە بە سەر کوردیان داسەپاندووە ،کورد کەوتۆتە بەر پەلامارو قەڵاچۆ و ژێنۆساید کردن وهەربەوهۆیەوە بوژانەوە وهەستانەوە وبە جەماوریکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان گەلێک گرینگە وزەرورەتی رۆژە، بۆ ئەوەی ئەو پارچە لە کوردستان فەرامۆش نەکرێ ونەخرێتە پەراوێزەوە ومافەکان چیتر لە لایەنی دەولەتی ئیسلامی شیعەوە پێشێل نەکرێ.

هینری کیسەنجەر وەزیری دەرەوەی پێشووی ئامریکا کە لە دارێژەرانی رێکەوتننامە شوومەکەی 1975 ی ئەلجەزایرە و کەسێکی ناسراوە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا دەلێ " لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوین دا وا خەریکە پەیمانی " سایکس . پیکۆیەکی تازە پێک بێتەوە". ئەوەش بەومانایە دێ کە چەندین دەولەتی ناوچەکە لە سەراوە دابەش دەبنەوە وئەوەش راستەو خۆ پەیوەندی بە چارەنووسی سیاسی کورد و بە خاکەکەی وبە دەولەتانی داگیرکەری کوردستانەوە هەیە وهەر بۆیەش رۆژهەلاتی کوردستان بە وێنەی 3 پارچەکەی دیکە کوردستان دەبێ لە گۆرەپانەکە دابێ بۆ ئەوەی حیسابی هەبوونی بۆ بکەن ونەخرێتە پەراوێزەوە و مافەکان وچارەنووسی سیاسی نەکرێتە مامڵەی نێوان کۆماری ئیسلامی و رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئامریکا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# رۆژهەڵات میحوەری پێویستی ئێستاو داهاتوو

**خالید محەممەدزادە**

رۆژهەڵات میحوەری ئەگەرچی مێژوویەکی لە کارکردو لە تیۆریدا هەیە، بەڵام هیچ کاتێ بە قەد ئێستا پێویستبونی لە نێوان زیاد لە هێزێکو زیاد لە نەوەیەکی رۆژهەڵاتی نەهێناوەتە گۆرێ، ئەمەش وایکردوە کاردانەوەی جیاوازی لێ بکەویتەوە، تا ئاستی رەتکردنەوەی.



بەشێک لەو وتارانەی بە ئاراستەی تەئید یا رەتکردنەوە لە سەر گوتاری رۆژهەڵات میحوەری نووسراون، غەدرێکی گەورە لەم چەمکە دەکەن بەوەی کارکردێکی دژی پارچەکانی تری کوردستان لەم گوتارە پیشان داوە کە راست بە پێچەوانەکەیەتی.

رۆژهەڵات میحوەری لە جەوهەردا دژی هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان نیە، چ بۆ بەهاناوە چوونیانو چ بۆ بە هاناوە هاتنیان. رۆژهەڵات میحوەری شۆربوونەوەی گیانی بەرپرسیارەتی رۆژهەڵات بەرامبەر بە پارچەکانی دیکەی کوردستانە تا ئاستی خەڵک میحوەریو تێپەراندنی سوورانەوەیە بە دەوری حیزبی بەشەکانی دیکەی کوردستانو گواستنەوە لە حیزب میحوەری بۆسەر ئاستی نەتەوەییو کوردستانی.

لە راستیدا ئەوەی ئێستا بەشێک لە رۆژهەڵاتییەکان بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە ناوی خەباتی نەتەوەییو کوردستانی دەیکەن، هەڵگری پرسیاری گەورەیە بە تایبەت کە کارکردیان تەواو حیزبیو لە هەر پارچەیەکیش حیزبێک زیاتری تێنە پەراندووە

کۆکردنەوەی یارمەتی ٢٧ شاری رۆژهەڵاتو دابەشکردنی وەک یەک بە سەر سلێمانیو هەولێری لێدەرچی، هەڵسوکەتی رۆژهەڵاتییەکان بەرامبەر بە کارەساتی شنگالو کوبانێ جێی رەخنەیە، ئەوەی لێرە بینیمان بەهاناوە هاتنی حیزب بوو نەک بە هاناوە هاتن بۆ هەزاران ئاوارە لە کوبانێو شنگال.

ئەگەرچی ئەم بە هاناوە هاتنە هەم لە باشوورو هەم لە رۆژئاوا تا ئێستا وەڵامی وەرنەگرتووە قبووڵ کراو نەبووە، بەڵام رۆژهەڵات میحوەری دەیەوێ ئەم بە هاناوە هاتنە حیزبیە کە تا ئاستی بە حیزبی بوونو ملکەچ بوون رۆیشتووە بگوازێتەوە بۆ بە هاناوە هاتنی خەڵکو پشتگیری خەڵک میحوەرانەو پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵکی لە هەر دوو هەرێمی کوردی، نەک بەرژەوەندییەکانی حیزب.

لەگەڵ ئەوەش نابێت لە بیرمان بچێت بەشێکی زۆری حیزبی پارچەکانی تری کوردستان بە تایبەت حیزبی دەسەلاتدار ئەوەندەی بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، بەرژەوەندیان لە گەڵ بزووتنەوەی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان نیە، ئەمەش وایکردوە بەرژەوەندی هاوبەشی ئێرانو ئەم حیزبانە، بە زیانی رۆژهەڵات بشکێتەوەو بەداخەوە هاوسۆزی کوردی رۆژهەڵات لەم رەهەندەوە کانالیزە کراوە لە دواجار بە سوودی ئێرانو هاوپەیمانە کوردەکانی شکاوەتەوەو شۆر نەبۆتەوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئێرانو ئەحزابی هاوپەیمانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەرژەوەندی وەک یەکیان لە گواستنەوەی چالاکی رۆژهەڵاتیەکان بۆ پارچەکانی دیکە هەیە کە دوورو نیزیک پەیوەندی بە بەرژەوەندیی خەڵکی کورد لە کوردستان نیە،

رۆژهەڵات میحوەری، فۆرماتکردنەوەی گیانی کوردستانی بوونە لە سەر بنەمای رۆژهەڵات، وەک چون هەر یەکە لە پارتی دیموکراتو پ.ک.ک، کوردستانی بوونیان لە سەر بەشە جوغرافیای خویان فۆرمات کردۆتەوە تا ئاستی بە حیزبی کردنی، بەڵام رۆژهەڵات میحوەری دەبێت لە هەناویدا هەڵگری جیاوازی گەورە بێت لە رۆژهەڵاتو کۆپیەک نەبێت لە نموونەی پ.ک.کو پارتی بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان.

لە راستی گوتاری کوردستانی بوونو نەتەوەیی بوونی پ.ک.کو پارتیو حیزبەکانی تر روو بە رۆژهەڵات گوتارێکە بۆ راکێشانی وزەو چالاکییەکانی رۆژهەڵات بۆ حەوشەی حیزبی خۆیانو بۆ ململانێی حیزبی، نەک بۆ خزمەت بە هوشیاری نەتەوەییو لانیکەمی رەوانە کرنەوەی بۆ رۆژهەڵات.

گوتاری کوردستانی ئەم هێزانە خاڵیکردنەوەی رۆژهەڵاتە لە هەر چالاکیو جووڵەیەک بەرامبەر بە ئێران، گوتاری کوردستانی بوون لە نۆرمی حیزبی گوتاری پشتکردن لە ئێرانو بردنی سامانی مرۆیی رۆژهەڵات بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانەو دواجار زیانەکەی رۆژهەڵات دەیدا.

بەڵام رۆژهەڵات میحوەری دەبێت لە هەناویدا کۆکەرەوەی جیاوازییەکانی رۆژهەڵات بێتو هەڵگری فۆرمیک لە پیکەوە ژیان بێت بە دوور کەوتنەوە لە هەر دوو مودیلی فیفتی فیفتی باشوورو تەک حیزبی بوون لە رۆژئاوا، رۆژهەڵات میحوەری دەبێت گوتاری پێکەوە ژیانی جیاوازییەکانو گەرانەوە بۆ رۆحی رۆژهەڵات بێت لە سەر بنەمای رێنیسانێکی دیموکراتو فۆرمیک بۆ پێکەوە ژیان،

رۆژهەڵات میحوەری دەبێت غەمی هاوبەشی هەمومان بێت بۆ بەگژدا چوونەوەی ئاسیمیلاسیۆن کردنی کورد لە ئێرانو ئەمەش پێویستیی بەلاکردنەوە لە رۆژهەڵات هەیە نەک پشت تێکردنی!.

سەرچاوە : ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی : ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# پێناسەیەک بۆ گوتاری ڕۆژهەڵات میحوەر

عەلی ئیسماعیلنژاد

له سیاسەتدا هەڵەبوونی ئەزموونەکان یان گۆڕینی واقعی سیاسی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گوتار و چەمکی نوێ لە چەند مانگی ڕابردوودا گوتارێک لە دۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەری هەڵداوەتەوە و هاتۆتەوە ئارا و ئەویش گوتارێکە بە ناوی ڕۆژهەڵات مێحوەری.



پرسیاری یەکەم ئەوەیە ئامانج لە ڕۆژهەڵات میحوەرەی چییە؟

ئاراستەی خەبات و دیپلۆماسی بەرەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوو بە کۆماری ئیسلامی گوتاری ڕۆژهەڵات میحوەری پێدەگوترێت؟

ئاخۆ ئەو گوتارە لە دژی گوتاری کوردستان میحوەری نییە؟

بۆ وڵامی ئەو پرسیارە دەبێت بە وردی دۆخی چوارپارچەی کوردستان ڕوون کەینەوە.

ئێمە نەتەوەیەکن کە لە ناوچەیەکدا بەسەر ٥ وڵاتاندا دابەش کراوین و ئەو وڵاتانەش چواریان وەکوو زلهێزی ناوچەیی دەناسرێن و بەو مانایە کە لە ئەگەری ڕوودانی هەر ڕووداوێک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو چوار حکوومەتە ئەگەر خۆشیان ڕاستەخۆ دەستیان لە ڕووداوەکە دانەبێت و خولقێنەرانی ڕووداوەکە نەبن بێگومان خولقێنەرانی ڕووداوەکە چ دەسەڵاتە نێودەوڵەتییەکان بن و چ دەسەڵاتە ناوچەییەکان، بەرژەوەندی ئەو چوار وڵاتە، لەبەر چاوە دەگرن.

ئێستا هێندێ بابەتەکە ئاڵۆز دەبێت چوار دەوڵەت، داگیرکەری کوردستانن و لە یەک ناوچە هەڵکەوتوون و لەو ناوچەیە وەکوو هێزێک بوونیان هەیە و لە کایە سیاسییەکانی ناوچەکەدا دەسەڵاتدارن و بەشداری دەکەن لێرەدا توشی پرسیارێکیتر دێن، پاش ڕوون بوونەوەی ئەو واقیعە لایەنێکی سیاسی وەکوو بەشێک لە کایەوانانی گۆڕەپانی سیاسی چۆن دەتوانن گوتاری کوردستان مێحوەر بکەنە ئامانجی خۆیان؟

خوێنەر دەتوانێ جوابێکی زۆری لەلابێت بەڵام لێرەدا من لە هەوڵدادەبم چوارچێوەیەک بۆ ئەو باسە دیاری بکەم.

پرسی کورد لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان بە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی خۆیان دادەندرێ و ئەو روانگەیەی داگیرکەر تەنیا قەتیس نەکراوە بە پارچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی و بۆ پرسی کورد لە هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوراستیش هەر ئەو روانگەیە بەسەر کردەوەکانی داگیرکەراندا حاکمە، بەرژەوەندیی چواربەشی کوردستان لە یەک جیاواز نین و چون هەر ڕووداوێک لە پارچەیەک ڕوودەدات راستەخۆ لەسەر چارەنوسی پارچەکەکانیتر شوێنەواری دەبێت. کارتێکەری ڕووداوەکانی کوردستان لەسەر پارچەکان بە دوو شێوەیە یەک: لەسەر بریار و سیاسەت و گەڵاڵەی دەوڵەتانی داگیرکەر دەرحەق بە پارچەی ژێر دەسەڵاتیان کارتێکەری دەبێت .

دوو: لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و رای گشتی پارچەکانیتر کارتێکەری دەبێت.

کارتێکەریەکەش دوو لایەنەیە بە مانایە کە دەسکەوتەکانی خەباتی باشوور لە سەر رۆژهەڵات کارتێکەری هەیە و دەتوانێ ئاراستەی خەباتی رۆژهەڵات بەرو ئاسۆیەکی ڕوونتر بەرێت و لەگەڵ ئەوەش لە ئارادابوونی خەباتێکی بەدەسەڵات لە رۆژهەڵات دەتوانێ لەسەر بریارەکانی ئێران دەرحەق بە باشوور و لەسەر بریارەکانی ئێران لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا کارتێکەری هەبێت و ئەوەش بەو واتاییە کە خەباتێکی بەدەسەڵات لە رۆژهەڵات دەتوانێ باشوور لە مەترسی بپارێزێت و ئەو قانونە بۆ هەموو پارچەکان راستە واتە ئەگەر لەباتی باشوور وشەی باکوور داندریت هەر راستە و ئەگەر لە باتی رۆژهەڵات بگۆردرێ بۆ رۆژئاوا دیسان هەر راستە و دەتوانین جار بەجار ناوی پارچەکان لە نێو ئەو قانونەدا بگۆرین و ٦ قانونی جیاوازمان دەبێت بەڵام هەر شەشیان لە راستیدا لە یەک ئامانج دەدوێن.

لێرەدا بۆ وڵامی ئەو پرسیارانەی کە توشمان هاتوون بەتەواوی توشی ئاڵۆزی دێن

ئێمە بە روونی سێ شتمان لەبەر دەستە:

١- چوار داگیرکەر کە هەر کامەی لە پارچەی خۆیاندا دەسەڵات بەدەستە و پرسی کورد لە ژێر دەسەڵات و دەڤەری رۆژهەڵاتی نێوەراست بە پرسێکی ئەمنی و مەترسییەک لەسەر خۆی دادەنێت.

٢- خەبات لە هەر پارچەیەک لەگەڵ چوار دەسەڵاتی داگیرکەر کە توانایی بریاردانیان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا هەیە بەرو ڕووین .

٣- هەر ڕووداوێک لە هەر پارچەیەکی کوردستان ڕوودا کارتێکەری لەسەر هەموو پارچەکانیتر دەبێت.

چۆن دەکرێت لە بریارێکی سیاسییدا لایەنێکی سیاسی ئەو سێ بەشەی لەبەر چاو بێت؟

لێرەدا لۆژیترین رێگە کە لەبەر دەستمانە ئەوەیە کە ئێمەی کورد لە کاتی بریارداندا کوردستانی بیر بکەینەوە و لە کاتی کردەوەدا ناوچەیی یان پارچەیی هەڵسووکەوت بکەین.

بە واتایەکیتر لایەنێکی سیاسی دەبێت پەیوەندی ناوچەی خۆی لەسەر بناغەی کوردستانی بوون داڕێژێت و مافی ئەوەی نییە لە پەیوەندی ناوچەییدا بەرژەوەندییەکانی کوردستاب بخاتە ژێر مەترسیەوە دیارە ئەو کارەش بە یەک لایەن ناکرێت و لایەنێکی سیاسی ناتوانێ بە تەنیا گوتار یا وێژمانی کوردستان مێحوەر لەسەر ئەستۆی خۆی دانێت و دەبێت ئەو لایەنە بەشێک لە بەرەیەک بێت،ئەو بەرەیە کوردستانی بڕیار دەدا و ناوچەیی هەڵسووکەوت بکات.

ئەگەر بمانەوێت بە زمانێکی سادەتر باسی بکەین دەبێ بلێن ئێمە لە چوار لاوە لە شەر داین و شکانی هەر لایەک یان لاوازی هەر لایەک کارتێکەری لەسەر هەموو شەرگەکە هەیە هەر بەو هۆکارەش دەبێت بەشێوەی هاوکات بۆ پاراستنی هەر لایەک بەرنامەی تایبەتمان هەبێت،مەرج ئەوەش نییە کە یەک بەرنامە بۆ هەر چوار لاکە دیاری بکرێت. بەڵکوو هەر لایەی دەبێت ئەرکێکی گشتی و ئەرکێکی ناوچەی پێ پسێردرێ و ئەرکەکان دەبێت بە پێی دۆخی شەرگەکەی بێت و دەتوانێ لەیەک جوداواز بن ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەرکەکان لە ئامانجدا یەک بگرنەوە.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر وڵامی ئەو پرسیارە کە دەڵێت ئایا ڕۆژهەڵات مێحوەری لەگەڵ تەوەری کوردستان مێحوەری دژایەتی هەیە؟

ئەگەر ئێمە بەوە قایل بین کە، بەرژەوەندییەکانی کوردستان لە دژی یەک نین و تەواوکەری یەکن و ئەوەشمان قەبوول بێت کە داگیرکەران هەم پرسی کورد لە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و هەم پرسی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە مەترسی لەسەر خۆیان دەبینن،دەبێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندی لە کردەوەدا دابەشکاریمان هەبێت و لە ئامانجدا هاوئامانجی،ئەو کات لە ڕاستیدا تەوەری ڕۆژهەڵات مێحوەری خۆی دەبێتە بەشێک لە تەوەری کوردستان مێحوەری چوون خەباتگێرانی ڕۆژهەڵات بە دوای ئەوەون کە قۆناغی خەباتی ڕۆژهەڵات لەو چەقبەستوویە بێنە دەرێ و هەتا لەو ڕێگەیەوە بتوانن زەخت بکەنە سەر ئێران و هەم پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتدا سنوردار بکەن و هەم سنوورێک بۆ پاوانخوازی ناوچەی کۆماری ئیسلامی دیاری بکەن.

بەڵام ئەگەر لەوە باوەڕدابین کە بەرژەوەندی پارچەکانی کوردستان ناکۆکن و کۆی بەرژەوەندی پارچەکان دەبێتە سیفر ئەو کات دەرهێنانی چەقبەستووی خەبات لە ڕۆژهەڵات واتە ئامانجی " گوتاری ڕۆژهەڵات مێحوەر" دەکرێ شرۆڤەی دژایەتی کردنی گوتاری کوردستان مێحوەری لێبکرێت. ئەو گوتارەی کە باوەری بە ئەوە هەیە کە بەرژەوەندییەکانی پارچەکان لەیەک جیاوازن و کۆی ئەو بەرژەوەندییانە دەکاتە سیفر دەکرێت ناوی گوتاری"ناوچەی سەربەخۆی لێبنێن لەوگوتارەدا بەرژەوەندی هەر پارچەیەک جودا دەکرێتەوە لە پارچەکەیتر و ئەو کات پاش ئەو لەیەک هەڵاواردنە بەرژەوەندی هەر پارچەیەک وەکوو کەرەستەیەک سەیر دەکرێت بۆ درێژەدانی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەر و ئەو گوتارە باوەڕی بە ئەوە نییە کە داگیرکەران لە ئاستی ناوچەییشدا پرسی کورد بە مەترسی لەسەر خۆیان دادەنێن. و لایەنگرانی ئەو گوتارە تەنیا بەوە قایلن کە داگیرکەرانی کوردستان پرسی کورد لە پارچەی ژێردەسەڵاتی بە مەترسی لەسەر خۆی دادەنێت.

گوتاری ناوچەی سەربەخۆ توشی چوار هەڵەی کوشندەهاتووە:

١- باوەری بەوە نییە کە داگیرکەرانی کوردستان پرسی کورد لە ناوچەشدا بە مەترسی لەسەر خۆی دادەنێت.
٢- بەرژەوەندی پارچەکانی کوردستانی لێک هەڵاواردووە و وای داناوە کە کۆی گشتی بەرژەوەندییەکانی پارچەکان دەبێتە سیفر.
٣- بنەمای دیپلۆماسی خۆی لەسەر باوەر بە داگیرکەری کوردستان و لێدان لە بەرژەوەندی پارچەکانیتر دامەزراندووە .
٤- ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی ناوچەییە و حیزبییە.

ئەوەی کە لێرە جێگەی سەرنجە گوتاری رۆژهەڵات مێحوەر باوەری بە هەڵاواردنی بەرژەوەندی پارچەکانی کوردستان نییە و بنەماکەی لەسەر لێدان لە بەرژەوەندی پارچەکانیتر دانەمەزراوە و باوەریش بەوە هەیە کە داگیرکەرانی کوردستان پرسی کورد لە ناوچەدا بە مەترسی سەر خۆیان دەزانن ئەو گوتارە لەسەر هاوبەرژەوەندی پارچەکان و هاوکاری پارچەکان دامەزراوە. بە گشتی ماکی گوتاری رۆژهەڵات مێحوەر ئەوەیە کە چاوەنوسی پارچەکان بە چارەنوسی ناوچەی پرسی کوردەوە گرێ دەراوە و بۆیەش دەبێت چوار خەباتی هاوکات لە هەر چوارپارچەی کوردستان هەبێت هەتاکوو بکرێت پرسی کورد لە ناوچەکەدا سەربخرێت.
ئەگەر پاش ئەو ڕوون کردنەوەیە بگەڕێنەوە سەر پرسیاری یەکەم دەبێت بلێن : گوتاری رۆژهەڵات مێحوەر گوتارێکە کە لەو باوەرەدایە بە،بەدەسەڵات کردنی خەبات لە رۆژهەڵات دەیهەوێت بەرژەوەندی رۆژهەڵات و گشتی کوردستان بپارێزی و مەترسی ئێران لەسەر ئەو بەرژەوەندییە کەم بکاتەوە.

تێبینی: ئەم وتارە لە لاپەڕەی فەیسبووکی نووسەر وەرگیراوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# ڕۆژهەڵات تەوەری" ئەفسانەیە یان کوردایەتی!

**ئەحمەد تاشک**

حیسام دەستپێش، مامۆستای زانکۆ لە بابەتێکدا بە ناوی "ڕۆژهەڵات میحوەریی، ئەفسانە یان واقیع" دا دەڵێ: ڕۆژهەڵات میحوەریی دەبێ مانفیست بێ، کە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ بداتەوە.



ئەم پرسیارانە بەرلەوەی لەسیاسەتەوە سەرچاوەبگرن، دەبێ لە لۆژیکی فکرییەوە هەڵقوڵابن، لۆژیکێک کە خۆی لەتۆڕێکی جیهانیدا ببینێ، نەک دورگەیەک کە تەنها خۆی و کۆماری ئیسلامی لێیە. بۆیە بەچاولێکردن لەکورد، ئێران، ناوچەکەو بواری نێونەتەوەی هەڵگری کۆمەڵە مانایەک بێ، کە دواجار وەڵامی تاکی کوردو بزووتنەوەیەک بداتەوە. بەگشتی ڕۆژهەڵات میحوەریی دەبێ خۆی وەک گوشارێک بێ، نەک دەرەنجامی گوشارێک.

بەهەرحاڵ ئەوەی تا ئەم کاتە لەڕۆژهەڵات میحوەریی دەیبینین، تەنها دروشمێکی سادەیە، کە لەدەرنجامی بیرکردنەوە نەهاتۆتەئاراوە. بەڵکوو دروشمێکی سیاسییە بۆ پەراوێزخستن یان بەلاڕێدابردنی باسە جدییەکان. بۆیە لەئێستادا تەنها ئەفسانەیە نەک واقیع.

http://www.kurdistanukurd.com/ku/wtar.php?id=1057

لێرەدا ئەگەر قەبوڵ بکەین وتەکانی دەستپێش راستە و "ڕۆژهەڵات تەوەری" ئەفسانەیە، کاتێک دەروانینە ئەو لۆژیکە فکریە(ئەوەی ناوبراو مەبەستیەتە)، ژینگەی سیاسی موجودمان زیاتر وەک زبڵدانێک دێتە بەرچاو کە تێیدا رژیمی ئێران بەهۆی باکترییەکانیەوە فەزای سیاسی بە جۆرێک مەسموم کردوە کە کوردایەتی بە گشتی وەک ئەفسانەیەک دێتە بەرچاو و خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی کورد، مادەیەکی ئانتی باکتریە کە یان دەست ناکەوێت یان ئەوەندە گرانە کە لە کڕ نایەت!

بۆ زیاترروونکردنەوەی ئەو بابەتە پێویستە بڕوانینە وتارەکانی مەوجودی دیکەی کوردستان بە گشتی، کە لەلایەن هێزەکانی باکوورو ڕۆژئاوا وەک "کۆدار"و لەلایەن کوردانی باشوور وەک هەرێمی کوردستانو بە تازەیی وەک پرسی سەربەخۆیی پەیرەو دەکرێت.

١. وتاری "کۆدار" کە پ.ک.ک پەیرەوی دەکات، بە کوالیتی "سوپەر ئینقلابی"یەوە هەوڵ دەدات خۆی لە "مۆدێرنیزم" نیزیک کاتەوەو چەمکی کوردایەتی وەک بابەتیکی دواکەوتوو بناسێنێت و شەقامی کورد بەرەوە هەمگەراییەک لە وینەی "کرێکانی جیهان یەکگرن" راکێش بکات!

بەڵام لە کردەوەدا، لەبەر نەبوونی ژینگەیەکی لۆژیکی، وتارەکەی پ.ک.ک سەرەڕای "کوردایەتی ستیزی" لەبەر ئەفسانە بوون، کاری پێناکرێت و بەکردەوە ئەو هێزە لەسێبەری ستراتژی رووسیا- ئەسەد- ئێراندا دەخولیتەوەو بە پیچەوانی وتاری "کۆداریش" لە دروشمە نەتەوایەتیو نیشتمانییەکان بۆ راکێشانی سەرنجی شەقامی کوردی لە چوارپارچەو یار گیری، کەڵک وەردەگرێو لەو لاشەوە بە ناوی "سیاسەتی حەکیمانە" ئەو پیوەندیە تەوجیە دەکات، کە ئەگەر ستراتژی ئاماژە پیکراو شیکەینەوە هەوڵی سرینەوەی کوردو کوردایەتی لە سەروی کارەکاندایە!

لە لایەکی دیکەش سەرەڕای هەبوونی هەلێکی زێرین لە تورکیا، ئەو هیزە بە هۆی قەتیس مانەوەی لەو ستراتژیەدا، رووی لەو دەرفەتانەی بەردەمی وەرگێڕاوەو "سیاسەتی حەکیمانە" پەیڕەو دەکات!

هەروەها سیاسەتی تاکرەوی پ.ک.ک کاریگەری لەسەر رۆژئاوای کوردستانیشدا دیارەو بەو پێیە، ئاسۆیەکی روون بۆ رۆژئاوا لە ئیستادا لێڵ و تەماویە!

٢. باشوری کوردستان لە ئەنجامی گۆڕانکاریەکی خێرای ناوچەکەدا، هەلیکی زێرینی بۆ هەڵکەوتو لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانو پارلمانەکەیەوە، خەریکن وتارێکی یەکگرتوو دروست بکەن کە بەداخەوە بە هۆی نفوزی رژیمی ئێران(بەتایبەت)و تورکیاو رژیمی بەغداوە، تا ئێستاش نەیانتوانیوە بەو وتارە بگەن.
ستراتژی رژیمی ئێران لە ناوچەکەدا، سرینەوەی هەستی کوردایەتی لە بییری کوردستانیانەو لەو ریبەدا لە باشووردا بێ لەمپەر بەرەو پیش دەڕوات. ئیدی کار وای لیهاتوە کە لە دانانو لابردنی مۆرەکانی نیو یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی ئەو دەڤەرەدا، نەقشی بەرچاوی هەیە!

پرسی "سەربەخۆیی" نوێترین هەڵوێستەی هەرێمی کوردستان (باشوور) بوو کە دیتمان بە چ دەردێک برا!

هەربۆیە وتاری یەکگرتوو لە باشووری کوردستان ئەفسانەیە.

ئەوە وێنای ژینگەی مەجودە لە کوردستاندا کە بەو پێودانگە هەموو هەوڵی کورد بۆ وەدیهاتنی خەونەکان وەک ئەفسانە دێتە بەرچاو!

لە وەها حاڵەتێکدا گرینگی پاقژ کردنەوەی ساحەی خەباتی کوردایەتی وەک بابەتێکی حەیاتی بۆ کورد دێتە بەرچاو و باشترین دەرمان بۆ پاقژ کردنەوە "مانیفێستی" کوردایەتیە کە دەتوانێ رێگربێ لە "ئەنفالی سپی" کورد بە گشتی.

لە هەڵو مەرجی ئێستادا "رۆژهەلات تەوەری" کلیدێکە کە نەک لە رۆژهەلات بەڵکوو لە هەموو کوردستان دەتوانی دەروازەی

كوردایەتی بەڕووی بییری نەتەوەییدا بكاتەوە بەڵام لەراستیدا هەبوونی وتاری جیاوازی حیزبیو دوور لە كوردایەتی ئەو بابەتەی وەک ئەفسانە پێشان دەدات.

من هیوادارم رەخنەگرانی بە توانای وەک دكتور دەستپیش بتوانن مانیفێستێک بۆ كوردایەتی پیشكەش بكەن كە "ئەفسانە" ببێتە راستیو ئەو گەلە مەزلومە لەو حاڵە بێتە دەر.

من پێموایە كەتێک پێشمەرگە ئامادەیە گیانی خۆی لە رێگای پاراستنی نەتەوەكەی بەخت بكات، ئەفاسانە دەتوانێ ببێتە راستی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / ڕیكەوتی : ٣٠ی سێپتامبری ٢٠١٤

# ڕۆژهەڵات میحوەریی، ئەفسانە یان واقیع

حیسام دەسپیش

ماوەیەکە بەشێک لەخۆرهەڵاتییەکان بەدەوری چەمکێکدا دەسوڕێنەوە کە وەک "ڕۆژهەڵات میحوەری" ناوی دەبەن. ئەوەی تائێستا من لەم چەمکە تێگەیشتبێتم، ئەوەیە کە کوردانی خۆرهەڵات دەڵێن نابێ ئەوەندە خۆمان بەباکوور و باشوور و ڕۆژئاواوە خەریک بکەین، بەڵکو دەبێ ڕووی خۆمان لەخۆرهەڵات بکەین و ئەوێ ببێتە ئامانجی سەرەکی چالاکی و تێکۆشانەکانمان. بۆیە ڕۆژهەڵات میحوەری تەریب دەبێ لەگەڵ ئاوڕدانەوە لەڕۆژهەڵات.



ئەوەی لەم نوسراوەدا بەلای منەوە گرنگە ئاوڕدانەوەیە لەلۆژیکی هێنانەئارای ئەم چەمکە، تا لەو ڕێگەوە وەڵامی پرسێکی گرنگ بدەمەوە، کە ئاخۆ ڕۆژهەڵات میحوەریی ئەفسانەیە یان پێویستی؟

ئەوەی تائەمڕۆ سەبارەت بەبزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان وتراوە و نوسراوە و ئەزموونکراوە، باس لەوە دەکەن، ئەم بزووتنەوانە لەسێ بەستێنی سەرەکیدا گەشەدەکەن و لاواز دەبن. ئەو بەستێنانە بریتین لە: دەرفەتی سیستەمی، بژارەی ئەقڵانی و ماناداركردنی کلتوری.

لەدەرفەتی سیستەمی هەلومەرجێک دێتەکاییەوە، کە مەودا بۆ هێزی ڕزگاریخواز سازدەکات، تا هەنگاو بۆ ئامانجەکانی بنێت. ئەم دەرفەتە دەتوانێ ڕیفۆرمی سیاسی یان ڕووخانی سیستەمی بێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە دەرفەتێک دێتەئاراوە بۆ ئەوەی ئەو بزووتنەوە توانای گەمەکردن پەیدابکات. نمونەی هەرەبەرچاوی ئەو هەلومەرجەیە کە لەباکوور هەیە، هەروەها ئەو دەرفەتەی بۆ باشوور ڕەخسا.

نمونەی دووەم واتا بژارەی ئەقڵانی باس لەوە دەکات، بزووتنەوەکە لەنێوان دوو ڕێگەدا توانای هەڵبژاردنی هەیە. بژارەیەکە پێیدەڵێ کە قازانجی بەردەوامبوونی بزووتنەوەکە لەوەدایە، دەگاتە قازانجێکی ئەقڵانی، کە زەفتربینەکەیان قازانجی ئابوورییە و بەردەوامبوون دەبێتە هۆی گەیشتن بەو قازانجانە. نمونەی ئەم حاڵەتە لەباشووری سودان دایە، کە بوونی سەرچاوەی ئابووری باشترین پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوە بەردەوامی هەبێ.

نمونەی کۆتـایی (مانـادارکردنی کلتوریی)، لێرەدا نەدەرفەتـی سیستـەمی و نە بزوێنەرێکـی جدی لەو بـارەوە هەیە، کە قـازانجی شوناسەکە رەچاوبکات. بۆیە بەستێنێکی کلتوری سازدەکات، کە هێزی بزوێنەری لێبکەوێتەوە. لێرەدا هێزی رزگاریخوازیی خەبـاتی خۆی لەچوارچێوەی مانادارکردنی کلتوری و بەشێوەی سیمبۆلازکردنی سیاسەت دەبـاتە نـاو کۆمەڵگا و هەوڵـدەدا نەتەوەی ژێردەست لەهەموو ماناکـانی داگیـرکەر جیابکـاتەوە. بەواتـایەکی تـر مانـایەکی نـوێ بەرهەم دێنێـت، کە ئەو مانایـانە دەبـنە سـەرمایەی سـەرەکی جـوڵانەوەکە. نمونەی بەرچـاوی ئەم شێوازە لەخەبـات لەهەموو پارچەکـانی کوردسـتان هەبـووە. بەڵام لەئاستی جیـاوازدا. لەئاستی دەرەوەی کوردستان "تامیلەکان" نمونەی باشیان ختسووتە بەردەست. یان دەیان نمونەی تر لەئەفریقا و ئاسیا.

بەهەرحاڵ خستنە بەرباسی ئەم بۆچوونانە بۆ ئەوەیە بزانین ئەم رۆژهەڵات میحوەرییە لە چ خـانەیەکەوە دەیەوێ قسـەمان لەگەڵ بکات، یان لە چ دەروازەیەکەوە وێنای خۆی دەکات؟ ئەگەر ئەوە قەبـوڵ بکەیـن کە دەرفەتێکی سیستەمی لەئێران هاتۆتەئـارا و ئێمە پێینـازانین، بەڵام ئەوەی لەئاستی پـارتە سیاسییەکان دەبینـرێ ئەوەیە، کە جۆرێک لەپەیوەنـدی لەنێـوان کۆمـاری ئیسـلامی و ئەو هێـزانەدا سـازبووە. واتە ئەوان ئەمە وەک دەرفەتـی سیسـتەمی دەبیـنن. واتە رۆژهەڵات میحـوەریی لەم بـوارە دەتـوانێ رەهەنـدی سیستـەمیش بگـرێتەوە و رووی لەدەسـەڵاتداری ئێـرانە. ئەگەر بـژارەی ئەقڵانـی لەبەرچـاو بگـرین، ئەقڵانییەتـی هێـز و چالاکوانـانی رۆژهەڵات ئەوەمـان پێـدەڵێن، کە ئەقڵانیـیەت پێمانـدەڵێ خێرمـان لەوەدایە رۆژهەڵات میحـوەر بـین. بەڵام خێـرەکە لێـرەدا بـۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆ مافی کورد یان کرانەوەی سیاسی؟ لەکۆتـایدا ئەگەر قبوڵی بکەین مەبەست لەرۆژهەڵات میحوەریی هێنانەئـارای جۆرێک لەمانادارکردنی سیاسەتە لەخۆرهەڵات، کە دواجار جووڵە سازدەکات، چۆن و لەکوێ دەتـوانین ئەم مانـادارکردنە ببینینەوە؟ واتە ئەو دەزگا گوتارییە کە هەڵگری مانایە لەکام دەق یان کردەوەدایە کە وزە دەبەخشێ؟ رۆژهەڵاتی میحـوەریی خۆی دەقەکەیە، یـان یەکێک لەماناکانی ناو ئەم دەقە؟

ئێستا دەچینە سەر ئەو سێ بـوارە سـەرەکییە بەلەبەرچـاوگرتنی لـۆژیکی رۆژهەڵات میحـوەریی تـاکو لەکۆتـایدا بتـوانین بـاس لەوە بکەین، کە ئاخۆ ئەفسانەیە یان واقیع.

### رۆژهەڵات میحوەریی لەدەروازەی سیستەمەوە:

سەرەتا بەئـاماژەدان بەوەوە دەسپێدەکەین، کە پێش گریمـانەی دەرفەتـی سیسـتەمی بەو مانـایە دێ، کە سیسـتەمی سیاسی گوتـاری سیاسی خۆی لەبێبەریکردنی سیاسیەوە دەگۆڕێ بۆ لەخۆگرتن . یـان خـودی سیستەم بەهـۆی گوشـاری نـاوخۆی یـان دەرەکـی لەنـاودەچێ. ئەوەی سەبارەت بەکۆماری ئیسلامی دەبینرێ هیچ یەک لەم حاڵەتـانە نیە. واتـا سیستـەمی گوتـاری سیاسـی خـۆی گـۆڕانکـاری بەسـەردا نەهێناوە و لەبواری ناخۆی و دەرەکیشدا نەکەوتۆتە بەر گوشارێک، کە دارمانی سیستەم ببینین. کەواتە لەکوێ دەتوانین ئەم دەرفەتە رەچاو بکەین؟ هەروەها ئـاخۆ رۆژهەڵات میحوەی هیچ پەیوەنـدیەکی هەیە بەم گریمـانەیەوە؟ پێموایە هێـزە سیاسییەکانی کوردسـتان جگەلە هەندێک چالاکوانی ناوخۆی، لەم مەنتقەوە بـڕواننە بـاسەکە. بەڵام لێرەدا پرسیـارێک دەتـوانێ مانـادار بـێ، ئەگەر وا سـەیری بابەتەکە ناکەن، ئەی چۆنە کە باس لەجۆرێک لەکرانەوەی دەروازەی دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکەن؟ پێموایە ئەمە لەلـۆژیکی واقعبینی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە دەتوانێ هەڵگری کێشەی زۆر بێ، کە لێرەدا جێگای باسکردنی نیە. بەهەرحـاڵ رۆژهەڵات

میحوەریی لەم بوارەدا خاوەن كەماسیەكی زۆر گرنگە، كە ئاخۆ باوەڕی بەدەرفەتی سیستەمی هەیە، یان ئەوانیش واقعبینی سیاسییان لا مەبەستە؟

### ڕۆژهەڵات میحوەریی وەک بژارەیەكی ئەقڵانی

لەبژارەی ئەقڵانیدا بزووتنەوە وەک مرۆڤ سەیر دەكرێ، كە لەكۆتاییدا ئەقڵانییەت وایلێدەكات قازانج هەڵبژێرێت. خەباتی كورد لەخۆرهەڵات وەک باشوور هەڵگری ئەو تایبەتمەندییە مادییانە نیە، كە سەرچاوە سروشتییەكان هەڵگرین. بۆیە تەنها ئاماژەیەک كە لەرۆژهەڵات میحوەرییدا دەتوانین بینینەوە، ئەوەیە كە خەریكە دەبین بەژێر پێی باكوور و باشوورەوە، باشتر وایە فریای خۆمان بكەوین و ڕێگایەک ببینینەوە. بۆ ئەم مەبەستە ڕێگایەک دەێتە بەرچاو، ئەویش كرانەوە بەرەو كۆماری ئیسلامییە. بۆیە ئەقڵانییەت پێماندەڵێ ئەگەر بۆ سەدان ساڵ لەباشوور بژین هەر خۆرهەڵاتین. بۆیە باشتر وایە بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆمان، چونكە لەوێ كەس ناتوانێ بڵێ ئێوە ئێرانی نین.

زیانەكانی مانەوە لەباشوور ئەوەندە زۆرن، كە ئەقڵانییەت یان هەمان ئەقڵی قازانج و زەرەر پاڵمان پێوەدەنێ بیر لەڕێگایەک بكرێتەوە، كە ڕێژەی ئەم زەرەرانە كەمبكاتەوە. لێرەوەیە كە ڕۆژهەڵات میحوەریی دەتوانێ مانای هەبێ. بۆیە دەتوانین وەک ئاماژەیەكی سەرەتای بڵێین ڕۆژهەڵات میحوەریی زیاتر دەرەنجامی جۆرێک لەشكستە وەک لە بەهێزبوونێک كە بۆ هاوسەنگی هەنگاو هەڵبگرێت.

### ڕۆژهەڵات میحوەریی و ماناداركردنی كلتوری

سەرەتا كە لەباسی ڕۆژهەڵات میحوەریی دەكرا، بیرم بۆ لای ئەم چەمكە دەچوو. بەو مانایەی خۆرهەڵاتییەكان دەیانەوێ چوارچێوەیەكی گوتاریی سازبكەن، كە مانایەكی نوێ بداتە خەبات. واتە هەوڵێكی تازە بۆئەوەی چوارچێوەیەكی كلتوری سازبكرێت، كە لەو ڕێگەوە پاڵنەرێک لەخۆرهەڵات بێتەئاراوە. بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ كە لەرۆژهەڵات میحوەریی نزیک دەبوومەوە، بەو ئەنجامە دەگەیشتم ئەم چەمكە تەنها دەربڕینێكی سیاسییە. یان بەمانا كۆمەڵایەتییەكەی "پۆزێكی سیاسییە" تاكو چوارچێوەیەكی مانادار.

لەچوارچێوەی كلتوری دابڕان یان كەڵەكەبوونی مانای شۆڕش دێتەكاییەوە. واتا یان ماناكانی دوێنێ لەبەردەكرێن و مانای نوێ دێنەكاییەوە. یان هەوڵێک بۆ زیندووكردنەوەی ماناكانی دوێنێ دەخرێتەگەڕ. بەڵام ئەوەی ئێمە لەرۆژهەڵات میحوەریی دەیبینین، نە دابڕانە لەدوێنێ و نە كەڵەكەكردنی مانایە. بۆیە وەک تاقە فیشەكەكە دەمێنێت، كە ئەگەر هیچ چارەیەک نەبوو، خۆتی پێ قوتار بكەی.

لەكۆتاییدا باشتر وایە ئاوڕ لەكۆی بابەتەكە بدەمەوە. ڕۆژهەڵات میحوەریی دەبێ مانفیست بێ، كە وەڵامی كۆمەڵێک پرسیاری گرنگ بداتەوە. ئەم پرسیارانە بەرلەوەی لەسیاسەتەوە سەرچاوەبگرن، دەبێ لە لۆژیكی فكرییەوە هەڵقوڵابن، لۆژیكێک كە خۆی

لەتۆڕێکی جیهانیدا ببینێ، نەک دورگەیەک کە تەنها خۆی و کۆماری ئیسلامی لێیە. بۆیە بەچاولێکردن لەکورد، ئێران، ناوچەکە و بواری نێونەتەوەی هەڵگری کۆمەڵە مانایەک بێ، کە دواجار وەڵامی تاکی کورد و بزووتنەوەیەک بداتەوە. بەگشتی ڕۆژهەڵات میحوەریی دەبێ خۆی وەک گوشارێک بێ، نەک دەرەنجامی گوشارێک.

بەهەرحاڵ ئەوەی تا ئەم کاتە لەرۆژهەڵات میحوەریی دەیبینین، تەنها دروشمێکی سادەیە، کە لەدەرنجامی بیرکردنەوە نەهاتۆتەئاراوە. بەڵکو دروشمێکی سیاسییە بۆ پەراوێزخستن یان بەلاڕێدابردنی باسە جدییەکان. بۆیە لەئێستادا تەنها ئەفسانەیە نەک واقیع.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کورد کاناڵ / ڕیکەوتی : ٢٩ی سێپتامبری ٢٠١٤

# میحوەریەت یا رۆژهەڵات تەوەری ئەگەر درەنگ نەبێت زوو نییە

کەماڵ مام خزری

میحوەرییەتدا بە خەباتی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان ئەگەر بە وردی خوێندنەوەی بۆ بکرێت یەکێک لەو ئەسڵانەیە کە ئەتوانێ وێڕای گوڕوتین بەخشین بە بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان، زۆرێک لە گرفت و ئاستەنگەکانیش کە هۆکارن لە هەمبەر ناتەبایی و ئاڵۆزی نێوان لایەنە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان چارەسەر بکات.



گرینگیدان و بایخدان بە میحوەریەتی خەباتی رەوای هەر کام لە بە شەکانی کوردستان بەگشتی و رۆژهەڵات بە تایبەتی کاتێک زەرووت و واقعی خۆی دەرئەخات کە سیاسەت و حکومرانی دەسەڵاتدارانی ناوەند بەسەر هەر کام لە بەشەکانی کوردستان لە بەرچاو بگیردرێت .

هەروەک چۆن شێوازی حکومرانی هەر کام لە وڵاتانی داگیرکاری کوردستان لە هەمبەر نەتەوەی کورد جیاوازی هەیە ، بێ گومان ئەو جیاوازییە لە نێوان خەبات و تێکۆشانی هەر پارچەیەکی کوردستانیش پێویستە بوونی هەبێت و رەچاو بکرێت.

بەواتایەکی دیکە کاتێک پارچەیەک لە کوردستان کیمیاباران ئەکرێت پێویستە جۆری خەباتەکەی جیاوازی هەبێت لە چاو ئەو بەشەی کە بێناسنامە کراوە، یاخۆ ئەو بەشەی کە رێبەرانی بزووتنەوەکەی وەک "کاک فوئاد" لە جەرگەی خەباتدا شەهید ئەبن و د، "قاسملو" و د، "شەرەفکەندی" تێرۆرو شەهید ئەکرێن وهەر چالاکێکی سیاسی - مەدەنی بە پەتی دارەوە ئەکرێت بێ گومان پێویستە جیاوازی هەبێت لە تەک ئەو بەشەی کە رێبەرەکەی لە ئیمرالیەوە رێبەرایەتی بزووتنەوەی ئەو پارچەیەی کوردستان ئەکات.

بە درێژایی مێژووی خەباتی رەوای نەتەوەی کورد، بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان خۆی کردووەتە کۆچی قوربانی بەشەکانی دیکەی نیشتمان و لەم پێناوەشدا خەساری زۆری پێگەیشتووە و هیچکاتیش سڵی لەو خەسارانە نەکردووتەوە ، بەڵکو بە دڵ فراوانییە رووبەرووی ئەو زەرەر و زیانانە بووەتەوە کە لە پێناو دەسکەوت و بەرژەوەندی و پاراستنی دەسکەوتەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان وێکەوتووە، ئەمەش مایەی سەروەری و شانازییە کە هەر کات بزووتنەوەی کورد پێویستی بووبێت رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو باجانەی داوە.

کۆماری کوردستان نموونەی ئەو خۆبەخشییەی بزووتنەوی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە تێیایدا جاڕی سەربەخۆیی و دامەزراندنی کۆماری کوردستان درا و هەموو بەشەکانی کوردستان لە لایەن بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەشداریان پێکرا، ئەگەر بزووتنەوەی رۆژهەڵات ئەوکات وەک چۆن لە ئێستادا بەشەکانی دیکەی کوردستان میحوەریەتی خەباتی خۆیان دیاری کردووە و

تەنانەت هەر بەشە و بە شێوازی خۆی دەست تێوەردانی بزووتنەوی ڕۆژهەڵات ئەکات بکردایە، بێ گومان موعادلەکان دەگۆڕدران ، ڕەنگە کۆماری کوردستان لە دایک نەبووبایە بەڵام ، لانی کەم نیمچە ئۆتۆنۆمییەک یا خۆشێوازێک لە خۆبەڕیوەبەرایەتییەکی نزیک لە ئەو فیدرالیزمەی کە لە ئیستادا باشووری کوردستانی پێ بەڕێوە دەچێت دەستەبەر بکردایە.

لە لایەکی دیکەوە نزیک ٢٥ ساڵە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسانەوە خۆی کردووەتە کۆچی قوربانی بەرژەوەندییەکان و دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان ، هیچ گومانێک لەوە دانییە کە پاراستنی دەسکەوتەکان و بەرژەوەندییە باڵاکان لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان ئەرکێکی نیشتمانی هەر تاک و حیزب و لایەنێکی سیاسییە و، ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیایدا سەرقافڵەی ئەو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئینسانییەیە، بەڵام ئایا پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان و دەسکەوتە نەتەوەییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕەوایە و بۆ ڕۆژهەڵات ناڕوایە ؟!

سەبارەت بە کارەساتە مرۆییەکان هەر لە کۆچی زۆرە ملییەوە بگرە تا کیمیا باران و قەتڵ و عامی بە کۆمەڵ کە داگیرکارانی کوردستان دژ بە نەتەوەکەمان ئەنجامیان داوە ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیایدا سەرقافڵە نەبێت ئەوە بێ گومان بێ بەش نەبووە لەو قوربانیدانە.

بە بڕوای من ئەگەر مێحوەریەتدان بۆ لایەنە سیاسییەکانی باشوور و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان ڕەوایە هیچ پاساوێک نییە کە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات خۆی لەم واقیعە زەروورە بە دوور بگرێت، بەڵکوو پێویستە لە گەمە سیاسییەکاندا بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان کاری بۆ بکرێت و لە پێناو بەرژەوەندی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سودی لێوەربگرێت.

ئێستا کە بزووتنەوەی کورد بە گشتی سنوورەکانی بەزاندووە و باسێکی ئەمڕۆییە لە ناوەندە سیاسییەکانی جیهان بە گشتی و ناوچەکە بە تایبەتی، بایخدان بە تەوەری مێحوەریەتی خەبات گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە تەوەری ئەم باسە ببردرێتە ناو کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەن هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان زۆر بە جیدی کاری بۆ بکرێت و بخرێتە ڕۆژێرڤی کاری سیاسی و دامو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەو بەشەی کوردستان.

بێ گۆمان ئەم مێحوەریەت تەوەرییە ئەتوانێت بەشێکی زۆرلە گرفت و ئاستەنگەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چارەسەر بکات و، هەنگاوی ئەرێنیش بنێت بۆ نزیک بوونەوەی هەرچی زیاتری لایەنە سیاسییەکان وتەنانەی کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش.

کە وابوو ئەتوانین بڵێن مێحوەریەت تەوەری یا خۆ ڕۆژهەڵات تەوەری بۆ بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر درەنگ نەبێت زوو نییە بەڵکوو زەرووڕەتێکی ئەمڕۆییە لە موعادلەی سیاسیدا کە ئەتوانێت باڵپشت و یارمەتیدەرێکی بەهێزی پاراستن و دەسکەوت و بەرژەوەندییە باڵانی نەتەوەکەمان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بێت.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ١٢ی فێوریەی ٢٠١٥

# ڕۆژهەلات تەوەری و چەند کورتە سەرنجێک

**سۆران شێرزاد**

ماوەیەک لەوە پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان پلینۆمی خۆی بەست و لەو پلینۆمەدا ئەوەی زیاتر سەرنجی بیروڕای گشتی، نووسەران و روناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا هێنانە ئارای پرسێک یان چەمکێک بوو بە نیوی "ڕۆژهەڵات تەوەری" . گەلۆ ڕۆژهەڵات تەوەری چییەو چۆن پراکتیزە دەکرێت؟ بەربەستەکانی سەر ڕێی پرسێکی لەم چەشنە لە ئێستادا چییە؟ لەو بابەتە دا هەوڵ دەدەم بە پێی توانا، وڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە...



ڕۆژهەڵات تەوەری! ئەوچەمکە، دەستەواژەیەکی سیاسییە کە لە ژێرچەتری چەمکێکی تردا بە نێوی نەتەوەخوازیدا، واتا پەیدا دەکات. واتا هەڵگرانی ئەم گوتارە هەوڵی ئەوە دەدەن کە ڕۆژهەڵات وەک بەشێک لە جوغرافیای دابەشکراوی کوردستان بکەن بە مێحوەرو شوناسێکی سەربەخۆی پێ ببەخشن و لە ژێر هەژموونی گوتارە زاڵەکانی تردا دەربیێنن.

ئایا ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا سەنتەر نەبوو؟ یان هەنووکە ڕێکخراوێکی سیاسیی هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەو پێناسەیەی پێ ببەخشێت؟ بێگومان وڵامی ئەو پرسیارە نەخێرە. بە هۆی ئەوەی لە هەقیقەتدا لە مێژووی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد دا، هەر بە دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژ- ک و گورانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، ڕۆژهەڵات و بزووتنەوە سیاسیەکەی پێشەنگایەتی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی کوردوە و بناخەو دامەزرانی زۆربەی حیزبەکان هەمان بناغەو هەمان بیروباوەر بووە کە حدک'ی لە سەر دامەزراوە. ئەگەر بروانی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە باشوور، پ ک ک لە باکووری کوردستان، بە زەقی دیارە کە ئیلهامی ئەوان، هەمان ئەو بناغە فکرییە بووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە سەر دامەزراوە. کە واتا ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژووی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورددا سەرچاوەو ئیلهامبەخش بووە و ئەوە پارتەکانی تر و پارچەکانی تر بوونە کە ئیلهامیان لە ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات وەرگرتووە، نەک بە پێچەوانەکەی.

شاراوە نییە کە زۆربەی هەر زۆری هێماو سیمبولەکانی کوردستان، وەک کۆماری کوردستان و ڕێبەرە نەتەوەییەکەی، ئاڵا، پێشمەرگە، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، هەمووی بەرهەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. واتا ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای بزووتنەوەی سیاسیی مۆدێرنی کورد، پێشڕەو بووە ورۆڵی پێشەنگایەتی هەبووە. کە واتا ڕۆژهەڵات تەوەر

بوون لە هەر چوار پارچەی كوردستان، مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیك لە ٧ دەیە لەوەپێش. ئەمە لە پێوەندی لە گە پێناسەو مێژووی ئەم چەمكە لە كوردستان دا كە بە كورتی ئاماژەی پێكرا.

بەڵام گەلۆ! لە ئێستا دا بزوتنەوەی سیاسیی كورد لە ڕۆژهەڵات دا هەر بەم شێوەیە ڕۆڵی پێشەنگایەتی خۆی پاراستووە؟ بە هۆی كۆمەڵێك هۆكار بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە ڕۆژهەڵات تووشی لاوازی هات كە نەیتوانی بەو جۆرەی پێویستە ئەم ئەركە قورسە بە شێوەی پێشوو درێژە پێ بدات كە لە ژێرەوەدا ئاماژە بە چەند هۆكار دەكەم:

١- تیرۆری دوكتۆرینی حیزبی دێموكرات كە بە چەشنی مەكینەیەكی فكری بەردەوام فكرو تێئۆرییان دەبەخشییە ئەم بزوتنەوەیەو نۆژەنیان دەكردەوە

٢- شۆڕشی باشووری كوردستان و دامەزرانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان وەك خەونێكی دێرینەی كورد

٣- جێگۆركێی جوگرافیایی حیزبی دێموكرات كە وردە وردە بوو بە هۆی دوور كەوتنەوە لە خەباتی چەكداری و دوور كەوتنەوەی فیزیكی لە خەڵك ئەمانەو زۆر هۆكاری تر بوونە هۆی ئەوەی كە بزوتنەوەی كورد لە ڕۆژهەڵات نەتوانی ئەم ڕۆڵە سەرەكییەی خۆی وەك جاران بگێڕێت.

ئێستا ئەم گوتارە چۆن دەچێتە بواری كردارەوە؟

ئێستاكە وەكوو پێشوو ڕێبەری كاریزماتیك ڕۆڵی نەماوە و ئەوە ڕێبەڕی شوراییە كە سەركەوتوو ترە، بێگومان ڕۆڵی دوكتۆرین و ڕێبەرانی سیاسیی ناكرێ لە بەرچاو نەگیرێت.

سەبارەت بە باشووری كوردستان و حكومەتەكەی ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان پشتیوانییەكی باشی لە نیو وڵاتانی ئوروپاو ڕۆژئاوا دا هەیە و زیاتر وەك دەسەڵاتێكی سەربەخۆ دەچێت تا هەرێمێكی فیدرالی، بۆیە وەك جاران پێویست نییە خەسار لە سەر خۆمان دابنێین .

ئەگەر تەنانەت حدك نەتوانێ خۆی لە بواری جوگرافیاییەوە لە سنوورەكان نزیك بكاتەوە، ئەوە دەتوانێ لە ژێر ناوی تردا، ڕێكخراو بۆ شێوەكانی خەبات، دابمەزرێنێت. خاڵێكی جێگای هیوای حدك ئەوەیە كە بە ڕۆژ سیاسەت دەكات و لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا توانیوێتی دەرفەتەكانی خەبات و تێكۆشان بدۆزێتەوە و لە شكل و شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی بەرەوەپێش بردنی داواكانی كوردی داوە. بۆ نموونە هەڵبژاردن و پشتیوانی لە چالاكانی ناوخۆ، خەباتی پێشمەرگانەو بەشی سیاسیی و دیپلۆماسیش دا هەنگاوی ئەرێنی باشی هەڵێناوەتەوە كە بە هێزكردنی هەر كام لەو شێوە خەباتانە وەك مەدەنی و جەماوەری، چەكداری، دیپلۆماسیی و سیاسیی وەك سێ كوچكەی خەباتی شاخ، شار و دیاسپۆرا، دەتوانێ پرۆژەی خۆی واتە "ڕۆژهەڵات مێحوەری" بە باشی بەرێتە پێش.

سەرچاوە : ماڵپەڕی كورد كاناڵ / ڕێكەوتی : ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٤

# "ڕۆژهەڵات میحوەری" بنەمایەک بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات

**ناسر باباخانی**

دوابڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات میحوەری وەک ئەولەوییەتی خەبات) لە هەمان کاتدا کە سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەر بوو، لە ناخی خۆیدا هەڵگری چەشنێ ڕەخنەی نێو گوتاری (نقد درون گفتمانی) بوو، واتە بە باوەڕی من حیزبی دیموکراتی کوردستان بوێرانە دەیەوێ چەشنێ سەربەخۆیی تیۆریک و کرداری لە گوتاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دەستەبەر بکا و بە خەڵکی ڕۆژهەڵات و سەرجەم حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەوە بڵێ کە نابێ گوتاری ڕۆژهەڵات چی تر پاشکۆی گوتاری باشوور یان گوتاری باکوور بێ و ناکرێ ئەم گوتارانە ئاڵترناتیوێکی شیاو بن بۆ ڕۆژهەڵات!



قۆناغی ساڵانی ٥٧-٦٨ هەتاوی واتە سەردەمی د. قاسملوو، بێگومان درەوشاوەترین قۆناغی خەبات بوو، گوتاری ئەو قۆناغە گوتارێکی زاڵ بوو کە بە هۆی سەرکردەیەکی کاریزما وەک دوکتور قاسملوو وردەگوتارەکانی تری خستبوو پەراوێزەوە، گوتارێکی ئارمانخوازانە کە بە شێوەیەکی بەرهەست و نابەرهەست خەباتی شاخ و شاری لێک گرێ دابوو... پاش نەمانی دوکتور قاسملوو دیسان بە هۆی "حزوور"ی پێشمەرگەی کوردستان لە سەر خاکی کوردستان و بوونی ڕێبەرێکی لێهاتوو وەک دوکتور شەرەفکەندی خەباتی چەکداری هەر بوونی هەبوو... بەڵام لە پاش نەمانی ئەم دوو ڕیبەرە کاریزمایە و هەندێ هۆکاری تر و هەروەها ساز بوونی هەرێمی کوردستان لە باشوور دەست و پێی ئەم هێزە سیاسییە بە تەواوی دەبەسترێ و ماوەیەکی نیزیک بە ٢٠ ساڵ قرمەی چەکی پێشمەرگە دەوەستێ و بە گشتی چالاکی سیاسی لە جیددییەت دەکەوێ و لە سەر بەستێنی عەینی واتە خاکی کوردستان و لە ناو خەڵکدا نامێنێ. هەر بۆیە بۆشایییەک لە سەر ئاستی گوتار پێکدێ و ئەم بۆشایییەش بە هۆی دوو گوتاری سەرەکی تر پڕ دەبێتەوە!

گوتاری باکوور سەرەتا بە دروشمە بریقەدار و شاعیرانەکەی واتە کوردستانی گەورە بە شێوەیەکی رووکەشیانە و ئاوێتەی هەست توانی بۆ ماوەیەکی کورتخایەن لە سەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و حیزبەکانیش شوێندانەری هەبێ، تەنانەت وەک نموونەیەکی عەینی فڵان حیزب بەرگی پێشمەرگەکانی ڕێک وەک بەرگی گریلای باکوور لێدەکا بۆئەوەی لە شەپۆلەکە دوا نەکەوێ و تیپۆلۆژیی ڕواڵەتیشی بەرەو ئەم گوتارە بئاژوێ. بەڵام ئەم گوتارە گشتگیرە دواجار هاتە سەر قەناعەتێکی خۆسەری دیموکراتیک!

هەر بۆیە لە ٢٠٠٣ەوە بەم لاوە و پەسند کردنی فیدرالیسم لە عێراق، ئەوە گوتاری باشوورە کە جێ بە گوتاری باکوور لێژ دەکا، کە تا هەنووکەش چاوەڕانی هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ گوتارێکی هاوچەشنی باشوور بۆ ڕۆژهەڵات هەر درێژەی هەیە. کەچی ئەم

چاوەڕوانییە جگە لە دەستەوەستانی، شکانی کەرامەتی تاکی ڕۆژهەڵات و خەسیوی، هیچ ئاکامێکی تری لێنەکەوتۆتەوە .چونکە لە ڕاستیدا پێکهاتەی نەتەوەیی، جوغرافیای سیاسی و سروشتی، دەسەڵاتی زاڵ لە وڵاتی ئێران لەگەڵ عێراق بە گشتی جیاوازە و ناکرێ بە پێودانگی باشوور لە کێشەکانی ڕۆژهەڵات بڕوانین.

دیارە حاشا لەمە ناکرێ کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە باشوور، بەرەو پێشچوونی پێشاژۆی ئاشتی لە باکوور و ساز بوونی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، لە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارتێکەرییەکی ئەرێنییان بووە بەڵام بە گشتی کێشەی کورد دەبێ لە هەر پارچەیەکدا لە سەر بنەما و چوارچێوەی ئەم وڵاتەی کوردی تێدا دەژین ڕێکاری بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەوەی لەم بڕیارەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەکەوێ ئەمەیە کە دەبێ ڕۆژهەڵات گوتاری خۆی نوێژەن کاتەوە، گوتارێک کە بە تەعبیری د. خەدیو بتوانێ خەباتی شاخ و شار لێک گرێ دا و ببێتە هۆی دەست لە دەست کردنی چیا و شەقام و زیندان. ئەمانە نیشانەی پشکوتنی بەهاری کوردە. بەڵام ڕەنگە پرسیارێک لێرەدا لەبەردەم خوێنەر قوت بێتەوە، ئەمیش ئەوەیە کە چۆن دەکرێ لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیدا ئەم خەباتە لێک گرێ درێ؟ لە لایەکی ترەوە بە داخەوە چەشنی پەیوەندییەکانی سەرجەم حیزبەکانی باشوور، باکوور و ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکە کە ئەوەندەی ڕۆژهەڵات بەدەم خەم و ئازارەکانی ئەم بەشانەوەیە، ئەوان لەهەمبەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات یان بێدەنگن یان زۆر جاران بەربەستن!

کە وا بوو بەم هەموو کۆسپەوە دەبێ میکانیزمەکانی ئەم پرۆسەیە چۆن بێ؟ خۆ ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە بە بەراوەرد لەگەڵ سەرەتای هەشتاکان گوتاری ڕۆژهەڵات زاڵترین گوتاری هەر چوار پارچە بوو، گوتارێک کە بەتەواوی میراتگری گوتاری سەردەمی کۆماری کوردستان بوو، گوتارێکی ناسیۆنالیستی لە سەر چەند بنەمایەکی سۆسیالیستی، کە سەیری کلیل وشەکانی ئەم گوتارە دەکەی وەک: کۆمار، ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، پێشمەرگە، شەهید، نیشتمان، وڵات، ئەندام، یارمەتی... ئێستاشی لەگەڵدا بێ گوتاری پارچەکانی تری کوردستان هەر قەرزداری گوتاری کۆمارن.

تەنیا ڕێکارێک کە دەتوانێ حیزبی دیموکراتی کوردستان بیگرێتە بەر، گەڕانەوە بۆ گوتاری سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێرانە، ئەمەش مسۆگەر نابێ مەگین بە سووکە ئاوڕێک بۆ سەر قەندیل! لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتیی سیاسی کورد دەبێ لە چالاکیی جیددی و بە کردەوە لە دەرەوە واتە ئورووپا و ئەمریکا خافڵ نەبێ. لە لایەکی ترەوە ئەرکی ڕووناکبیرانی ناوخۆ و چالاکڤانانی مەدەنی دەبێ لە ڕاستای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێ. لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا هەندێ جار پێشهاتە و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن کە بارودۆخی سیاسیی وڵاتێک دەگۆڕن. پارسۆنز پێی وایە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هێزێکی گشتیی جەماوەری کە دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگا و ئەم گۆڕانە، گۆڕانێکی پێکهاتەییە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی: دیاردەیەکی گشتییە، پێکهاتەییە، بەردەوامە. واتە کاتیی نییە و دواجار قۆناغێکی زەمەنیی دیاریکراوی هەیە. کۆی ئەم تایبەتمەندییانە دەبنە هۆی ئەوە کە لە سەر مێژووی وڵاتێک شوێندانەر بن. بە بڕوای من لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بۆ بەدیهاتنی

ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە چەشنێ کاتالیزۆر پێویستە کە ببێتە هۆی هەڵایسانی ئاڵوگۆڕەکە. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین زۆر بیانوو و بۆنە لە ناوخۆدا هەن کە دەوری ئەم کاتالیزۆرانە بگێڕن.

وەک دوا وتە شاخ واتە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە یا هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی لەم چەشنە تەنانەت لە قالبی نافەرمانیی مەدنییشدا وەک مانگرتنی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان لە رۆژێکی وەک ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتورر قاسملوو و... بقۆزنەوە و کانالیزەی بکەن و بە جۆرێ خەباتی شار و شاخ لێک گرێ دەن. ئەمە دەبێتە هۆی بەرجەستە بوونی ڕۆژهەڵات مێحوەری و دەسپێکی قۆناغێکی نوێی خەبات لە رۆژهەڵات و دواجار گوتارێکی شیاو، با ئەم هەلەش لە کیس نەچێ!

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٤

# هەر هێزێکی ڕۆژهەڵات بەجۆرێک تێکەڵاوی بە باقی هێزەکانی کوردستانەوە هەیە

## عەبدوڵڵا حیجاب

خولانەوە لەنێو بازنەی سووبژەکتیوی من منۆکێی حیزبیدا، کە هەر لایەنێک تەنیا خۆی دەبینێ و لە دەرەوەی بازنەی خۆیدا هەموو چالاکییەک بە دەستکردو دژ بەخۆ دەزانێ، با خۆمان فریو نەدەین، بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستاش لە چوارچێوەی دوکترینی سیاسیی ساڵەکانی ٧٠و ٨٠ی زایینیدا دەژی. لە بواری سیاسییەوە، خۆی نوێ نەکردۆتەوەو ڕێگاش بە گفتگۆیەکی چاککەرەوە بۆ دەربازبوون لەو وەزعە نادا.



ڕۆژهەڵات تایمز: چەند ساڵێکە ڕەوتی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو کزی دەرواو حیزبە سیاسییەکانیش دوابەدوای گۆڕینی شێوەی خەباتیان لە چەکدارییەوە بۆ کاری ڕێکخستن و پشتیوانیی لە ئێعترازییە جەماوەرییەکان، نەیانتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە شوێندانەربن. بە گەشە کردنی خەبات و چالاکیی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر سەرنجیان داوەتە ئاڵوگۆڕی پارچەکانی دیکەو لای بەشێکی زۆر لە چالاکانی سیاسیو مەدەنی کێشەو داخوازییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمرەنگ بۆتەوە.

بۆ تاووتوی ئەم باسە ڕۆژهەڵات تایمز لە زنجیرە وتووێژێکدا هەوڵ دەدا باسێک بەناوی "ڕۆژهەڵات مێحوەری" لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنێتەبەر باس.

عەبدوڵڵا حیجاب ئەندامێ پێشووی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە تەوەری دیمانەکە دەخاتەڕوو.

**چەند ساڵێکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی جۆرێک گۆشەگیری لە کاری سیاسی بووەو خەباتی حیزبە سیاسییەکان لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتەوە کەمرەنگ بووەو لە نێوخۆش خەباتی جەماوەری زۆر کزە، هۆکاری ئەم دۆخە بە ڕای ئێوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

سەرەکیترین فاکتۆر بۆ کەمڕەنگبوونی چالاکیی سیاسی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، توندوتیژیو سەرکوتی لە ڕادەبەدەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. لە هەموو هەڵسەنگاندنەکاندا دەبێ ئەو فاکتۆرەمان لەبیر بێ. ڕێژیمێک کە ڕوحم بە مۆرە سەرەکییەکانی خۆی ناکا، نزیکترین خزمەتگوزارانی خۆی دەستبەسەر دەکاو پێش بە چالاکی جەماوەری لە چوارچێوەی یاساکانی خۆشیدا دەگرێ، بێگومان ڕێگا نادا کە بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی کورد نەفەس بکێشێ. بێجگە لە کردەوەکانی کۆماری

ئیسلامی، تیرۆانینی ڕێژیمیش گەورەترین لەمپەڕی سەر ڕێی خۆنواندنو دیاربوونی بزووتنەوەی کوردستان، تەنانەت لە چوارچێوەی وردە چالاکییەکی جەماوەریشدایە.

هەر هێزێکی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەک تێکەڵاوی، یا باشترە بڵێین بەستراوەیی بە باقی هێزەکانی کوردستانییەوە هەیە. هێندێکیان لە بواری هاوبەندیی نەتەوەییەوە، هێندێکیان لە بواری فیکریو ئایدیۆلۆژییەوە، هێندێکیان بۆ ژیانی ڕۆژانەو ئیمکاناتی داراییو هتد بە شێوەیەک لەگەڵ هێزە هاوپەیمان، دەستەخوشک یا هاوستراتیژییەکانیان تێکەڵاون.

تیشک خستنە سەر لەمپەری سەرەکی، بە مانای خۆدزینەوە لە قبووڵی ڕاستییەکان نیە. خۆشمان لە بەرەی کوردیدا گرفتو نقوستانیمان زۆرە. ئەگەر جارێ لە چوارچێوەی چالاکیی جەماەریدا بمێنینەوە، نەبوونی ئەزموونی بەشدار بوون لە سیاسەت، دەسەڵاتداریو کاری مەدەنیدا وای لێکردووین کە تەنانەت دیمۆکراتترین هێزە سیاسییەکانیشمان تیرۆانینی زۆر تەسکیان لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەبێ. بۆ هێندێک لە هێزە سیاسییەکان کە دەوری سەرەکیشیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا هەیە، تەنیا ئەو ڕێکخراوە جەماوەرییانە مەشرووعیەتیان هەیە کە سەداسەد بەپێی ویستو ئیرادە، تەنانەت بە پێی بەرنامەی ئەوان بجووڵێنەوە. ئەگەر کەسایەتییەکی چالاک لە بوارێکدا لە ناوخۆ یا تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش کارێک بکا، دەستبەجێ مۆرکێکی بۆ دروست دەکرێو هتد. پرشو بڵاویی هێزەکان سەر لە خەڵک دەشێوێنێ، چونکە ڕوو لە هەر لایەک بکەنو بە هەر شێوەیەک بجووڵێنەوە، لایەنێکی دیکە هەر لێیان دڵگرانو ناڕازی دەبێو دڵی هەموو لایەکیش بە کەس ڕاناگیرێ. بەم شێوەیە دەیان سنوورو لەمپەر لەبەر پێی هەوڵدان بۆ وەڕێخستنی چالاکیی جەماوەری دروست دەکرێن.

تیرۆانینی دەسەڵاتدار بە سەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ناسنامەی داسەپاوی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی تێکەڵ کردووە ئەوەش بووە بە هۆکاری شێواندنی چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. زۆر جار کە ئەو باسە لە بواری کۆمەڵناسی سیاسییەوە دێتە گۆڕێ، هێندێک لە سەرکردەکانمان هەڵدەبەزنەوەو دەستبەجێ دەرگای دیالۆگت بە سەردا دادەخەن، بەبێ ئەوەی کە لە قووڵایی ئەو باسە تێبگەن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، گرفتی زێهنیەتی لە ڕابردوودا، ژیان گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای چالاکتربوونی بزووتنەوەیە. بێجگە لەمەش خولانەوە لەنێو بازنەی سووبژەکتیوی من منۆکێی حیزبیدا، کە هەر لایەنێک تەنیا خۆی دەبینێو لە دەرەوی بازنەی خۆیدا هەموو چالاکییەک بە دەستکردو دژ بەخۆ دەزانێ، گرفتێکی دیکەی سەر ڕێگای چالاکتر بوونمانە. با خۆمان فریو نەدەین، بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستاش لە چوارچیوەی دوکترینی سیاسیی ساڵەکانی ٧٠و ٨٠ی زایینی، واتا ٥٠ و ٦٠ی هەتاوی دا دەژی. واتا لە بواری سیاسییەوە، خۆی نوێ نەکردۆتەوەو ڕێگاش بە گفتگۆیەکی چاککەرەوە بۆ دەربازبوون لەو وەزعە نادا. چونکە هەر کە زمانت بۆ باسکردن لەسەر ئەو بابەتە کردەوە، دەستبەجێ دەخرێتەوە خانەی ئەهریمەنەکانەوەو بە کێشەخولقێن، ناڕازی، ڕەخنەگر، ئۆپۆزیسیۆنو... دەناسێندرێی، لە حاڵێکدا کە دەرگای دیالۆگی سیاسی کراوە نیە تا لەسەر هەر کام لەو چەمکانە ساخ بینەوە.

ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە زۆرن کە بۆ زاڵبوون بە سەریاندا دەبێ هەموو هێزە کوردییەکان دەست بدەنە دەستی یەکترو بە یەکدەنگی خەباتی نەتەوەیی بەهێز بکەن. بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمدا یەکگرتنەوەی باڵەکانی حیزبی دێمۆکراتو باڵەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵە زۆر گرینگە. پاشان، یا هاوتەریب لەگەڵ ئەوە دیالۆگی نێوان ئەو هێزانە لەگەڵ پەژاکو هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەی مەیدانی سیاسەتی کوردی ڕۆژهەڵات دەتوانێ زۆر شت بە قازانجی کوردی ڕۆژهەڵات بگۆڕێ.

با بە هەڵە لێک نەدرێتەوە، مەبەستی من ئەوە نیە کە من نوسخە یا ڕەچەتەی تێپەڕبوونی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانم لە وەزعی شێواوی ئێستادا پێیە. نا، کارو بەرنامەی سیاسی بە هەوڵی هاوبەشو بە بەشداریی چالاکانە لە ڕەوتە سیاسییەکاندا سەر دەگرێ، بەڵام ئەوانەی دەسەڵاتدارن دەبێ باوەشیان بۆ ئەو بەشدارییە کراوە بێ. ئەوەی من دەبینم، زۆربەی باوەشەکان بۆ چەپڵە لێدان کراوەن، نەک بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن.

بێجگە لەو کەماسیانەی باسم کرد، چەند فاکتۆری نێوخۆیی دیکە کە لەسەر پەراوێز خستنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەری زۆریان هەیە، نەبوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی، جیابوونەوەو دڵساردییەکان، لێک تۆڕانو پاڵپێوەنان لەنێو ڕیزی هێزە سیاسییەکاندا، لەت لەتبوونەکانو جیددی نەبوونی لایەنەکان بۆ کۆتایی هێنان بەو پرشو بڵاوییە. بە کردەوە، جیابوونەوەکان بە چاولێکنانێک سەر دەگرن، بەڵام نزیکبوونەوەکان دەبێ لە حەوت خانی ڕۆستەم تێپەڕن. ئێستا دوو حیزبی دێمۆکرات بە دوو ڕێکخراو و دوو هێزی چەکدارەوە، کۆمەڵە بە سێ- چوار لقو پۆپەوە کە هەر کامەی هێزی چەکدارو ڕێکخراوی خۆی هەیە، خەبات، پارتی ئازادی بە هێزی سەربازییانەوەو هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە لە لایەکو پەژاکو سیستەمەکانی سەر بەو لە لایەکی دیکەوە، بەر لەوەی کە ڕوویان لە دوژمنی هاوبەش بێ، خەریکی دژایەتی کردنی یەکترن. ئەو ڕەوشە، بە دەستی خودی کورد دروست کراوەو زۆر نارەوایە. ئەگەر هەمووشیان ئێستا نەتوانن پێکەوە کار بکەن، خۆ دوو دێمۆکرات هیچ جیاوازییەکیان نیە، بۆ یەکتر ناگرنەوەو هێزەکانیان تێکەڵ ناکەنەوە تا هیوایەک بەو خەڵکە ببەخشن کە دڵسۆزی دێمۆکراتن؟

ئەگەر ڕۆژنامەوانێکی کوردی کرمانج لە باکوور یا ڕۆژئاواوە، جارێک پرسیارێک لە سەرکردەیەکی کوردی ڕۆژهەڵات دەکا، لە وەڵامەکان ڕا زۆر بە ڕاشکاوی دەردەکەوی کە لە پرسیارەکان حاڵی نەبووە. کەوابوو ئاساییە کە لە ڕەوشی سیاسیی بەشی زۆری کوردستانیش بێخەبەر بێ، یا خود بەشێوەی نائاڕاستەوخۆو لە کاناڵێکەوە کە زۆر جێی متمانە نیە هەواڵەکانی وەربگرێ.

هەم جیابوونەوەکانو هەمیش مەنتیقی زاڵ بە سەر ڕەوتی دیالۆگی نێوان هێزە کوردییەکاندا لەگەڵ هیچکام لە پیوانەکانی زانستی سیاسی یا تەنانەت پراتیکی سیاسی لە چوارچێوەیەکی دێمۆکراتیکدا یەکناگرنەوە. جارو بار کە باسی دیالۆگی نێوخۆیی دەکرێ، لایەنەکان دەڵێن پێویستیمان بەکات هەیە تا لە یەکتر تێدەگەین، لە نیاتی یەکتر حاڵی دەبینو زەمینەی یەکگرتنەوە یا لە یەکتر نزیکبوونەوە ئامادە دەکەین. لە دەرەی جڤاکی کوردی، ئەگەر ئەو شێوە کارە دەخرێتە بەر باس، پێمان دەڵێن باشە کاتێک

کۆمەڵێک کە ٣٠ ساڵ پێکەوە کاریان کردوە، لەو ٣٠ ساڵەدا لە یەکتر تێنەگەیشتوون، گەلۆ بۆ خۆیان دەزانن وەدوای چی کەوتوون؟ بۆیە بایەخمان دادەبەزێو ناتوانیین وەکوو ئەکتەری سیاسی لە ئاستی جیهانی یا ناوچەیی دا دەور بگێڕین.

هەر کە زمانت بۆ باسکردن لەسەر ئەو بابەتە کردەوە، دەستبەجێ دەخرێتەوە خانەی ئەهریمەنەکانەوەو بە کێشەخوڵقێن، ناڕازی، ڕەخنەگر، ئۆپۆزیسیۆنو... دەناسێندرێی، لە حاڵێکدا کە دەرگای دیالۆگی سیاسی کراوە نیە تا لەسەر هەر کام لەو چەمکانە ساخ بینەوە.

گەشەکردنی خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان، تا رادەیەکی زۆر بۆتە هۆی داپۆشینی چالاکیو خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێتوایە دۆخی سیاسیی ئەو پارچانەی کوردستان چ کاریگەریەکی پۆزەتیڤو نیگەتیڤی لەسەر خەباتی ڕۆژهەڵات داناوە؟

من لە گەڵ ئەو ئیدیعایەدا نیم. بە پێچەوانەوە، گەشەکردنی بزووتنەوەی کوردستان لە بەشەکانی دیکەدا باشترین دەرفەت بۆ کوردی ڕۆژهەڵات دەخوڵقێنێ کە دەنگی مافخوازیی خۆی بەرز بکاتەوە، بەڵام چونکە بۆخۆمان ناتەباو ناکۆکین، هەم دوژمنەکانمان زیاتر سەردەست دەبنو هەم هێندێک هێزی کوردی لە خۆمان بە دەسەڵاتترو بە ئیمکاناتتر لەو وەزعە کەڵکی خراپ وەردەگرنو مەودای نێوانمان پترو کاریگەریمان لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان کەمتر دەکەن.

ئەگەر بە لایەنی ئەرێنی گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەدا دەست پێبکەین، دەسەڵاتی خۆماڵی لە باشوور، لەگەڵ هەموو ئەو کەموکووڕیو لاوازییانەی کە هەیەو سەرەرای هەموو ڕەخنەیەک کە پێویستە لێی بگیرێ، بەڵام هەر هەبوونی بووە بە نرخو دەستکەوتێک بۆ هەموو کورد. ڕاستە کە جارو بار تووڕەمان دەکەن، لێیان تووڕە دەبین، ڕێگامان پێدەگرنو بێڕێزی بە چالاکانمان دەکەن، بەڵام لێیان ناترسیین، بە سەریاندا دەقیژێنینو هەڵەکانیان زەق دەکەینەوە. هەر کوردێکی ڕۆژهەڵات کە ڕوو لە باشوور دەکا، لە کاتی گەڕانەوەدا هێندێک بەروبۆنی ئەو ئازادیو سەروەرییە خۆماڵییەی کە لە باشووردا هەیە، لەگەڵ خۆیان دەگوێزنەوە بۆ ڕۆژهەڵات. ئەوە سەرچاوەی هێزە بۆ بە هێزکردنی هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. کاریگەریی بزووتنەوەی کورد لە باکوور، لە قەڵای ماکۆوە بگرە تا ئیلام، بە سەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دیارە. با لێشیان تووڕە بینو هەموو کارەکانیان بە دڵمان نەبێ، بەڵام چالاکڤانانی کورد لە باکوور هەر برابەشو پشتیوانمانن‌و لێمان جیا ناکرێنەوە.

بۆ هێندێک لە هێزە سیاسییەکان کە دەوری سەرەکیشیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا هەیە، تەنیا ئەو ڕێکخراوە جەماوەرییانە مەشرووعیەتیان هەیە کە سەداسەد بەپێی ویستو ئیرادە، تەنانەت بە پێی بەرنامەی ئەوان بجووڵێنەوە.

بەڵام لەبەر نەبوونی هاوبەندیی نەتەوەیی لە ئاستی سەرانسەریدا وامان لێهاتووە کە نەتوانین ئەو گەشە کردنە بە قازانجی ستراتێژیی نەتەوەیی بقۆزینەوە. ئێستاش هەر حیزبێک لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا زۆر جار تەنیا بیر لە بەرژەوەندییە کاتییەکانی خۆی دەکا. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە جاروبار پێوەندییە ناوچەییو نێونەتەوەییەکانی هێزێک بەدژی هێزێکی دیکە

بەرەو پێش بچێ. بۆ وێنە، بەشێكی بەرچاوی پێوەندییەكانی زۆربەی هێزە كوردییەكانی بەشەكانی دیكەی كوردستان لەگەڵ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی بە زیانی كوردەكانی ڕۆژهەڵات تەواو دەبن. هەر نەبێ لێدوانو قسەی بەرپرسانی سیاسیی بەشەكانی دیكەی كورد لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیدا هەستی نەتەوەیی كوردەكانی ڕۆژهەڵات خەوشدار دەكا. ئەوە جێگای ڕەخنەی جیددییە كە بۆچی دەبێ دەسەڵاتدارانی كورد ئێستاش ئەوە فێر نەبووبن كە پێوەندیی باشی دیپلۆماتیك بە مانای تاریفو پێهەڵكوتن بە پاسدارێكی مرۆڤكوژ، بكوژی ڕێبەرێكی كورد یا ڕێبەری سیستەمێك نیە كە لە پێنج پێنچی عەمامەی سەریەوە قینو نەفرەت لە بەرامبەر مرۆڤایەتی و نەتەوەی كورد دەبارێ.

بەو پاشخانە دەوڵەمەندەی تێكۆشانەوە كە هەمانە دەتوانین چالاكانەتر كار بكەینو ئەزموونی بەشەكانی دیكەی كوردستان بۆخۆمان بكەینە دەستمایەی چالاكیی بە هێزتر بەو مەرجەی پێكەوە بین.

ئەوەی هەندێك جار باسی لێوە دەكرێت گەرانەوەیە بۆ تێزی خەباتی ڕۆژهەڵات مێحوەری بەو مانایە كە كورد لە ڕۆژهەڵات هەموو هێزو تواناو جیاوازییەكانی خۆی كۆ بكاتەوەو خەباتێكی گشتگیر دەست پێبكات، بە جۆرێك دوور بكەوێتەوە لە وابەستەبوونی بە پارچەكانی دیكەی كوردستانو ئێرانیش. ئێوە ئەم تێزە چۆن دەبینن؟

من تێزێكی فۆرمۆلە كراوی بەم چەشنەم نەبینیوە. ئەگەر بشبینم، ئامادەم كە بۆ دەوڵەمەندتر كردنی كار بكەم. گومان لەوە دانیە كە كۆكردنەوەی هێزو پوتانسیەلی خەباتی بزووتنەوەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە ژێر سیوانێكی هاوبەشداو لە دژی كۆماری ئیسلامی كاریگەرترین ڕێ بۆ هەستانەوەیەكی دووبارەیە. بەڵام بزووتنەوەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان نە دەتوانێ لە بزووتنەوەی سەرانسەریی كوردستان بپچڕێو نە دەتوانێش بەجیا لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی ئێرانو بەبێ هاوپەیمانیی لەگەڵ گەلانی ئێران لە دژی سیستەمی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران دەستكەوتێك بەدەست بێنێ. پچڕانێكی بەو شێوەیە پێویستیش ناكا، بەڵام ئەوە بە مانای خۆبەخشین لە پێناو هیچ كەسو لایەنێكدا یا لە ڕێی هیچ ئایدیۆلۆژیو هاوبەندییەكی سیاسیدا نیە.

من پێم وایە كە گرینگترین ئەركی ئێستا، پێداچوونەوە بەو وەزعە دایە كە بزووتنەوە تێدا دەژی. بزووتنەوەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان پێویستیی بە خۆ نوێكردنەوە، چاكسازیی بنەڕەتیو تێپەڕین لە زێهنیەتی لە ڕابردوودا ژیان هەیە. دەوڵەمەندیی بزووتنەوەی كورد لەوە دایە كە هەموو هێزەكان، بە پاراستنی ناسنامەی خۆیانەوە بكەونە نێو یەك هاوبەندیی سیاسییەوە. نابێ هیچ هێزێك خۆی بە ئالتەرناتیڤی هێزی دیكە بزانێ، یا سەرهەڵدانی هێزێكی دیكە بە مەترسییەك لەسەر ڕێی خەباتی خۆی لە قەڵەم بدا. بەپێچەوانەوە، هێزەكانی كورد لە ئێستاوە دەتوانن پێش مۆدێل یا پرۆتۆتیپی دەسەڵاتی سیاسی سبەڕۆژیان بە یەك ناوەندی بڕیاردانی سیاسییەوە، یەك هێزی چەكدارەوە، یەك دەسەڵاتی یاسادانەوەو... دابمەزرێنن. با لەو مودێلەدا هەر لایەك جێو دەوری خۆی هەبێ. ئەگەر بەو شێوەیە نەبێ، هیچ دەستەبەرێك نیە كە لە داهاتووشدا هێزو شیانی بزووتنەوەی كورد لەدژی یەكتر بە كار نەبرێ.

هەر هێزێکی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەک تێکەڵاوی، یا باشترە بڵێین بەستراوەیی بە باقی هێزەکانی کوردستانییەوە هەیە. هێندێکیان لە بواری هاوبەندیی نەتەوەییەوە، هێندێکیان لە بواری فیکری و ئایدیۆلۆژییەوە، هێندێکیان بۆ ژیانی ڕۆژانەو ئیمکاناتی دارایی و هتد بە شێوەیەک لەگەڵ هێزە هاوپەیمان، دەستەخوشک یا هاوستراتێژییەکانیان تێکەڵاون. کەوابوو خەباتێکی هاوئاهەنگ نەکراو لەگەڵ یەکترو لە گەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی کوردستان، بێجگە لە قووڵتر کردنەوە ناکۆکیەکان، دەستکەوتێکی ئەوتۆی نابێ. هێزەکانی سیاسی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەبێ بزانن کە باهۆزی سیاسی هەمیشە هەر لە یەک لاوە هەڵ ناکا، بۆیە دەبێ ئەوانیش بیر لە ستراتێژی نەتەوەیی بکەنەوەو بەرژەوەندی، داخوازی و هەستی سیاسیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات نەکەنە قوربانیی بەرژەوەندیی خۆیان.

**کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە خەباتی کوردستانی بوون لە هەر چوارپارچەو بە خەباتی ئێرانیگەری لەسەر ئاستی ئێران پێتوایە چ پێگەیەکیان هەیە؟ ئەوان چۆن سەیری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دەکەن؟**

بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە بواری خۆڕاگریی لە دژی دیکتاتۆری و دەستنیشانکردنی دوژمنانی کورددا زۆر دەوری کاریگەرو پێشەنگی هەبووە. هەروەها لە بواری پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی جیران و پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لەو پێوەندییانەدا زۆر سەر بڵێندە. بەڵام لە بواری دروستکردنی ناسنامەی سەربەخۆی نەتەوەییدا من پێموایە کەموکووڕیمان زۆرەو تا ئێستا لەو بوارەوە پێشڕەو نەبووین. تێڕوانینی دەسەڵاتدار بە سەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ناسنامەی داسەپاوی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی تێکەڵ کردووەو ئەوەش بووە بە هۆکاری شێواندنی چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. زۆر جار کە ئەو باسە لە بواری کۆمەڵناسی سیاسییەوە دێتە گۆڕێ، هێندێک لە سەرکردەکانمان هەڵدەبەزنەوەو دەستبەجێ دەرگای دیالۆگت بە سەردا دادەخەن، بەبێ ئەوەی کە لە قووڵایی ئەو باسە تێبگەن. ناسنامەی ئێرانی بۆ کورد ناسنامەی سەرەکی نیەو ناسنامەی دەستکردی دەسەڵاتە کە ئەگەر ناچار بە قبووڵیشی بی، دەبێ ناسنامەی لاوەکیی کورد بێ نە ناسنامەی نەتەوەیی. کوردی ئێرانی ناسنامە نیە. کوردی ئێرانی چەمکێکی سیاسییە کە بە هۆی لایەنی دەسەڵاتدارەوە بەسەر کورددا سەپێندراوەو ناتوانێ پێناسەیەکی گشتگر بێ کە کۆمەڵگای کوردی دادەپۆشێ.

لە بواری نەتەوەییەوە ئێستا پێشکەوتنێک لەنێو کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەیە کە تا ڕادەیەک هێزە سیاسییەکانیشی ناچار کردووە هەوڵ بدەن لە شەپۆلی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا وەدوا نەکەون، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هاوبەندیی نەتەوەیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە سیاسەتی حیزبەکان بەنیسبەت یەکترەوە دەبەستنەوە، شێوەیەک خاویی سیاسی لە هەڵوێستەکانیاندا دەبیندرێ. بۆ وێنە ئەگەر ڕۆژنامەوانێکی کوردی کرمانج لە باکوور یا ڕۆژئاواوە، جارێک پرسیارێک لە سەرکردەیەکی کوردی ڕۆژهەڵات دەکا، لە وەڵامەکان ڕا زۆر بە ڕاشکاوی دەردەکەوی کە لە پرسیارەکان حاڵی نەبووە. کەوابوو ئاساییە کە لە ڕەوشی سیاسیی بەشی زۆری کوردستانیش بێخەبەر بێ، یا خود بەشێوەی ناڕاستەوخۆو لە کاناڵێکەوە کە زۆر جێی متمانە نیە هەواڵەکانی وەربگرێ. ئەو لاوازییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوبەندیی نەتەوەیی بکەوێتە ژێر سێبەری پێوەندیی حیزبەکانەوە کە ئەویش جاری وایە باشەو جاری واشە دەکەوێتە مەترسییەوە.

پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش هەر دەکەوێتە ژێر سێبەری ڕەوشی گشتی سیاسییەوە. هەر هێزێک پێوەندیی خۆی هەیە. بێجگە لە هێزەکانی سەر بە نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات کە بەشێوەی گشتی خۆیان بە ئێرانی نازانن، گەلی کورد لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا زۆر دۆستی نیە. هەڵوێستی دەسەڵاتیش کە لەبەر چاومانە. بۆیە من پێموایە ڕێگایەکی زۆر دوورو درێژمان لە پێشە بۆ ئەوەی هەبوونی سیاسیمان لە داهاتووی ئێراندا بسەپێنین.

ئەوە بە مانای ڕەشبینی تەواو نیە کە وا لێک بدرێتەوە من لەسەر ئەو بڕوایە بم کە هێزەکانی کوردی ئێران نە خورمایان وەبەر کەوتوە نە خودا. نە، مەبەستم ئەوەیە کە لە هەر دوو ئاستدا پێویستمان بە کارێکی جیدیو گۆڕانکاریی بەرچاو هەیە تا وەزعەکە بە قازانجی خۆمان بگۆڕین. ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە زۆرن کە بۆ زاڵبوون بە سەریاندا دەبێ هەموو هێزە کوردییەکان دەست بدەنە دەستی یەکترو بە یەکدەنگی خەباتی نەتەوەیی بەهێز بکەن. بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمدا یەکگرتنەوەی باڵەکانی حیزبی دێمۆکراتو باڵەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵە زۆر گرینگە. پاشان، یا هاوتەریب لەگەڵ ئەوە دیالۆگی نێوان ئەو هێزانە لەگەڵ پەژاکو هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەی مەیدانی سیاسەتی کوردی ڕۆژهەڵات دەتوانێ زۆر شت بە قازانجی کوردی ڕۆژهەڵات بگۆڕێ.

**لە دواجار پێشنیاری ئێوە چیە بۆ ئەم پرسەو کورد لە ئێران دەبێت چ بکات؟**

لە سیستەمی کراوەی نۆرویژداو بەو ئیمکانانەی کە لەبەر دەستماندایە دەکرێ هەر ڕۆژێ بەرنامەیەک بنووسینو پێشنیارێک بخەینە بەردەست خەڵکەوە، بەڵام کاری سیاسی بەو شێوەیە ناکرێ. من ٣٠ ساڵ پترە ڕێنی پاسدارم نەبینیوەو ترسی زیندانم لەسەر نەبووە، بۆیە ناتوانم لێرەوە داوا لە خەڵک بکەم کە چی بکەنو چی نەکەن، بەڵام لە دەرەوەی وڵات زۆر کار دەکرێ، لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا زۆر کار دەکرێ. ئەگەر خەباتی دەرەوەی وڵات هاوئاهەنگ بکرێ، زۆر کارئاسانی دەکا بۆ کارەکانی نێوخۆ. لەو ڕەوشەدا دوو شت گرینگە: یەکەمیان دوورە پەرێزی لە توندوتیژی لە وتەو کردەوەدا تا نەبێتە بیانوو بۆ سەرکوت کردنی خەڵک، دووهەمیان هەڵبژاردنی مێتۆدی گونجاو لەگەڵ وەزعی ژیانی ئێستای خەڵک بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەترسیو هەڕەشانە کە لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە لە گۆڕێ دان.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٨ی جوونی ٢٠١٤

# دژ بە پیلانی لە پەراویزخستنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**سمایل شەرەفی**



ماوەی چەند مانگێکە چالاکیی و حزووری پێشمەرگانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شوێن و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، گوڕو تینێکی تایبەتی بە خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئەم بەشە لە کوردستان بەخشیوە. لە گەڵ ئەوەیکە لە ساڵانی رابردوویش دا ئەم جۆرە حزووری تێکۆشەرانی کورد لە نێو خاک و خەڵکی خۆیان دا بوونی هەبووە، بەڵام ئەوەی ئەمساڵیان لە چەند ڕوویەکەوە گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە.

بە سەرنجدان بە گۆڕانە سیاسییەکان لە ناوچەکە و بەتایبەت لە وڵاتانی دەوروبەر کە گەلان بۆدەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان لە ڕاسان و بەرەنگاریدان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە خۆگێل کردن لە دەیان کێشەی هەڵپەسێراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە وڵات دا، وا نیشان دەدات کە نموونەی دەسەڵاتێکی میانەڕەوی ڕزگارکەرە کە خۆی بێ بەری لە کێشەو ئاریشەیە.

حەسەن ڕووحانی، سەرۆکۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، چەند ڕۆژ پێش ئێستا بە لۆمەکردنی وڵاتانی ڕۆژاوایی و قسەکردن لە سەر چۆنیەتی کۆتایی هێنان بە دیاردەیەکی وەک داعش، ئیدیعای سەقامگیریی ئەمنییەت و ئاسایشی لە ئێران دا دەکردو، وای دەنواند کە ئەم وڵاتە کێشەیەکی ئەوتۆی سیاسی تێدا نیە. ناوبراو بە ئاماژەدان بە قەیرانی سیاسی و ئەمنییەتی لە وڵاتانی دەورووبەری وەک عێراق، ئەفغانستان و سووریە، ئیدیعای ئەوەی کرد کە خەڵکی ئێران لەوپەڕی ئاسایش و ئەمنییەت دا دەژین. لە وەها حاڵەتێک دا تێکۆشەرانی پارێزەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چالاکیی بەرچاویان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تیکۆشانیان لە نێو باوەشی خاک و خەڵکی خۆیاندا و تێکشکاندنی قارەمانانەی چەندین کەمین و ڕێگریی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم، تەواوی ئیدیعاکانی حەسەن ڕووحانیان پووچەڵ کردوە.

پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم حزوورە نوێیەی خۆیان لە ناوچەکانی کوردستان لە گەڵ ئەوەکە پەیامێکی ڕوونیان بە گوێی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دا کە ناتوانێ حاشا لە بوونی کێشەی نەتەوەیی لە ئێران و زیندوویی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بکات، پەیامی هەرمان و نەسرەوتنی ڕۆڵەکانی خۆیان بە گوێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گەیاند.

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا لە کاناڵی جۆراوجۆرەوە بە ناوەندە پێوەندیدارەکانی حیزبی دێموکرات و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەم حیزبە گەیشتوون: خەڵک بە دیتنی پێشمەرگە لە ناوچەکانی کوردستان و لە نزیکەوە، گوڕو تینێکی

دیکەیان هاتۆتەوە بەرو زیاتر لە جاران هەست بە خاوەنداریّتی دەکەن. لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ هێزە چەکدارەکانی رێژیم بەرەورووبوونەتەوە، ئەوە خەڵکی ناوچەکە بوون کە سەخاوەتمەندانە هاوکاریی رۆلەکانی خۆیان کردوە و گیانیان پاراستوون.

گرینگییەکی دیکەی ئەم حزوورەی تیکۆشەرانی دێموکرات و پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە "تەوەرکردنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان" بوو کە چەند ساڵێکە وەک پرسێکی گرینگ سەرنجی تێکۆشەرانی کوردی هەم لە نێو هێزە سیاسییەکان و هەم لە نێوخۆی وڵات دا بۆ لای خۆی راکێشاوە. بە واتایەکی دیکە لە پەراوێز خستنی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمەڵە بۆنگایەکی میدیایی سەر بە بیری شوێنیزمی ئیرانی وەک پیلانێکی سیستماتیک، بە حزووری بەرچاوی ئەم رۆڵە گیان لە سەر دەست و خۆنەویستانە خەریکە هەڵدەوشێتەوە. هەڵوەشانەوەی ئەم پیلانە دەتوانێ بۆ جارێکی دیکە رۆژهەڵاتی کوردستان بکاتەوە مێحوەر کە تێکۆشەرانی ئەم بەشە لە خاکی نیشتمان زۆربەی هەرەزۆری پۆتانسیەلی فکری و عەمەلیی خۆیان بۆ مەترەحکردنەوەی پرسی رۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان بکەن.

بێگومان ئەم جۆرە لە حزووری تێکۆشەران لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵە پرسیارو تێبینییەکی لە لای کۆمەڵە خەڵکێک لێ کەوتۆتەوە کە دەکرێ بە سەر دوو دەستەدا دابەشیان بکەین. دەستەی یەکەم ئەو کەس و لایەنانەن کە بە شێوەی حێرفەیی کاریان ئیراددۆزینەوەو بیانووگرتنە کە خۆ خەریک کردن بە وڵامدانەوەیان بێ سوودو سەمەرە. بەڵام دەستەی دووهەم ئەو لایەن و کەسانەن کە دڵسۆزانەو لە رووی خەمخۆرییەوە لە پرسەکە دەڕوانن و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم حزوورە شەن و کەو دەکەن و پرسیار دەکەن و بیر لە سوودو زیانەکانی دەکەنەوە. ئەوەی لەم پێوەندییەدا جێی وردبوونەوەو بایەخە، گوێ لە یەکتر راگرتن و بیروڕاگۆڕینەو لە کۆتایی دا کارکردن بۆ مەترەحبوونی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئەم بەشە لە نیشتمانە.

پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شان بە شانی یەکترو بە پشتیوانیی پشتیوانانی راستەقینەی خۆیان کە هەمان خەڵکی کوردستانن، بۆ ئەم پرسە هەنگاوی بەکردەوەیان هەڵێناوەتەوە. ئەوان خۆ نەویستانە و بەو پەڕی گیان لە سەر دەستبوونەوە ئامادەن لەم پێناوەدا هەزینەی قورسیش بدەن و تەنانەت گیانیان بۆ ئەم رەسالەتەش بەخت بکەن. شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید هەژار قاسمی لە چەند رۆژی رابردوودا لە ناوچەی شنۆ، باشترین و زیندووترین بەڵگەیە بۆ ئەم ئیدیعایە.

لە کۆتایی دا ئەگەر حزووری پێشمەرگانە لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی لەم تێکۆشەرانە کەوتۆتە سەر شانی پێشمەرگە خاوەن ئیرادەو بەباوەڕەکانی حیزبی دێموکرات و پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی مافویستی کوردستان، ئەرکی بێ ئەملاو ئەولای چالاکانی دیکەی کوردە کە لە هەر سینف و پێگەو شوێنێک دان، بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ بۆ مەترەحکردنەوەی زیاتری پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پووچەڵکردنەوەی پیلانی لە پەراوێزخستن بەجیدی خۆیان ئەرکدار بکەن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٢٨ی سێپتامبری ٢٠١٤

# "پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەریم" یا پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خود

خالید محەممەدزادە



نازانم بۆچی پێموایە زۆرێک لەوانەی ئەمرۆ لە رۆژهەڵاتەوە بەرۆکی خۆیان دادەدرن بۆ "پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێم"، نە لە سەر ئاستی سیاسیو چەکداری دەگەنەوە بە دلسۆزیەکەی ئەحمەد توفیقو نە لە سەر ئاستی نوسینیش دەگەنەوە بە غەمخوریەکەی هەژار موکریانی بۆ باشوری کوردستان؟

نازانم بۆ چی هەموو ئەو شۆرشگێرە رۆژهەلاتیانەی، بەردی"پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێم" لە سینگ دەدەن بۆ شاردنەوەی خانەنشین بوون و ناکارابوونیان لە رۆژهەلات، ناتوانن هەلگری هەمان دلسوزی شۆرشگێرانی دەیەی 40ی هەتاوی بن بەرامبەر بە باشوری کوردستان کە تەنانەت گیانی خۆیان لە پیناوی دانا؟

بۆچی روانینی رۆژهەلاتیەکانی ئیستا، هەمان روانینی رۆژهەلاتیەکانی دەیەی ۴۰ و ۵۰ی هەتاوی نین بەرامبەر بە باشورو بۆچی "پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێم" لای ئەمانە جیگای خوی داوە بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خودو بوون بە بەشێک لە پرۆسەی گەندەلی لە باشوری کوردستانو بە فێروەدانی سامانی گشتیو بوون بە کۆیلەی حیزبو یاغی بەرامبەر بە نارەزاییەکانی خەلک لە باشور؟

بۆچی دورو نیزیک دروشمی "پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەریم" پەیوەندی نادریتەوە بە خواستی خەلکی ئیمە لە رۆژهەلاتو ئەم دروشمە دیوەکەی تری ناکاتەوە بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی رۆژهەلات؟

بۆچی هەلگرانی ئەم دروشمە خەباتی چەکداری لە رۆژهەلاتو نارەزاییو خوپیشاندانی هاولاتیان لە باشور وەک یەک بە دژی بەرژەوەندیەکانی هەریم تەفسیر دەکەنو بۆچی لە دواجار هەلگرانی ئەم دروشمە دژی خواستی شەقام لە باشورو رۆژهەلات دینە ئاخاوتن؟

بۆچی هەموو سینگ دادرینو هەموو باشورخوشەویستیان تەنیا دەچیتە گیرفانی دەسەلاتدارانی باشورو خویانو پەیوەند نادرینەوە بە خواست و چاوەروانی شەقام لە رۆژهەلاتو باشور؟

بۆچی دروشمی "پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێم" کورتکراوەتەوە لە پشتگیری حیزبی دەسەلاتدارو پاراستنی دەسکەوتەکانی چەند بەرپرسێک لە باشورو لە دواجار چوون بە گژی خەلک لەم بەشەی کوردستانو رەتکردنەوەی کۆی هیزەکانی تر کە بەشێکی زۆریشیان بەرهەمی هەلبژاردنی خەلکن؟

و......

رەنگە ئەوەی ئەم رستەی رووبەرووی نەقدو پرسیارو گۆمانی گەورە کردبیتەوە، هەلسوکەوتی دوو فاقیەی هەلگرانی ئەم دروشمە بیت بەرامبەر بە خەلک لە رۆژهەلاتو باشوری کوردستانو لە دواجار گواستنەوەی پشتگیری نەتەوەیی لە لایەن ئەمانەوە بیت بۆ پشتگیری حیزبی بە جورێک کە ئەمانە وەها شەری پاراستنی بەرژەوەندیەکانی حیزب لە باشور دەکەن کە تەنانەت ئەندامانی یەکیتیو پارتیش ئامادە نین بەو زمانە رووبەروی یەکتر ببنەوە.

بۆ ئەوەی تێ بگەین کە "پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێم" چون جیگای خوی داوە بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خودو بوون بە کۆیلەی حیزب تا پاریزەری " بەرژەوەندیەکانی هەرێم" لەلایەن ئەم کەسانە، ئاسانە ورد بینەوە لە هەلوێستی ئەمانە بەرامبەر بە شەرەکانی جەلەولا، شنگال، خوپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتو کونگرەی نەتەوەیی، دروشمی سەربەخۆییو...... لە هەمووی کومیدی تر هەلویستیان بەرامبەر بە کەمپینی یارمەتی کوکردنەوە لە رۆژهەلاتەوە بۆ ئاوارەکانی شنگالو چوونە نێو ململانێی حیزبی لە باشوری کوردستانو پشت کردن لە خەلکی باشورو چەپلە لیدان بۆ دەسەلاتدارانی حیزبی.

ئەمانە بەم هەلویستانەیان بە ئیمەیان ووت فریادرەسانی حیزبن لە باشور نەک غەمخورانی "پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێم". ئەوەی بۆ ئەمان گرنگە پەزیرایی شاهانەی حیزبە لە باشترین هوتیلەکانی هەولێرو سلێمانی لە سەر حیسابی خەلکی ئاسایی باشوری کوردستان کە دور و نیزیکیش پەیوەندی بە هەلویستی خەلکی رۆژهەلاتەوە بەرامبەر بە باشور نیە،

رەنگە هەلات هەلاتو گریانو رۆ رۆ بۆ پاراستنی حیزب لە شنگالو پاساو هینانەوەیان بۆ شکستەکانی شنگالو جەلەولا لە گەل بە هاناوە هاتنی ٢٧ شاری رۆژهەلاتو دابەشکردنی یارمەتیەکانیان وەک یەک بە سەر سلیمانیو هەولێر نمونەیەکی باش بیت بۆ جیاکردنەوەی هەلوێستی خەلکی رۆژهەلات لە گەل بازرگانانی سیاسی رۆژهەلات بەرامبەر بە باشور، یەکەمیان بۆ ئازارەکانی خەلک کەوتە جولەو دووهەمیان فرمیسکو پاساویان بۆ شکستی حیزب لە خۆیان نمایش کرد.

ئەمانە بە هەمان ریژە بوون بە بەشێک لە سیستمی حیزبی لە باشوری کوردستان، بە هەمان ئەندازەش کەوتونەتە بەر رەخنەی کۆمەلگای مەدەنی و خەلکی ئاسایی باشور، رەنگە ئەوەی ناوی رۆژهەلاتی زریندرابیت لە باشور، بەشیکی پەیوەندی بەم ژیستە خو بە دەستەوەدەرانە بەرامبەر بە حیزبەکانیانو هەلچون بەرامبەر بە خەلکی ئاسایی ئەم ولاتە بیت، جالبە سەرنجی ئەوەش بدەین هەلگرانی ئەم دروشمە ئەەندەی رەخنەیان لە نارەزایی خەلکی باشور هەیە، نیو ئەوەندە رەخنەیان لە پیشیلکاریەکانو گەندەلییەکانی حیزب لەم بەشەی کوردستان نیە

کوتا قسە:

پیموایە دەبیت دروشمی"پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێم" بگوازریتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خەلکی باشورو پشتگیری کۆیلانەی حیزبی بگوازریتەوە بۆ پشتگیری نەتەوەیی لە سەر ئاستی کوردستانو چی تر لە سەر ناوی رۆژهەلاتو لە سەر حیسایی رۆژهەلاتی سیمای ئەم بەشەی کوردستان لە باشور ناشیرین پیشان نەدریتو ئەم ژیستە بە روالەت نەتەوەییەش بە کار نەبریت بۆ لۆمەکردنی هەر جموجولیک لە رۆژهەلاتی کوردستان

تێبینی :

ئەم وتارانەی لە لینکی" بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستانوکورد" وەک رێز دانان بۆ بیرورای ئازاد دەیانخاتە بەر نەزەریخوێنەران.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٢٨ی سێپتامبری ٢٠١٤

# پاراستنی ئەزموونی باشوور بە چ نرخێک؟!

**شۆڕش پایمەرد**

ماوەی زیاتر لە دوو دەیەیە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بیانووی پاراستنی ئەزموونی باشووری کوردستان ژیانی کەمپ نشینییان هەڵبژاردووەو لە مەیدانی خەباتی چەکداری دوور کەوتوونەتەوە.

لە ماوەی ئەو دوو دەیەداو مانەوەیان لە شارەکانی باشوور، تووشی سەدان قەیرانی مادیو مەعنەوی هاتوونو زۆربەی هەرە زۆری حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان تووشی کەرت کەرت بوون بوونو ئینشعاب هاتوون.

بە دەیان کادرو پێشمەرگە لە شارەکانی باشوور لە لایەن دەستو پێوەندییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراون.

بەشێکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزبەکان بەهۆی نەبوونی پشتیوانی ماڵیو قەیرانی ئابووری پەنایان بردوە بۆ وڵاتە ئوروپاییەکانو لەو ماوەیەدا ریزشێکی تەشکیلاتی بەرچاو لە حیزبەکاندا بەدی کراوە.

لە قووڵایی خاکی باشوور هێزەکانی سوپای پاسداران پەلاماری هێزە ڕۆژهەڵاتییەکانیان داوەو ئاکامەکەشی دەیان شەهیدو بریندارو کەمئەندامی لێکەوتۆتەوە.

لاواز بوونی هەستی نەتەوایەتیو بیری کوردایەتیش، دەستکەوتێکی تری ژیانی کەمپ نشینیو ئەزموونەکەی باشوورە. هەڵسوکەوتە نادێموکڕاتییەکانی ئۆرگانە ئەمنیو حکوومەتییەکانی باشوورییەکان بەرامبەر بە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان، جۆرێک نائومێدیو ساردبوونەوەی هەستی نەتەوەیی لێکەوتۆتەوە.

لە هەمووی ئەو قەیران و گرفتانەدا، حیزبە دەسەڵاتدارە باشوورییەکان ڕۆڵی سەرەکیان بینیوەو بە هەموو شێوەیەک یارمەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیان داوەو تەنانەت لە زۆربەی هێرشەکان بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی ڕۆژهەڵاتییەکان بەشێک لە هێزە باشوورییەکان بەشداری ڕاستەوخۆیان کردووەو لە هیچ هەوڵێک بۆ لاواز کردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان نەپاراستووە.

حیزبە ئیسلامییەکانی باشوور بە ئاشکرا بەشداری پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیان کردووەو دەیان کادرو پێشمەرگەیان تەحویلی

ڕژیمی ئێران داوەتەوە.

به ئاشکرا دەسەڵاتی باشوور پێش به چوونەوەو حزووری تەشکیلاتی هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەگرێ و ئەوەش بوێتە هۆکاری دڵساردی خەڵکانی نێوخۆی وڵات له حیزبەکان.

ماوەیەکە هێزێکی چەکداری سەر به حیزبی دێموکراتی کوردستان کە خۆیان به پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناساندووە، حزووری فیزیکیان له ناوخۆی وڵاتدا هەیەو له چەندین چالاکیدا هێزەکانی داگیرکەری سوپای کۆماری ئیسلامیان تێکشکاندوە، بەداخەوە له لایەن دەسەڵاتی باشوورەوە تەنانەت ڕێگایان پێنەدراوە کە بریندارەکانیان بگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەکانی باشوور به مەبەستی چارەسەرکردنیان.

گەلۆ، ئەزموونێک کە جگە له نەهامەتیو لاواز کردنو کوشتنو قەیران دروست کردن، هیچ دەسکەوتێکی بۆ ڕۆژهەڵاتییەکان نەبووە، شایانی پاراستنە...؟!

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٨ی سێپتامبری ٢٠١٤

# ئاگری ژێر خۆڵەمێش

**بەدرەددین ساڵح**

بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕە خاوەن پرەنسیپانەیە کە مێژووی رزگاریخوازی کورد دەتوانێت شانازی بە بەشی هەرە زۆرییەوە بکات.



دەتوانین بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بەشێوەیەکی پراکتیکو دیاریکراو بگێڕینەوە بۆ سەردەمی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ژێکافو دامەزراندنی حزبی دیموکراتو کۆماری کوردستان بە بنەماو کۆلەکە سەرەکییەکانی ئەم کلتورو پرەنسیپو بزاڤە بزانین کە دوای دەیان هەورازو نشێوی سەخت توانیوییەتی تایبەتمەندی خۆی بپارێزێت.

کۆماری کوردستان وەک قوتابخانەیەکی نەتەوەیی بۆ دەیان ساڵ دوای خۆی ئەوەندە بەهێزو جوان خۆی دەرخست کە جگە لە مێژوو دەیانو سەدان پارتو رێکخراوی سیاسیو کۆمەلایەتیو حزبی کە لەم نزیک ٧٠ ساڵەدا لە هەر چوار پارچەی کوردستان دروست بوون شانازی بە کۆمار دەکەنو خۆیان بەشێوەیەک دەکەنە خاوەنی ئەو مێژووەو بەجۆرێک نانی پێوە دەخۆن. زۆربەی هەرە زۆری نووسەران لەو بابەتە هەر کامیان لە بواری خۆیدا، تابلۆی نەققاشی، شانۆ،شێعر، رۆمان، ئاوازو بە یتو هەستی ئینسانیو سیاسیو هونەری خۆیان دەربڕیوە.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە رۆژهەڵات بە شێوەیەک نەتەوەییانە ( ئینجا بە بەرنامە یان لە رووی دلسۆزییەوە) رەفتاری کردووە کە لاوانو رۆشنبیران و چالاکە سیاسیو نیشتیمانییەکانیان خۆیان لە بەشداریو گیانفیدایی هیچ پارچەیەک نەزانیوەو خەمی هەموانیان بە خەمی خۆیان و خۆیان بە خاوەنی بست بە بستی خاکی هەموو کوردستان زانیوە، ئەم کلتورە تە نیا قسە نییە، پێشوازی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بارزانییەکان لە رۆژە سەرەتاکانی کۆماری کوردستانو پێشوازی کردنیان لە ئاوارەکانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلولو پێشوازییە بێوێنە و جیهانییەکەیان لە کاتی کۆچڕەو ئەو نموونە جوانانەن کە ناوو واتایەکی دیکەیان بە کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی. نەتەوەییانە کار کردنی شە هید د. قاسملۆ لە پێوەندییە جیهانیەکانیو هەڵسوکەوتی لە بەرانبەر سیاسەتو دواکارییەکانی رژێمی بەعسو سەدامی دیکتاتۆردا زۆر راستین کە شانازییەکانی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلات دەگەرێنەوە. هاتنە دەست و خوێن بەخشینی کوردانی رۆژهە لات لە راپەرینی خەلکی باشوور دووبارە یە ک چارەنووسیو نەتەوەیی و نیشتیمانی و بڕوای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە رۆژهەڵات نوێکردەوە. ئە و کارەساتانەی بەهۆی کوردی خۆفرۆشو لایەنە دروستکراوە گومانلێکراوەکان لە باشوور بە سەر حزبی دیموکراتو هەندێک لایەنی دیکە دا هات، زەڕەیەک هەستی نەتەوەییو نیشتیمانی کوردانی رۆژهەڵاتی لەق نەکرد. لە کاتێکدا کارەساتەکان ئەوەندە زەقو بەرچاو و گەورە بوون کە هیچ

پاساوێک ناتوانێت بیان شارێتەوە لە چاوی مێژوو. خوێنی کوردانی رۆژهەلات لە بست بە بستی خاکی هەر چوار پارچەی کوردستان رژاوە. ئەم راستیانە لەسەر حسابی هیچ کەسو لایەنو پارچەیەکی دیکەی کوردستان نییە، بەلام پێویستە بگوترێ. ئەم هەفتەیە کە هەوالی بوونی چالاکی سیاسیو هەوالی بوونی پێشمەرگە (کە لە زۆر لاوە هەول بۆ سووککردنی ناوی پێشمەرگە لە ئارادایە)، لە بست بە بستی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە قەد تروسکاییەکانی بوونی پێشمەرگە لە دوای ئەنفال لە باشوور خۆشحالی کردووم. من پێموایە کاتی ئەوە هاتووە هەموو کورد بەتایبەت باشوورییەکان، لە باشوورییەکانیش بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان ئەرکی نەتەوەییو نیشتیمانیو کوردانەی خۆی بەجێ بگەیەنێ لە : - گفتوگۆکردن لەگەڵ رژێمی تاران وەک چۆن سەرۆکی هەرێم و پارتی رۆلی ئیجابیو گرنگی لە گفتوگۆکانی نێوان ئەنقەرەو قەندیلدا دیت، لەو نێوانە شدا رۆلی دیپلۆماسی خۆی ببینێت-. هەموو کوردانی باشوور هاودەنگ بن لەگەل رۆژهەلاتو ئە م هاودەنگییەش لەسەر لاپەرەیەکی رۆژنامەکانو فەیسبووک تێبپەرێ بۆ شێوازی هەلسوکەوتی ئیداری و کۆمەلایەتی لەگەل کوردانی رۆژهەلات کە نیشتەجێی باشوورن.

لەگەل رێزی زۆر بۆ خەڵکی باشوور، بەلام ژمارەیەک کاربەدەست و ناوەندو خەڵکی دیار هەڵسوکەوتیان لەگەل کوردانی رۆژهەلات شایستەی خەڵکی دلسۆزی رۆژهەلات نییە. رۆژهەلاتی کوردستان بەهۆی هەلکەوتەی جوگرافیو بەهۆی بەردەوامیی خەباتی ٧٠ سالەیو بەهۆی رێژەی دانیشتوانی ئەو بەشەی ولات، گرنگیەکی زۆری هەیە کە دەبێت لە بەرچاو بگیرێت.

هەوالی بوونی چالاکی پێشمەرگە وەک گرێکی شاراوەی ژێر خۆلەمێش وایە کە دلی منو داهاتووی ئەو بەشەی نیشتیمان لە رەق بوون و بوون بە سەهۆل دەپارێزێت.

بە هیوام خوێنی هیچ کەسێک نەرژێو کوردستان هەر ئاوەدان بێ. سەرانی کۆماری ئیسلامی دوای زیاتر لە ٣٧ سال دەسەلاتداری خۆیانو بە کار هێنانی هەموو شێوازێکی کوشتنو تیرۆرکردنو تواندنەوەو ئەو بێزراوییەیان لە کۆمەلگەی نێو دەولەتی بە هۆی سیاسەتی چەوتییان، بەو ئەنجامە گەیشتبن کە کورد بە کوشتن کۆتایی پێنایەو زمانی گفتوگۆ کە کورد قوربانیی گەورەی بۆ داوە دوا رێگە چارەی ئەم کێشەیە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٨ی سێپتامبری ٢٠١٤

# خەبات و بەربەرەکانی‌گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات!

نەوید کەرەمی

بەربەرەکانی‌و دەربڕینی ناڕەزایەتی بە نیسبەت کردار، هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی، بۆ مسۆگەر کردنی ویست و خواستی گشتی و مافی شارومەندی و دەسەڵاتی سیاسی بە پێ‌قۆناغ و لەسەر خوێندنەوەی بارودۆخی دەسەڵاتی حاکم و چۆنیەتی و چەندایەتی ئامادەگی خەڵک بۆ بەشدار بوون لە خەباتدا، لەلایەن بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی جوڵانەوەکانەوە دیاری دەکرێت و دەخرێتە بواری جێبەجێ‌کردنەوە.



جووڵانەوەکان بە گشتی دابەش دەبن بەسەر چوارشێوەی تایبەتیدا، کە لە خوارەوە هاوکات لەگەڵ دیاریکردنی قۆناغی هەر کامەیان، ئاماژەیەک بە تایبەتمەندی ئەو شێوە جووڵانەوەیە دەکرێت.

١- خەباتی سیاسی: لە حکومەتی دێمۆکراتیکدا کە ڕێز لە ماف و خواستە ڕەوا و مرۆییەکانی لایەن یان نەتەوەیەک دەگیردرێت و وەک هاووڵاتی پلەیەک چاوی لێ‌دەکرێت، هەر گرووپ و لایەن و نەتەوەیەک دەتوانن لە سیاسەت و دەسەڵاتدا بەشداری بکەن و نوێنەریان بەشداری بەڕێوەبەردنی کاروباری حکومەت بێت، لەو هەلومەرجەدا مێتۆدی خەباتی سیاسی وەڵامدەرە و دەتوانرێت ڕێگایەکی گونجاو بێت بۆ گەیشتن بە ویست و ئامانجی تاک و نەتەوە.

٢- خەباتی مەدەنی(دەربڕینی ناڕەزایەتییە شێوەی شارستانیانە): خەباتی مەدەنی و ناڕەزایەتییەکان، بە شێوەی هێمنانەو شارستانیانە (دوور لە توندوتیژی) بە شێوەگەلی ڕێپێوانی ئاشتیانە، مانگرتن، ڕێزگرتن لە یادکردنەوەی ڕۆژە مێژووییەکان و ساڵیادی کارەساتە دڵتەزێنەکان، بەڕێوەبردنی حەرەکاتی نمادین و ... هتد بەڕێوە دەچن، ئەم مێتۆدە هەم لە دەسەڵاتە پاوانخوازەکان و هەمیش لە دەسەڵاتە دێموکراتیکەکاندا بەپێی هەلومەرج بەڕێوە دەچێت.

لە حکومەتە دێموکرات و خەڵکیەکاندا کە مافی تاک و نەتەوە پارێزراوە و ئیزنی یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە بۆنە نەتەوەییەکان و ڕێپێوانە گشتیەکان دەدرێت، بە شێوەی ئاشکرا و بە ئاگادار کردنەوەی حکومەت بەڕێوە دەچێت. بەڵام لە دەسەڵاتی پاوانخواز و دیکتاتۆردا کە ئیزن بە هیچ بیرێکی جیاواز نادرێت و ڕێز لە هیچ بیر و باوەڕێکی گرووپ و نەتەوەی جیاواز لەو وڵاتەدا ناگیردرێت، بە شێوەی نافەرمانی مەدەنی و بە پێچەوانەی خواستی دەسەڵات لە شکڵی گونجاودا بەڕێوە دەچێت.

٣- خەباتی چەکدارانە: لە حاڵەتێکدا دەسەڵاتی ناوەندیی ماف و ئازادیەکانی نەتەوە یان کەمایەتییەک کە لە چوارچێوەی ئەو حکومەتەدا دەژین، قەبوڵ نەکات و بە هێرشی سەربازی هەوڵی تەسلیم کردن و مل کەچ کردنیان بدات، رێکخراوە و حیزبە سیاسیەکان کە نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە دەکەن لە بەرانبەر زوڵم و زۆری حکومەتی ناوەندیدا، بە مەبەستی بەرگری لە شوناس و مەوجودیەتی نەتەوەکەیان،ناچار دەبن دەست بۆ چەک بەرن، تا ئەو کاتەی کە بە ویست و داخوازە رەواکانیان دەگەن.

٤- راپەڕینی گشتی: کاتێک دەسەڵاتی ناوەندی لە وڵاتێکدا رەوایی خۆی لەدەست دەدات و توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی نامێنێت، هەر بیرۆکەیەکی نوێ و هەر هەوڵێکی چاکسازی کپ دەکاتەوە و بە هەڕەشە و زەبری هێز دەیهەوێت بە هەر شێوەیەک درێژە بە مان و مەوجودیەتی خۆی بدات،یان لە حاڵەتێکدا کە حاکمییەت خەڵک و وڵات بە قوربانیی ویست و خواستی خۆی بکات و خەڵک لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و ... بکەونە ژێر گوشارەوە و رۆژ بە رۆژ زیاتر تەنگەتاو بکرێن، ئەوکاتەئە و کەس و لایەنانەی کە هەست بە بەرپرسایەتی و چەوسانەوە دەکەن، بە مەبەستی لابردن و ئاڵوگۆڕی جۆری حوکمڕانی دێنە ناو شەقام و دەست بە خۆپیشاندان و بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی حاکم دەکەن.

لەم شێوازەدا بۆ کۆتایی هێنان بە حکومەت لە کەمترین کات و دانی کەمترین خەسار، لە هەر دوو جۆری خەباتی مەدەنی و چەکداری کەڵک وەردەگیردرێت و بزووتنەوەی چەکداری بە مەبەستی پاراستنی خەڵک لە کوشت و کوشتار و زیندان و بە مەبەستی بەچۆک داهێنانی دەسەڵاتی ستەمکار بەکار دەبردرێت.

قۆناغی نهێنی یان ژێر زەمینی: خۆ رێکخستن و خۆ تەیار کردن بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ کاتی گونجاوی خەباتی ئاشکرا. پێش مەرجی دەستپێکی هەر جۆرە حەرەکەتێکە (راپەڕینی گشتی، بزووتنەوە مەدەنیەکان یان خەباتی چەکداری) و حیزب و رێکخراوەکان کە مودیریەتی خەبات دەکەن، پێش لە دەستپێکی خەبات و ئاشکرا کردنی، بە شێوەیەکی رێکخراوەیی هەوڵ دەدەن کەسانی پسپۆڕ و کادری شارەزا بار بێنن و پێوەندیەکانیان لەگەڵا خەڵک قورس و قایم بکەن، هەروەها شێوەی کار و مێتۆدی بەربەرەکانێدەستنیشان دەکەن.

## بارودۆخی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان!

زیاتر لە یەک سەدەیە گەلی کورد لە هەر چوار پارچە دابەشکراوەکەی کوردستاندا بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی سیاسی و شارستانی خۆی، لە هەمو جۆرەکانی خەبات (مەدەنی ـ چەکداری و سیاسی و تیکەڵاو) کەڵکی وەرگرتووە، بە سەدان سەرکردەی بلیمەتی لەو رێگایەدا بوونەتە قوربانی و بە هەزاران هەزار رۆڵەی بەجەرگی لە پێناو ئازادیدا بەند کراون یان شەهید بوون.

ئەمرۆکە بەخۆشیەوە دۆزی کورد سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاندووە و بە جیهانی بووەتەوە و بەرەو چارەسەری دەڕوات، لە باشووری کوردستان کیانێکی کوردی جێگیر بووە و چەند ساڵێکە ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری هەیە (ساڵی 1991ی زایینی بەملاوە)،

كوردستانی رۆژئاوا پاش ئاڵۆزبوونی سووریە و قەیرانی شەڕی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، خەریكە ببێتە خاوەن خۆبەڕێوەبەریەك و ساڵ بە ساڵ پێگەی خۆی بەهێزتر دەكات، لە كوردستانی باكوور پرسی كورد لەلایەن دەسەڵاتی توركیەوە وەك كێشەیەكی ئەو وڵاتە دانی پێنراوەو قۆناغ بە قۆناغ هەوڵی چارەسەری دەدرێت، بەڵام لە كوردستانی ژێر دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی ئێراندا هەنووكە هیچ كرانەوەیەك بە نیسبەت پرسی كورد وە بەرچاو ناكەوێت و دەسەڵات نەك هەر كوردەكانی وڵاتەكەی بە نەتەوەیەكی جیاوازو خاوەن ماف بەڕەسمی ناناسێت،بەڵكوو بە زەبری هێزی سەربازی و ئەمنییەتی كردنی كوردستان هەر جۆرە چالاكیەكی مەدەنی و شارستانیانەشی لێقەدەغە كردوون.

## كوردستانی رۆژهەڵات!

لە ٣٦ ساڵی رابردوودا، پاش سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هێرشی سپای پاسداران بۆ سەر كوردستانی ئێران، نەتەوەی كورد لەو وڵاتە لە هەمو مافە رەوا و بەرحەقەكانی خۆی بێبەش كراوە و وڵاتەكەشی (كوردستان) وەك وڵاتێكی داگیركراو و ژێر چەپۆك مامەڵەی لەگەڵادا كراوە و دەكرێ.

لە ماوەی ئەو ٣٦ ساڵەدا خەڵكی كوردستانی ئێران لە هەموو مێتۆدەكانی خەباتی رەوا (پارلەمانی، مەدەنی و چەكداری) بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافەكانی خۆیان و پێكەوەنانی كیانێكی كوردی و خۆبەڕێوەبەریەكی سیاسی كەڵكیان وەرگرتووە و هەنووكەش هەر بەردەوامن، بەڵام هەردەم بەرەوڕووی زیندان، سێدارە، تێرۆر و هێرشی نابەرانبەری ئەو حكومەتە بوونەتەوە.

كورد هەر لە سەرەتای هاتنە سەركاری كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە راشكاوی رایگەیاندووە كە پرسی كورد پرسێكی رەوایە و بە ئینكار، رەتكردنەوەو شەڕ و توندوتیژی چارەسەر نابێت و دواجار دەبێ‌لە رێگای سیاسەتەوە و لەسەر مێزی وتوویژ چارە بكرێت، چوون داواكەی خواستێكی بەرحەق و مرۆییە، پرسێكی سیاسییە و پێویستە لەسەر مێزی وتوووێژ و لە رێگای ئاشتیانەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام بە داخەوە لەسەر مێزی بەناو وتووێژیشدا قوربانی لێدەسێندرێت و دوكتور قاسملوو، رێبەری بلیمەتی گەلەكەمانیان شەهید كرد.

ئێستاكە نزیك بە دوو دەیەیە كە حیزبە سیاسیەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان تێكۆشانی چەكدارانەیان دژ بە كۆماری ئیسلامی ئێران راگرتووە و لە تاراوگەدا و لە سەر خاكی بەشێكی ئازادكراو لە كوردستان (باشووری كوردستان) تێكۆشانی سیاسی دەكەن و مودیرییەتی خەباتی مەدەنی و شارستانیانەیان گرتۆتە بەر، ئەگەرچی بۆ پاراستنی خۆیان و كەڵك وەرگرتن لە هەر هەلێكی گونجاو بەردەوامبوون لە سەر خەباتی چەكداری، هێزی ئامادە و تەیار و راهێنراویان هەیە، بەڵام بەو هیوایەی كە ئاڵوگۆڕێك لە فیكرییەتی چەقبەستووی كۆماری ئیسلامی ئێراندا بێتە ئاراوە و هەروەها لە راستای بەرژەوەندیی گشتی كورد و رێزگرتن لە دەسەڵاتی كوردیی باشووری كوردستان، تێكۆشانی چەكدارانەیان راگرتووە.

ماوەیەکە لە گۆشە و کەنارەوە، لە زاری هێندێک کەسایەتی و دڵسۆزانی گەلەکەمانەوە، ئەو جۆرە لێدوانانە دەبیسرێت کە گوایە لە رۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕش نەماوە و حیزبە سیاسیەکان هیچیان پێناکرێت!

ئێران نە ئافریقایە و نە هێندوستان، تا بە یەکپارچەیی لە بەرانبەر کێشەیەکی هاوبەش وەک رەگەزپەرەستی (چەوسانەوەی رەشپێستەکان بە دەستی سپی پێستەکان لە ئافریقا) یان داگیرکاری (ئیستعماری ئینگلیس لە هیندوستان) راپەڕن و بە خەباتێکی مەدەنی و راپەڕینی گشتی دەسەڵات بگوڕدرێت و سیستەمێکی دڵخواز و خەڵکی بهێنرێتە سەرکار.

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەچەشنە، کورد تەنیا یەکێکە لە چەند نەتەوەی پێکهێنەری ئێران و کوردستانی ئێران تەنیا سەدی هەشتی (٨%) خاکی ئێران پێک دێنێت، کەواتە شتێکی راستە ئەگەر بڵێین و باوەڕمان ئەوە بێت کە کورد بە تەنیایی ناتوانێت حکومەت بڕۆخێنێت، بەڵکوو تەنیا کاتێک دەتوانێت لە گۆڕینی دەسەڵاتی ئێران و لابردنی حکومەتدارۆڵی راستەقینەی هەبێت کە زۆربەی دانیشتوان و نەتەوە زۆڵمێکراوەکانی وەک ئازەری و عەرەب و بەلووچ و تورکمەنەکانیش هاوڕا و هاودەنگی کورد دژ بەو دەسەڵاتە راپەڕن و داوای مافی نەتەوەیی خۆیان بکەن.

ئەو راستییە و ئاگاداربوون لەو پێکهاتەیەی ئێران هۆکارێک بوو تا رێبەری بلیمەتی گەلەکەمان و سکرتێری پێشووتری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران (لە سەردەمی خەباتی پارتیزانیدا) باس لەوە بکات کە رێژیمی ئێران تەنیا بەئێمەی کورد نارۆخێت، بەڵکو ئێمە تەنیا دەتوانین نائارامی و سەرئێشەی بۆ دروست بکەین، تا پێمان بڵێت چیتان دەوێ.

لەو کاتەدا کە کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی تێدەپەڕاند، هەم لەگەڵ عێراق لە شەڕدا بوو و هەم لەگەڵ دەیان قەیرانی ناوخۆیی داوێنی گرتبوو، شەهید دوکتور قاسملوو دەیزانی کە کورد بە تەنیایی ناتوانێت ببێتە ئاڵترناتیڤ بۆ لە نێو بردن و رووخاندنی دەسەڵاتی ئێران، هەر بۆیە، ئێستا و لە گەڵ هەموو قەیرانەکانیشدا کە کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوویان بووەتەوە، بە تەواوی ئاشکرایە کە کورد بۆ رووخاندنی رێژیمی ئێران پێویستی بە هاوخەباتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتەیە و نابێهێزی خۆی بە تەنیایی لە شەڕێکی نابەرانبەردا لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامی بخاتە گەڕ.

ئەگەر چاو لە سەرکەوتن و دەسکەوتی گەلانی بندەست لە جیهان بکەین، جگە لەو وڵاتانەی کە یاسای دێموکراتیک حاکمیەت دەکات و دەکرێ لە رێگای پارلەمان و راپرسییەوە ویست و خواست و مافی خەڵک بە دێبێت، ئەو گەلانەی کە ژێردەستەی وڵاتانی دیکتاتۆر و پاوانخوازن، ئەو نەتەوە بندەستانەی کە مافەکانیان لە لایەن دەسەڵاتی سەرەڕۆ و زۆرداری ناوەندییەوە پشتگوێدەخرێن، لەو حاڵەتەدا دەتوانن مافە رەواکانی خۆیان بەدەست بێنن و دەسەڵاتێکی خۆجێیی بەرهەم بنێن کە دەسەڵاتی ناوەندی بە هۆیهێرشی دەرەکی یان شەڕی ناوخۆیی یان قەیرانی ئابووری لاواز بووبێت و نەتوانێت تەواویەتی خۆی بپارێزێت.

نموونەی ئەودەسکەوتانە بۆ گەلەکەمانمان هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٣٢٤ی هەتاوی) لە مەهاباد، هەم پێکهاتنی

هەرێمی کوردستان لە باشوور (١٩٩١ی زایینی) و هەم پێکهاتنی کانتۆنەکان لە کوردستانی رۆژئـاوا بینی، بەئاشکرا ئەو دەسکەوتانە لەو حاڵەتانەدا بۆ گەلەکەمان بەدی هاتون کە دەسەڵاتی ناوەندی لاواز بووە و تووشی قەیران و شەڕی ناوخۆیی هاتووە.

ئەمڕۆ قۆناغی یەکڕیزی و یەکدەنگی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردە، دوژمنـان و نەیـارانی کورد وەک سیاسەتی هەمیشەیی، هەوڵی تێکدانی بنەماڵەی کورد و پێشگیری لە یەکدەنگی و یەکڕیزی حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی دەدەن. کەوابـوو گەر حیزب یـان لایەنێکی سیاسی پێشـوەخت هەڵسـوکەوتی نەگونجـاو (دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری لە هەلـومەرجی نەگونجـاودا یـان وتـووێژی یەکلایەنە لەگەڵ دەسەڵاتی سەرەڕۆ و پاوانخواز) بکات، ئەوە مانای ناسیاسی و نابەرپرس بوونی ئەو لایەنە دەگەیەنێت.

کـاری ئەحزابـی سیاسـی چـاوەدێری و خوێنـدنەوەی راسـتی واقعییەتـی رووداوە سیاسـیەکانە، تـا بتوانێت راسـتترین بڕیـار و گونجاوترین بژاردە کە باشترین سوودی بۆ گەلەکەی هەبێت دیاری بکات.

لە کوردستانی ئێراندا رەوایی خەبـاتی چەکداری رەت نەکراوەتەوە (ئەگەرچی مـاوەی دوو دەیەیە چـالاکی چەکداری تـا ئاستێکی بەرز بە هـۆی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی راگیـراوە)، خەبـاتی مەدەنیش لە رێگـای رێکخراوەکـانی لاوان، ژنـان و خوێنـدکاران و هەروەهـا رێکخراوە کۆمەڵایەتی و کرێکاریەکان و ئەندامانی نهێنی حیزبەکانەوە بە پێی هەلومەرج و لە مێتۆدی گونجـاودابەردەوامە و ساڵ بە ساڵ بەرەو پێش دەچێت.

خەبـاتی چەکداری و مەدەنی لە کوردستانی رۆژهەڵات لێک گرێدراون و تەواوکەری یەکترن، ئەمڕۆ کە قۆناغی رێکخستن، پێوەنـدی و ئامادەکارییە، لە داهـاتوویەکی نزیکدا دەست لە نـاو دەستی یەکتر قەڵای زوڵم و زۆرداری دەسـەڵاتی ئاخونـدی تێک دەرۆخێنن و سەردەمێکی نوێ‌بۆ نەتەوەکەمان بەرهەم دێنن.

لەم هەلومەرجەدا ئەرکیئازادیخوازان،لاوان و خوێندکارانی نەتەوەکەمان، هەروەهـا ئەرکی هەمو ئەنـدامانی حیـزبە سیاسـی‌یەکانی کوردسـتـانە کە لەم قۆنـاغەدا خـۆڕاگرتر بـن و بە باوەڕمەنـدبوونیان بە رێبەرایەتـی بزووتنەوەکەیـان، چـاوەڕوانی بڕیـاری رێبەرایەتی‌یەکەیان بن تا لە دەرفەتە گونجاوەکان بە یەکگرتوویی کەڵک وەرگرین و پێکەوە ئاواتی شەهیدەکانمان بە دی بێنین.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان میدیا / رێکەوتی : ٧ی ژانویەی ٢٠١٥

# بووژانەوەی شۆڕش بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبێڵن!

محەممەد سلێمانی

بۆ ماوەیەک دەبێت بە شێوەی بەربڵاو گوێ بیسی بووژاندنەوە و چالاک کردنەوەی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبین و ژمارەیەک لە کوردەکانیش فیکری خۆیان بەو مەسەلەیە سەرقالکردوە لە ئاستی دەرەوە و نێوخۆدا.



دیارە ئەو باسە بێگوومان گرینگی ستراتیژی سیاسی و مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو دۆستانەیش کە بەو کارەهەستاون، ڕەنگە پەرۆشیان بۆ لاوازی بزووتنەوەی شۆڕشگێری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوی گرتبێت و هەوڵبدەن لەو ڕێگایەوە وشیاری و بەرچاوڕوونیەک بڵاوبکەنەوە، هەتا ئەو مەسەلەیە بکرێتە هەوێنی باس و خواسی گشتی لە لای حیزبەکان. لەڕاستیدا ئەو پیامە زۆر لە جێگای خۆیدایەوە و هەتا ئەگەر بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکیش بێت، بێگوومان کاردانەوەیەکی باش بەدوایخۆیدا دێنێت و هەموولایەک لە سەر زۆر خاڵی هەستیار و پەیوەندیدار ئاگادەکاتەوە کە بەچاوی ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی بزووتنەوە کەیان لە هەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆدابکەن.

پێویستە لێرەدا ڕووی قسەی دڵیخۆمان ئاڕاستەی ئەو بەرێزانە بکەین کە شەو و ڕۆژ، خەو و پشوویان لە خۆیان حەرامکردوە و زۆر دڵخۆشکەرانە و بە بەردەوامی لەو ڕێگاپیرۆزەدا هاوڵیخۆیان خستۆتەگڕ بۆ ئەوەی فشارێک بخەنە سەر حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات (کوردستان ). بەمەبەستی دیسان چالاکبوونەوە و هاتنەدەر لە قۆناخی "کەمپ نشینی" کە بەهۆی بارودۆخی خاسیخۆیان لە هەرێمی کوردستان تێیکەوتن. دیارە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی بەدەست هاتوو لە کوردستانی ئازاددا، بەهاوبەشی لە گەڵ براکوردەکانیان بپیارێزن و هاوکاربن بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسە سیاسی و نیشتیمانیە، خەبات و تێکۆشانیخۆیان "هەڵپەسارد و بەوجۆرە شۆڕشیان خستە ئەو ئاستە لاوازەی" کە ئەمڕۆ هێندێک کەس و میدیاکار لە" باشوور "یش دەیان هەوێت قەرەبووی خەباتمان بۆ بکەنەوە.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەزۆربەی قۆناخە مێژوویەکانیدا، سەرقافڵەی نوێی شۆڕشی گەلی کوردستانی لەسەرشانبووە و ئێسایش لە جاران زیمنەی پەرەگرتن و بووژانەوەی خەبات و تێکۆشان بەرچاوترە. پێموانیە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بیان هەوێت دەستی یارمەتی و هاوکاری سیاسی بەشەکانیتری کوردستان ڕەدبکەنەوە، بەڵام باهەموولایەک مەسەلەی بووژانەوەی شۆڕش بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزەسیاسیەکان بەجێبێڵن و کارێک نەکرێ کۆپی شۆڕش لوێشدا سەرهەڵبدات و میکانیزمەکانی بووژانەوەی خەبات بەرەو ئاقارێکیتربڕاوت. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدڵنیایەوە بەئەندازەی پێویست بەرچاوڕوونی لەسەر مەسەلە سیاسی و

نەتەوایەتی هەیە و ئەو وشیاریە پانتایەکی باشی لە کۆی ڕووداوەسیاسیەکانی ئێران بۆخۆی گرتووە و زۆر دەمێکە ئاشنان بە جۆرو شێوەکانی خەبات و بە پێچەوانەی ئەو کەسانەیش کە دەڵێن لەویٚ واتە: لە ڕۆژهەلاتی کوردستان شۆڕش پەکی کەوتووە و چاولەدەستی ئەملاو و ئەولابێت.

بێگومان ئێمە لەسەر ئەوەی ڕانەهاتووین لە پێناو دەسکەوتێکی پچووکدا، پەنابەرینە بەر نەیارانی گەلی کورد و کێشە ڕەواکەی لە دەوروبەرمان.

ئەو بزووتنەوەیەش کە لەو پەیوەندیەدا خەریکە دەکەوێتە سەر پێیخۆی، بێگومان لە توانایدا نابێت، پێشڕەوی ئەو خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتیە بەرینەی گەلی کورد بکات و پێیان وابێت بەو پۆلە لە نەیارانی ڕێژیمی ئاخوندی ئیران، شۆڕش لە قۆناخی لاوازی دەهێنرێتەدەرەوە و لە غیابی حیزبەکانیشدا جووڵانەوە سەری بەرزدەکاتەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هێندێک میدیاکارو خەڵکی نەناسراو لە باشووری کوردستان لە ژێرناوی هاوکاری شۆڕشی خەڵکی کوردستان هەوڵدەدەن ڕۆڵی هێزەسیاسیەکان و خەڵکی تێکۆشەر و مافویستی ئەو بەشەی کوردستان پەراوێزبخەن و نوێنەرایەتی ئیرادەی سیاسی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بکەن و وای پێشانبدەن کە حیزبەکان بەهۆی ژیانی ئۆردوگا نشینیانەوە، لە بەرنامەی کردارییان دوورکەوتونەتەوە و خۆیان لەتێکۆشانی سیاسی پشت ئاوکردوە.

بەڵام ئەوەیٚ ئەمڕۆ بەشێوەی گشتی، خەڵکی دڵسۆز و تێکۆشەری کوردستان لە قۆناخی ئێستادا سەرنجی خۆی خستۆتەسەر و بەپەرۆشەوە لێکدانەوەی لەبارەوە ئەنجامدەدات و چاوەدێریدەکات، سەبارەت بە مەترسی ئەو سیاسەت و بەرنامەیەن کە هەوڵی دست خستنە نێوکاروباری سیاسی ڕۆژهەلات خەریکە روونتر خۆی دەردەخات و هەلومەرجێکی تر هەوڵی پێک هێنانی بۆ دەدرێت. دیارە ئەو مەسەلەیە گەلێک گرینگترو فراوانترە کە بەو جۆرە بیری لێدەکرێتەوە، شۆڕش دەبێت لە نێوخۆی وڵاتدا سەرهەڵبدات و ناکریٚ شۆڕشیکی شوێنێکیتر کۆپی خەباتی خەڵکی بەشێکیتر بکرێت و هەوسەنگی سیاسی بۆ ڕابگیرێت. کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هێزە ولایەنەکانیان شانازی گەورەی جوولانەوەی ناسیۆنالیزمی سیاسی و مۆدێرینی کوردیان خستۆتە سەر لاپەڕەکانی مێژووی سیاسی و ئێستایش ئەو ڕێگا و ڕێبازە سیاسی و نەتەوەیە درێژەی هەیە.

ڕاستە خەبات لەو بەشەی کوردستان بە بەراورد لە گەڵ پارچەکانیتری کوردستان لاوازترە. بەڵام نابێت بەومانایە لێکبدرێتەوە کە ئیدی کەس لویٚ هەستی شۆڕش و خەباتی تێدا نەماوە. سەرەتا هەموولایەک دەبێت چاو بە ئاستی پێک هاتەی نەتەوەی و فرە گەلی لە ئێراندا بگێڕیت و هەلومەرجی سیاسی و نەتەوەی ئیران لەگەڵ وڵاتەکانیتری داگیرکەری کوردستان تەواو جیاوازە و دەکریٚ هەربەوجۆرەش لێکدانەوەی لە سەربکرێت. بەدڵنیایەوە کەس لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان نادۆزرێتەوە" لایەنگری لە لاوازی شۆڕش و لاوازترکردنی بکات" ، بەڵام دەبێت هەلومەرجی سیاسی نێوخۆی حیزب و ڕێکخراوەکان وەک هەیە لێکبدرێتەوە و هانی ئەو هێزانە بدرێت بە سیاسەت و ستراتیژی بەرانگاربوونەوەیان لە گەڵ ڕیژیمی ئاخوندیدا بچنەوە و پەیرەوی لە سیاسەت و بەرنامەگێیک بکەن کە زەمینەی چالاکی سیاسیان دەستەبەربکات.

باشە کەس ئەوەی دەپرسێت بۆ چی حیزبی دیمۆکرات و هێزەکانیتری ڕۆژهەڵات دەست بەرداری خەباتی خۆیانبوون و بەرەوقوڵای خەکی کوردستان بەچەند کیلۆمیتر لە سنوورەکانی بەینی ئێران و ئێراق دوورکەوتنەوە. ڕەنگە کەس حەزنەکات بەدواداچوون بۆ ئەوباسەبکات، بەڵام بەخێرای بەدوای ئەوەدا دەگەڕین کە جێگرەوەی حیزبەکان بدۆزرێتەوە. بێگوومان ئەوکرداره ناچێتە خانەی ئینساف و ئەخلاقی سیاسی و شۆڕشگێڕیەوە. بائەوەش بزانین" شۆڕش هەڵگریساند، ئەوەندەی پاراستن و پەرەپێدانی لە وڵاتدا زەحمەت و ماندووبوونی نیە".

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٧ی ژانویەی ٢٠١٥

# پرۆژەیەک بۆ ژیانەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان*

مەسعوود ڕۆستەمی

## بەشی یەکەم:

لە کۆمەڵگەیەکی سەراپا حیزبی، ئاخافتنی کەسێکی ناحیزبی کە بەس کەڵکەڵکە نەتەوایەتییەکان پاڵی پێوە دەنێ کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ دۆزینەوەی ڕێکار و ڕێگە چارەیێک لە ڕاستای ڕێبازێک بۆ بووژاندنەوەی خەبات یان سەرکەوتنی خەبات، لەوانەیە نە تەنیا کرپارێکی نەبێ، بەڵکوو بە چاوی گۆمانیشەوە سەیر بکرێ. بە داخەوە لەم کۆمەڵگەیەدا ئەمە تەنیا حیزب نییە کە بە دوای ئێنحساری حەقیقەتە؛ بە هەمان شێوە نووسەر و ڕووناکبیریشمان ئەگەر شتێک لە زاری خۆی نەیتە نەدەرەوە بێنرخی دەکات. لەم کۆمەڵگەیەدا ئەوەی گرینگە بێژەری وتەیە نەک حەقیقەت. بە هەر حاڵ ئەمەش نابێ ببێتە بیانوویێک بۆ خۆ دزینەوەمان لە ئەرکگەلێک کە لەم قۆناخە هەستیارە کە لە سەر شانمانە. نووسەر بە ئەرکی خۆی دەزانێ بۆ ژیاندنەوەی خەبات و سەرکەوتنی گەلەکەی ئەوەی وەکوو خۆم پێم دەکرێ هەستم بە ئەنجامی. جا ئەگەر ئەم نووسینە بتوانێ تەنانەت گۆشەیێک لە کێشە هەنووکەییەکانیشمان چارەسەر بکات مایەی خۆشحاڵییە.

ئەگەریش تەسەلۆبی حیزبی وا بکات کە پشت گوێ بخرێ، لانیکەم لای ویژدانی خۆمان شەرمەزار نابین. بۆیە هەڵدەستم بە نووسینی ئەم مانیفێستە و دەیخەمە بەر دەست ئەقڵ و ویژدانی حیزب و نووسەر و چالاکڤانانی کورد، بۆ هەستانەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵات وەکوو ئەرکێکی نە تەنها نەتەوایەتی، بەڵکوو لە هەمان کاتدا وەکوو ئەرکێکی ئینسانی.

ماوەیەک لەمەو پێش کاک هێمن سەیدی باسێکی هێنایە ئاراوە بە ناو ئاشتی نەتەوایەتی. گوێبیستی قسەکانی بووم، بێ ئەوەی بمەوێ هەوڵەکانی کاک هێمن بێ نرخ بکەم، پێویستە بڵێم ئەوەی کاک هێمن باسی دەکات بابەتێکی عاتفییە و پێش ئەوێش کەسانێک ورووژاندوویانە؛ بەڵام بە داخەوە هیچ ئاکامێکی نەبووە. هەر کوردێکی ئازادیخواز پێی خۆشە ئەم پرژ و بڵاوییە و ئەم دگان لە یەک ڕیچ کردنەوە لە ناو کۆمەڵگەی کوردی تەواو بێت و پێکەوە بۆ ئازادی نیشتمانمان کار بکەین. ئەمما بە داخەوە تا ئێستا نە تەنها بە ئاکام نەگەیشتووە، کە چی خراپتریش بووگە و جۆرێ لە بێهیواییشی بە دواوە هێناوە. پێویست ناکات بە وردی بچمە ناو ئاکامەکانی شکستی ئەو جۆرە هەولانە کە پاڵنەرەکانی هەست و عاتفەیە. بەڵام بۆچی هەوڵی ڕێکخستنی لایەنە سیاسییەکان- جا لە هەر بەشێکی کوردستان بێت- لە لایەن دڵسۆزانی کوردستان بە ئەنجام ناگات؟ ئەمە هەر ئەو پرسیارەیە کە دڵسۆزانی کوردستان کاتێ دڵسۆزانە داوا دەکەن لایەنەکان چیتر دژایەتی یەک نەکەن و پێکەوە هاوکار بن، لە بەر چاو ناگرن. وڵامی ئەم پرسیارە لە دوو شتدا دەدۆزرێتەوە: یەکەم مێژوو؛ دووهەم ئەقڵی کوردی.

دیارە خۆدی ئەقڵی کوردی بەرهەمی مێژووە، بەڵام ئەو مێژووەی مەدی نەزەری منە و لێرەدا لە ئەقڵی کوردی جیام کردۆتەوە، مێژوویێکە کە گۆڕانکارییەکانی خۆی لە سەروی کوردەوە بە سەرماندا سەپاندووە و کردار و پەرچەکردارەکانی ئەقڵی سیاسی کوردی -کە خۆی بەرهەمی ئەقڵی کوردییە -لە قەواعدی کایەی سیاسی لە نێو کایەکەرەکانی ناوخۆی کۆمەڵگەی کوردی و دراوسێکانی کورد، کە کوردستان لە نێوانیاندا دابەش بووە مۆتەعەیەن دەکات.

بە واتایێکیتر پێویستە چۆنییەتی هەڵسووکەوتی ئەقڵی سیاسیی کوردی کە خۆی هەڵقوڵاوی ئەقڵی کوردییە، لەگەڵ گۆڕانکارییە مەعریفی و سیاسییەکان بخوێندرێتەوە؛ ئانجا باس لە کاری هاوبەش بکرێ. مەبەست لە ئەقڵی کوردی، ئەقڵانییەتێکە کە لە دوو رەهەند پێک دێت. یەکەم، ئەو رەهەندەی لە ئەقڵانییەت کە لە هەموو مرۆڤیکدا هەیە و هاوبەشە؛ وە دووهەم ئەو رەهەندەی کە بە درێژایی هەزاران ساڵ شکڵی گرتووە و ئەمڕۆکە هەڵسووکەتی مرۆڤیکی کورد لە هەموو جۆمگەکانی کایە کۆمەڵایەتییەکان و روانینی بۆ مەقولەی هەبوون بە گشتی تەعین دەکات. هەر ئەم رەهەندەی ئەقڵانییەتە کە لایف ستایڵ یان شێوازی ژیانی هەر نەتەوییێک لە نەتەوەکانیتری جیا دەکاتەوە. مەبەست لە ئەقڵی سیاسی-یش رەنگدانەوەی(بازتاب) هەمان ئەقڵی کوردییە، بەڵام لە بواری سیاسەت بە هەموو رەهەندەکانییەوە. تێگەیشنی مرۆڤی کورد بۆ دەسەڵاتی خۆدی، بێگانە، خاک و نەتەوە، هاوکاری و تەعامۆڵی سیاسی، هێز، ئازادی، ئەخلاق و هتد. کە وایە ئێمە کاتێ لە ئەقڵی کوردی قسە دەکەین مەبەستمان مەقولەییێکی مەعرفەت ناسانە- هەستی ناسانەیە. بێگۆمان ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی یان لانیکەم بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردی هەمیشە بە دەستییەوە دەناڵێنێ و هەوڵ ئەدەن چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە و بەڵام ناتوانن، نەخوێندنەوەی ئەم ئەقڵی کوردی-ەیە. بۆیە گومانم نییە هەر هەوڵێک بۆ رێکخستن و هاودەنگ کردن، یان هەمان شت کە دەڵێن ئاشتی نەتەوایەتی نایێتە ئاراوە مەگەر ئەوەی کە گۆڕانێک لە ئەقڵی سیاسی کوردی بکرێ. بە راستی بۆ خۆمانی لێ بکەین بە گێل، مەگەر هۆکاری دابەش بوونی دێمۆکرات، بەس سەرکردەکانی ئەو حیزبە بوون. ئەو کات کە سەرەتای دابەش بوونەکە بوو، کەسانێک هاتن و رای منیان پرسی.

هەر ئەو کات گوتم کارێکی وا مەکەن. ئەم بەشەی وتەی من گرینگ نییە، زۆر کەس هەر لەو سەردەمە پێشنیاری وایان کرد. ئەوەی بۆ من گرینگە شێوازی لایەنگەرانی هەر باڵەکە بوون. بە راستی ئایا ئەو هەڵسووکەتانە، -سەرقاڵتان ناکەم بە وردە کارییەکانی- نەتیجەی هەمان ئەقڵانییەت نییە کە پێشتر باسم کرد. بە هەر حاڵ ئێستا باسی ئاشتی نەتەوایەتیە دەکرێ، وە ئەندامان و لایەنگرانی دێمۆکراتیش بە هەمان شوور و شەعەف کە باسی جودابییان دەکرد، ئێستە خوازیاری یەکگرتنەوەن، دەناڵێنن کە سەرکردەکان گوێبیستیان نین. جا نازانم ئەو کات کە بەشێک لە سەرکردەکان هەوڵی جودا بوونەوەیان دەدا و بەشێکیتریش هەوڵی رەوانە کردن، لە ژێر خوازیاری یان ئاهوناڵەی لایەنگرەکانییان بوو یا نە. باشە مەگەر مێژووی لادان هەر بۆ ئەمجارە دەگەڕێتەوە کە لایەنگرانی هەر دوو باڵ وا هەراسانن و ئاهوناڵە دەکەن. مەگەر پێشتریش لە سەردەمی شەهید قاسملوو رووی نەدا. هێگڵ دەبێژێ هەر رووداوێکی مێژوویی دووجار روو ئەدات. بەڵام مارکس بە جوانی وتەکی هێگل تەکمیڵ دەکات و دەبێژێ، ئەوەی هێگڵ فەرامۆشی کردووە بەم وتەیە زیاد بکات ئەوەیە کە هەر رووداوێکی مێژوویی دووجار روو ئەدات، بەڵام جاری یەکەم بە شێوەی تراژدی و جاری دووهەم بە شێوەی کۆمێدی. بەڕاستی دابڕانی یەکەمی دێمۆکرات تراژێدی بوو، بەڵام دووهەمەکەی کۆمێدی. هەمیشە دەبێژن هەڵە بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ. بە راستی گرینگ نییە کە هەڵە نەکەی چۆن هەڵە بەشێکە لە ژیان و تەنها کەسانێک هەڵە ناکەن کە کارێک ناکەن. گرینگ ئەوەیە کە هەڵەییێک دووپات و چەند پات نەکەیتەوە. چۆن ئیتر لەم حاڵەتدا هەڵەییێک نییە کە دووپاتت

کردۆتەوە، بەڵکوو ئیتر حەماقەتە، حەماقەت. بە ڕاستی بنەماکانی ئەم جۆرە هەڵسووکەوتانە چین؟ ئەگەر جیابوونەوە باش بوو، بۆ یەکیان گرتەوە و ئەگەریش خراپ بوو بۆ دووبارە جیا بوونەوە؟ ڕەنگە کەسانێ بێژن ئەوە شتێکی ئاساییە و لە سیاسەت ئەم شتانە روو ئەدات. لە وەڵام وەها تێگەیشتێک لە سیاسەت شتێکم نییە بڵێم جگە لەوەی کە بێژم: ئەویە ئەقڵی سیاسی کوردی. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەقڵی سیاسی کوردی ئەوەیە کە شتەکان حەیسییەتی دەکاتەوە. هەروا کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەقڵی سیاسی ڕەنگدانەوەی(بازتاب) ئەقڵی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر سەرنجتان دابێ دەبینن کە کۆمەڵگەی کوردی وەکوو کۆمەڵگەیێکی سونەتیی و نامۆدێرن، بابەتەکان حەیسییەتی دەکاتەوە. لە کۆمەڵگەی کوردی کاتێ کەسێ بێژێ فڵانە شت نابێ، یان قبووڵم نییە، یان وا نییە و هتد، ئەوەندە لە سەری پێداگری دەکات کە بابەتەکە حەیسییەتی دەبێتەوە و ئیتر گەڕانەوە لە وتەکەی بەرامبەر دەبێ بە ئابڕوو چوون. بەڕاستی بۆ وای لێ دێت و بابەتەکان، -بە بابەتە سیاسییەکانیشەوە- بۆ حەیسییەتی دەکرن. ئەو کەسەی کە بابەتەکە حەیسییەتی دەکات، چۆن خۆی لە دڵی کۆمەڵگەکە پەروەردە بووگە بە باشی ئاکامی کشانەوەکی دەزانێ. چۆن ئەقڵی کۆمەڵایەتی بە وتەگەلێک دەیرازێنێتەوە کە حەیای دەبات.

دەتوانین بە بەشێک لەم وتانە کە هەمووومان ڕۆژانە دەیبیسین ئاماژە بکەین: ئاخرەکەی فڵانی دۆڕاندی؛ تۆ ئەمەتە ئەزانی بۆ هەر لە ئەوەڵەوە وات کرد؛ هەر لە ئەولەوە ئەمزانی کە دێیتە سەر قسەکەی من و هتد.

بابەت زۆر لەمانە قووڵتر دەبێ کاتێ سەرنج بدەین و ببینین لە دوای جیا بوونەوە کەسانێک کە لە هەر لایێک بیانەوێ بڕۆن بۆ لایێکیتر چۆن سەیر دەکرێن. لەو لایە کە جیا دەبێتەوە وەکو خائین و لەم لایە کە دەگەڕێتەوە وەکو تۆبەکار. ئەمانەیە ئەو ئەقڵی کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کورد کە باسم کرد؛ هەرچەند زۆر بە کورتی و هێشتا نەڕۆیشتوومەتە ناو بابەتی پێچیدەتر.

بە هەر حاڵ باسکردن لە ئاشتی نەتەوایەتی بە شێوەیێکی عاتیفی ناتوانێ کریارێکی یان سەرکەوتوو بێ. ئەگەر ئەمانەوێ بەڕاستی خەبات لە ڕۆژهەڵات بخەینەوە گەڕ ئەبێ خوێندنەوەیێکی وردبینانەی لێ بکەین، لە چۆنییەتیی یەکگرتنەوە تا دەگات بە هاوکاری نێوان حیزبەکان و پارچەکانیتری کوردستان. لەم مانیفێستەدا ئەمەوێ تا ئەو جێگەیە کە مۆمکێنە، ڕەهەندگەلێک بۆ ژیانەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵات بخەمە بەردەست. بە تایبەت بە ڕەخنە گرتن لە چەمکی ئەقڵانییەتی سیاسیی کوردی. هیوادارم ئەم بابەتە ڕۆڵێکی هەبێ لە ڕزگار بوون لە باروودخی هەنووکەیی.

### بەشی دووهەم:

ماوەی دوو دەیەیە کە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی شپرزی و ئاڵۆزی بووە. بەشێک لە کوردستان کە سەردەمێک یەکەم کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، لە دوای گۆڕانکارییەکانی شۆڕشی ئیران کانوون و پێشەنگی دیپلۆماسی کوردی لە ئاستی جیهان بوو، وە تا ئەو سەردەمەش گەورەترین حیزبی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان نوێنەرایەتی دەکرد، ئەمڕۆ ئەو حیزبە بە ئاقارێکدا ڕۆیشتووە کە نە تەنیا ئەم حیزبە نەیتوانیوە کەمترین مافەکانی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان دەستەبەر بکات، بەڵکوو لە هەمان

کاتدا هیچ ئاسەوارێ لەو حیزبەش بەدی ناکرێ. حیزبێ کە بە سەرۆکایەتی شەهید قاسملوو یەکەم ئەندامی ئینترسۆسیالیسمی نێونەتەوەیی بوو، ئەمڕۆکە لە قەیرانێکدا بەسەر دەبات کە نە تەنیا وەکوو جاران لە ئاستی جیهانیدا ئەکتیڤ نییە، تەنانەت لە ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بێکرداره. بەردەوام لە ئەدەبیاتێکی کلاسیک لوول دەخوات و وێنایێکی لادێی لە خەبات و نەتەوە پیشان دەدات و ناوچەگەرایی چارشێوێکی رەشی بە سەردا کێشاوە؛ بێ هیچ نوێگەرییەک بەردەوام لە نۆستالۆژیایێکی مێژوویی بە سەر دەبات و لە سەر خوانی پێشەوای نەمر و شەهید قاسملوو دەژیت، تا ئەو جێگەیەی کە دیوارێکی پۆلایینیشی لە شەهید قاسملوو دروست کردووە و خۆی تێیدا زیندانی کردووە.

ئەمە هیچ بەو مانایە نییە کە پێگەی شەهید قاسملوو نەزانین یان بمانەوێ سووکایەتی پێبکەین. ئەبێ هەر سەرکردەیێکی سیاسی لە سێ رەهەندەوە شرۆڤە بکەین؛ یەکەم وەکوو کەسایەتی، کە جێگەی رێز و حورمەتن؛ دووهەم وەکوو سیاسی کار، کە رەنگە هەڵەی سیاسییان کردبێ یان لە شوێنگەلێکدا ئاخافتنییان مەسڵەحەتی بووبێ؛ سێهەم وەکوو کەسێک کە رەنگە خاوەنی نووسین بێ. لە دوو حاڵەتی ئاخر جێگەی رەخنەن و ئەبێ ئەو کارەش بکرێ، ئەگینا ستەمێکی گەورەمان هەم لە هەقی خۆدی ئەو کەسانە کردووە و هەمیش لە خەبات و داهاتووی گەلەکەمان. بە داخەوە فرەهەنگی رۆژهەڵاتی ناڤین بە پێی ئەو مێژووەی کە هەیەتی هەمیشە هەوڵ ئەدات سیاسەتمدار وەکوو کەسێک پێناسە بکات کە بێ هەڵە، رەها و مۆقەددەسە. مێژووی ئەم روانینە بۆ سیاسەتمدار و دەسەڵاتدار دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی لە هەزاران ساڵ لەمەو بەر. ئەوکات کە پاشاکان خۆیان بە هەناردەی خودا دەناساند و بەم شێوەیە دەسەڵاتەکەیان رەواییێکی ئاسمانی بە دەست دەهێنا و خەڵکیش هەر بەو چاوە سەیری دەکردن. تیۆری پاشای هەناردە یان خودا-شا لە رۆژهەڵاتی ناڤین دزەی کردە یۆنان و لە فەلسەفەی سیاسیی ئەفلاتوون بە ناوی فیلسووف-شا خۆی دۆزیەوە. بۆ ئەقڵی یۆنانی کە هەنگاوی بۆ قۆناخێکی نوێی ئێپیستمەیی هەڵێنا بوو، خودا-شا خاوەن هێزی راکشانی فەلسەفی نەبوو. ئەمما لە هەمان کات دا، ئەم شێوە دەسەڵاتدارییەتیە هێندە کاریگەریی هەبوو کە کەسێ وەک ئەفلاتوون بەرەو لای خۆی رابکێشێ و لە ژێر ناوی فیلسووف-شا دا رواڵەتێکی فەلسەفی پێ ببەخشێ. فەلسەفەی مرۆڤی سیاسی-کۆمەڵایەتی مۆقەددەس و رەها، بەس لە دەسەڵاتدار خۆی نەدەبینیەوە. پێغەمبەرەکانیش بۆ نارەزایەتی و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ستەم، هەڵاواردن، وە لە سەروویانەوە ئەو ئایدیۆلۆژیەی کە دەسەڵاتدار نیازی پێ بوو تا کۆمەڵگە بچەوسێنیتەوە دەست بە دامێنی هەمان ئامراز دەبوون. پێغەمبەرەکان نارازیگەلێکی خوازیاری گۆڕانکاری بوون، بەڵام وەکوو مرۆڤی سادە نەیاندەتوانی رەوایی کۆمەڵایەتی-سیاسی بە دەست بێنن. بۆیە زمانیان ئەبوو بە زمانی خودا و وتەکانیان ئەبوو بە وتەکانی خودا، بۆ خۆشیان ئەبوون بە نێردراوی خودا، تا بەم شێوەیە لە دڵی کۆمەڵگەوە هەمان رۆڵی خودا-شا بگێڕن.

دیارە لە ناوچەیێک بەم پێشینەیە و خاوەن وەها ئەفلانییەتێک، خەڵک چۆن بۆ سیاسەتمەدار و رێبەر دەڕوانن. سیاسەتمەدار ئەبێ مرۆڤێکی بێ هەڵە، هەمووشتزان و فیلسووف بێ. لەوانەیە ئێستا هیچ سیاسەتمدارێک خۆی بە نێردروای خودا نەزانێ. ئەمما لە حافێزەی مێژوویی رۆژهەڵاتی ناڤین و ئێمەی کورد وەک بەشێک لە خەڵکی رۆژهەڵاتی ناڤین کاریگەرییەکانی بەجێماون تا بە هەمان چاو سەیری رێبەرەکان بکات. خۆ بەبێ نیاز زانینی سیاسەتمەدارەکانمان لە راوێژ و راوێژکاریش بۆ هەمان حافێزەی مێژوویی دەگەڕێتەوە. سیاسەتمەدارەکانمان پێیان وایە راوێژ هی کەسی نەفام و گەمژەیە. بۆیە لە کۆمەڵگەی ئێمە نەویستنی راوێژ و راوێژکار

نە تەنها خاڵی نێگاتیڤ نییە، بەڵکوو جێگەی شانازییە. لە وەها فەزاییێکدایە کە ڕێبەری موقەدەسکراو و بێ هەڵە خۆی دەبێتە بارێکی گران بە سەر گەل و حیزب. ئەگەر چاوێک بخشێنینە سەر کۆمەڵگەی کوردی، ئەبینین کە هەر حیزبێک خۆی لە پشتی سیاسەتمدارێکدا حەشار داوە و رواڵەتێکی ئۆستوورەیی پێ بەخشیوە. تەنانەت ئەگەر حیزبێکیش وەها کەسایەیتییەکی نەبێ، هەوڵ ئەدات دروستی بکات. ئەگەر بڕۆمە ناو زیانەکانی ئەم ئەقلییەتە گەلەک لە بابەتەکە دوور ئەکەومە، بۆیە هەر ئەوەندە ئەڵێم کە ڕێبەری ئۆستوورە-مۆقەدەس لە داهاتووێکی کورت خۆی دەبێتە گەورەترین کۆسپ لە ڕێگەی سیاسەت، خەبات، نوێگەری و گەشەی جیلی نوێ. بە پێویستی ئەزانم دووبارەی بکەمەوە ئەوەی وترا بە هیچ شێوەیێک بە مانای بێڕیزی کردن بە سیاسەتمدار و سەرکردەکانی کورد نییە. هیچ شتێک خۆشەویستتر لە ژیان و گیان نییە کە تاک بە تاکی خەباتگێرانی کوردستان لە پێناو ئازادی کوردستان دەیبەخشن. بۆیە هەموویان جێگای ڕێز و پێزانینن.

هەروا کە ئاماژەم پێکرد حیزبی دێمۆکرات هەنووکە لە قەیرانێکی گەورەدایە. لە پاڵ حیزبی دێمۆکرات، کۆمەڵەش پاش توانەوەی لە ناو کۆمۆنیستە فارسەکان، چیتر پێگەی حیزبەکەی پێش توانەوەی نەما، ئەگەرچی لەوانیش دابڕا. ئەگەر ئێمەی کورد خاوەنی دەوڵەتێکی کوردی بواین ئەمڕۆ خوێندوەمان بۆ ئەم رابردووە، بە شێوەیێکیتر دەبوو. ئەمما بە هۆی بارووودۆخی هەنووکەیی کورد کە سەدان هەزاربارە کراوەتەوە، خوێندنەوەی خەسارناسانەی ئەم قەیرانە کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا گرفتارە نە هەر پێویستە، بەڵکوو ئەرکی سەرشانمانە. بەڵام ئەم خەسارناسییە ئەبێ چۆن بێ، لە کوێیەوە ئەبێ دەستپێبکرێ و چۆن ئەکرێ ڕێگەیێک بدۆزینەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بتوانێ هەنگاو بەرەو سەرکەوتن هەڵێنێ؟ ئایا پێویستە هێز و توانای خۆمان بخەینە گەڕ بۆ ژیانەوەی حیزبگەلێک کە ئەوە ماوەی دوو دەیەیە کەمپنشینن و لە قەیراندان و تەنانەت یەک رستەی نوێشیان بەرهەم نەهێناوە؟ ئەگەر نە، ئاڵتێرناتیڤەکان کامانن؟ ئایا پەکەکە یان بە واتاییێکیتر پەژاک ئەتوانێ ئاڵتێرناتیڤ بێ؟ ئایا باشتر نییە ببینە باڵی درێژکراوی یەکێیەتی و پارتی لە ڕۆژهەڵات؟ ئیسلامی سیاسی چۆن؟ خۆ هەر نەبێ ئیسلامی سیاسی سونەگەری دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتێک دەکات کە لەسەر ئایدۆلۆژیای شیعەگەری دامەزراوە و بەشێک لە گەلی کورد لەم پارچەیەی کوردستان-یش سونین!!! ئایا ئەتوانین حیزبێکی نوێ دروست بکەین و پشت لە هەموو ئەمانە بکەین؟ یان نە، با هەموومان دلخۆش بین و چاوەڕوان تا بەڵکوو ڕیفۆرمخوازانی کورد و فارس، ئێرانی خۆشەویستمان!!! بۆ بکەن بە بەهەشتی دێمۆکراسی و فێدرالیزم!!! بە راستی ئەبێ لە کوێوە دەست پێبکەین. بۆ ئەوەی کە بتوانم وێنایێکی باشتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنەخشێنم و پاشان بچمە ناو وردە کارییەکانەوە، هێڵێک دەکێشمە نێوان هەموو خەباتگێران، چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی، مۆعتەرێزان و خوازیارانی گۆڕان لەم بەشەی کوردستان. ئەم هێڵە جیا کردنەوەیێک نییە بە پێی ئایدیۆلۆژیا یان جیاوازییە فیکرییەکان، بەڵکوو خەتێکی جۆگرافیاییە لە نێوان ئەوانەی کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتن و ئەوانەی کە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتن. ئەگەرچی ئەمە خەتێکی جۆگرافیاییە، بەڵام بێگۆمان دوو هەڵسووکەوتی سیاسی و ڕوانگەیی جیاوازی بە دوای خۆیدا هێناوە. ئەوانەی ناوخۆ، بە دوو دەستە دابەش دەکەم. یەکەم، هەموو ئەو کەسانەی، بە گشتی نووسەران، هونەرمەندان، شاعیران و چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی کە بە هیچ شێوەیێک تێکەلاوی کایەکانی حکوومەت نەوگن. دووهەم، ئەوانەی کە لە ژێر ناوی ڕیفۆرمخوازی تێکەلاوی حکوومەتن. ئەوانەش کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتن، بریتین لە حیزبە کوردییەکان بە گشتی، دێمۆکراتەکان، کۆمەڵەکان، کۆمەڵەی کۆمۆنیست، پاک و پەژاک. بە بڕوای نووسەر لە قۆناخی هەنووکەیی، تەئکید دەکەمەوە لە قۆناخی هەنووکەیی، تەنها حیزبی دێمۆکراتە کە ئەتوانێ خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەش بکاتەوە، هەموو

حیزبەکان لە ژێر یەک ئاڵا کۆ بکاتەوە، وە هەموو هێزە بێلفێعل و بێلقوەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵات کۆدەنگ و یەک دەنگ بکات. هەرچەند نازانین کام حیزبی دێمۆکرات!!! هەر لە ئیستاوە دەزانم پرسیارێکی رەخنەگەرانە لەم شێوە ئاراستەی ئەم بۆچوونەم دەکرێ: ئایا حیزبێک کە خۆی نیازی بە ژیانەوەیە، ئەتوانێ عاملی ژیاندنەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵات بێ؟ با هەر لەم سەرەتاوە وەڵامی ئەم بۆچوونە بدەمەوە. جیا لە دێمۆکرات، تەنها حیزبێک کە ئەتوانێ ئەم کارە بکات پەژاکە. بەڵام هەموومان دەزانین کە پەژاک باڵێکی پەکەکە-یە، وە بێ ڕەزامەندی و چرای سەوزی پەکەکە هیچ هەنگاوێک هەڵناگرێ. هەمووشمان دەزانین کە پەکەکە لەم کاتەدا هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامییە و لانیکەم لەم قۆناخەدا هیچ بەرنامەییێکی وەکوو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە.

بۆیە باسم لە قۆناخی هەنووکەیی کرد، چۆن لەوانەیە ئەم هانی موونە یان هەمان مانگی هەنگوێنی پەکەکە و کۆماری ئیسلامی لە کات و ساتێکدا تەواو بێ، وە لەو کاتەدا پەژاک ئەبێتە دژبەرێکی گەورە بۆ ئێران. حیزبی پاکیش کە هەم لە ناو ڕۆژهەڵات پێگەی لە ئاستی حیزبی دێمۆکرات نییە و هەمیش باڵی پارتییە. پارتیش ئەم حیزبەی بۆ ڕۆژی خۆی داناوە و قەت نایدات بە گژی ئێراندا. بەڵام لە هەمان کاتدا بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ پەژاک، لەو باوەڕە نیم کە بە حیزبێکی ڕۆژهەڵاتییان نەزانین. چونکە جیا لەوەی کە ئەندامەکانییان ڕۆژهەڵاتین و لایەنگرێکی زۆریشیان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات و تاراوگە هەیە، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بە ڕۆژهەڵاتییان نەزانین لە شرۆڤەی ئەقڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد و کاریگەرییەکانییان خراونەتە دەرەوە. پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وە لە سەرووشیانەوە دێمۆکرات ڕوانینی خۆی بۆ پەژاک بگۆڕێ؛ وە ئەگەر مانگی هەنگوینی ئێران و پەکەکە تەواو بوو بە باوەشێکی بازەوە پێشوازی لە پەژاک بکات بۆ بەشدار بوون لە خەبات. بە هەمان شێوەش ئەبێ پەژاک ئەوە بزانێ کە دەیان ساڵ دابەشبوونی کوردستان تایبەتمەندیگەلێکی لە هەر پارچەی کوردستان بە دواوە بووە، کە ئەقڵانی نییە پشت گوێ بخرێ. ئەگەر پەژاک ئەیەوێ بەشدارییێکی چالاکانەی هەبێ و لە هەمان کاتدا بە جێگەی باشتر کردنی ڕەوتی خەبات زەربەی لێ نەدات و نەبێ بە کۆسپ، پێویستە ئەم تایبەتمەندیگەلە لە پێش چاو بگرێ. ئەبێ ئەوە بزانین کە پەژاک و پەکەکە و پارتی و یەکێیەتی و هتد لە دایەرەی ئەو ئەقلانییەتەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەگۆنجن. بە ڕاستی کێشەی من لەگەڵ ئەوەدا نییە کە پەکەکە، پەژاک یان هەر حیزبێکی کوردی بە خائین بزانم یان ئەوەی کە ئەمانە خاک و گەلی کوردستانیان لاوە گرینگ نییە. بەڵکوو بە ڕای من ئەبێ هەموو کردارەکان لە ناو ئەقڵێکی سیاسی سەقەت بخوێندرێتەوە کە تا ئێستا کۆسپی بۆ سەرکەوتن پێکهێناوە و هەموو حیزبەکانی کوردستان لە هەر چوارپارچە لە دایەرەی هەمان ئەقڵانییەت دەسووڕنەوە. بە هەر حاڵ بە پێی ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەم پێ کرد، تەنها حیزبێک لە قۆناخی هەنووکەییدا بتوانێ خەباتی ڕۆژهەڵات زیندوو بکاتەوە دێمۆکراتە. ئەگەرچی خودی ئەو حیزبە خراو جۆرێ نەخۆشە. حیزبی دێمۆکرات ئەبێ ئەوە بزانێ ئەگەر هەڵنەستێ بە زیندوو کردنەوەی خۆی، شتێکی لێ ناگەڕێتەوە کە وەکوو جبهەی ملی فارسەکانی لێ دێت؛ کە جەماعەتێکی پیر و پاتاڵ، کە لە نۆستالۆژیای سەردەمی مۆسەدیق ئەژین و بە هێچ شێوەییێک حازر نین قبووڵی بکەن جبهەکەیان وەک خۆیان پیر بووە و توانای جووڵانەوەی نەماوە. ئەم جەماعەتە بەس بەوە دڵخۆشن کە ساڵانە لە ژێر وێنەی مۆسەدیق کۆ ببنەوە و یادێ لە ڕابردوو تازە بکەنەوە و وێنەیێکیش بۆ یادگاری بگرن، وە بە ناوی جبهەی ملی بڵاوی بکەنەوە. بە ڕاستی حیزبی دێمۆکرات پێگەییێکی باشی هەیە لە ناو ڕۆژهەڵات و ئەگەر ئەندامەکانی ئەیانەوێ بەو ئاقارەدا نەڕۆن، باشترە هەنگاو هەڵێنن. بەڵام نە هەنگاوێک کە لە ڕووی بێهیوایی و یەئسەوە بێت. لەو باوەڕدام، هەستانەوەیێک لە ڕووی

یەئەسەوە بێت، لە یەکەم هەنگاو شکستی خواردووە کە هیچ، بەڵکوو خۆی لە خۆیدا یانێ فی نەفسە شکستی خواردووە. بۆیە ئەبێ هەموو هەنگاوەکان لە رووی بەرنامەوە بێت و لەوپەڕی هیوا و ورەبەرزی. لێرەدا وتەیێکی نووسەران و سیاسەتمەدارانی فارس هەیە کە پێویستە ئاماژەییێکی پێ بدەم. فارسەکان لە باوەڕەدان کە هەر کات ناوەند لاواز بووبێ، نارەزایەتی قەومی سەر هەڵدەدات و ئێران تووشی قەیران دەبێت؛ بۆیە پێویستە ناوەند یان هەمان قەومی سوڵتە هەمیشە بەهێز بێت. بە رای من ئەم وتەیە هەم راستە و هەم ناڕاست. ناڕاستە چۆن لێکدانەوەی ئەوان بۆ نارەزایەتی نە کێشە سیاسییەکانی، بەڵکوو لاوازی ناوەندە. کە وایە ئەوە خۆدی ئەقوام نین کە نارازین بەڵکوو ئەوە قەیرانی ناوەندە کە ئەبێتە هۆی قەیران. بەڵام ئەوەی کە زۆر راستە و گرینگە و لەم وتەیە ئەبێ بە وردی بخوێندرێتەوە، چییە: بی توانایی کورد بۆ خۆڵقاندن و هەروەها، کەوتنە پێش رووداوەکان، بە شێوەیێک کە خۆی خۆڵقێنەری رووداو بێ نەک دوای رووداو بکەوێ و رووداو ئەو بخۆڵقێنێ. ئەوەی کە لە هەر قەیرانێک نارەزایەتی سەر هەڵدەدات، خۆی نیشاندەری ئەو واقعییەتەیە کە نارەزایەتی هەیە. بەڵام ئەوەی کە لە کاتی قەیرانی ناوەند سەرهەڵدەدات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمەی کورد لە رۆژهەڵات توانای خوڵقاندنی رووداو و پێش رووداو کەوتنمان نییە. بۆیە ئەقڵی بیماری سیاسی کورد هەمیشە چاوەڕوانی قەیرانێکە کە خۆی تێدا بدۆزێتەوە. بە راستی سەیرە کە کورد هەمیشە چاوەڕوانی بووکی رووداوەکان بووگە. ئەمما ئەوە نازانن کە بووکی رووداو، چۆن دەسکردی خۆت نەبووە، روخساری خۆی لە ژێر تاراییێکی رەنگین شاردۆتەوە، وە نزیک بوونەوە لێی دۆراندنە؛ هەروا کە لە رابردوودا بینیومانە. بۆیە نە لە رووی هەست و عاتفە، بەڵکوو بە ئەقڵ و پلان ئەبێ هانگاو هەڵێنین. حیزب ئەبێ زۆر هەستیارانە هەم خۆی لە قەیران رزگار بکات و هەم رۆژهەڵات؛ لە هەمان کاتیشدا خۆی خۆڵقێنەری رووداوەکان بێ تا رووداوەکان ملکەچی ئیرادەی ئەقڵی کوردی بن. بەڵام ئەگەر حیزبی دیمۆکرات بیەوێ خۆی و رۆژهەڵات لەم قەیرانە رزگار بکات و لە هەمان کاتیشدا خۆڵقێنەر بێ، پێویستە قەیرانێ کە خۆی تێیدا گرفتارە بناسێ و لە هەمان کاتیشدا ئەویتر یان هەمان قەومی سوڵتە بە باشی بناسێ.

## بەشی سێهەم؛

خوێندنەوەی ئەو قەیرانەی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات تێیدا گرفتارە بە هۆکارێک نابەسترێتەوە. ئەوەی کە بڵێین گۆشەگیری و کەمپ نشینی حیزبەکان هۆکاری ئەم قەیرانەن، بێگۆمان دەربڕی هەموو واقعییەتەکە نییە. بۆ نموونە ئەگەر هەر ئێستا گرمەی چەکی حیزبەکانی رۆژهەڵات لە ناوخۆ بهاتبایە گوێ، بەڵام خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشوازیان نەکردبایە، ئایا بازەم قسەمان لە قەیرانی خەبات نەدەکرد؟ ئەتوانین بەم نمونەگەلە زیاد بکەین، بەڵام با خۆمان بە نموونەوە سەر قاڵ نەکەین. کە وایە ئێمەی کورد لە رۆژهەڵات لەگەڵ خۆدی چەمکی قەیران- یش کێشەمان هەیە. بە راستی کاتێ دەربارەی قەیران قسە دەکەین دەقاودەق مەبەستمان چییە؟ ئایا پێویستە بکەوینە پێناسەی قەیران و چەند پێناسەیێکی ئاکادێمیک و زانستییانە لە ناو لاپەڕەکانی کتێب دەربهێنین و بیخەینە بەردەست و بڵێین ئەمەیە مەبەستی من لە قەیران؟ بێگۆمان ئەوەش کێشەمان چارەسەر ناکات. کە وایە ئەبێ چی بکەین؟ هەروا کە پێشتر باس کرا، کێشەی ئێمەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئەقڵی سیاسی- مان کە خۆی ریشەی لە ئەقڵی کوردی-دایە. لە راستیدا ئەمە خۆدی ئەقڵانییەتی سیاسی کوردە کە قەیرانەکەی دروست کردووە؛ بۆیە ئەگەر ئەمانەوێ لە قەیرانی هەنووکەیی رزگار بین، پێویستە خۆدی ئەقڵانییەتی سیاسی-مان چارەسەر بکەین و بە ئاڕاستەیێکی نوێدا بیبەین. کەوایە با بەپەلە

برۆینە ناو کۆمەڵێ پرسیار و بزانین ئەقڵی سیاسی کورد بە درێژایی لانیکەم سەد ساڵی رابردوو، چ کردار و پەرچەکردارێکی لە هەمبەر ئەم پرسیارانەی کە ئێمە دایدەرێژین پەیرەو کردووە؛ وە هەڵە مەعرفییەکان چی بوون و چۆن بوون. رەنگە هەر لە سەرەتاوە تۆمەتبار بکرێم بەوەی کە عامڵی دەرەکی، جا چ داگیرکەرانی کوردستان بێ یان ولاتگەلێکیتر لەم مانیفێستەدا غایبە. وەها رەخنەیێک تەنها لە لایەن کەسانێ ئەتوانێ ئاراستە بکرێ کە ئاگا نەبن بەوەی کە تەکلیفی ئەوان روون و ئاشکرایە. دیارە ئەوان هەوڵ ئەدەن کە بە سەر رووداوەکاندا زاڵ بن، لەو سۆنگەوە خەباتی کورد تووشی قەیران بکەن، بیخنکێنن و لە ناوی بەرن. گرینگ ئەویە کە ئێمە لە بەرامبەر ئەو سیاسەتگەلە چی دەکەین و چۆنی دەخوێنیەوە. نها با دەست بکەم بە دارشتنی کۆمەڵێک پرسیار و تا ئەو جێگەیەی پێم دەکرێ هەوڵ بدەم وەڵامەکانی بخەمە بەر دەست خوێنەری بەرێز، تا لە هەمان کاتدا پێناسەی قەیرانی خەباتیشمان لە رۆژهەلات کردبێ. خوێنەری بەرێز ئەوە بزانێ کە چۆن باسی ئەم مانیفێستە رۆژهەڵاتە، بابەتەکە لەو سۆنگەوە دەخوێندرێتەوە، ئەگینا هەموو ئەمانە کە باس دەکرێ لە بەشەکانیتری کوردستانیش بە زەقی بەر چاو دەکەوێ.

## پرسیارەکان ئاوا دەست پێدەکەم:

پەرچەکردای ئەقڵی سیاسی کورد لە بەرامبەر پەیامەدەکانی جەبری مێژوویی(نە بە مانا مارکسییەکی) کە بوو بە هۆی دابەشبوونی کوردستان، چۆن بوو؟ ئایا کورد خوێندنەوەیێکی واقعبینانەی هەبوو لە هەمبەر ئەو بارودۆخەی کە تێیدا گرفتار بوو؟ پەیامەدی ئاڵوگۆڕییەکانی دوای شەڕی سارد چییە و ئەقڵی سیاسی کورد چۆنی دەخوێنێتەوە؟ گوزەر لە قۆناخی بزووتنەوەیی بۆ قۆناخی حیزبگەرایی لە کوردستان هەنگاوێکی بەرەو پێش بوو یان نە؟ ئەگەر وەڵامان ئەرێنییە کاردانەوە ئەرێنێییەکانی کامانەن، ئەگەریش نەرێنییە بۆ ئەم هەڵە ئێپیستێمۆلۆژییەمان کرد و بۆ بەردەوامین لێی؟ ئایا ئاکامی عەقڵێکی سیاسی پێنەگەیشتوو بوو، یان پەرچەکردارێک بوو لە بەرامبەر گۆڕناکاری ناوچەیی و نێونەتەوەیی؛ یان هەردووی؟ ئەگەر ئاکامی گوزەرێکی ئێپیستێمۆلۆژیکی بوو، بنەماکانی ئەم ئێپیستێمە چی بوو؟ ئایا ئەمە تەنیا رێگە و باشترین رێگەی گوزەر لەم قۆناخە بوو؟ یان ئەم گوزەرە نە ئاکامی قەیرانێکی ئێپیستێمۆلۆژیک، بەڵکوو پەرچەکردارێ بوو لە بەرامبەر گۆڕانکارییگەلێک کە لەسەرووی کوردەوە تێدەپەڕی، کورد بێ ئەوەی پێناسەی ئەم قەیرانگەلییە کردبێ، لە تاریکییدا هەنگاوی دەنا و دڵخۆش بوو بەوەی کە خەبات دەکات؟ ئەگەر وا بووە، حیزب وەکوو دیاردەیێکی مۆدێرن چۆن لە دڵی کۆمەڵگەیێکی خێڵەکی سەری هەڵێنا؟ ئۆسوڵەن خوێندنەوەی ئەقڵی سیاسی کورد لە حیزب چییە؟ ئایا ئەمرۆکەشی لەگەڵدا بێ، کارکرد و رۆڵی حیزبمان لە قۆناخی شۆرش پێناسە کردووە؟ ئایا حیزب کە فەلسەفەی وجوودییەکەی تێکۆشانە لە ولاتێکی دیمۆکراتیک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، ئەیتوانی هەمان رۆڵ لە کۆمەڵگەی نادیمۆکراتی ئێران، ئێراق، تورکیا و سوریە ئەویش لە لایەن کوردەوە بگێڕێ؟ ئایا دیاردەی حیزب لە کوردستان هەوڵێ بوو بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، یان بۆ رزگارکردنی کورد لە ژێر ستەمی سیاسی قەومی سوڵتە؟ ئەگەر هەوڵ بۆ رزگار کردنی کوردستان بوو، بۆ تووشی فرەحیزبی بووین؟ کێشە و کەم و کۆڕییەکانی خەباتی تەک حیزبی لە قۆناخی شۆرش چی بوو کە رێبازمانی بەرەو فرەحیزبی برد؟ ئایا ئەم فرەحیزبییە حیکایەتە لە دیمۆکراتیک بوونی کۆمەڵگەی ئێمە؟ یان بە پێچەوانە گوزارشە لە نەخۆش بوونی عەقڵییەتی کۆمەڵگەکەمان؟ فەلسەفەی وجوودی خەباتی ئێمەی کورد چییە؟ ئایا حیزب رەنگدانەوەی (بازتاب) فەلسەفەی وجوودی خەباتەکەمانە؟ ئەگەر نا، بۆ مۆتێعەسێبانە پێداگری لەسەر هەمان رەوت دەکەین؟ ئەگەر ئەرێ، ئەم هەموو پارادۆکسە تێوریک و مێتۆدۆلۆژیکە

چییە؟ بۆ حیزبمان مۆقەدەس کردووە؟ ئایا حیزب ئامرازە یان ئارمانج؟ بۆ حیزبێکمان ئەیەوێ دێمۆکراسی بۆ ئێران بە ئەرمەغان بێنێ و حیزبێکیتریشمان سۆسیالیسم و حیزبێکیتریشمان کۆنفدراڵیسمی دێمۆکراتیک و حیزبێکیترمان کۆمۆنیزم و هتد؟ لەم نێوەندەدا ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیای سیاسی چی بووە؟ ئایا قۆناخی شۆرش پێویستی بە ئایدیۆلۆژیا هەیە؟ ئەگەر وایە، چ شۆڕشێ چ ئایدیۆلۆژیاییێکی پێویستە؟ جیاوازی نێوان ئایدیۆلۆژیای شناسگەرایانە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ئابووری چییە؟ ئایا کێشەی ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵات کێشەی شوناس و خاکە، یان ئابووری یان سیستەمی سیاسی؟ ئەگەر کێشەی شوناسە، ئەم شوناسە، شوناسی دینییە یان نەتەوایەتیی؟ ئایا ئەقڵی سیاسی کورد ئێستاشی لەگەڵدا بێ، توانیویە ئەم جیاوزییە بە تایبەت لە نێوان ئایدیۆلۆژیای ئابووری و شوناسگەرایانە، پێناسە بکات؟ ئایا حیزبێک بۆی هەیە ئایدیۆلۆژیای خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێ؟ پرسی ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵات پێوەندی بە حکوومەتەوە هەیە یان بە عەقڵی قەومی سوڵتە؟ ئەگەر بە حکومەتەوە هەیە ئەی قەتڵ و عام کردنی گەلی کورد بە دەست حکوومەتەکانی پێشوو لەم چوار وڵاتە چۆن پاساو دەکرێ؟ ئایا لە قارەییێکیتر هاتبوون؟ یان بەرهەمی ئەقڵی سیاسی یەک قەوم بوون؟ ئەگەر بەرهەمی عەقڵی سیاسی قەومی سوڵتە بووگە، ئەبێ سیاسەتمان لە سەر چ بنەماییێک دابڕێژین؟ ئایا بە ڕاستی کورد بەشێکە لەو مێژووەی کە فارس باسی دەکات؟ ڕوانین و باوەڕی خۆمان بە نێسبەت ئەو مێژووە چۆنە؟ ئەگەر قبووڵمان نییە بنەما تاریخی و تیۆریکەکەی کامانەن؟ ئەگەر خۆمان بە ئێرانییێکی ئەسیلتر لە هەر ئێرانییێک دەزانین ئیتر بۆ خۆمانمان سەرقاڵ کردووە؟ ئۆسووڵەن ئێرانیگەری چییە و چۆن خۆمانی تێیدا پێناسە دەکەین؟ جوانناسی سیاسی لە کوێی خەباتی کوردی وەساتەوە؟ ئایا بە نادیدە گرتنی جوانناسی سیاسی یەکێ لە ڕەهەندە هەرە گرینگەکانی خەباتمان(بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات) فەرامۆش نەکردووە؟ ڕۆڵی ڕووناکبیری کورد لە پرۆسەی خەباتی کوردی بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن بووگە؟ ئایا لە قۆناخی شۆرش شتێک بە ناو ڕووناکبیری سەربەخۆ ئەتوانێ بوونی هەبێ؟ ئایا سەربەخۆ بوونی ڕووناکبیران گوزارشە لە عەقڵێکی پێگەیشتوو یان کۆمەڵگەیێکی بیمار؟ ئایا ئەمە نەخۆشی فرەحیزبی لەقۆناخی شۆرش نەبوو کە بووە هۆی سڵکردنی ڕووناکبیران لە نزیک بوونەوە لە حیزبەکان و هاتنە ئارای ئەدەبیاتی ڕووناکبیری سەربەخۆ؟ سەرگەردانیمان لە نێوان گاندیگەرایی و خەباتی چەکدارانە چی؟ بنەمای فەلسەفی لایەنگرانی گاندیگەرایی چییە؟ ئایا ئەوانیش درێژەی هەمان هەڵەی چەپەکان و سەپاندی فەلسەفە و تیورییێک بەسەر کۆمەڵگەدا نین بێ ئەوەی کە خۆدی کۆمەڵگەی کوردییان خوێندبێتەوە؟ بۆ ڕۆژهەلات نەیتوانی دوای شۆرشی ئێران ئەو حوزوورە بەر بڵاوەی ژنان لە ناو خەبات، پەرە پێبدات؟ ئایا کەمرەنگ بوونەوەی حۆزووری ئافرەتان، ئاکامی گوتاری پیاوسالاری ناو حیزبەکان بوو؟ ئەگەر بمانەوێ درێژە بەم پرسیارانە بدەین، بێگۆمان ئەبێ چەندین لاپەرەی بۆ تەرخان بکەین. خوێنەری بەڕێز نابێ چاوەڕوانی ئەوە بێ کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لەم مانیفێستەدا دەست بکەوێ. ئەم پرسیارانە و گەلەک پرسیاریتر هەیە کە پێویستە لەسەری ڕابوەستین، ئەگەر ئەمانەوێ چیتر هەمان ڕێچکەی خەبات نەپێوین. ئەبێ ئەوە بزانین کە گەلی ژێردەسەڵات ئەگەر شۆرش دوای شۆرش دوچاری شکست بێ، ئەوا خۆی ئەنگیزەی خەباتی نامێنێ و تووشیاری فەرسایش دەبێت، وە خۆی خەبات ڕادەوەستێنێ. هەمان شت کە ئێستا تا ڕادەییێکی زۆر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوچاری بووگە و بە ڕوخساریەوە دیارە. وە ئەمە هەمان شتە کە دەسەڵات هەوڵ ئەدات بەسەرمان بیسەپێنێ و تا ئێستا سەرکەوتوو بووە. بە ڕاستی ماندوویەتی خەبات بە ڕوخساری کوردەوە (بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دیارە، وە هەر ئەوەش کە نیمەچڵ درێژەی پێدەدرێ خۆی جێگەی دڵخۆشییە. نەتەوەییێک بییەوێ ڕزگار بێ، ئەبێ یەکجار خەباتێکی بەرفراوان دەست پێبکات. جا گرینگ نییە ماوەی ئەو یەکجارە چەندە و تێچووەکەشی چەندە، گرینگ ئەوەیە کە بەردەوام لە سەرکەوتندا بێ؛ هەروەک چۆن ویتنام بۆ نزیکەی یەک دەیە لە بەرامبەر ئەمریکادا وەستاو بە سەدان

هەزار کەسی لێ کوژرا، بەڵام یەکجار بۆ هەمیشە سەرکەوتنی بە دەست هێنا. لەو باوەڕەدام ئەگەر ویتنام شکستی خواردبایا، وە پاشان هەڵبسابایە بۆ خەباتێکی دووبارە خەباتی، قەت سەرنەدەکەوت. عادەت کردن بە شکست، جیا لە تەهقیر بوونی نەتەوایەتی و بێ ئەنگیزەگی سیاسی و سست کردنی ئیرادەی خەبات، کۆمەڵگەش دوچاری بێ ئەخلاقی دەکات، ڕێگە بۆ ئۆپۆرتونیستەکان باز دەکات، جا بە هەر جل و بەرگێکەوە بن. ئەگەر نەختێ ورد بینەوە، هەموو ئەمانە لە کۆمەڵگەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبیندرێ. هەرچەند هەر ئەمانەشمان لە بەشەکانیتری کوردستان هەبووە، بەڵام بە پێی ئەو بارودۆخەی ئێستای چوارپارچە، ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژهەڵات گەلەک بەرچاوترە. گرینگی یەکەکە و خەباتی یەکەکە لەوەدایە کە توانی نەتەوەیێک لە لێواری مەرگ نەجات بدات و زیندووی بکاتەوە. یەکەکە لە کۆمەڵگەیێک هەستا بە خەبات کە خەڵکەکەی کە هیچ، تەنانەت ڕێبەرەکەشی کوردی نەدەزانی و نازانێ! هیچ ئەیبە نییە کە حیزبی دیمۆکرات لە ئەزموونی یەکەکە دەرس بگرێ. بە هەمان شێوە کە یەکەکە لە ئەزموونی خەباتی ڕۆژهەڵات و گەلانیتری دەرسی دەرسی گرت. بۆیە لەسەر ئەو باوەڕەم، ئەبێ خەباتێکی بزووتنەوەیی هەمەلایەنە لەسەر بیر و بنەماییێکی نوێ، وە بە ئەقڵییەتێکی سیاسی نوێ، لە ڕۆژهەڵات دەست پێبکەین، بێترس لە زەمەن و تێچووی ئەو خەباتە، بەڵام بێپچڕان. دەبێژن شەهید دۆکتۆر قاسملوو کاتی خۆی وتوویەتی ئێمە ئەمانەوێ هەم خەباتمان هەبێ، وە هەم لە کەنار ئەوەدا ژیانمان هەبێ. من خۆم نە شتێکی وام لە شەهید قاسملوو خوێندووەتەوە و نەش بیستوومە؛ بە دوای سەپاندنی ڕاست یان ناڕاست بوونی ئەم وتەیەش لە لایەن شەهید قاسملووەوە نیم. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئەم وتەیە بووە- جا چ شەید قاسملوو وتبێتی یان نە- بە باوەڕ لە نێو کەسانێکدا کێشەم هەیە. بە ڕای من نەتەوەییێک یان ژیان دەوەستێنێت و خەبات دەکات تا دوایی ئازادانە بژیت، یان ژیانیکی سەرشۆڕانەی دەوێت بێ خەبات؛ دیارە لێرەدا مەبەستی من لە ژیان چییە. نامەوێ بڕۆمە ناو بابەتێکی بە تەواوی فەلسەفی و بێژم سەراپای ژیان خەباتە. مەبەستی من لێرەدا لە خەبات، ڕووبەڕووبوونەوەییێکی گشتگیر دژ بە قەومی داگیرکەرە تا چرکەساتی ئازادی نەتەوایەتی. بۆیە ئەم وتەیەی شەهید قاسملوو بەرز دەنرخێنم کە دەبێژێت: نەتەوەییێک بیەوێ ئازاد بژیت، ئەبێت نرخی ئەو ئازادییەش بدات.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی : ٢٨ی ژانویەی ٢٠١٥

# پیلانێک بۆ کوژاندنەوەی وشیاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سامان فەقێ نەبی

حەوتوونامەی "ڕۆژان" کە لە شاری سنەی چاپ دەکرێ لە دوایین ژمارەی خۆیدا وێرای ئاماژە پێکردن بە ڕووداوەکانی شەنگال و کۆبانی، هۆکاری دژایەتی ڕێکخراوی ترۆریستی "داعش" لەگەل کوردانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانی، بۆ ئیرانی بوونی خەڵکی ئەو ناوچانە و گرێدراوی جوگرافیایی شارەکانی شەنگاڵ و کۆبانی بە خاکی ئێران زانیوە و لەو چوارچێوەیەوە هاوتەریب لەگەل گۆشەنیگای کلووپە پان ئیرانیستییەکانەوە سەیری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینی کردووە.



ئەم هەلوێستەی نووسەر و کارگێرانی ئەم حەوتوونامەیە جیاواز لەوەیکە دەریدەخا کە ئەم جۆرە بلاوکراوانە، تەنیا بە مەرجی پرۆپاگاندا و پەرەپێدان بە ڕوانگەی ستراتێژییکی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئیزنی دەرچوونیان پێ دەدرێ، هاوکات هەڵگری ئەم سیگنالەشە کە هێشتا هێندێک لە بەناو نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرهاویشتەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و پان ئێرانیزم دەرباز نەبوونە و لە چوارچێوەی کولتووری زاڵی داگیرکارییدا قەتیس ماونەتەوە.

هەرچەند بەشێک لەو نووسینانە دەکرێ وەک پەرچەکردارێک لەهەمبەر تەوژمی شۆڤێنیزمی ئازەری لە دژی کورد لەدوای پشتیوانی نێودەولەتی لە گەلی کورد لە ڕووداوەکانی شەنگال و کۆبانی پۆلێن بەندی بکرێ، بەڵام لە ڕاستییدا لەو قۆناخەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشن لە ڕێگای برەوپێدان بەو جۆرە نووسینانە لە دوو گۆشەنیگایەوە ئامانجە درێژخایەنەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن.

یەکەم، لە ئاستی نێوخۆییدا هزر و ڕامانی گەلی کورد بەوە پڕ بکەنەوە کە لە نێو وڵاتانی عێراق و سوریە و تورکیە و ئێراندا، کورد تەنیا لە چوارچێوەی ئێراندا بەهۆی نەژادی ئارياييەوە خاوەن ماف و غرووی نەتەوەییە و لە باقی ئەو وڵاتانە کورد بەهۆی هاوپێوەندی نەژادی لەگەڵ ئێرانییەکان ڕووبورووی ستەم و چەوسانەوە دەبێتەوە.

دووهەم، لە ئاستی دەرەکییدا بە لەبەرچاوگرتنی هێندێک فاکتی ڕاست یان ناڕاستی مێژوویی لە نێو هەست و دەروونی تاکەکانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان وەها وێنا بکرێ کە بە هۆی ئاریایی بوون و ئێرانی بوونی کوردەکان، ئەم گەلە لە وڵاتانی تورکیە و عێراق و سوریە دەکەوێتە بەردەم پەلاماری تورانی و سامی ییەکان.

هەلوێستەکردن لەسەر ئەم ئامانجانەی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی یان ئێرانیست لە دەرەوەی وڵات، دەریدەخا کە عەقلییەتی خودمێحوەربینی لە نێو ئەم سیستم و کولتورەدا بووتە نەریتێکی زاڵ کە پێدەچێت تەنانەت هێندێک لە نووسەر و روناکبیرانی کوردیش تێیدا نووقم بووبێتن. ئەگینا کام قەڵەمی بەویژدان دەتوانێ دۆخی تراژدیی کوردستانی ئێران نەهێنێتە سەر کاغەز و لە جیاتی ئەوە لە پێناوی خۆش خزمەتی بۆ ڕێژیم، فرمێسک بۆ کورد لە پارچەکانی تری کوردستان هەڵبرێژێ و ئاواتی خستنەسەری پارچەکانی تر بۆ سەر خاکی ئێران بخوازێ.

لە کاتێکدا کە زۆرینەی چاودێرانی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ، وڵاتی ئێران بە گەورەترین زیندانی ئازادیخوازان و کوشتارگای گەلانی بندەست پێناسە دەکەن، مەدحی وەها وڵاتێک لە لایەن بەشێک لە بەناو نووسەرانی و بژاردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چ واتایەک دەگەیێنێ؟! ئەگەر رەهەندەکانی ئەم کرداره خزمەتە بە گەل و نیشتمان، بۆچی لە بەرامبەر تواندنەوەی کولتووری و ئەنفالی سپی و بە ئەمنییەتی کردنی فەزای رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیم و کوشتنی رۆژانەی کۆلبەران و گرتن و ئەشکەنجەی رۆلەکانی گەلی کورد دەنگ هەڵنابڕن و جارێک لە جاران مۆدێلی فێدرالی لە باشووری کوردستان و خۆبەرێوەبەری لە رۆژئاوا و پەکێیجی چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە نموونە ناهێننەوە؟!

ئەم بەرێزانە ئەگەر خۆیان لە راستییەکان نەدزنەوە، دەبێ ئەو واقیعەیان دەرک پێکردبێ کە مێکانیزمی چارەسەری دۆزی کورد لە باقیی پارچەکانی کوردستان بە بەراورد لە گەڵ ئێران بەرەوپێشچوونی خێراتری بەخۆیەوە دیوە، کەچی بەداخەوە ئەمان سازێک لێدەدەن کە بە مەزاقی "تاران" خۆشە، نەک میللەتەکەیان.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ١ی دێسامبری ٢٠١٤

# ڕۆژهەڵات، هاوپەیمانێکی بێ بەرژەوەند!

ئومید تاهیری

لە چەند سەدەی ڕابردوودا، دەیان جار وڵاتانی سەردەست تووشی قەیرانی جیددی دەرەکی و ئاڵۆزی ناوخۆیی بوون، خاکیان لەدەست داوە و سنووریان نوێ کردووەتەوە، چلۆن کورد بۆ یەکجاریش نەیتوانیوە لەو بۆشاییە کەڵک وەرگرێت؟



دەیان هەوڵی داوە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی هەنگاوەکان و دیتنی ئاکامەکەی، هێشتا نەیتوانیوە ئامانجەکەی بپێکێت. ئەگەرچی دەسەڵات و هەلومەرجی جیهانی، ناوچەیی و ناوخۆیی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر داناوە و لەوانەیە هەندێ جار هەلی بۆ نەڕەخسابێت، بەڵام جێگای پرسیارە:

ئایا "هەموو" ئەو نەتەوانەی وا بە مافیان گەیشتوون و ئەو وڵاتانەی کە لەدایکبوون، هاوبەرژەوەندیی تێکڕای هێزە جیهانییەکان بوون؟ یا ئەو بزووتنەوانەی کە بەئامانجی یەکسانی، چاکسازی و گۆڕان و یا لەدژی ڕەگەزپەرەستی، جۆرپەرەستی و.. هاتوونە ئاراوە، دژایەتیان لەگەڵ دەسەڵات نەدەکرد؟

هەرچەن دۆخی بزووتنەوەی کورد لە سێ پارچە و لە ئێستادا، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و تا ڕادەیەک دەسکەوتی بووە، بەڵام لە ڕۆژهەڵات و لەدوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، نەیتوانیوە سەرلەنوێ خۆی ڕێکخاتەوە.

ئەم کەوتنە پەراوێزە، لە پێناو بەرژەوەندی کوردستان و ڕۆژهەڵات نییە و پێویستە بزووتنەوەی ئەو بەشە، پێداچوونەوەیکی جیددی لە ڕێگە و پێگەی خۆی کاتەوە. بەبێ ڕۆژهەڵات، جوگرافیای ڕاستەقینەی کوردستان بوونی نییە و پشتگوێ خستنی هەر پارچەیەک بەواتای تواندنەوەی سامان و شوناسی کوردی لەو بەشەدایە.

## بارودۆخی کوردستان و هەندێ لەمپەر:

### جوگرافی، ژئۆپولیتیک، ژئۆمۆرفۆلوژی

١- کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکەوتووە، لە نێوان چوار وڵاتی داگیرکەر گەمارۆ دراوە و لە بوار جوگرافیای مێژووییەوە، سەرچاوەی زۆربەی ئایینەکان، یەکمین شارستانییەتەکان و کارزاری تێکهەڵچوونی نەتەوە-زلهێزەکان و ناوەندی شەڕ و ڕووداوە گرینگە مێژوویی و ئایینییەکان بووە.

٢- لە بوار ژیۆپۆلیتیکەوە، کوردستان درگای زەوینی نێوان ئاسیا و ئورووپا و ئەفریقایە و کورد لە نێوان سێ نەتەوەی فارس و تورک و عەرەبدا دەژی(هەر سێ نەتەوەکە بەشێکن لە کێشەی کورد). کوردستان هێڵی نێوان شێعەو سوننە، غەرب و شەرق، سوننەت و مۆدرنیتە و هتد...، . کانگەی ئاوی شیرین و نەوت و سەرچاوە سرووشتییەکانە و سنوورەکانی بە سەر زۆربەی کانگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوو شارێی گەورەی ئاویی ئازادی ناوچەکە دەڕوانێ.

باڵانسی هێزە ناوچەییەکانە و ڕێگرە لە گەشەسەندنی شەڕی مەزهەبی و بەهێزبوونی شێعەی توندڕەو و سەلەفیگەری. (ئەمە هەلێکی مێژووییە بۆ هاوکاری و ناساندنی خۆ بە دونیای دەرەوە، هاوکات دەرفەتێکیشە بۆ وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژئاوایی هەتاکوو توندوتیژی لە وڵاتانی خۆیان دوور خەنەوە)

٣- لەبار ژئۆمۆرفۆلۆژیشەوە، کوردستان وڵاتێکی شاخاوییە. چیا بۆ کورد قەڵایەک بووە کە لە کاتی شەڕ و هەڕەشە و مەترسیدا رووی تێکردوە و بۆیە زۆرتر لەوەی هێرشکەر و داگیرکار بێت، داگیر کراوە.

### سایکۆلۆژی، کۆمەڵناسی و دێمۆگرافی:

١- زۆربەی ئاسەوار و کولتوور و ڕێوڕەسمە ڕەسەنەکانی کورد، دەستی بەسەردا گیراوە و بەهۆی سرووشتی دەوڵەمەند، کەمتر چاوی لە سامانی وڵاتانی دیکە بووە. بە هۆی ڕێژەی هێرشەکان، دایم لە دڵەڕاوکە و ڕەویان بووە و بەردەوام بەشێوازی نامرۆڤانە سەرکوت کراوە، بۆیە لەبار دەروونیەوە، بڕوابەخۆیی نەماوە و مونفەعل و ئاشتی خواز ڕاهاتووە، بەجێگەی ئەوەی شانازی بە مێژووی خۆیەوە بکا، شوناسی بە وڵاتانی دیکەوە بەستووە.

٢- بەهۆی بێ دەسەڵاتی، لە سیستەمێک بۆ پەوەردەی کۆمەڵگە و خاوەندارییەتی لە کولتوور و شوناس بێبەری بووە و کەم زانست و دواکەوتوو ماوەتەوە. باوڕی سوننەتی و مەزهەبی زاڵە و کۆمەڵگەی هەر بەشێک بەرەو کولتووری نەتەوەی سەردەستدا ڕۆشتوون.
لەدوای دابەشبوونی یەکەم، ئەو کۆمەڵگەیە بەکرداری بووە بە دوو بەش و لەدوای "لۆزان" ئەم ڕاستییە چوارە.

هەرکام لە بەشەکان و بە پێی سیاسەتی تایبەتی ئاسیمیلاسیۆن وڵاتانی داگیرکەر، ئاڵوگۆڕی تایبەتیان دیوە و بە مانەوەی شوناس لەسەر بنەمایەکی مێژوویی، زمان و کولتوور و بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان هەیە.

٣- لەبواری دێمۆگرافیشەوە کورد لەخۆیدا ڕەنگاوڕەنگە و و کولتوورێکی دەوڵەمەند و بەربڵاوی هەیە. جگە لەوەش بەهۆی کۆڕەو، ئاسمیلە و کۆمەڵکوژی و...، دەستێوەردانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.

### نەبوونی ستراتیژی درووست و درێژخایەن:

- کورد بەردەوام ئاواتی سەربەستی و سەربەخۆیی بووە و دروشمەکەی هەڵگرتووە، بەڵام تا ئێستا ستراتیژیەکی گشتیی و دیاری بۆ گەیشتن بەم ئامانجە نەبووە. زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ بن دەستی باشترین هۆکاری ئەم بۆشاییەیە.

- زیاتر چاوەڕوانی هەل بووە تاکوو هەل بڕەخسێنێت و ئەگەر دەسکەوتێکیشی بووبێت، هاوکات بووە لەگەڵ هەلێک کە بۆی ڕەخساوە.

- پاڵپشت و سەربازی هێڵی پێشەوەی هاوپەیمانان بووە و ئەونەی لە پێناو بەرژەوەندی ناوچەیی ڕێکەوتووە، لە پێناو بەرژەوەندی ناوکی و دوورخایەنی نەیکردوە.

و هەروەها

- نەبوونی هێزێکی گشتگیر و یەکگرتووی ڕزگاریدەر لەمێژوودا و زۆربوونی هێزی ڕزگاریدەر لە ئێستەدا.

- نەبوونی یەکگرتوویی، زەق کردنەوەی جیایی و کەوتنە ناو داوی داگیرکەران.

- هاوکات بوون لەگەڵ کێشە و قەیرانی گەورە لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا، وەک شەرە جیهانییەکان، شەڕی سارد و ڕووخانی سۆڤیەت، کێشەی ئیسراییل و عەرەبەکان، شیعە و سوننە، تیرۆریزمی ئیسلامی، قەیرانی ئەتۆمیی ئێران، بەهاری عەرەبی، هاتنی داعش و هتد. (کە ئەمە لەخۆیدا دەیتوانی وەک هەلێکیش بڕەخسایەت، بەڵام بەداخەوە کورد نەیتوانیوە کێشەی خۆی لەناوچەدا بکا بە کێشەی سەرەکی)

کێشەی نەبوونی ستراتیژیی درێژخایەن و هۆکاری ناکامییەکان ڕوون دەکاتەوە.

## بارودۆخی ڕۆژهەڵات:

ڕۆژهەڵات لەخۆیدا کوردستانێکی بچووکە، یەکەمین دەسەڵاتی یەکگرتووی بەهێزی کوردی لەو بەشەوە سەری هەڵداوە و بە پێی نەخشەی ئەو کاتی مادەکان، زۆرترین خاکی لێگیراوە، کۆمەڵگەی ئەو بەشە بەپێچەوانەی بەشەکانی دیکە چوارچێوی سوننەتی و عەشیرەیی خۆی لەدەست داوە و لە شەپۆلێکی نوخبەگەراییانەدا بەسەر دەبا کە کەس، کەسی قبووڵ نییە و لۆجیکیان یان پێوانەی رابردوو و یان مەرجی پێشکەوتن لە هەر هەڵمەتێکدایە.

کوردی ڕۆژهەڵات لەگەڵ تورک و فارس و عەرەب، بە تێکڕا سنووری هاوبەشی هەیە و بە پێچەوانەی بەشەکانی تر لەبار حەشتیمەتەوە، نەتەوەی سێیەمە. ئێران وەک وڵاتێکی زلهێز و خاوەن مێژوو و شێواز لە داگیرکاریدا، خەساری کۆمەڵایەتی گەورەی لێداوە و توانیویە تا ڕادەیکی بەرچاو شوناسی تاک تووشی قەیران بکات. هەروەها بزووتنەوەی کوردی لەو بەشەدا تووشی لاوازی، بەربڵاوی و چەن دەنگی بووە.

## سیاسەت و بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵات:

ڕۆژهەڵات چارەنووس و بەرژەوەندیی خۆی بە پارچەکانی دیکەوە بەستە، و ئێران لەم ماوەدا سەرقاڵی چارەسەری قەیرانەکان و پەرەدان بە دەسەڵات و دەستێوەردانی ناوچەیی بووە و ئێستا لە ڕێکەوتنی "لۆزان"، نزیکە. (ئابووریی ئێران و دەوڵەتی کلیلی روحانی، پێویستیی بە ڕێکەوتنە و دەوڵەتی ئۆباماش بە درووشمی دژە شەڕەوە، بەدوای کەمپ دەیڤیدێکی دیکەیە)

ئەگەرچی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕۆژاوا بەواتای پشت کردن لە دروشمە بنەماییەکانی کۆماری ئیسلامی و وڵاتی رووسیا و هاوپەیمانانە، بەڵام لە ئەگەری ڕێکەوتنیش:

- کێبڕکێی ئەتۆمی و تێکهەڵچوونی ڕاستەوخۆ لەناوچەکە دێتە ئاراوە.
- ئەم ڕێکەوتنە کاتی دەبێت و سیاسەتی ناوکی و ناوچەیی ئێران ناگۆڕدرێت.(کۆنگرەی ئەمریکا دژایەتی دەکا)
- مەیل بۆ پاڵپشتی و یارمەتی ئۆپۆزسیۆن لە ناو بەرەی دژە ئێراندا زیاد دەکات.
- خواستی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و کەمینەکان، دەبێ بە کێشەی سەرەکی.
- ماوەیکی زۆر دەیاخێنێت تا قەیرانی ئابووری و بۆشایی نارەزایەتییە ناوخۆییەکان پڕ بێتەوە.
- و بەهۆی باشتربوونی باری ئابووری، خواست بۆ ئازادی و دیمۆکراسی پەرە ئەستێنێت.

بۆیە لە کورت ماوەدا و بە مەرجی هەستانەوە، خەسارێکی بەرچاو لە شۆڕشی ڕۆژهەڵات نادات.

بەڵام لەدونیای سیاسەتدا بەرژەوەندی قسەی یەکەم دەکا و بۆ نموونە، لە باکوور و ڕۆژاوا، پەکەکەی چەپ لەگەڵ بەرەی رووسیا و چین و ئێران و سووریا هاوپەیمانییەتی دەکا، تاکوو دژایەتی تورکیای هاوپەیمانی ناتۆ بکات. باشوور لەگەڵ ئێران هەیەتی تاکوو بە تورکیای نەدۆڕێنێت و لەگەڵ تورکیا هاوپەیمانە، تاکوو ئێران قووتی نەدات. لەگەڵ هیچیان نەیکا، خۆی بۆ بەرێوە ناچێت و عێراق حیسابی بۆ ناکا.

هەروەها کە بەشەکانی تر، لە پێناو بەرژەوەندیی ناوچەکە و دژایەتی داعش و تورکیا، بۆیان هەیە هاوبەرژەوەندیی ئێران بن، ڕۆژهەڵاتیش مافیەتی لەپێناو مانەوە و بووژانەوەی، هاوپەیمانیەتی و هەڵسوکەوت بکات.

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی:**

- پرۆژەی داعیشی ئیسلامی لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و تورکیاوە لەبەرامبەر دەستێوەردان و هەڕەشەکانی کەوانەی شێعە (هلال شیعی) شکستی هێنا.

- و یەمەن کە تا دوێنێ کارتی براوەی ئێران بوو، بەڵام لەدوای هێرشی عەرەبستان، بووە بە چەقۆیەک لەسەر ملی ئێران(بەهۆی ئەوەی کە توانای دخالەتی نییە -لە سێ وڵات تووشی شەڕ بووە - ئابوورییەکەی رووخاوە) و لەدوای شکستی تکریت و لە ئەگەری

ئەوەی پشتگیری حوسییەکان نەکا، هەیمەنەی لای هاوپەیمانە شیعەکانی دەشکێت. (کات و ناو و شوێنی ئۆپۆڕاسیۆنی "گەردەلولی یەکلاکەرەوە" لە لایەن وڵاتانی کەنداو، هەم دژایەتی و گۆشارێک بوو بۆ ڕێکەوتنی ئێران و هەم پەیامێکی راشکاوە بۆ تارانە کە چیتر ئیزنی جەولان و دەستدرێژی پێ نادەن.)

ڕۆژهەڵات دەتوانی لە وڵاتانی ڕۆژاوایی، بەرەی عەرەبی دژە ئێران، ئیسرائیل و تورکیا وەک هاوبەرژەوەندێکی کاتی بۆ بەرنگار بوونەوە لەگەڵ دوژمنێکی هاوبەش، کەڵک وەرگرێت.

ئاکام:

لە ئێستادا کە خێرایی ڕووداوەکان لە پێش هەنگاوەکانی ڕۆژهەڵاتە و بەداخەوە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، یەکگرتنەوەی حیزبەکان و... بە ئەنجام نەگەیشت، دەبێ ڕێکارێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات بگرینە بەر.

- بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچە و سەرکار هاتنی دەوڵەتی تیرۆر،
- مەترسی پەرەسەندنی بیرۆکەی داعش لە ڕۆژهەڵات،
- ئاسێمیلەی زیاتر و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و پەرەسەندنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و...، هەڕەشەن بۆ سەر کوردی ئەو بەشە و
- هەستی خرۆشاوی جەماوەر لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکان
- زیاد بوونی قەیرانی ئابووری، مانگرتن و خۆپیشاندانەکان
- ئاستی ڕوانینی میدیای جیهانی و بیری گشتی سەبارەت بە کورد
- هاودەنگ بوونی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئەگەری ماملەی درووست،
- پێویستی بە هاوکاری ئەو ڕەوتەی کە لەدوای ڕێکەوتنی "لۆزان" و لەدژی ئێران پێک دێت، لەگەڵ هاوپەیمانێکی بەهێز، هەلێکی هەڵکەوتوو بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتە. هەروەها جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات بۆ باشوور و باکووریش، کارتێکی یارییە بەرامبەر بە ئێران.

کۆی ئەم هۆکارانە، گەیشتن بە هاودەنگی و ستراتیژیی هاوبەش لە نێوان هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان و لە پێناو بەرژەوەندیی هاوبەشدا، دەکات بە ئەرکێکی مێژوویی. بێ ڕۆژهەڵات، پارێزی کوردستان ناتەواوە و پێویستە لەدوای ٢٥٦٥ ساڵ ناکامی، پێداچوونەوەیەکی جیددی لە ستراتیژیی درێژخایەنی کوردستان و ڕۆژهەڵات بکەینەوە و بەهەموومانەوە بە هانای گرفتەکانی ئەو بەشەوە بچین.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی : ١ی ئاوریلی ٢٠١٥

# بە قوربانیی کردنی رۆژهەڵات گەورەترین هەڵەیە

## قادری خەندەڕەش

ماوەی نزیک بە چارەگە سەدەیەکە حیزبەکانی رۆژهەڵات جا چی بە دڵخوازی خۆیان بێت یان بە زۆری؛ وازیان لە خەباتی چەکداری هێناوە و لە چەند کامپێک و لە قوڵایی کوردستانی باشوور دانیشتون و سەرقاڵی ژیان و گوزەرانی ئاسایی خۆیانن، دیارە بێجگە لە هەندێک کاروباری سیاسی و سەردانی کردنی یەکتر؛ جارو بارەش دابڕان و دوبەش و سێبەش بوون بۆتە بە بەشێک لە ژیان و خەباتی ئەو حیزبانەی رۆژهەڵات و جار جاریش مۆڕ بونەوە و تانەو تەشەر لە یەکتر دان و یەکتر بوغزاندن بەشێکی دیکەیە لە ژیانی نێو ئەو کامپانە.



هەر دوا بە دوای هێرش و پەلامارەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان یەکێتی و پارتی لە لایەک و تیرۆریستەکانی داعش لە لاکەی دیکەوە، حیزبەکانی رۆژهەڵات هەر یەکە و لە لای خۆیەوە ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ بەرگری کردن لە کوردستانی باشوور، دیارە هەر یەک لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەکان تەنانەت هێزەکانیشیان رەوانەی مەیدانەکانی شەڕ کرد و یەک دوو رۆژیش لە مەیدانی شەر مانەوە، بەڵام دیار بوو دراوسێ و دۆست و هاوپەیمانەکانی حیزبەکانی باشوور واتە رژێمی داگیرکەری ئێران ڕازی بەو بەشدارییپێکردنەی حیزبەکانی رۆژهەڵات نەبوو لە پارێزگاری کردن لە کوردستانی باشور، هەر بۆیە داوایان لە هێزەکانی حدکا و کۆمەڵەکان کرد کە بچنەوە کامپەکانیان و پێویستیان بە هاوکاری ئەمان نییە، ئەوە لە کاتێکدایە کە کوردستانی رۆژهەڵات لە ژێر دژوارترین باردوۆخی سیاسی و نیزامی توندی ئەمنیەتی رژێمی داگیرکەر دا دەناڵێنێت و خەڵکی کورد لە رۆژهەڵات لە ژیر توندترین دا دەناڵێنن و رۆژ نییە دەیان و بگرە سەدان کەس لە خەڵکی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر بە بەهانەی جۆربەجۆر نەکوژرێن یان نەگیرێن و نەخرێنە بەندیخانەکانەوە، حیزبەکانی رۆژهەڵات بەبێ بیرکردنەوە لەوەی کە ئایە ئەوە رەوایە کە خەڵکی خۆت و بنەماڵە و کەسوکار و خوشک و برا و دایک و باوکی خۆت لە ماڵی خۆیدا بکوژن و یان بیگرن و زیندانی بکەن، کەچی تۆ بە ناوی بەرپرسیارێتی و هەستی نیشتمان پەروەری و نەتەوایەتی؛ کە هیچ شک و گومانێک لەوە دانییە و ڕاست نەبوە و راست نییە؛ هێزەکانی خۆت بنێری بۆ بەرەی شەڕ و پارێزگاری کردن لە باشوور، لە کاتێکدا خەڵکەکەی خۆت زۆر لە باشوور زیاتر پێویستی بە تۆیە. ئەوە لە کاتێکدایە کە باشور ئازادە و هەرکام لە هێزە سیاسیەکان دەیان و بگرە هەزاران پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگریان هەیە و هیچ پێویستیان بە چەند سەد پێشمەرگەیەکی حیزبەکانی رۆژهەڵات نییە، هەموو لایەک باش دەزانن کە رەنگە بچوکترین حیزبی باشوری لە باری چەندایەتیەوە دوو ئەوەندەی هەموو هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی پێشمەرگە هەبێت، دیارە یەکێتی و پارتیش ئەوە هەر بۆیە نابێت هێزەکانیان لەگەڵ هێزی حیزبەکانی رۆژهەڵات بەراورد بکرێت، بەڵام بەداخەوە حیزبەکانی رۆژهەڵات تەنیا لەبەر چەند هۆکارێکی ئابوری ناچیز و لەژێر ناوی هەستی نەتەوایەتی و بەرپرسیارێتی نیشتمانی و بەبێ ئەوەی گوێ بە ناڵە و داد و هاواری

خەڵکی خۆیان بدەن، بەبێ ئەوەی چاوێک بە بارودۆخی ژنان و پیاوانی کوردی بەند کراو لە زیندانە گەورەکەی ڕێژیمی تاراندا بخشێنن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە گریە و زاری دایک و باوکانی جەرگ سوتاو، بەبێ ئەوەی گوێیان لە گریەو زاری منداڵە بێ باوک و هاواری ژنان و پیاوانی کوردی بەنداکراو لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی داگیرکەر بێت و هیچ ڕێزێک بۆ خوێنی ئەو شەهیدانە دابنێن کە لە پێناو پاراستنی خاک و وڵاتەکەیان دا خۆیان فیدا کرد و منداڵەکانیان بێ سەرپەرشت و کەسوکار مانەوە، دەچن بۆ پارێزگاری کردن لە باشور و بە قەولی خۆیان ئەرکی نیشتمانی و بەرپرسیارێتی نەتەوەییان بەجێ دەگەیەنن!

لێرە دا بە ڕەوای دەزانم کە پرسیارێک ئاراستەی دیمۆکراتەکان و کۆمەڵەکان بکەم و بڵێم ئەگەر بەڕاستی ئێوە دەتانەوێت ئەرکی سەرشانی خۆتان بەجێبگەیەنن و ئەو بەرپرسیارێتیيە نەتەوەیی و مێژویی و یاسایی و شەرعیەی کەوتۆتە سەر شانتان بەجێ بگەیەنن، بۆ ناچن لە وڵاتی خۆتان و لە نێو خەڵکی خۆتان و خاکی خۆتان پارێزگاری لە خۆتان و کەسوکاری خۆتان بکەن؟ ئێوە کە لە باشور پێتان دەڵێن ئاوارە و کوردی ئێران، کەوایە کام ئەرکی نەتەوەیی و کام بەرپرسیارێتی نیشتمانیيە ئێوە دەگرێتەوە؟! منێک یان تۆیەکی وەک کوردەکانی عراق دەڵێن کوردی ئێرانی ئەرکی چی لەسەر شانە؟ ئەرکی پارێزگاری کردن لە خاک و کەسوکاری خۆت یان خاکی کەسێکی دیکە کە تۆ بە بێگانە و میوانی نەخوازرا دەزانێت؟!

ڕەنگە خراپ نەبێت ئەگەر لێرەوە هەموو باشوریەکان دڵنیا بکەم لەوەی کە من و هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش وەک چۆن خاک و وڵاتی خۆمان "ڕۆژهەڵات" مان خۆش دەوێت، هەر بەوجۆرەش باشوور و باکوور و ڕۆژاوامان خۆشدەوێت و پێمانخۆشە سەربەخۆ بن و چیدیکە ژێردەستەی عەرەب تورکەکان نەبن، بەڵام دڵنیاشاتان دەکەمەوە درۆیە گەر من یان ڕۆژهەڵاتیەکی دیکە بڵێت باشوور یان باکوور و ڕۆژاوام بە ئەندازەی ڕۆژهەڵات خۆش دەوێت و وەک چۆن دڵم بۆ ڕۆژهەڵات دەسوتێت، ئاواش بۆ پارچەکانی دیکە، دیارە خەڵکی پارچەکانی دیکە ش هەر بەوجۆرەن و ئەوەندی دڵیان بۆ پارچەکەی خۆیان لێدەدات ئەوەندە بۆ ڕۆژهەڵات لێنادات و بەو ئەندازەیەش هەست بە بڕپرسیارێتی نەکەن لە ئاستیدا.

جا بۆیە جارێکی دیکە ڕوو دەکەمەوە هێز ولایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات و دەڵێم، بە باوەری ئێوە دەکرێت ئێمە ببین بە قوربانی و خۆمان بکەین بە پردە بازی ڕێگای ڕزگاری باشوور، باکوور یان ڕۆژاوا و بۆخۆشمان تێدابچین و بیر لە خۆمان نەکەینەوە، لە کوێ و لە کام وڵات و لە کام گۆشە و قوژبنی دونیادا هەمچون شتێک رویداوە کە دە دوازدە میلیۆن مرۆڤ ببێت بە قوربانی لە پێناو ڕزگاری یان خۆشبەختی چوار پێنج میلیۆن کەس دا؟ ئەگەریش پێتان وایە و بەو ئاواتەن کە هاوکاری و پاڵپشتی کردنی باشوور لەمرۆدا دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی لە داهاتوو دا باشوریەکان هاوکاریتان بکەن و پشتیوانیتان بکەن، ئەوە زۆر بە هەڵدا چونە و دەتوانم بڵێم چەوتتان خوێندۆتەوە! چونکە کۆبانی کە ئێستا لە خراپترین و دژوارترین بارودۆخ دایە و خەریکە تراژیدیایەکی مرۆیی تێیدا ڕوو دەدات، باشوریەکان چەندە لایان لێکردەوە و چەندەیان یارمەتی دا و چەندە بە هاواریانەوە چوون؛ هەر ئەوەندەش بە دەنگ ئێوەوە دێن و هەر ئەوەندەش هاوکاریتان دەکەن، خەڵکی کۆبانی بە بەر چاوی باشوریەکان و هەموو دنیاوە هاوار دەکەن و دڵێن هاوکاریمان بکەن، چەکمان بۆ بنێرن، تەنانەت ئامادەن ئەگەر بە پوڵ و پارەش بێت چەک و تەقەمەنی بکڕن، بەڵام حیزبەکانی باشوور وەک ئەوەی نە گوێیان هەبێت و نە چاویان ببینێت، نە باسی دەکەن و نە خەمیشی پێوە دەخۆن، بەڵکوو بە

پێچەوانەوە دۆستایەتیان گەرمتر دەکەن دەکەڵ پشت و پشتیوانانی ئەو گروپەی کە سات بە سات هێرشەکانی توندتر دەکات بۆ سەر کۆبانی و سات و سەودای بەنزین و نەفتیان دەگەڵ دەکەن، ئێستا کە ئێوەش وەک هەموو خەڵک ئەو هەڵوێستانەی باشوریەکان دەبینن بەرانبەر بە کۆبانی، ئەی باشە دڵتان بە چی خۆش کردووە و هیوا و هومێدتان بە کام پەیمان وبەڵێن هەیە کە ئەگەر باشوریەکان پێتانیان دابێت؟! دڵنیا بن ئەو پەیمان و بەڵێنەی کە بە ڕۆژاوایان دەداو لە کۆبونەوەکانیان و لە نێو چەپڵەڕێزانی ڕۆژاواییەکاندا خۆیان هەڵدەکێشاو دەیانگوت دەتانپارێزین؛ چەندیان بەجێگەیاند، هەر ئەو پەیمانەش بە ڕۆژهەڵات دەدەن و هەر ئەوەندەشی بەجێدەگەیەنن، ئیدی کەوایە بۆچی و هەتا کەنگێ خۆتان و خەڵکەکەتان بە نێوی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کورد و خاکی کوردستانی باشوور فریو دەدەن؟! بۆچی و هەتا کەنگێ خۆتان و خەڵکی خۆتان دەکەن بە قوربانی بەرژەوەندیەکانی باشوور؟ ئەوە نزیک بە چارەگە سەدەیەکە ئێوە وەک میوانێکی نەخوازراو و بونەتە سەربار بەسەر شان و ملی باشوور و ئەمانیش هەر جار نا جارێ ئەوەتان بەچاو دادەدەنەوە کە شوێن وجێگەو ڕێگەیان داون و بەخێوتان دەکەن و ئاگایان لێتانە، ئێوەش بە بەهانەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی باشوور و هەستی نەتەوایەتی؛ خۆتان لەو ڕاستیە گێل کردووە کە خەڵکێک چاوی لە ئێوەیەو میلەتێک کە ئەو هەموو لاوە خوێن گەرمەی دایە دەستتان و ئێوەش بەڕێتانکردنە مەیدانی شەڕی وەدەست هێنانی ئازادی و لەو پێناوەشدا هەزاران کەس گیانی خۆیان فیدا کرد و خوێنی خۆیان بەخشی، بۆ ئەوە نەبوو کە ئەوڕۆ بێ پشت و پەنا بەجێیان بێڵن و خۆتان لە ئاستیان دا بە بەرپرس نەزانن، ئێوە دێمۆکرات و کۆمەڵەکان بەرپرسن لە ئاست ئەو هەموو زوڵم و زۆریەی کە لە نەتەوەکەمان دەکرێت و ڕۆژانە ژنان و پیاوانمان بە دەستی جەلادەکانی ڕێژیمی داگیرکەری تاران دەگیرێن، ڕاوەنرێن، لێیان دەدرێت و دەکوژرێن، ئێوە کە خۆتان بە خاوەنی هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵات دەزانن و عاشاش لەو ڕاستیە ناکرێت، کەوایە بۆچی ئاوا نابەرپرسانە گوێتان لە ئاست هاوار و داد و فغانیاندا ئاخنیوە و چاوتان بەرانبەر بە داواکاریەکانیان قوچاندوە؟! ئێوە کە خۆتان بە خاوەنی ڕۆژهەڵات دەزانن، کەوایە دەبێ ئەو راستیەش قەبوڵ بکەن کە هەموو ئەو گوشار و نەهامەتیانەی کە کەوتۆتە سەر ئەو میلەتە مەزڵومە، راستە کە ڕێژیمی داگیرکەری تاران بکەریەتی، بەڵام ئێوەش لێی بەرپرسن و دەبێ کار بکەن بۆ ئەوەی ڕێژیم چیدیکە نەتوانێت ئاوا بێ بەزەییانە گوشارەکانی بخاتە سەر نەتەوەکەمان.

کەوایە بەسە و چیدیکە بە نێوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری و کوردستانی بوونەوە ئەو ئەرکە مێژویەی کە کەوتۆتە سەر شانتان لە بیری مەکەن و ڕۆژهەڵات مەکەن بە قوربانی لە پێناو باشوور دا، چونکە بە قوربانی کردنی ڕۆژهەڵات گەورەترین هەڵەی مێژوویە کە دەکەوێتە سەر شانی ئێوە، ئێوەش دەبێ باش ئەوە بزانن کە باشوور وێڕای ئەوەی کە کوردستانە، بەڵام هەرگیز ئامادە نیە تەنانەت قازانج و بەرژەوەندیە مادیەکانیشی بخاتە مەترسیەوە لەبەر ڕۆژهەڵات یان باکور و ڕۆژاوا، کەوایە ئێوەش نابێ نەتەوەکەتان و خاکەکەتان بکەن بە قوربانی قازانجە ئابوریەکانی باشوور.

رەنگە بارودۆخی فەلەستینییەکان و ئەو ٢٢ دەوڵەتە عەرەبیو ٣٠٠ میلیۆن عەرەبە نمونەیەکی باش بێت بۆ کوردستان و ئێمەی کورد بۆ ئەوەی پارچەیەک نەکرێت بە قوربانی لە پێناو پارچەکەی دیکەدا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕیکەوتی : ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پیلانی لە پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**سمایل شەرەفی**

هەر چەند مانگ پێش ئێستا چاودێرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ئەم بەشە لە کوردستان بە نیگەرانییەوە باسیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد. ئەم نیگەرانییەش لە جۆرێک لە زاڵبوونی بێ دەنگی بەسەر فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا سەرچاوەی دەگرت.



حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو هێزو لایەنانەیە کە تا ئێستاش بە تێرامان و وردبوونەوە لە ڕەفتاری سیاسیی ئەم چەند ساڵانەی دوایی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی فەرهەنگی و هتد...ی ئەم بەشە لە کوردستان، لە سەر پرسی "بێ دەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" و دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی کار دەکا.

هەر لەم پێوەندییەداو لە چەند مانگی ڕابردوودا دوای هێنانە بەرباس و لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی خۆیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەستنیشان کردنی پیلانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر "هەوڵدان بۆ لە پەراوێزخستنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پرسی "ڕۆژهەڵات مێحوەری" هێنایە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیەوە.

ئەوەی لێرەدا دەمانهەوێ بەم پێشەکی یە کورتەوە باسی لە سەر بکەین، ئاماژەدانە بە حەرەکەتە ئێعترازییەکانی ئەم چەند ڕۆژەی خەڵک لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کە هەم باسی پیلانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر بنەمای "هەوڵدان بۆ لە پەراوێز خستنی پرسی کورد لە ئێران"ی تێدا باس دەکەین و هەم ئاماژە بە پرسی ڕۆژهەڵات مێحوەری دەکەین کە لە ڕاستی دا خەڵک لەم چەند ڕۆژەدا مانایەکی تایبەتییان پێ بەخشی.

زۆر جار گوێمان لەوە دەبێ کە کاتێک بنەماڵەی ئەو کۆڵبەرو کاسبکارانەی کە بە دەستی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە سەر سنوورەکان گیانیان لێ دەستێندرێ، تەنانەت ئیزنیان پێ نادرێ لاشەی بێ گیانی ئازیزانیان بە ڕۆژی ڕووناک بنێژن و دەسەڵاتداران و ئۆرگانە ئەمنییەتییەکان تەنیا لە ترسی سەرهەڵدانی نارەزایەتیی خەڵک، بە هەڕەشەوە پێیان ڕادەگەیەنن کە دەبێ لە شەوداو بە دوور لە چاوی خەڵک و کەس و کارانیانەوە بنێژرێن. بەڵام لە هەمان کات دا، هەمان ڕێژیم بە هەمان ئۆرگانەکانیەوە ئیزن بە دەیان هەزار لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدا کە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بڕژێنە سەر شەقام و نارەزایەتی دەرببڕن.

لێرەدا پرسیارێکی زۆر سادەو سەرەتایی دێتە ئاراوە کەئامانجی ڕێژیم لە دانی مۆڵەت بە خەڵک بۆ بەڕێوەبردنی خۆپێشاندان و ڕژانە سەر شەقامەکان چیە؟ ئایا ڕێژیم خۆی بە پشتیوانی دۆزی کورد دەزانێ و باوەڕی بەوەیە کە دەبێ دیفاع لە مافەکانی خەڵکی کورد بکرێ؟! یان ئامانجێکی پێچەوانەی هەیە؟ ئەو خەڵکەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە هەستێکی بێ گەردی نەتەوەییەوە هاتنە سەر شەقامەکان و پشتیوانییان لە خەڵکی لێقەوماوی کۆبانی لە ڕۆژاوای نیشتمان دەربڕی، تا ئێستاش لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە لە سەرەتایی ترین مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانیان بێ بەش کراون، تا ئێستاش ئەم خەڵکە ئیزنیان پێ نادرێ کە بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و بووسن و مافی ئەوەیان نیە شارۆچکەکەی خۆیان خۆیان بەڕێوەی بەرن. کەوایە بیرکردنەوە لەوەیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دانی مۆڵەت بە خەڵک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیهەوێ پشتیوانی لە دۆزی کورد بکات هەڵەیەکی قورس و گرانە. بەڵکوو ئامانجی ڕێژیم درێژەدان بە پیلانی "لە پەراوێزخستنی دۆزی کورد لە ئێران"ە. ڕێژیم پێی وایە لەم ڕێگایەوە دەتوانێ بە راکێشانی سەرنجی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پرسی کورد لە بەشەکانی کوردستان، ئەوان لە ویست وداخوازییەکانی خۆیان دوور بخاتەوەو وا نیشان بدات کە لە ئێران دا شتێک بە ناوی "پرسی کورد" لە ئارادا نیەو خەڵک بێ ئەوەی هەست بە هەڵاواردن و بێ بەش لە مافەکانیان لە ئێران دا بکەن، بۆ بێ مافی و لێقەوماوی براو خوشکەکانیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەنگ هەڵدەبڕن و بۆیان نیيە داوای مافە زەوت لێکراوەکانیان بکەن!!

بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا جێی شانازی پێوەکردنەو دڵنیامان دەکاتەوە لەوەیکە ڕێژیمی کۆماری دژ بەکوردی ئیسلامی ناتوانێ لە پیلانی " لە پەراوێزخستنی پرسی کورد لە ئێران" دا سەرکەوتن وەدەست بهێنێ، هەڵوێستی وشیارانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەیکە بە هەستێکی نەتەوەیی و هاودەردانەوە، پشتیوانی خۆیان بۆ خوشک و براکانیان لە شاری کوبانێ لە ڕۆژاوای کوردستان دەربڕی، لە هەمان کات دا هەر زۆر وشیارانە دەنگی نارەزایەتی و ماف ویستانەی خۆیان ڕوو بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی.

خەڵک لە ڕۆژەکانی دووهەم و سێهەمی خۆپێشاندانەکاندا ڕاشکاوانە دژایەتی خۆیان لە گەڵ ڕێژیم دەربڕی و بە بەرز کردنەوەی درووشمەکانی: (سڵاو لە ئازادی، بژی پێشمەرگە، سڵاو لە دێموکرات ، مەرگ بۆ دەوڵەتانی تێرۆریست و داعش دژی کوردانە، هاوپەیمانی تارانە) بە دەسەڵاتدارانی تارانیان سەلماند کە ناتوانن پیلانی دەستەمۆکردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا سەرکەوتووبن.

لە کۆتایی دا ماوەتەوە بڵێین کە قۆناغێک لە زاڵبوونی بێ دەنگی بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەو مانایە نیە کە خەڵک پرسی ڕەوای ماف ویستانەی خۆی لە بیر کردوە و لە پرۆسەیەکی زەمەنی دا عادەتی بە بێ هەڵوێستی گرتووە. بەڵکوو مەحدوودیەتێک لە رەخساندنی دەرفەت و مەجالەکان دا جاری وایە هێزە سیاسییەکان و چالاکان تووشی نیگەرانی دەکات کە بە

خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەگەر ڕۆژهەڵات و پرسەکانی بکەینە تەوەرو مێحوەری کارو فەعالیەت و بیرکردنەوەی ڕۆژانەمان دەتوانین کۆتایی بەو زەمەنە پڕ لە نیگەرانییەش بێنین.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ١٢ی ئۆکتۆبری 2014

# چاوەڕوانیی ڕزگارکەری دەرەکی، کوردی لەرۆژهەڵات تەریک کردووە

**ڕامان نەسری**

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پاش چەندین دەیە بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕۆژئاوا، پێشنووسی ڕێکەوتنێکی لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ واژۆ کرد.



واژۆکرانی ئەو ڕێکەوتنە لە نێوان هەردوو لایەنی دانوستانکاردا لە کاتێکدا هاتە ئاراوەکە ڕژیم لەژێر گوشاری هێرشی نیزامی و گوشاری ناوخۆیی و هەروەها هێزی خەڵکدا بوو، ئەمە چەندمین جارە ڕێژیم ئەو هێرەش و مەترسییانە دەگەیەنێتە لووتکە و هەر جارە بە هێنانە ئارای بەزمێکی نوێ لەباری بردووە، ئەم جارە و لە حاڵی دانوستاندا تەشەنەی زیاتری کردووەتە ناوچەکە و تەنانەت لەشکەر کێشیشی کردووەتە نێو چەند وڵاتێک. هەتا ئێستا چەندین جار ئەگەری هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران گەیشتووەتە لووتکە، بەڵام ڕێژیم بە داساچانێک و نواندنی نەرمییەکی لەرادەبەدەر بەبەراورد لەگەڵ رابردوو، ئاوێکی ساردی بەسەر ڕۆژئاوا و ئەمریکادا ڕژاندووەو خۆی لێ دەرباز کردووە و سەلماندوویەتی بۆ مانەوەی خۆی هەر چەشنە نەرمی و ئینعتافێک دەنوێنێ.

ڕێژیم ئیسلامی بە وردبینییەوە و بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەگەرەکان و ئەو هەموو هەڕشە و گوڕەشە کەلە سەریەتی، بە بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی خۆی و بەرەوپێشبردنی ئایدیۆلۆژیاکەی لە ناوچەکەدا گەیشتووە. ئەو ڕێژیمە لەلایەن ئەو وڵاتانەوەکە لەگەڵی دانیشتوون، بە ڕێژیمێکی تیرۆریستپەروەر و پاڵپشتی تیرۆریزم لە جیهان و ناوچەتاوانبار دەکرێ، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو هەموو ئیدیعایە،لەگەڵی دادەنیشن و دەگەن بەرێککەوتنیش. ئەم نەرمی نواندنەی ئێران و ڕۆژئاوا و ئەمریکا (دوژمنی ژمارە یەک) لەگەڵ یەکدی، دەمانهێنێتە سەر ئەو قەناعەتەکە لە ئەگەری پاراستنی بەرژەوەندەییەکانیان ئەم ڕێککەوتنەسەر بگرێ و هەر وەکوو لە سیاسەتدا دەگوترێ: "دۆستی ئەمڕۆ دوژمنی سبەینێ و دوژمنی دوێنێ دۆستی ئەمڕۆ"، بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی تەشەنەی وڵاتێکی ڕکابەری وەکوو عەرەبستانیش لە ناوچەکەدا بوویێت، هیچ بەدوور نییە، ببنەهاوپەیمانیش. چونکە ئێران و وڵاتانی زلهێزی جیهانیش لەم دواییانەدا ئەوەیان نیشان دا. وڵاتانی ڕۆژئاوایی مادام کە بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت، دەتوانن لەگەڵ دیکتاتۆرترین وڵاتیشدا ڕێک بکەون و هاوپەیمانیشی لەگەڵ پێک بێنن (ئاماژە بە عەرەبستانی سعوودی). ڕێژیم بەو ئاکامە گەیشتووە لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ناوکییەکەی نەرمی نیشان بدا و ئەمەش دوورکەوتنەوەی دەستڕاگەیشتنی ئەو ڕێژیمە بە چەکی ناوکیی لێ دەکەوێتەوە. بەو مانایە مانەوەی زیاتری ڕێژیم، یان دوورکەوتنەوە و تەنانەت وەلانانی بەکارهێنانی بژاردەی نیزامی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە. مانەوەی ڕێژیم لە وەها حاڵەتێکدا کەبەهێزترین ئەگەر لەم قۆناغە دایە، بەواتای دەستێوەردانی زیاتری ڕێژیم لە ناوچە، پشتیوانیی زیاتری گرووپە تیرۆریستییەکان و لە هەمووشیان گرینگتر، زیاتر لاوازبوونی کورد بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. هەر وەک ئاشکرایە زیاتربوونی زەخت و گوشارەکان بۆسەر خەڵک لە ئێران نابێتە گرفت بۆ

ڕۆژئاوا و ئەمریکا، مادام کە بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوە و دەوڵەتەکانیان نەکەوێتە مەترسییەوە. ئێستا عەرەبستانی سعوودی گەورەترین هاوپەیمانی ئیسلامی و عەرەبیی ئەمریکایە.

زەرفیەتی ئێران لە بواری مافی مرۆڤەوە وەکوو وڵاتێکی ئیسلامی لەمەڕ گێڕانی ئەو ڕۆڵە (هاوپەیمانی ناوچەیی) لە عەرەبستان ئەگەر زیاتر نەبێ، کەمتر نییە، چونکە ئەو پێشێلکارییەی کەلە عەرەبستان لەبواری مافی مرۆڤدا دەکرێ هیچ کات کەمتر لە ئێران نەبووە و ئەمەش بۆ هاوپەیمانیی ئەمریکا لەگەڵ عەرەبستان نەبووەتە بەربەست.

وێکچوونێکی دیکەی عەرەبستانی سعوودی و ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران پشتیوانیی گرووپە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە لەلایەن دوو وڵاتەوە بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێ. عەرەبستان پاڵپشتی لە گرووپە تیرۆریستییە سوننەکان و ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران پشتیوانیی گرووپە تیرۆریستییەکانی شیعە وەکوو حیزبوڵڵا و حوسەییەکان و ... دەکات.

لەم حاڵەدا کەڕێژیمی ئێران و وڵاتانی ١+٥ دەگەن بە ڕێککەوتنی ناوکی، هەر وەکوو ئاماژەی پێکرا مافی مرۆڤ و مافەکانی گەلانی ئێرانیش نابێتە گرێکوێرە بۆ ڕۆژئاوا و ئەمریکا، ئێمەی کورد دەبێ چ بکەین؟ ئایا ڕێبەرانی کورد هیچ بەرنامەیەکیان بۆ وەها وەزعیەتێک هەیە؟

بۆ گۆڕانگاری لەهەر سیستەمێک پشتگیریی دەرەکی پێویستە، بەڵام کورد نابێ چاوەڕوانی ئەو بێ کە مێژووی عێراق لەپێوەندی لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی سەدام، لە ئێران دووپات بێتەوە، گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد، دەتوانن باشترین ڕۆڵیان لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە ئێراندا هەبێت.

کورد لەم قۆناغەدا پێویستیی بە گۆڕانکاریی سیاسی بەهێزی سیاسەتڤان و حیزبەکان هەیە بە شێوەیەک کە گۆڕانکاری لە دۆخی سیاسی و هەلومەرجی هەنووکەیی پێک بێنی، سیاسەت بەمانای راستەقینەی خۆی کە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بپارێزێت، ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە ڕێبەرانی کورد لە ڕۆژهەڵات یەک سیاسەتی نەگۆڕ پێڕەو دەکەن، ئەویش چاوەڕوانیی هاتنی ئەمریکا و ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە، ئەمەش وەکوو تاکە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەیی لەبەر چاو دەگرن، کارەسات کاتێک خۆی دەردەخات ئاخۆ هیچ ئالترناتیڤێکی دیکەبۆ کورد لە ئەگەری نەهاتنی ئەمریکا لەبەر چاو گیراوە، یان تاکە ڕێگا، ئەمریکای ڕزگارکەرە!

ڕێککەوتن و نەرمی نواندنی دوو لایەنی دانوستانکار، دەبێ ئێمەی کورد بهێنیتە سەر ئەو قەناعەتە کەنابێ چاوەڕوانیی ڕزگارکەری دەرەکی بین و لەسەر سیاسەتی هەڵەی ٢٠ ساڵی ڕابردوومان بەردەوام بین. پێویستە خۆمان قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵین و هاوشانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە ئێستا ئەوانیش ئەو ئامادەیی‌یەیان تێدا دەبینرێ، لانیکەم ببینە بەشێک لە هاوکێشەکان و کاریگەریمان لەسەر ڕەوت و ڕووداوەکاندا هەبێت.

ڕەشبینانەترین حاڵەتی لواو بۆ ئێمەی کورد دەبێ ئەوەبێ کەرژێم واز لە بەرنامە ناوکییەکەی خۆی دەهێنێت و پێش بەرووداني هەر هێرشێکی نیزامی بۆسەر ئێران دەگرێ، چونکە تیۆریسیەنەکانی ڕژێم زۆر لەوە زیرەکتر و سیاسییانەتر بیر دەکەنەوە کە ئێمە بە ساویلکە لەقەڵەمیان بدەین. کورد دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەت بکا و بتوانێ هێز و پوتانسیەلی خۆی بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر هاوکێشەکان بەدەست بێنێتە و بە قورسایی خۆی لە ئاڵوگۆڕەکاندا پشکی هەبێ. بە کورتی کورد نابی دڵی بە ڕزگارکەری دەرەکی خۆش بکا، خۆ لەوانەشە ڕێککەوتن سەر نەگرێت و ڕزگارکەری دەرەکیش بیرووخێنێ، بەڵام ئەگەر نەبوو دەبێ چ بکات؟

لە ڕاپرسییەکدا کەلە خەڵکی ئەمریکا کراوە، لەسەدا ٥٩ی خەڵکی ئەو وڵاتە، ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئێران پێ باشترە، هەنووکەش ئەگەری واژۆکرانی ڕێککەوتنێکی ١٠ ساڵە نزیکتر بووەتەوە، واتە ئەگەر کوردی ڕۆژهەڵات چاوەڕێی ڕزگارکەری دەرەکی بێت دەبێ ١٠ ساڵی دیکەش لەسەر هەڵەی ٢٠ ساڵە بەردەوام بێت.

کورد لە بەرنامە و سیاسەتێکی دیکەدا لەمەڕ وازهێنان لەو هەڵە بیست ساڵەیە، پێویستە ببێ بە ناوەندی هێز و واز لەسیاسەتی قەهری خۆی بهێنێت.

ئەگەر کێشەی بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم بۆ جیهان چارەسەر بکرێ، هەر وەکوو گوتمان چلۆن پرسی مافی مرۆڤ لە عەرەبستان نەبووەتە کێشە لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانیشدا نابێت، بەڵام ئێمە وای دانین کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەبیاڤی مافی مرۆڤیشدا گوشار بخاتەسەر ئێران و ئەو ڕێژیمە هەر وەکوو بەرنامە ناوکییەکەی ناچار بە هەندێ ئاڵوگۆڕ بکات، لێرەدا کورد دیسانەوە نابێ ساویلکانە بۆ مەسەلەکە بچێت، چونکە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەتوانێ بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی دەیان فێڵ و تەڵەکەی دیکەبکار بهێنێ.

بۆ نموونە دەتوانێ لە کوردستان یەکێک لە لایەنەکان وەکوو "ئیسلامییەکان و پژاک" کە نزیک بەخۆی دەزانێ بە فەرمی بناسێت، یان حیزبێکی دیکەی نێوخۆیی دابمەزرێنێ ـ هەر وەک لەم دواییانەشدا باسی هاتبووەئاراوەـ و وەکوو نوێنەری نەتەوەی کورد بۆ چارەسەریی پرسی کورد لەگەڵیان دابینشێت و نمایشێکی دیکە بۆ گەوجاندنی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی بخاتەڕێ. نەتەوەی کورد کە چەندین ساڵە لە ژێر زەخت و گوشار دایە بە چکۆلەترین کرانەوەـ لانیکەم بۆ ماوەیەک ـ ڕازی دەبن و پێشوازیشی لێ دەکەن. بەلەبەر چاو گرتن و هاتنە ئارای ئەو دۆخە ئوپۆزسیۆنی کورد لەدەرەوەی دەبێ بەرنامەی چی بێ و چ دەتوانێ بکا؟

بە هەڵسەنگاندنی ئەم دۆخە و سیاسەت و ستراتیژیی وڵاتان لە ناوچە، بەردەوامیی کورد لەسەر هەڵەی بیست ساڵە لە قازانجی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا نییە و تەنیا بەهێزبوونمان دەتوانێ ببێتەهۆی کاریگەریمان لە هاوکێشەکاندا. بەهێز بوونیش کاتێک

مسۆگەر دەبێت کە کورد:

١- خاوەنی هێزی نیزامیی پۆشتە و پەرداخ بێت کەلە هەر ئەگەرێکدا بتوانێ وەکوو هێزی گوشار کەڵکی لێ وەرگرێ
٢- ئابوورییەکەی باش و بەهێزی لەمەڕ لابی دروست کردن لەهەموو کون و کەلەبەرێکدا هەبێ.
٣- هێزی جەماوەر لە پشت بزووتنەوەکەدا بێت و هەرکات ویستی شەقام بجووڵێنی
٤- لە سیاسەتی تاک ڕەهەندی دوورەپەرێز بێت و کەڵک لەهەموو پوتانسییەلەکان وەربگرێت

لە غەیری ئەوەدا کورد لە ڕۆژهەڵات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوازتر و کزتر دەبێت و لە ئەنجامیشدا لە هاوکێشە سیاسییەکاندا وەلا دەنرێت و وەلانران لە هاوکێشە سیاسییەکان بۆ نەتەوەیەکی مافخواز و حیزبە سیاسییەکانی، واتەکەمڕەنگ بوونەوە و توانەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠١٥

# خوێندنەوەیەک بۆ نوێترین هەڵوێست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## مەسعوود رەواندووست

لە چەند رۆژی رابردوودا و هاوکات لەگەڵ زیاتربوونی مەترسیی داگیرکرانی شاری کوبانی لە رۆژئاوای کوردستان لە لایەن تیرۆریستانی حکوومەتی ئیسلامیی عێراق و شام و، چڕتر بوونەوەی خۆڕاگری و بەرگرییەکانی رۆڵەکانی کورد لەم بەشەی کوردستان، خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ نیشاندانی هاوپێوەندی و پشتیوانی خۆیان و، هەروەها راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی جیهانی بۆ لای خەڵکی بێ دیفاعی کوبانی لە بەرامبەر تیرۆریستانی داعشدا، کەوتوونەتە جۆش و خرۆش و لە هەر رێگەیەک بۆیان دەکرێ، بە خۆپێشاندان و وەڕێخستنی کەمپین ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بەجێ دەگەیەنن.



لەم نێوەدا وەک هەمیشە و هەروەک چاوەڕوان دەکرا خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بە پێی فەرهەنگی بەرزی نەتەوەیی و هەستی بێگەردی نیشتمانپەروەرییان بە شێوەیەکی کەم وێنە و بە هەست و حەماسەتێکی کوردانەوە، هاوپێوەندی و هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ هاونیشتمانەکانیان لەم پارچەی کوردستان دەربڕی.

هەواڵی وەڕێخستنی کەمپین لە لایەن رووناکبیران و هونەرمەندانی ناسراوی رۆژهەلات و، خۆپێشاندان و رێپێوانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، شەپۆلێکی بەرین لە هەست و سۆزی نیشتمانپەروەریی بە بەرچاوی هاونیشتمانیان لە لایەک و داگیرکەران و خەڵکی وڵاتانی دیکەی جیهان لە لایەکی دیکەوە نیشان دا.

ئەم حەرەکەتە حەماسی و پشتیوانییە بەرینەی رۆڵەکانی کورد لە رۆژهەلات لەبەرچاو و لە ژێر دەسەڵاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەروەک چاوەڕوان دەکرا بێ هەزینە و گرفت نەبوو. هەروەک لە باکووری کوردستان سپای تورک بە گوللە و گازی فرمێسک رێژ و باتۆم بەرەنگاری خۆپێشاندەرانی کورد بوونەوە و رۆڵەکانی کوردیان لە خوێن گەوزاند و ژمارەیەکی زۆریان شەهید و بریندار کرد، لە رۆژهەلاتی کوردستانیش دوژمنانی کورد و کوردستان بە هێزی ئەمنییەتی و سپای بەکرێگیراوانەوە ئامادەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خۆپێشاندەران بوون و، سەرەڕای ئەوەی لە ترسی خرۆشانی شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان هەوڵیاندا راستەوخۆ بەرەنگاری حەرەکەتەکە نەبنەوە، بەڵام بینرا کە لە شاری مەریوان هێرشیان کردە سەر خۆپێشاندەران و شەڕ و تێکهەڵچوون هاتە ئاراوە.

رێژیم سەرەتا هەوڵی دا ئاراستەی خۆپێشاندانەکان بەلاڕێدا بەرێ و لە رێگەی ژمارەیەک بەکرێگیراوی خۆیەوە بە سووتاندنی

ئاڵای ئەمریکا وانیشان بدا کە خەڵکی ڕۆژهەڵات، ئەمریکا و هاوپەیمانان بە هۆکاری سەرەکیی کارەساتەکەی کوبانی دەزانن. لە لایەکی دیکەوە بە بڵاوکردنەوەی دروشمی بێ بنەمای هەڵقولاو لە بیری شۆڤێنیستی و پان ئێرانیستی و ئەوەیکە "هەموو کوردەکان لە هەر شوێنێک بن ئێرانین"، ویستیان مەرام و ویستی دواکەتوانەی خۆیان بەسەر حەرەکەتەکەدا زاڵ بکەن.

بەڵام وشیاری و ئاستی بەرزی تێگەیشتوویی نەتەوەیی کورد وەک لە سی و چەند ساڵی ڕابردوودا، نیشانیدا ئەم هەوڵە نەزۆکانە بێ ئاکامە و سەرەنجام هێرش و سەرکوتی بێ بەزەییانەی هێزەکانی ڕێژیم و قۆڵبەست کردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە خۆپێشاندەران بە تایبەت لە مەریوانی لێ کەوتەوە.

ئەم سەرکوت و بەرخوردە توندەی ڕێژیم و شێواز و سیاسەتە فێڵاوییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو خۆپێشاندەرانەی بۆ پشتیوانی لە هاونیشتمانەکانیان لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان هاتوونەتە سەرشەقامەکان، هەڵگری پەیامێک بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات و گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانە.

بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو پەیامە دەگەیەنێ کە وێڕای پاراستنی هەستی بەرزی نەتەوەیی و هاوپێوەندی و پشتیوانی و بەهاناوەچوونی خوشک و برا هاونەتەوەکانیان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، دەبێ وشیار و ئاگاداری ماهییەتی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی بن و لەبیریان نەچێتەوە کە ئەرکی سەرەکی و یەکەمیان بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامییە. چونکە ئەم کارە جگە لە ڕزگارکردنی کورد لەم بەشەی کوردستان، گەورەترین یارمەتیشە بە پارچەکانی دیکە و هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ نەهێشتنی سێبەری دوژمنێکی گەورەی کورد بەسەر ناوچەکە و بەرژەوەندی گشتیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا.

بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ئەوە دەگەیەنێ کە سەرەڕای پشتیوانیی ڕواڵەتیی ئەم ڕێژیمە لە کوردی پارچەکانی دیکە، لە ڕاستیدا دژی هەموو بەرژەوەندییەکانی کورد لە تەواوییەتی خۆیدایە و، هەر یارمەتی و پشتیوانی کردنێکیشی لە بەشێک لە کوردەکانی پارچەیەک، بە مەبەستی ناپاکی و ئاژاوە نانەوە و دووبەرەکی خستنە ناو ڕیزەکانی کورد و لێک دوور کردنەوەی هەرچی زیاتری پارچەکانی کوردستان لێکترە و هەر بۆیەشە هاوپێوەندی و هاوسۆزیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ پارچەکانی دیکە لە لایەن ئەم ڕێژیمە و هەموو دوژمنانی کوردستانەوە تەحەممول ناکرێ.

هاوکات ئەم حەرەکەت و پشتیوانییە شکۆدارەی خەڵکی کوردستان و بەردەوامیی چەندر ڕۆژەیان بەم حەرەکەتانە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، نیشاندەری بەردەوامیی ڕووحی شۆڕشە لە جەستەی ڕۆژهەڵات و مێشک و دڵی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتدا. کە ئەگەر لە سایەی لەخۆبردوویی و بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان، دەست بەرداری هێندێک ماف و چالاکییەکانی خۆیان بوونە، بەڵام ڕووحی شۆڕشگێڕی و ڕەوتی شۆڕش لە هەر قالب و فۆرمێکدا کە نیشتمانە پارچە پارچەکراوەمان بخوازێ و پێویستی بێ زیندووە و ئامادەی مەیدانداری و بەرخۆدان و خەباتە. جا ئەم مەیدانداری و بەرخۆدانە چ لە مەیدانی پشتیوانیی مەعنەوی و یارمەتیی ماددی بۆ شەنگال، یان خۆپێشاندان و کەمپین بۆ پشتیوانی لە کوبانی

بێ، چ لە پێشوازی و یارمەتیدانی رۆڵەکانی دێموکرات و پارێزەرانی رۆژهەڵات و حەواندنەوە و حەشاردان و پاراستنیان لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستاندا بێ. هەمووی ئەمانە نیشاندەری رووحی شۆڕشگێڕیی خەڵکی رۆژهەڵاتە کە بە پێچەوانەی حەز و ئارەزووی داگیرکەرانی کوردستان و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر زیندووە و تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی هەروا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# گەشەکردنی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کوێستان فتوحی

یەکێک لە سەرەکیترین چەمکەکانی جیهانی مۆدێرن، دروست بوونی کۆمەڵگای مەدەنییە. کۆمەڵگەی دێموکراتو ئازاد پێویستی بە پێش زەمینەی فەرهەنگی و فکری هەیە کە خەباتی مەدەنی لە بوارەجۆراوجۆرەکاندا پێکی دێنێ. یەکێک لە پێویستییە گرنگ و بەنرخەکانی خەباتی مەدەنیش، ئاگایی‌و وشیاری سیاسیی کۆمەڵگەیە.



لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە گوتارێک باڵی بەسەر فەزای سیاسی‌و ڕووناکبیری کوردستاندا کێشاوە، ئەویش گوتارێکە تایبەت بە خەباتی مەدەنی‌و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ڕێکخراو و ئین جی ئۆ (ngo) ی تایبەت بە ژینگەپارێزان، ژنان، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، خوێندکاران و کرێکارانو.... هتد.

پارێزگاری لە ژینگەو شکاندنی چەکە ڕاوییەکان، کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکیی هونەریی، فەرهەنگی‌و ڕووناکبیریی جۆراوجۆر، باسکردن لە مافە پێشێلکراوەکانی ژنانو دیفاع لە مافی مرۆڤ، بەربەرەکانیی لەگەڵ مادەهۆشبەرەکان، بەشێکن لەو خەباتە مەدەنییەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخۆشییەوە خەریکە شکڵ دەگرێ. لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە هێندێک لەو بوارانە بەهۆی ڕێگریی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر ئاکتیڤ نەبن، بەڵام وشیاریی سیاسی و پێگەیشتوویی کەلتووری‌و فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان و ئەو باگراوەندە نەتەوەییە دەوڵەمەندەکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیانە، ئەوەندە جێگای هیواو گەشبینییە کە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا خەڵک بەرفراوانتر لە حەرەکەتە مەدەنییەکاندا بەشداری بکەن و بە سوود وەرگرتن لە هێندێک هەل‌و مەجالی تایبەت، بوار بۆ هێنانە ئارای داخوازی گەورەتر و حەرەکەتی بەرینتر لە کۆمەڵگەدا بڕەخسێنن.

یەکێک لە ئەهرۆمە گرنگەکانی پابەندڕاگرتنی سیستەمی دەسەلاتدارێتی بە ڕێزدانان بۆ ماف و ئازادییەکانی خەڵک، هەروەها یەکێک لە هۆیەکانی بێدەنگ و بێهەلوێست نەبوونی کۆمەڵگە لە ئاست سەرەڕۆیی دەسەلاتێکی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا، لەمەیداندا بوون و گەشەی خەباتی مەدەنییە. لە خۆڕا نییە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە چاوێکی دوژمنانە سەیری ئەو حەرەکەتانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. زۆر جار ڕەخنەگرتنی چالاکانو ڕێکخەرانی حەرەکەتە مەدەنییەکان لە حکوومەت و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، بە "دژایەتی لەگەڵ تەناهیی نەتەوەیی(ئەمنییەتی میللی" و "شەڕ لەگەڵ خودا" تۆمەتبار دەکا و بەردەوام بەرەورووی گوشار، هەڕەشەو زیندانو حوکمی ناڕەوایان دەکاتەوە.

وەک نموونە بەڕێز محەممەد سدیق کەبوودوەند، وەک هێمای خەباتی مەدەنی و کەسایەتییەکی پێشەنگ لە داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سزای ١١ ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوە کە قورسترین سزایە بۆ چالاکێکی مەدەنیی مافی مرۆڤ. دیارە بەڕێزیان دەڵێ:

"ئەمە بۆ من کەمترین سزایە لە پێناو ئازادیو مافی مرۆڤ لە ئێراندا!

ئەگەر لە کاتی ئێستا دا حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەرفەتیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێژێمی کۆماری ئیسلامیدا نیە یا ئەم دەرفەتە زۆر بەرتەسکە، خەباتی مەدەنیی چینو توێژەکانی کۆمەڵگە بۆ بەدواداچوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و بەرەنگاریی مەدەنی دژ بە سیاسەت و هەڵوێستە دژە گەلییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ئەم بۆشاییە تا رادەیەک پڕ بکاتەوە و چالاکان دەتوانن هەموو چین وتوێژو پێکهاتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە وەک ژنان، لاوان، مامۆستایان، خوێندکاران کرێکاران و... هتد لە ڕێکخراو و ئێن جی ئۆی تایبەت بە خۆیاندا لەسەر بنەمای سەرپێچی و (نا) گوتن بە سیاسەتەکانی دەسەڵات ڕێک بخەن و هانیان بدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتی لە پەراوێز خستنو و پێشێل کردنی ئاشکرای ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی هەر کام لەو چین و توێژانە.

بۆ نموونە ئەوەی لە ساڵی ١٣٩٢ لە مەریوان ڕووی دا، واتە لەبەرکردنی جلوبەرگی ژنانە وەک سزایەک بۆ پیاوێکی تاوانبار لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە و گێڕانی بەناو شاردا ، هیچ حاشای لێناکرێ کە سووکایەتییەکی ئاشکرای دەسەڵات و سیستمی قەزایی کۆماری ئیسلامی بە "ژن" بوو. بەڵام ئەو کردەوەیە لەگەڵ نارەزایەتیی بەرینی چالاکانی مەدەنی ڕووبەڕوو بۆوەو تەنانەت پاشەکشەیان بەو هەڵوێستەی بەرپرسانی ڕێژیم کرد. هەر دوای ئەو حەرەکەتە ئێعترازییە بوو کە "ناوەندی کاروباری ژنان و بنەماڵە" کە ناوەندێکی سەر بە دەزگای سەرکۆماریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند کە گێڕانی پیاوێک بە لیباسی ژنانەوە لە شاری مەریوان، بە کارێکی ناشایست و گەوجانەی دەزانێو ئەوان مەحکوومی دەکەن و داوایان لە پۆلیسی ئەو شارە کردوە بەهۆی ئەو کارەیان ڕوونکردنەوە بدەن. هەروەها لە لایەن چەند نوێنەری مەجلیسی شوڕای ئیسلامییشەوە ئەم کردەوەیە مەحکووم کرا.

ئەو جۆرە لێدوان و ڕوونکردنەوانەی دەسەڵات، چ بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە بووبن و چ بۆ پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی کردەوەی لەم چەشنە، یەک ڕاستی دەگەیەنن کە حەرەکەتی ئێعترازیو مەدەنیانە، جگە لەوەی لە هێندێک بواردا پاشەکشە بە دەسەڵاتی سەرکوتکەر دەکا، لەسەر بردنە سەری ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە لە پێوەندیی لەگەڵ پرسەجۆراوجۆرەکان دا شوێندانەریشە.

لەم پێوەندییەدا پێویستە حیزبەسیاسییەکانی کوردستانیش پاڵپشت، هاندەرو هاوکار و یارمەتیدەری گەشەکردنی بەستێنی حەرەکەتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن. هاودەنگی و هاوکاری لەگەڵ خەباتی مەدەنی و ئەکتەرانی نێو ئەو خەباتە، دەبێتە

هۆی ئەوە ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خەڵک بێنە نیو حەرەکەتە مەدەنییەکان و، بێتەفاوەتی و بێهەلوێستی لە ئاست ستەم و زۆرداری و سەرکوتی هاوزمانان و هاونیشتمانان و بێمافییەکان و هەلاواردنەکان، جێگای خۆی بدا بە هاتن بۆ نێو جموجۆڵە مەدەنییەکان. ئەمە جگە لەوەی دەبێتە هۆی وشیاربوونەوە و زیندوویی خەڵک و کۆمەڵگە، ڕوخساری شارستانی، ئازادیخوازی و ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان و ناوەرۆکی سەردەمیانە و پێشکەوتوانەی داخوازەکانیان بۆ خەلکی ئێران و بۆ خەڵکی جیهان، باشتر دەربکەوێ و سەرکوتکردنی حەرەکەتەکانی خەڵکی کوردستان، بۆ کۆماری ئیسلامی، دژوارتر و پڕتێچووتر بێت. لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگە لە ڕووی مەدەنییەت و عەقڵییەت و ڕۆشنبیرییەوە زیاتر پێش دەکەوێ و ژیرانەتر بەرەوڕووی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ١٨ی نوامبری ٢٠١٤

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بەپلانە

**سوارە کەمال**

دوای ئەوەی رابەرایەتی شۆڕشی ئێران لەلایەن ئیسلامیەکانەوە کۆنترۆڵکرا ، زۆرینەی وڵاتە زلهێزەکان، لەنێویاندا ئەمەریکا و ئەوروپا، جگە لەبەرکەوتنی سەربازیی راستەوخۆ، هەموو رێگاکانی تریان گرتەبەر بۆ دژایەتیکردنی. لەتەک ئەوانیشدا وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی سوننە ئاینزا (جگە لەحکومەتی سوریا) سەرجەمیان کەوتنە هەمان سەنگەرو پشتگیری سەدامیان لەجەنگی هەشت ساڵەی دژ بە ئێران کرد .



ئەگەر بپرسین وڵاتێک لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو هەموو نەیارە دەرەکییەی هەبێ، دانیشتوانەکەی فرە نەتەوەو ئاین و ئاینزای نەیار بەیەک بن، دەبێ لەناوخۆدا بەرهەڵستکارانی لەچی ئاستێکدا بێت ؟

دیارە دەرخستنی رێژەی بەرهەڵستکاران، لەسیستەمی ناتەندروستدا زۆر سەختە پێشچاوبخرێت، بەڵام کۆمەڵێ سیماو ئاماژە هەن ، لەوانە ؛ سیستەمی سیاسی، نادادگەری ، گەندەڵی ماڵی و ئیداری ، رێژەی بێکاری و کەمدەرامەتی، رەوشی مافی مرۆڤ و ئازادی بیروڕا، زۆربوون و پربونی زیندان و زیندانیەکان، ئاستی توندی سزاکان و لەسێدارەدان و...هتد بەزانیان دەردەکەوێت رەوشی ئەو وڵاتە چۆنە .

بەو پێیە بێت ، دەبوایە سنوری دەسەڵاتی بەرهەڵستکارانی رژێمی ئێران، لایەنی کەم شارەوانیەکانی کوردستان و ئازەربایجان و بلوجستانیان تێپەڕاندایەو ئێستا لەدەورویشتی قوم بونایە!. کەچی بەپێچەوانەوە، بەرهەڵستکاران هیچ بەدەستن، کۆماری ئیسلامیش بۆتە زلهێزی ناوچەکەو دۆست و پێرەوکەرانشی دەپارێزێ . بەتایبەت جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی، واتە پاش هێرشی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بۆ سەر شاری موسڵ و هەرێم، واپێدەچی کۆماری ئیسلامی بیەوێت رۆڵی تورکیا، لەسوریاو رۆژئاواو باشوری کوردستان نەهێڵێت. پێکهاتەی شاندی ئێرانی (سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران ) بەیاوەری محەمەدی جەعفەری سەحرارودی، ( کە بەفەرماندەی تیمی تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمان قاسملۆ تومەتبارە) بۆ هەولێر ، ئاماژەیە بەدەرکەوتنی سیمای پیادەکردنی سیاسەتی گێزەرو دار ، نەک تەنها لەسەر هەرێم ، بەڵکو ئاگادارکردنەوەی سەرجەم وڵاتانی ناوچەکەیە ، پێش هەموانش تورکیاو وڵاتانی کەنداو .

**تێکچونی هاوسەنگی هێز**

دیارە کاراتربونی ئێران لەناوچەکە، تێکچونی هاوسەنگی هێزی بەدوادادێ، ئەمیش بێ بەرپەرچدانەوە نابێ. ئەمەریکاو وڵاتانی کەنداو بەتایبەت سعودیە، هەریەکەیان بەمەبەستی جیاواز، هەنگاوی یەکەمیان بەدابەزاندنی نرخی نەوت دەستپێکرد، یەکەمیان دەیەوێت ئێران نەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. وڵاتانی کەنداویش سەرەڕای ئەوەی هەمان خواستیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانەوێت ویلایەتی فەقێ لەناوبەرن، دیارە ئەمەش لێکەوتەی نەرێنی ئابوری ، کۆمەڵایەتی و سیاسی گەورەی بەدوادادێت .

## حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەوەی بەئاگابێت لەکاروکردەی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەزانێت کۆیەک فاکتەر ببونە تەنگەژەی بەردەم گەیشتنیان بەدەسەڵات. لەوانە؛ نەبونی ستراتیژیەتێکی پراکتیکی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێوان لایەنە سیاسیەکان. خۆبەستنەوەی لایەنە کوردستانیەکان بەبیری سەرتاسەری ( ئێرانچیەتی) . سەرقاڵبون بەیەکترەوە. سستبونی ڕۆڵیان لەگەمە سیاسی و سیناریۆکانی ناوچەکە. دەستتێوەردان و کردەی ناتەندروستی حزبەکانی باشور، بەتایبەت پ.د.ک لەڕابردوو ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپاش ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١وە...هتد .

### بەرەنجام :

حزبەکانی ڕۆژهەڵات شەڕی یەکلاکەرەوەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەدەست دەرهێندراوەو تائێستا لەدانوستاندن (بەتاک حزب) لەسەر پرسی مافی نەتەوەیی شکستیان خواردوە. بەڵام باشورو باکورو ڕۆژئاڤای کوردستان لەکێشمەکێشیکی بەهێزدان، ئەگەر لەسەر ستراتیژیەتێکی هاوبەشی نەتەوەیی پێکبێن و بەڕاوێژ لەتەک یەکدا کارتەکانی ژێردەستیان بەکاربێنن ، دەتوانن زەمینەی ڕێگاچارە بۆ باشکردنی ڕەوشی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاوێک بەرەوپێش بەرن .
بەتایبەت لەمەودوا واپێدەچێ بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە ، بێکاری و برسیەتی، زۆر توندتر لەوەی هەیە، ڕوبەڕوی ئێران ببێتەوە، ئایا حزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ نەخشەو پلانێکیان بۆ ئەم پرسە هەیە؟

سەرچاوە : ماڵپەڕی هاوڵاتی / ڕێکەوتی : ١١ی ژانویەی ٢٠١٥

# ئەقڵانییەتی وتوویَژ لە سیاسەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕێبوار مەعروفزادە

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو قۆناخی جیاوازی کۆماری کوردستان و شۆرشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسییەکانی کەوتە پێوەندی و وتوویژ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران. قازی محەممەد لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٤٦سەردانی تارانی کرد و لەوێدا داوای پێدانی دەسەڵات بە کوردەکانی کرد. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیش، هێزەکانی کورد چەند جار لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت کە داریوشی فروهەر، وەزیری کاری دەوڵەتی کاتیی بازرگان، نوێنەرایەتی دەکرد دانیشتن و وتوویژیان کرد. بە ئاکام نەگەیشتنی وتوویژەکانی نێوان هەیئەتی وتوویژکاری کورد و کۆماری ئیسلامی ئێران، شەڕێکی خوێناوی بەسەر کوردستاندا سەپاند کە خەسارێکی مرۆیی و ماددی گەورەی لێکەوتەوە. دواجار هێزە کوردییەکان لە ساڵی ١٩٨٠ بەملاوە بەرەبەرە کۆنترۆلی سەرجەم ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتیان دابوو لە دەست دا و کۆماری ئیسلامی لە بواری نیزامییەوە بە تەواوەتی کۆنترۆلی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدەستەوە گرت. لە ساڵی ١٩٨٩، دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڤییەن دانیشتنی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کرد بەڵام لە خۆلی دووهەمی وتوویژەکان بە دەستی ئەو نێردراوانە تێرۆر کرا. لە ساڵی کۆتایی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ شوورای ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێران لە هەرێمی کوردستان بۆ دوو جار دانیشتنی کردوە و جەختی لە چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگەی ئاشیخوازانەوە کردوە. لەو وتارەدا هێندێک خاڵ بە نیسبەت وتوویژەکانی هەیئەتی نوێنەراتی کورد و حیزبی دێموکرات لە دوای شۆرشی ١٩٧٩ وەبیر دەهێنمەوە. هەروەها بە شوێن وڵامدانەوە بەو پرسیارەوە دەبم کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی هێزە سیاسییەکانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ پێویستە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا بکەن، واتە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگری چ ئەقڵانییەتێکە و وتوویژ لە چ بەستێنێک دا بە ئاکام دەگا؟



## ئەقڵانییەتی وتوویژ

بیسمارک (١٨١٥- ١٨٩٨)، یەکەمین سەدری ئەعزەمی ئالمان، بەمشێوەیە سیاسەت پێناسە دەکا کە «سیاسەت هونەری مومکینە». «سیاسەت دونیای واقعییەت دەکاتە بنەمای کاری خۆی نەک حەقیقەت، مەیدانی سیاسەت مەیدانی وتوویژکردن و ڕێککەوتنە نەک مەیدانی تۆران و وێککەوتن. ئەرکی سیاسەت ئەوە نییە حەقیقەتێکمان بۆ بدۆزێتەوە بەڵکوو ئەوەیە کێشە بەرهەست و رۆژانەکان چارەسەر بکا. یاریی سیاسەت یارییەکی دوو جەمسەری نییە کە لایەک براوە بێ و لایەکیتر دۆڕاو، دواجار دەبێ هەر دوولا براوە بن یان هەست بە دۆران نەکەن» (بەشێک لە وتاری عەدنان حەسەنپور). ئەرکی حیزبە کوردییەکان ئەوەیە هەوڵ بدەن لە لانیکەمی

دەرفەتەکانیش بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی کورد کەڵک وەربگرن چونکە هەر وەک لە ڕابردوودا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران مانای چارەسەری پرسی کورد نەبوو، هەنووکەش لە نێوان ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی راستەخۆ و حەتمی بوونی نییە. هەروەها حیزبە کوردییەکان لە چوارچیوەی ئێران دا ئالتێرناتیوی کۆماری ئیسلامی ئێران نین واتە ئەو حیزبانە نە دەیانهەوێ و نە دەتوانن لە تاران و بۆ سەرجەم خەڵکی ئێران دەسەڵات دابمەزرێنن. واقعگەراییش ئەوە نیە کە پرسی کورد بە داهاتوویەکی ناڕوونی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و بە سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی گرێ بدرێ. ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران نەک لە سەر رووخانی ئەو ڕێژیمە و دابینکردنی مافی مرۆڤ بەڵکوو لەسەر پرسی ئەتۆمی ئێران وتوویژ دەکا. ئەو وتووێژە لە نیوان دوو هێز دەکرێ کە ناکۆکی جەوهەرییان لەگەڵ یەکتر هەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران نوێنەرایەتی سیستمێکی تیۆکراتیکی شیعە دەکا لە حالێک دا ئەمریکا سیستمێکی سکۆلاری دێمۆکراتیکە. ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی تەنانەت پێش لە وتووێژە ئەتۆمییەکانیش لە ئەفغانستان لەگەڵ یەکتر هاوکارییان کردوە. کەوایە ئەوان هەر کات پێویست بێ و بۆ دەستەبەرکردنی لانیکەمی بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ یەکتر دانیشتن و هاوکاری دەکەن. وتووێژی کورد لە گەڵ کۆماری ئیسلامیش لە ڕوانینێکی واقعی و لۆژیکی لەمەڕ هێز و بەژەوەندی کوردی ڕۆژهەڵات لە ئێران سەرچاوە دەگرێ.

## بەستێنی وتووێژ

کە هێزێکی سیاسی بیهەوێ پرسێک لەگەڵ هێزێکی سیاسی یان ڕێژیمێکی دیکەدا لە ڕێگەی ئاشیانە و وتوویژ چارەسەر بکا، پێویستە بەستێن و فەزای وتووێژیش برەخسێنێ. لە ڕابردووشدا حیزبی دێموکرات هەوڵی ئەوەی داوە کە بەستێنی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خۆش بکا. حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی ئاشتیخوازی خۆی نیشان بدا لە کۆنگرەی چوارەمی خۆی دا ڕوو بە خۆمەینی پەیامی داوە. لە ڕێکەوتی ١٩ ڕێبەندانی ١٣٥٧ واتە سێ ڕۆژ پاش سەرکەوتنی شۆڕش، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ خۆمەینی نامە دەنووسێ.

کەوایە پێوەندیی نێوان کورد و کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بە شەڕ دەستی پێ نەکرد و کۆمەڵێک هۆکار بووە هۆی سەرنەکەوتنی چارەسەری پرسی ئاشتیانەی کورد. لە ١٥ خاکەلێوەی ١٣٥٧ هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی دوکتور قاسملوو و بە هاورێیەتی غەنی بلوریان، محەممەد ئەمین سراجی و ئەمیر قازی ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبە لە تاران لەگەڵ مەهدی بازرگان، سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی کاتی، بۆ ماوەی ٧٥ خۆلەک دانیشتن و چاوپێکەوتن دەکەن. بە پێی ڕاگەیەندراوێک کە دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە، ئەو دانیشتنە زۆر ئەرێنی بووە و موهەندیس بازرگان کۆمیتەیەکی تایبەتی پێکهاتوو لە وەزیری کار، وەزیری نێوخۆ و وەزیری بەرگری بۆ دانۆستان لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەستنیشان دەکا (تلاش در راه تفاهم، لاپەرەی ٤١-٤٣). لە درێژەی وتووێژەکان کۆمەڵێک هۆکار بوونە هۆی ئەوەی کە ڕوانگەی توندڕەوانە و ئەمنییەتی بەسەر پرسی کورددا زاڵ بێ. توندرەوەکانی نێو کۆماری ئیسلامی لەوەی حیزبە کوردییە کان ڕێفراندۆمی ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ و یەکەم هەڵبژاردنی سەرکۆمارییان بایکۆت کرد، کەڵکی خراپیان وەرگرت و هەوڵیان دا پرسی کورد وەک هەڕەشەیەکی نیزامی و ئەمنییەتی نیشان بدەن. لە لایەکی دیکە خۆمەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ فەرمانی هێرش بۆ کوردستانی دا

کە شەڕێکی خوێناوی لێ کەتەوە. هەروەها خومەینی لە ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٥٨، صادق خەلخالی وەک حاکمی شەرع بۆ کوردستان نارد کە بووە هۆی لەسێدارەدانی خەلکێکی بی تاوانی زۆر (روزنامه کیهان، ٢٩ مرداد ١٣٥٨). ئەوانە چەند نموونەیەکن کە ئەگەر ڕوویان نەدابا، بێ گومان کاریگەری ئەرێنی لە سەر بەردەوامی وتووێژەکان دەبوو.

### ئاکام گیری

وتووێژی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست و لۆژیکییە چونکە لە لایەک زیاتر لە ٣٠ ساڵ دژایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، نەیتوانیوە ئەو خواست و ویستە نەتەوەیی لە نێو بەرێ و لە لایەکی دیکە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتیش نەیانتوانیوە کۆماری ئیسلامی لەنێو بەرن و ڕووبەری مەترسی نەمانی بکەنەوە. دیارە پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە وتووێژەکانی ڕابردوو، دەتوانێ یارمەتی ئەوە بدا کە ئەمجارە وتووێژ لەلایەن هەموو هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام بدرێ و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لێی ئاگادار بن و تێیدا بەشدار بن.

سەرچاوەکان:

* نشریه سیاسی- راهبردی چشم انداز ایران- کردستان همیشه قابل کشف، فروردین ١٣٥٨
* بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان، وتووێژێک لەگەڵ بەرێز عەبدوڵلا حەسەن زادە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
* تلاش در راه تفاهم - مجموعه اسناد، جلد ١، بخش انتشارات حزب دمکرات کردستان ایران اسفندماه ١٣٥٩
* بزربوونی سیاسەت، عەدنان حەسەنپوور
* انقلاب ١٩٧٩ و مطالبات ملی کردستان،سعید سنندجی، سایت NNS ROJ
* چشم انداز ایران-دومین ویژەنامه کردستان، پاییز ١٣٨٤، کردستان همیشه محروم، خالد توکلی
* بەرنامەی ڕوداوی ئەمرۆ هیوا جەمال، «خالید عەزیزی دەرکی وتووێژ لەگەڵ ئێران داناخەین»

https://www.youtube.com/watch?v=LrLZTZFciWg

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە ٦٤٧ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٥ی ژانویەی ٢٠١٥

# تێڕامانێک لە چەند پرس و ڕووداوی گرینگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤دا

هەژیر عەبدوڵڵاپوور

ساڵی ٢٠١٤ی زایینی بۆ گەلی کورد لە باشوور و خۆراوای کوردستان گەلێک کارەسات و ماڵوێرانی و قوربانیدانی بە دواوە بوو.



ساڵی رابردوو بەتایبەتی بۆ دانیشتوانی هەرێمی شەنگاڵ و کۆبانی زۆر کارەساتبار و پڕتراژیکتر بوو؛ ئەو هەموو نەهامەتی و ئاوارەیی و شەهیدبوونی سەدان پێشمەرگە و شەڕڤان و خەڵکی بێتاوان بە هۆی هاتنی تیرۆریستان و جەنایەتکارانی داعش بۆ کوردستان و دەرهاویشتەکانی دوای ئەو پێشهاتانەوە بوون کە، جیا لە خەسارە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەم شەڕە داسەپاوە بەسەر نەتەوەی کورددا، کۆمەڵێک ڕووداوی گرینگ و گۆڕانکاریی گەورەیان لە ژیانی سیاسی، ئابووری و سەربازی لە ناوچەکەدا بەدوای خۆیدا هێنا.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانیش هەر وەک چۆن لە پێشووتریشدا بەبۆنە و ڕووداوی جۆراوجۆرەوە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان بەجێگەیاندووە، ئەمجاریش، لە ئاست ئەو کارەساتە جەرگبڕانەدا کەمتەرخەم نەبوون و لە چەندین شار و شارۆچکە، پێکهاتوو لە چینوتوێژی جیاوازی وەک چالاکانی سیاسیی، مەدەنی و فەرهەنگی و بەگشتی جەماوەری نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی ئەو بەشە لە کوردستان، بە هەستێکی بەرزی نەتەوەیی و ڕوانینێکی مرۆڤدوستانە و لە ڕیزی یەکگرتوودا، بۆ پشتیوانی لە پارچەیەکی دیکەی نیشتمانی کوردان، بەبێ گوێ دانە هەڕەشە و گوڕەشەکانی دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم، هاتنە سەر شەقامەکان و لە لایەکی دیکەش بە کۆکردنەوەی یارمەتی بەتایبەتی بۆ خەڵکی لێقەوماوی شەنگاڵ تا ڕادەیەک توانییان ئەرکی نەتەوەیی، ئەخلاقی و ئینسانی خۆیان بەرامبەر بە بەشێکی دیکەی لە نیشتمانی زامداریان، بەجێبگەیەنن. ئەو چینوتوێژانە بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەیان جارێکی دیکە سەلماندیان کە گەرچی کورد وەک نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە لە دەرەوەی ئیرادە و ویستی خۆیان بە سەر چەند دەوڵەتی سانتراڵ و نادێمۆکراتیک دا، دابەش کراون هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشیدا هاودەرد و هاوکار و پاڵپشتی یەکترن. ئەم ئامادەیی و هەڵویستە پڕ لە دڵسۆزی و بوێرییەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشانەی وشیارییەکی بەرزی سیاسیی و نەتەوەییە کە بەختەوەرانە و بەتایبەتی لە کاتە ناسکەکانی خەباتی گەلی کوردا دەستبەجێ خۆی نیشان دەدا و سەرەڕای بوونی دەیان بەربەست و هەڕەشەی جوراوجۆر، هەڵوێستی نەتەوەیی و ئینسانی خۆیان بەجێدەگەیەنن.

لەلایەکی دیکەوە، ساڵی ٢٠١٤ی زایینی، ساڵی سەلماندنی ویست و ئیرادەی پێشمەرگانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ هەڵسووڕان و چالاکی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شڵەقاندنی گۆمی مەندی بەناو دوڕگەی ئارامی! دەسەڵاتدارەتی

کۆماری ئیسلامی لەو مەڵبەندە بوو و بەختەوەرانە هەر ئەو حوزوور و تێکۆشانانە گەرای هێزێکی داکۆکیکار لە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی لە ژێر ناوی "پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان" لێکەوتەوە؛ تاکوو لەم سۆنگەیەوە لەلایەک بەشێک لە سیاسەت و رێکاری "رۆژهەڵاتمێحوەری" لە کردەوەدا جێبەجێ بکرێ و لەلایەکی دیکەش بە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەستی بە سەر هەموو مافەکانی نەتەوەکەمان داگرتوە، رابگەیەنرێ کە سەرکوت و تاوانەکانی لە دژی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ وەڵام ناهێڵرێتەوە.

رووداوێکی دیکەی جێی تێڕامانی ساڵی ٢٠١٤ی زایینی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، مانگرتنی پۆلیک زیندانیی سیاسی لە بەندیخانەی ورمێ بوو کە زیاتر لە مانگێکی خایاند، شیاوی باسە کە ئەو بەندیانە تەنیا خوازیاری ئەوە بوون کە ژوورەکانیان بەپێی جۆری تاوان یا تۆمەتەکانیان لە یەکتر جیا بکرێنەوە و تێکەڵ بە تاوانبارانی کۆمەڵایەتی نەکرێن. پیلانی تێکەڵکردنی بەندییە سیاسییەکان لەگەڵ بەندییەکانی دیکە، پیلانێکە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتی خۆیدا کەموزۆر لە زۆربەی چاڵەرەشەکانیدا گرتوویەتەبەر تا لەلایەک زیندانیانی سیاسی هیچکات هەست بە ئەمنییەت نەکەن و بەردەوام لە ژێر فشاری رۆحی و رەوانیدا بن و لەلایەکی دیکەوە بەرپرسانی رێژیمی تاران بە دنیای دەرەوە بڵێن کە لە بەندیخانەکانی ئێراندا زیندانیی سیاسی بوونی نییە.

پێویستە وەبیربێنینەوە کە لە ئێستادا، بە پێی ئاماری چالاکانی مافی مرۆڤ لە سەدا چلی زیندانیانی سیاسیی ئێران کوردن، لەو رێژەیە زیاتر لە ٢٠ زیندانی سیاسیی کورد سزای ئێعدامیان بۆ براوەتەوە. ٣٠ زیندانیی سیاسی سزای هەتاهەتاییان بەسەردا سەپێنراوە و ٤٠ زیندانیی کورد تووشی نەخۆشیی درێژماوەی بێچارەسەر هاتوون. بەڵام کۆی ئەو زیندانیانە لە گەڵ ئەوەی بە بیانووی پرووپووچ و لابەلا زۆرترین گوشاریان لەسەرە و لە باجدانێکی بەردەوام دان، بەو حاڵەش لە نێو زیندانیانی سیاسی ئێران توێژێکی زیندوو و چالاکی ئەم کۆمەڵگایەن و بەهۆی شێلگیری و ملکەچنەبوونیان هەروا لەسەر ویست و داوا رەواکانیان سوور و پێداگرن.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٤ی ژانویەی ٢٠١٥

# " ئەحزاب، ڕووناکبیران و خەڵکی کوردستان، سێ کوچکەی سەرەکیی خەبات "

**وریا ڕەحمانی**

زیاتر لە ٧ دەیەیە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام لە خەبات و بەرخۆدانێکی خوێناوی و شۆڕشگێرانە دایە. لەو ماوەیەدا لە گەڵ ئەوەدا کە قەت ئاگری ئەم خەباتە نەکوژاوەتەوە، بەڵام لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەت و دەرەتانی مومکین، شێوازی جۆراوجۆری لەخۆ گرتوە. ئەگەرچی ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی خۆی لە دەستەبەرکردنی ڕزگاریی نەتەوەییدا دۆزیوەتەوە، کەچی بە پێی هەلومەرجی سیاسی و جڤاکیی تایبەتەوە لە ڕێبازی جۆراوجۆر کەڵکی وەرگرتوە. خەباتی چەکداری، خەباتی مەدەنی، وتووێژ و دانوستان، پروپاگەندەی مێدیایی و تەبلیغی، خەباتی فەرهەنگی و ڕۆشنگەریی مافخوازانە و هتد، ئەو ڕێباز و ئامرازە جۆراوجۆرانەی خەبات بوون کە کورد لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی دوور و درێژی خۆیدا بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەت و زەرفییەتەکانی خەبات کەڵکی لێ وەرگرتوە. لەم ڕاستایەشدا هەم هەزینەی زۆری داوە و هەم هەوراز و نشێوێکی زۆریشی بەخۆیەوە بینیوە. مێژووی هاوچەرخی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم واقعییەتەمان بۆ دەسەلمێنی کە هەر کاتێک زەمینە و بەستێنێکی لەبار هەڵکەوتبێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا توانیویەتی دەرفەتەکان بقۆزێتەوە و تەنانەت لە دوامەنزڵگەکانی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجی کۆتاییش نزیک بێتەوە. ئەوەش خۆی دەرخەری ئەم حەقیقەتەیە کە بنەما و بایەخی مافخوازانەی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیک و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە کۆمەڵگە و لای زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهادینە بووە.



لەڕاستیدا سەرکەوتنی هەر بزووتنەوە و خەباتێکی جەماوەری پێویستیی بە لەگەڵ یەکدابوون و هاوتەریبی سێ فاکتۆری سەرەکی هەیە: خواست و ئیرادەی گشتگیری نەتەوەیی، لاوازبوونی ناوەندو پشتگیریی دەرەکی و نێونەتەوەیی.

کاتێک کە سەیری مێژووی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هاوچەرخی کورد دەکەین، گرینگی و زەروورەتی کۆ بوونەوە و هاوتەریب بوونی هاوکاتی ئەم سێ فاکتۆرە سەرەکییەمان، هەم لە دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەم لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستاندا، بەروونی بۆ دەردەکەوێ.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە هەوێنی هاوبەشی دەستەبەرکردنی ئیمکانی ئەم سێ فاکتۆرە ئەساسییەی سەرکەوتنی خەبات چییە؟

لەراستیدا لە دنیای گلۆبال و پێشکەوتنخوازی سەردەمدا ئەوەی کە پێگە و مافی هەر کەس و لایەن و ڕێکخراو یان تەنانەت نەتەوەیەکیش دیاری دەکات، فاکتۆری هێزە. واتە ئەوە هێزی تۆیە کە پێگە و مافەکانت دیاری و دەستەبەر دەکات. بەواتایەکی دیکە پێگە و مافی هەر کەس یا گروپێک ئەوەندەیە کە هێزی هەیە و لە دەرەوەی ئەو پارامێترەدا هاوکێشە سیاسییەکانی دیکە کەم وا هەیە بخوێندرێنەوە. کەوایە ئێمەی کوردی رۆژهەڵاتیش هەرچی خۆمان بەهێزتر کەین باشتر دەتوانین مافەکانمان دەستەبەر بکەین و بەرەو هەوارگەکانی سەرکەوتن هەنگاو بنێینەوە.

رەوتێکی سەرکەوتووی سیاسی ئەو هێزەیە کە خوێندنەوەیەکی واقعبینانەی لە خۆی و ئیمکاناتەکانی بەردەست و واقعییەتی مەیدانی خەبات هەبێ. هەر بەم پێیە ئێمەی کوردی رۆژهەڵاتیش دەبێ بەهەست بە بەرپرسایەتیەکی زێدەوە واقعییەتی زەمانی و ژێئۆپۆلێتیکی ئەم قۆناغەی ئێستای خەباتمان بناسین و جیاوازییەکانی ئەم قۆناغە لەگەڵ سەردەمی خەباتی چەکداری لە دەیەکانی شەست و حەفتای هەتاویدا دەرک بکەین. ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی و جیهانی وەهەروەها راستەقینەی هەلومەرجی هەنووکەیی خەبات لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئێراندا ئەو حەقیقەتەمان پێ دیکتە دەکا کە چیتر حیزبەکان بەتەنیایی ناتوانن خوڵقێنەری ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بن. بەڵکوو دوو فاکتۆری دیکەی خەڵک و رووناکبیران (بژاردەی سیاسییش) دەرۆڵێکی ئەساسی دەگێرن. ئەگەرچی بەداخەوە دوای دوورکەوتنەوەی حیزبەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندیی نێوان ئەم سێ لایەنە گرینگەی کۆمەڵگە جۆرێک لە کزی و ساردبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتاش درەنگ نەبووە و دەکرێ لە تەعامول و هاوپێوەندییەکی ئەرێنی و سازندەدا جارێکی دیکەش کورەی خەباتی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە گوڕتر لە جاران وەگەڕ بکەوێتەوە و بەرەو مەنزڵگەکانی سەرکەوتن بچێ. بەتایبەت ئێستا کە حیزبەکان بەهەر هۆیەکەوە مەجالی تیکۆشانی ئاشکرایان لە نێوخۆیی رۆژهەڵاتی کوردستان دا نیە، زۆر گرینگە کە خەڵک و ئێلیتی سیاسیی کورد بۆشایی نەبوونی حزووری حیزبەکان لە نێوخۆی وڵاتدا پڕ بکەنەوە و بە حزووری بەردەوامی خۆیان لە پانتایی بەرەنگاری و بەرخۆداندا ئاڵای پیرۆزی خەبات بە گەشاوەیی بشەکێننەوە.

گوتاری رۆژهەڵات مێحوەری بەستێنێکی بەرین و لەباری هاوکاری و هاوپێوەندیی ئەحزاب و بژاردەی سیاسی و خەڵکی کوردستانە کە وەک سێ لایەنی گرینگی تەواوکەر و هاوتەریبی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا خەباتی لەمێژساڵەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرەنجامی سەرکەوتن بگەیێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک بەئەزموونترین و سەرەکیترین هێزی سیاسیی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەهەروەها تیۆریسییەنی گوتاری رۆژهەڵات مێحوەری داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو توێژ و ئاراستە جیاوازەکانیانەوە دەکات کە بە مەسئولییەتە ئینسانی و نەتەوەییەکانی خۆیانەوە هەستن و حزوورێکی پڕرەنگتر لە بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بگێرن و لە مەیدان بن. هەروەها لە هەموو بژاردە و ئێلیتی سیاسی، فەرهەنگی، ئایینی و کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵات داوا دەکات کە بە دەنگ گوتاری رۆژهەڵات مێحوەریی حیزبی دێموکراتەوە بێن و رۆشنگەریی پێویست بەئاگاداریی خەڵک رابگەیێنن.

کوردستانێکی بەهێز پێویستیی بە رۆژهەلاتێکی بەهێزە و رۆژهەلاتێکی بەهێز پێویستیی بە خەباتێکی بەهێزە. خەباتێکی بەهێزیش لە مەیداندا بوونی دەویَ و پێویستیی بە ئیرادەیەکی کرداریی بەهێزە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٣١ی دێسامبری ٢٠١٤

# ئەرکی شۆڕشگێر لە قۆناخە دژوارەکانی خەباتدا

## شاڕۆژ

«یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مێژووی دارمانی سیستمە سەرەڕۆ و تووتالیترەکان ڕۆڵی بنەڕەتیی حیزبە سیاسیەکان، کۆمەڵگای مەدەنی و شارۆمەندان لە ڕەوتی چاکسازیی و دێموکراتیزە بوونی سیستمی دەسەڵاتدار و زاڵدایە.



مێژووی هاوچەرخی ئۆرووپای ڕۆژهەڵات شایەتێکە بۆ ئەم ڕاستییە کە کاتێ دەوڵەتەکان ڕێگەی هەر چەشنە وتووێژ و دانووستانێک لەسەر کۆمەڵگاکانی خۆیاندا دادەخەن، شارۆمەندان بۆ خۆیان بە پاڵپشتیی بنەما جەهانگیرەکانی مافی مرۆڤ و بە زانیاریی و ئاگایی لە بەرپرسیاریەتی ویژدانیی و شارۆمەندیی خۆیان، خەڵکانی جیهانیان کردووتە شایەتی خۆیان، و دەستیان داوەتە خەبات و داکۆکی لە بەها باڵا مرۆییەکان.»

مرۆڤ پاش بە پۆختەیی گەیشتن بەردەوام هەوڵی داوە تا مافە ڕەواکانی خۆی دابین کات. لە دابین کردنی یەکەمین پێداویستییەکانی ژیانی تا بونیادنانی کۆمەڵگا و دەوڵەت و شێوازی حوکمڕانی.

بەم پێیە مێژووی مرۆڤ لەگەڵ خەباتدا گرێ خواردووە. خەبات بۆ دابین کردنی خۆراک و سەرپەنا لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سروشتدا هەتا دیاریکردنی سنوورەکانی ژیان و هێڵە سەرەکییەکانی بۆ مانەوە لە بازنەی مرۆڤایەتی و دابین کردنی مافە بنەڕەتییەکانی لە مافی فێربوون و نووسینەوە بگرە تا دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین و بەشداریی لە بەڕێوەبەریی وڵات، حوکمڕانی و دەسەڵاتداری لە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیاییدا.

بەڵام بە دڵنیاییەوە هەر لە سەرەتای پۆختەیی مرۆڤەوە دابین کردنی ئەم پێداویستی و مافانە بە ئاسانی نەهاتووەتە دی و مرۆڤ بە پێی سەردەم و بارودۆخی بگۆڕی سەردەمەکان لەگەڵ هەندێ کەند و کۆسپ و ئاریشەی جیاوازدا بەڕەوڕوو بووە.

لە چاخی بەردینەوە کە بۆ زاڵ بوون بەسەر برسییەتی و مانەوەی لە بازنەی ژیان و زیادکردنی نەوەدا، لەگەڵ سروشتدا خەباتێکی بێ وچانی دەست پێ کرد و لە ئەنجامی ئەو خەبات و تێفکرانەدا، بەردی کردە مۆمی دەستی خۆی و یەکەمین کەرەستەکانی ڕاوی پێ دروست کرد، ئەم ڕەوتە لە خەبات و تێفکران تا گەیشتن بە سەردەمی ئاسن و بەرە بەرە تا بونیاتنانی دونیای مودێڕن و کەڵک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژیا و کەرەستەی نوێی ئێلکترۆنیکی و هەناردنی سەتەلایتەکان بۆ دووردەستترین شوێنەکانی کاکەشان بۆ

دۆزینەوەی دیاردەی نوێ و شوێنی ژیانی نوێ بۆ بەردەوامیی نەوەی داهاتوو بەردەوام بووە و ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت مرۆڤ لە خەبات بۆ مسۆگەر کردنی ئاوات و خەونەکانی نەوەستاوە و هەر بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسکەوتێکی دیکەی مرۆڤ دێتە ئاراوە کە بەدڵنیاییەوە بەرهەمی خەباتی مرۆڤە بۆ بەرهەمهێنانی کەشێکی گونجاو و لەبارتر بۆ ژیانێکی پێشکەوتوو و سەردەمییانەتر.

لەم پێوەندییەدا خەبات بۆ دەربازبوون لە ژیانی کۆیلایەتی و دامەزراندنی سیستەمی گوندنشینی و شارنشینی و ئیدارە کردنی وڵات و کاروبارەکانی کۆمەڵگا بۆ باشتر بوونی بژێوی ژیانی مرۆڤەکان و هاتنە ئارای سەدان و بگرە هەزاران چەمک و دەستەواژەی جیاوازی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی و...هتد، کە پێوەندییان بە ژیانی ڕۆژانە و داهاتووی مرۆڤەکان و کۆمەڵگا مرۆییەکانەوە هەیە، بەشێکن لە ڕەوتی خەباتی مرۆڤ بۆ هاتنە دی ئاواتە لەمێژینەکانی.

بەڵام هەر وەک پێشتریش هێمامان بۆ کرد گەیشتن بەم وێستگەیەی کە ئێستا مرۆڤی ئەم سەردەمەی تێدایە هەروا بە ئاسانی و لەخۆڕا نەهاتووەتە بەرهەم و مرۆڤەکان لە پێناو گەیشتن بەم ئاوات و ئارەزووانەدا بە سەدان هەزار و بگرە بە ملیۆنان کەس قوربانیان داوە، بۆ ئەوەیکە ئەمڕۆ جیهان و گۆی زەوی شوێنێکی ئارامتر و ئەمینتر بێت بۆ ژیان.

جا لەم چوارچێوەیدا، بەدڵنیاییەوە ئەو نەتەوانەی کە کەرەستەی پێویست و کەشی گونجاو و لەباریان بووە بۆ خەبات و تێکۆشان باشتر و خێراتر بە ئامانجەکانیان گەیشتوون و لە دەرنجامی ئەو خەبات و ماندوویەتییەدا ئێستا خاوەنی کیان و قەبارەیەکی سیاسی سەربەخۆن بۆخۆیان و لە هەندێ حاڵەتیشدا بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە تێکنولۆژیا و کەرەستەی پێویست بازنەی حوکمڕانی خۆیان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەکردووەتەوە و باڵی حوکمڕانی خۆیان کێشاوە بە سەر سنوور و جوگرافیاییەکانی دیکەی ئەم گۆی زەوییەشدا و هەر بەم پێیەش ڕەنگە بە هۆی چەندین هۆکاری جیاواز هەندێک لە نەتەوەکان نەیانتوانیبێ لە چاو کۆمەڵگا پێشکەوتووە شارستانییەکان بە شێوەیەکی یەکسان بۆ دابین بوونی ماف و ئاواتەکانیان تێبکۆشن و خەبات بکەن و بە ویست و داخوازییەکانی خۆیان بگەیەن. بەڵام بێ گومان ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی خەون و خولیای جیاواز بن هەرگیز لە خەبات و تێکۆشان کۆڵیان نەداوە و سەرەڕای هەموو کێشە و کۆسپ و تەگەرەکان بەردەوام بوون لەسەر ڕێڕەوی خەباتی خۆیان و گومانی تێدا نییە کە لە ئەنجامی ئەو ماندوونەناسی و هەوڵە بەردەوامانەیانەدا ڕۆژێک بە ئاوات و ئارەزووەکانیان دەگەن.

بەڵام ئەوەیکە گرینگە جەخت کردن لەسەر ئەم بابەتەیە کە کەند و کۆسپەکان هەرگیز ناتوانن مرۆڤی خاوەن ئیرادە و خاوەن ئایدیا لە گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی بوەستێنێ و ڕەنگە لە برگەیەکی زەمەنیدا بە هۆی بارودۆخی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای مرۆیی و جوگرافیای سیاسی و مرۆیی ئەمڕۆی جیهاندا، تووشی سستی و لاوازی هاتبێتن بەڵام هەرگیز دەستیان لە خەون و خولیاکانیان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی سەردەمیانەتر هەڵنەگرتووە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا مرۆڤی کورد و نەتەوەی کوردیش لەم بازنەی خەبات و تێکۆشانە بەدەر نییە و مێژووی ئەم نەتەوە بەشخوارە، سەلماندوویەتی کە نەتەوەی کورد لە هەموو قۆناخەکانی ژیانیدا بۆ یەک چرکەش دەستی هەڵنەگرتووە لە خەبات و

بەرخودان و قوربانیدان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیدا.

بۆیە کاتێ لاپەڕەکانی مێژوو هەڵ دەدەینەوە لە هەموو سەدەکاندا و بەتایبەت لە سەدەی هاوچەرخدا نەتەوەی کورد بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان و بە تایبەت لە ١٤٠ ساڵی ڕابردوودا هەر کە شۆڕشێکی کورد لە پارچەیەکی کوردستاندا سەرکوت کراوە و دامرکاوە لە شوێنێکی دیکە و لە پارچەیەکی دیکە شۆڕشێکی دیکە بە دژی زۆرداران دەستی پێ کردووە و ئەم ڕەوتە تا بە ئەمڕۆش بەردەوامە و ئێستاشی لەگەڵ بێ نەتەوەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان نەوەستاوە لە خەبات و قوربانیدان.

هەرچەند لەم پێناوەدا بە دەیان جار تووشی چەرمەسەری، نەهامەتی، ماڵوێرانی، کاولکاری، کۆچ، زەبروزەنگ، سەرکوت، نسکۆ، جینۆساید و ئەنفال بووە بەڵام هەرگیز مرۆڤی شۆڕشگێڕی کورد نەهاتووە بە خەیاڵیشیدا کە دەست لە خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنانی کورد هەڵبگرێ و ڕۆژ نییە کە لەم پێناوەدا قوربانیی نەدات و ڕوونیش نییە کاروانی ئەم قوربانیدانە تا کەی درێژەی دەبێت.

بەڵام ئەوەیکە دیارە بەدڵنیاییەوە تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی لە خەبات و شۆڕش بەردەوام دەبێت و لە هیچ داگیرکەرێک تا وەدیهاتنی خەون و ئاواتەکانی سڵ ناکاتەوە و ڕەنگە لە قۆناخێکدا شۆڕشەکەی تووشی ئاستەنگ بوو بێت بەڵام هەرگیز بیری لە ئاشبەتاڵی هەتاهەتایی، ترس، بێ هیوایی و نائومێدی نەکردووەتەوە، چونکوو تاکی شۆڕشگێڕی کورد و حیزبە سیاسیە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و بە تایبەت حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخوازانەکانی کوردستانی ئێران بەو باوەڕە گەیشتوون کە ترس و بێ هیوایی کوشەندەترین ژەهرە بۆ پەیکەری شۆڕشێک کە بە نیازە دونیایەکی باشتر و داهاتوویەکی گەشتر بۆ کۆمەڵگا و خەڵکەکەی بێنێتە دی.

لێرەدایە کە ڕۆڵ و ئەرکی تاکی شۆڕشگێڕ لە قۆناخە دژوارەکانی خەباتدا زیاتر لە جاران زەق دەبێتەوە، چونکوو هەروەک باسمان کرد گەیشتن بە ئامانجەکان بە بێ دانی نرخ ناکرێت و بە فەرمووده‌ی شەهیدی هەرگیز نەمرمان دوکتۆر قاسملوو «ئەو گەلەی کە ئازادی دەوێت دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات.» و ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هیچ شۆڕشێ بە بێ کەند و کۆسپ و تەگەرە ناگەیتە ئەنجام و بەدڵنیاییەوە شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی قووت دەدا.

بۆیە کاتێ باس لەوە دەکرێت کە تاکی شۆڕشگێڕ سووتەمەنی ڕێگای خەبات و تێکۆشانە مەبەست لە زەق کردنەوەی ئەم بابەتەیە کە هیچ شۆڕشێ بە بێ گیانفیدایی و قوربانیدان بە لووتکە ناگات و هیچ شۆڕشێکیش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبووە کە یەک شەوە و بە بێ هیچ قوربانیدانێ بە ئامانج گەیشتبێ.

لەم پێوەندییەدا زۆر ئاسایی و سروشتییە کە بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییەکانی سەردەم و بەهێزبوون، دوژمنایەتی و هاوپەیمانیی وڵاتانی داگیرکەر و زاڵ بەسەر کوردستاندا، شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد و لە سەرووی هەموویانەوە شۆڕشی ڕەوای

نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێران تووشی تارمایی و لاوازی ببێت و ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانمان درێژتر ببێتەوە بەڵام هەرگیز ئەو ڕۆژە نایەت کە شۆڕشی نەتەوەی کورد بچێتە نێو لاپەڕەکانی مێژوو و لە کردەوەدا بوونی نەمێنێ.

بۆیە لەم قۆناغە هەستیارەدا کە قۆناغێکی دژوار و مێژوویییە بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و بە تایبەت کوردستانی ئێران، ئەندامانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە وەک تاکێکی شۆڕشگێڕ لە چاو جاران زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی خۆیان ڕێگەی خەباتەکەیان لەبارتر بکەن.

لەم پێوەندییەدا زۆر ئاساییە کە شۆڕشگێڕ بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ڕێچکەیە کە دەیسەلمێنێ شۆڕشگێڕ کەسێکی خۆنەویستە کە ئامادەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی و گەلەکەی دەست لە خەون و خولیا تاکەکەسییەکانی هەڵبگرێ، قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەل لە سەرووی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دابنێ و بەڕاستی بۆ بووژانەوەی بلێسەی خەباتی ئەم نەتەوەیە ببێتە سووتەمەنی بەردەوامیی خەباتی ڕەوای گەلەکەی.

تاکی شۆڕشگێڕ دەبێ باش بزانێ کە شەونخوونی و هەژاری و دەسکورتی و بێ ئیمکاناتی بەشێکی سەرەکییە لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕش و دەبێ بە هەست کردن بەو واقیعەی کە ئەمڕۆ زاڵە بەسەر ناوچەکەدا، خۆی بۆ قۆناخی زۆر لەمە دژوارتریش ئامادە بکات.

بە تایبەت قۆناخێ کە جەمسەربەندیی زلهێزەکان بە پێی قازانج و بەرژەوەندییەکانیان بەردەوام لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕدایە و ئەمەش وای کردووە کە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە لەبەرچاو گرتنی ئەو گەمە سیاسییەی کە هەنووکە زاڵە بەسەر ناوچەکە و جیهاندا، لە چاو جاران ئەستەمتر و دژوارتر خۆی بنوێنێ.

لەم قۆناخەدایە کە تاکی شۆڕشگێڕ بە تێگەیشتن لە ڕێگای دژوار و بڕگەی ئەستەمی خەباتەکەی و بارودۆخی نالەباری زاڵ بەسەر شۆڕشەکەیدا لە هەموو بوارەکاندا وەک بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژێئۆپۆلتیکی زاڵ بەسەر ناوچەکەدا، ببێتە پشت و پەنای حیزب و گەلەکەی و بە خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لەو ڕاستییەی کە ئاستەنگەکان هەتا سەر نییە، دەبێ چاو لە جوانییەکانی دونیای تاکەکەسی و شکۆمەندیی و شکۆخوازیی تاکەکەسی ژیانی بنەماڵەیی هەڵبگرێ و بە کردەوە نەک دروشم بە دوژمنانی نەتەوەی کورد بسەلمێنێ کە مەتەرێز و کوورەی خەبات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قایمتر و بەتینترە و هیچ بارودۆخێکی نالەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی ناتوانێ ئیرادەی تاکی شۆڕشگێڕ بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی سست و لاواز بکات.

لە وەها دۆخێکدایە کە تاکی شۆڕشگێڕ پێش لەوەیکە لە قۆناخی بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمن و داگیرکەری خاکەکەیدا دەستەویەخە بێت، دەبێت بە بێ هیچ دەمارگرژییەک لەگەڵ ناخی خۆیدا بکەوێتە بەربەرەکانێ و ئیزن نەدات هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک، ببنە کۆسپێ لەسەر ڕێگای ئاوات و ئارەزووەکانیدا و تا گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی حیزب و گەل لە تێکۆشان،

گیانفیدایی، قوربانیدان و چاوپۆشی کردن لە حەز و ژیانی تاکەکەسیی سڵ نەکاتەوە و لە هیچ چەشنە فیداکارییەک لەم پێناوەدا دریغی نەکات.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی : ١٠ی دێسامبری ٢٠١٤

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان

## شۆڕش گوڵکار

ئەو پەڕانپەڕ و چوارچێوە کولتووریەی کە لێی لەدایەک دەبین و تێیدا گەشە دەکەین، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر



هەڵسەکەوتی ئێمە، بۆیە هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە بە سەرنج و وردبینییەوە دەروانێتە هێز و پوتانسییەلی سیاسی وکۆمەڵایەتی نیشتمانەکەی و هەڵیاندەسەنگێنێ چونکە دەزانێ چارەنووسی ئەمیش بەستراوەتەوە بە هەڵسووکەوتی ئەوان چونکە تاک، نیشتمان و کۆمەڵگە و هێز و لایەنە سیاسییەکان سێ ڕەهەندن کە لە پەیوەندی بەردەوامدان و تەواوکەری یەکترن و گەشەی ئەم سێ تەوەرە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و مافپەروەر و مرۆڤتەوەر پێکدەهێنێ ،بەم پێیە پرسیارێ دێتە ئاراوە کە ئەویش ئەوەیە ئەی بۆ هیچی بۆ ناکەن ؟

ئایا خەڵک، گیان خۆشەویست و ترسەنۆکن یان دەوڵەمەندن و ئاسایش و دڵنیایان هەیە و نایانەوێ لە دەستی بدەن یان بە واتایەکی دیکە قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەسیی خۆیانیان خۆش دەوێ. بەڵام کە چی وانییە چونکە کاتێک سەیری رابردووی ئەم نەتەوەیە دەکەین دەبینین کە بە دەیان جار تامی تاڵی ئاوارەیی و ماڵوێرانیان چەشتووە و هەزاران رۆڵەی گیان لەسەر دەست و بە ئەمەگیشیان لە بەرگری ڕەوادا پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە، کەوابوو دێینە سەر ئەو قەناعەتە کە هەوڵسوکەوتی نابەجێ و هەڵە و شکستە یەک لە دوای یەکەکانی هێز و لایەنە سیاسییەکانە کە ئەمانیشی تووشی بێ هیوایی و بێ دەرەتانی و بێ ئەنگیزەیی کردووە یان بە شێوەیەکی سیاسیوو واقعبینانەتر دەبێ بڵێین کە ئەم کردەوە بێ پلان وسەلێقەیی و بێ دەسکەوتوو و بێ ئاکامەی هێزە سیاسییەکانە کە لەم سەردەمەدا خەڵکی بەرەو پاسیڤ بوون بردووە و ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لە سەر ڕۆح و دەروونی ئەو خەڵکە بووە و تووشی قەیرانێکیانی کردووە بە ناوی بێ خەیاڵ بوون لە چارەنووس و داهاتووی خۆیان .

هەروەها جگە لەمانە ئەم هێز و لایەنە سیاسیانەی کۆمەڵگەی ئێمە لە باتی ئەوەی ژێرخانی عەقڵییەتی سیاسییان هەنووکە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و بە خۆداچوونەوە بێت، کە ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی دێمۆکراسی و بەرەوپێشچوون و گەیەشتن بە سەرکەوتن، کەچی مەخابن ژێرخانی عەقڵییەتی ئەوان بە پێچەوانەی ئەمەیە و تەنانەت بە شێوەیەکی دوگم و یەک لایەنانە و پاوانخۆازانە ئەو تەوەر و مژارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە ڕووبەڕووی گەلی ئێمە دەبێتەوە ڕاڤەی دەکەن و هەر بەم مێتودەش لە گەڵ لایەنەکانی دیکە هەڵسوکەوت دەکەن کە ئەمە لە درێژخایەندا پێگەی کۆمەڵگە بەرەو ڕەمەکی بوون و دەمارگرژی دەبات و کوردستان دەکاتە گۆڕەپانی ململانی ئەو تاک و لایەنە قازانج خۆازانەی کە هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن و هەموو هێز و توانایی خۆیشیان وەگەڕ دەخەن تا بە فرت و فێڵ و چەواشەکاری بەرژەوەندیە تاکەکەسیەکانی خۆشیان دەستەبەر بکەن .ئەگەریش چەند دەیە

جاریک هەلێک بۆ کورد بڕەخسێ ئەمانە ئەو هەلە مێژوویانەش فیدای قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان دەکەن و بە فیرۆی دەدەن.

بۆیە ئێستا بۆ بەرگری کردن لە هاتنە ئارای ئەم دۆخە پێویستە کە هێز و لایەنە سیاسیەکانی کۆمەڵگە کارێکی مێژووی بکەن و ریفورمێک لە خۆیاندا پێکبێنن تا ئیتر نەرۆنە نێو "نادیاری و ئۆتۆپیایی" و لە دۆخی هەنووکەدا نەمێیننەوە و تەنانەت بە دۆخی دڵخوازیشی دابنەیین و لە باتی نووسین و هێنانە گۆڕیی بیرۆکەی سیاسی و تیز و ڕێکاری خۆماڵی، ببنە گێڕەوە و جێبەجێکەری تێوری بیانییەکان، بۆیە و لە قۆناخی هەنووکەدا ریفوورم لە بیرکردنەوە پێکهاتە و هەڵسووکەوتی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پێویستییەکی مێژوویە کە پێویستە بکرێ چۆن ئەگەر وانەبێ کەلێن و قۆژبنەکان یان باشتر بڵێین برینە سارێژ نەکراوەکانی نێو کۆمەڵگە کە بریتین لە جیاوازی ئایینی، تاقمچییەتی، عەشیرەتچییەتی، زاراوەچیەتی و ئیدولوژیچییەتی سەرهەڵدەداتەوە و ئاکامەکەشی دەبێتە زاڵبوونی پاشاگەردانی بە سەر کۆمەڵگە و لە کۆتاییشدا دووکەڵی ئەم نابەرپرسیارەتییانە دەچێتە چاوی خەڵکی کورد و دیسانەوە دەبێتە دەستپێک و سەرەتای کارەساتێکی نوێ.......

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕیکەوتی : ٤ی نوامبری ٢٠١٤

# نەوەی نوێی ڕۆژهەڵات و ئاسۆیەکی لێڵ لە هەستی نەتەوایەتی

هەڵمەت مەعرووفی

پێشەکی:

دۆزینەوەی دەوری زێڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردسستان لە پەروەردەکردن و خەمڵاندنی هەست و هزری نەتەوایەتی کورددا بە گشتی کارێکی ئەستەم نییە و بە پیاسەیەکی ساکار لەناو لاپەڕەکانی مێژووی پڕ کارەسات و ڕووداو و تارمایی و ڕووناکی کوردستاندا ئەم ڕاستیە دەردەکەوێت.



یەکەمجار سمایل ئاغای سمکۆ کۆتایی بە بوونی هزری ئایینی – نەتەوەیی گشتگیر لە ناو شۆڕشی چوار پارچەی کوردستان دێنێت و ڕووپەلی بزاڤی تەنیا نەتەوەیی بەرەوڕووی کورد دەکاتەوە و کۆتایی بە کاریگەرییەکی دێرین لەسەر خەباتی کورد دێنێت، هەر لە ڕۆژهەڵاتیشە کە یەکەم حیزبی سەردەمیانەی کوردی واتا حیزبی دێمۆکرات دێتە ئاراوە و هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشە کە یەکەم کۆماری کوردی و هزری هەبوونی دەوڵەتی کوردی بە شێوەیەکی سەردەمیانە و پێشکەوتوو دێتە کایەوە و بە پێی توانا و دەرفەت کوردەکانی پارچەکانی تریش لە دەوری یەکتری کۆ دەبنەوە و وەک یەک وڵات خۆیان لە ژێر سێبەری یەک ئاڵا و سەرۆک کۆماردا دەبیننەوە، هەمدیسان لە ڕۆژهەڵاتە کە کەسایەتییەکی وەک شەهید دوکتور قاسملوو پێ دەنێتە مەیدانی سیاسەت و کورد بە جیهان دەناسێنێت و بە پێی برەو و بوردێک کە بەرهەمی کەسایەتی و تواناییەکانی بوو، دۆستگەلێکی زۆری بۆ کورد دروست کرد و ناساندی، لە نەوەدەکانەوە (مەبەست ١٩٩١ی زایینی) ڕۆژهەڵات دەکەوێتە قۆناغێکی تر کە بە قۆناغی "کڕی" پێناسە دەکرێت، قۆناغێک کە لەودا ڕۆژهەڵات بوونی هەیە، بەڵام ئاڵاهەڵگر نییە. گەلۆ لەو ناوەدا دەبێ ئەو نەوەی کە لەو بیست تا بیست و پێنج ساڵەدا پێی ناوەتە ژیان و ئێستا نەوەی چالاک و کارییە لە چ دۆخێک لە هەستی نەتەوەیی دابێت و هەستی نەتەوایەتییەکەی چڕ و پڕ بێت یان هەر ڕۆژەی بە گێژەڵووکەیەک بەرەو ئاقارێکی نوێ (ئەرێنی یان نەرێنی) بڕوات یان ئەوەی کە بێبەریە لە هەستی نەتەوایەتی؟

تێبینی: هەڵبەت ئەوە بە واتای نەنرخاندن و سڕینەوەی شۆڕش و هەست و هزری نەتەوایەتی پارچەکانی تری کوردستان نییە و ناکرێ بۆ نمونە نکۆڵی لە دەور و زەحمەت و مەینەتیەکانی جەلادەت بەدرخان نەکرێت لە باکوری کوردستان، بەڵام بابەتی ئەو نووسراوەیە زۆرتر پەیوەستە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### حیزبە کوردیەکان و کەلێن (بۆشایی) نەوەکان:

لە ناو نەوەی پێشوو و نەوەی ئێستا و هەروەها نەوەی ئێستا و نەوەی داهاتوو، بەردەوام کەلێن و بۆشاییەک دەبینرێت کە بە کەلێنی نەوەکان (generation gap) پێناسە دەکرێت، ئەو جیاوازیانە دەتوانێت لە ڕووی شێوازی ژیان و کەلتوور و سیاسی و ئابووری و ...هتد، ببێت. لە سەردەمی ئێستاشدا کە بە سەردەمی تەکنەلۆژیا ناسراوە و قەبڵێندراوە و تەکنەلۆژی سەرجەم کەلێن و بوارەکانی خەڵکانی داگرتووە، بێگومان ئەو کەلێنە لە بەراورد کردن لەتەک نەوەکانی پێشوودا زیاتر دەبینرێت، هەر بۆیەش شێوازی پەیوەندیکردنی نەوەکان و گوتاری ئەو دوو نەوەیە، گرینگییەکیتر دەگرێتە خۆی و پێویستە بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە ئەم لێک دوور بوونەوە لە ناو حیزبەکان و لە ڕادە و شێوەی هەستی نەتەوایەتی ئەو دوو نەوە جیاوازەشدا، گرینگی خۆی هەیە و بە ڕادەیەکی زۆر دەبینرێت، ئەو جیاوازییە لە کاتێکدا کە حیزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو ماوە زەمەنی دوور و درێژە لە دوور کەوتنەوەیان لە ناوخۆی وڵاتدا، بە دڵنیاییەوە زۆرت دەبێت و زۆر جار کەلێنێک دێتە ئاراوە کە پڕ کردنەوەی ئەستەمە.

هەر وەک لە پێشەکیدا ئاماژە پێکرا، هەستینەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی پڕ و دووری هەیە و ئەو مێژوو ترووسکەدارە، بۆی هەیە وایکردبێت هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە پارچەکانی تر بە گوڕتر و درەوشاوەتر و هەرماوتر بێت، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە ئایا ئەو مەودا درێژە لە دووری و کەلێنی نێوان حیزبەکان و نەبوونیان لە ناوخۆ و ڕازی بوون بە نیشتەجێ بوون لە باشوور، وای نەکردووە کە ئەو هەستە بکەوێتە ناو گەردەلوولەوە؟ یان ئەوەی کە نا کاریگەری نەبووە و هەر وەک خۆی ماوە؟

بە پشت بەستن بەو خاڵانەی خوارەوە دەتوانرێت بسەلمێنرێت کە مخابن ئەو هەستە پڕ و بە گوڕە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕێژە و ئاستە و جۆرەکەی لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، زۆر جار بۆتە قوربانی و کەوتۆتە بەر گێژەڵوکە و تا ئێستاش مەکۆیەکی دڵنیای بۆ نیشتنەوە نەدۆزیوەتەوە و زۆر جار بازرگانی پێوە کراوە. خاڵەکان بریتین لە:

١) لێکدابڕان و شەقار شەقار بوونی حیزبەکان کە زۆرتر هۆکاری تاکە کەسی و دەسەڵاتخوازی هەبووە تا جیاوازی و دژایەتی لە ستراتیژی و هزر و ڕێبازدا

٢) دوور بوونەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە مەیدانی کرداری ناوخۆ و تەرە بوونیان

٣) بەهێزبوونی کاتی یان بەردەوامی خەبات و حیزب لە پارچەکانی تر و هەندێ جار سەرەڕۆیی و قۆرغ کردنی ئەو حیزب ا پارتانە

ئەو هۆکارانە و لەوانەشە زۆر هۆکاری تر، بوونە هۆکاری بڵاوی و بێ ئاسۆیی هەستی نەتەوایەتی لە ناو نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە من وەک خۆم بە لێڵ بوونی ئاسۆی هەستی نەتەوایەتی پێناسەی دەکەم و بە دڵنیاییشەوە حیزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات لە داهاتوو و لە ئێستاشدا دەبی وڵامدەرەوە بن. هەڵبەت ئەو بێ ئاسۆییە و ئەم لێڵ بوونە هەر لە ناو خەڵکدا نییە و لەناو حیزبەکانیشدا، ڕەگ و ڕیشە و بنج و بنەوانی حیزبەکانی پارچەکانی تری کوردستان دەبینرێت و زۆر جار ئەدەبیاتی سیاسیی ئەو حیزبانەش کۆپی و پاشکۆی ئەو حیزبانەی پێوە دیارە.

هەڵبەت ئەوە لە کاتێکدا ناتوانێت ببێتە پرسکرێک کە هەستی نەتەوایەتی لەو پارتانەدا (پارتەکانی پارچەکانی تری کوردستان) بەو شێوە پێناسە کراوەی ڕۆژهەڵات بوونی هەبێت کە مێژوو و شێوازی خەباتی ئەو پارت و لایەنانە دژی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەدرکێنێت و ئەوەش خەسارێکە کە بە زیانی خۆمان و بە قازانجی ئەوان لە ماوەیەکی کاتیدا کەڵکی لێوەرگیراوە و هەر ئەوەشە هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات بەرەو هەڵپروکان و ترازان و بێ بناغەیی دەبات.

لێرەدا وەک نموونە دەتوانین باس لە دوو فاکت بکەین کە ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەریانە دەسەلمێنێت.

یەکەم: ڕەنگدانەوەی ئەدەبیاتی پ ک ک (پارتی کرێکارانی کوردستان) لە ئەدەبیاتی هەندێک لایەن و پارتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە وەک نمونە دەتوانین ئاماژە بە (پارێزەرانی ڕۆژهەڵات) بکەین. هاتنە ئارایئەو زاراوە سیاسییە لە کاتێکدایە کە ئەو دەستەیە (مەبەست تاقمەکەیە نەک حدک) تەنیا یەک لقن و ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات کەواتە کەڵک وەرگرتن لە وشەی ڕۆژهەڵات چ پیویستییەکی هەیە؟ هەروەها وشەی (پارێزەر) لە حاڵێکدا کە وشەی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داهێندراوە و پیرۆزترین وشەی سیاسییە لە ناو خەڵکدا.

دووەم: پارتی ئازادی کوردستان بە سەرۆکایەتی کاک عەلی قازی: ئەو پارتە هەم وشەی پارتی لە پارتی دێمۆکراتی کوردستان بە میرات وەرگرتووە کە لە ڕۆژهەڵات باوی نییە و هەر حیزب بەکار دێت، هەمیش لە سەرجەم ئەدەبیات و کردەوە و لاگیرییەکانیدا، پاشکۆی پارتی دێمۆکراتی کوردستانە و تەنانەت باس لە ڕاگرتنی خەبات لە سەردەمی ئێستادا لە ڕۆژهەڵات دەکات و بە زیانی باشووری پێناسە دەکات و زۆر ئاشکرا دەریدەبڕێت و نکوڵی لێ ناکات.

دەتوانین بە ڕوونی ئاماژە بەوە بکەین کە خامۆشی و تەریک بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆشاییەکی قووڵی خوڵقاندووە کە هەر کەس و بە حەزی خۆی کەڵک لە هەستی نەتەوایەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەربگرێت و ئەو خەڵکە داماوەش لە پێناو پاراو کردنی هەستی نەتەوایەتیان و لە کاتی گەران لە دەلاقەیەک بۆ لەناونەچوون، وەدوای هەر کەس و لایەنێک بکەون کە هێزی هەیە و خەباتی بە ڕوویەوە دیارە و هێشتا ژەنگی تەریک بوونەوە بە ڕوویەوە نەنیشتوە، لە هەمان کاتیشدا ئاخ بۆ ڕۆژانی زێڕینیان هەڵبکێشن و لە کۆتاییشدا بێبەش و پار، تەریک بکەونە ڕەخنەگرتن و خۆخواردنەوە.

لە ماوەی ئەو بیست تا بیست و پێنج ساڵەدا، نەوەیەکی نوێ پیی ناوەتە ژیانەوە و گەورە بووە، نەوەیەکی کە نە خوێن و نە خەبات و نە پێشمەرگەی بینیوە (لە تەلەیزۆنەوە نەبێ)، نەوەی بەر لەویش زۆربەی شکست خواردووە و کونجی دۆش دامانی هەڵبژاردووەو زمانی نەوەی ئێستاش بە باشی نازانێت، کەواتە لێرەدا هەن و دەبن کەس و لایەنگەلێک کە هەستی نەتەوایەتی مێژوویی ئەو بەشە لە کوردستان بە قازانجی خۆیان بەکار بێنن و دواتریش نکوڵی لە بوونی بکەن.

زۆرێک لە هێماکانی نەتەوەیی لە ناو زۆربەی هەرە زۆری نەوەی ئێستای ڕۆژهەڵاتدا نامۆیە چ بگات بە نەوەی داهاتوو، هەر

بۆیەش زۆر بە ساکاری دەتوانرێت، هێماکان بدزرێت و بگۆڕێت و نکوڵیشی لێ بکرێت، دەکرێ ئەو هەستە نەتەوایەتییە رواڵەتێکی تری پێوە بنرێت کە بە رواڵەت نەتەوەییە و لە ناخدا دژ بە نەتەوە و دەوڵەتی کوردی و خەونی کورد.

قسەی کۆتایی:

حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرانبەر ئەو کەلێنە بەرینە کە هەیە، بەرپرسیارن، راستە و نکوڵی ناکرێت کە ئەوان بە شێوەی تر هەر بەردەوامن و بەردەوام بوون و خەباتیش لە شێوەی خۆیدا هەیە، بەڵام ئایا ئەوە کۆتا هێز و حەزی ئەو حیزبانەیە؟ کەواتە بۆ ئەوەی کە ئەو کەلێنە لە ئەوەی داهاتوودا قووڵتر نەبێت، دەبێت و پێویستە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هیممەتێک بنوێنن و لەو خەونووچکەیە هەستن و وەنەوزی تر نەدەن و داهاتوو لەو تارماییە رزگار بکەن کە هەم بەرژەوەندی وان و هەم بەرژەوەندی نەتەوەیی تێدایە، ئەگینا رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لەوەی کە ئێستا بازرگانیی پێوە کراوە، بازرگانیی پێوە دەکرێت و رۆژێک دادێت کە لە بازاڕەکانی بەرژەوەندی تاکە کەسی و تاکە لایەنیدا وەک کاڵایەکی بێ نرخ، فرۆشیار و کڕیاریشی نامێنێت.

پێویستە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئاوڕێک لە نەوەی نوێ بدەنەوە و خۆیان بۆ پێناسە بکەن، بۆ ئەو گرینگەش پێویستە سەرەتا نەوەی نوێ بناسن و پێناسەی بکەن و زمان و ڕامانی ئەو نەوەیە فێر ببن و لێی تێبگەن کە کارێکی ئەستەم و نەکراو نییە و سەختتر نییە لە لەناوچوون.

شەپۆلێکی بەرین لە هەستی نەتەوایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر لەناو رۆژهەڵاتدا پنگدەخواتەوە و بوونی هەیە، لە بەرانبەریشدا راوچی بە توانا زۆرن، ئەو هەستە نەتەوایەتییە بە هەمان رێژە کە دەتوانێت ئافرێنەر بێت بە هەمان رێژە و بگرە زیاتریش دەتوانێت رووخێنەر و هەڵەشەکارانە بێت، کەواتە ئێستا کاتی جووڵانەوە و وەخۆهاتنەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، پێویستە سەرەتا خۆیان لە پاشکۆ بوون دەربێنن و دواتر بەرەو یەکگرتنەوە و لێک نزیک بوونەوە هەنگاو بنێن و شیوازی گونجاو بگرنە بەر بۆ نزیک بوونەوە لە نەوەی نوێ و پێناسە کردنی خۆیان بەو نەوەیە کە ئێستای لە دەستەو خەریکە داهاتوو دەنووسێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕیکەوتی : ٢ی نوامبری ٢٠١٤

# تێچووی بەردەوامیی بزووتنەوە لە کوردستان هەتا کەنگێ لە سەر بەشێکی کەمی خەڵک بێت؟

## قادر وریا

### چەند قسەیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



هەوڵدان بۆ ئەوەی نەتەوکەت لە بندەستی و ڕۆژڕەشی رزگاری بێت، ئەرکێکە پێویست و پیرۆز. لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە دا، ئەوانە پتر دەسپێشخەر دەبن و زیاتر دەچنە پێش، کە هەم تێگەیشتنی سیاسی و نەتەوەیی و گشتییان لە سەرترە، هەم هەستکردن بە بەرپرسایەتی و دەروەستبوون لەوان دا زیاترە. بەم پێیە بۆ ئەوەی کەسانێک، بەشێک یا هەموو ژیانی خۆیان بۆ خزمەت بە نەتەوەکەیان و خەبات لە پێناوی ئازادبوونی دا تەرخان بکەن، دەبێ لە لایەکەوە هەست بە بندەستی و بێبەشیی نەتەوەکەیان بکەن، لە لایەکی دیکەوە ئازایەتیی ئەوەشیان هەبێ بۆ نەهێشتنی ئەو بندەستی و بێبەشییە، هەنگاوی پێویست هەڵ بگرن.

نەتەوەی کورد بە گشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، مێژوویەکی دەوڵەمەندیان لە خەبات لە پێناوی بە دەستهێنانی ئازادی دا هەیە. زۆر بۆ دواوە ناگەڕێینەوە. سەیرێکی مێژووی نوێی نەتەوەکەمان لە پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە تا ئیستا بکەن. ئەوانەی لە ٧٠ ساڵی ڕابردوو دا، لەم ڕێیە دا گیانیان بەخشیوە، تووشی بەندیخانە و دەربەدەری بوون، برینداز و کەم ئەندام بوون، زیانی ماڵی و ماڵوێرانیان پێ براوە، یا لە سەر ئازادیخوازی و پشتیوانی لە خەباتکاران و ئازادیخوازان تاڵاویان چێشتوە، کەم نین.

دیارە خەبات لە پێناوی ئازادی و پێشکەوتنی نەتەوە و کۆمەڵ دا ڕێگای جۆراوجۆری هەیە. کەسانێک، تێکۆشانی سیاسی و خەباتی نهێنی بۆ ئەم مەبەستە هەڵ دەبژێرن. ژمارەیەک، دەچنە نێو بواری زانست و کولتوور و هونەر وفکر و مەعریفەت بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە، خزمەت بکەن. کەسانێک، سامان و توانای ماڵیی باشیان هەیە و لە ڕێگای ئابوورییەوە، هەوڵی بەرەوپێشبردنی وڵات و نەتەوە و کۆمەڵی خۆیان دەدەن. هەمووی ئەوانە و زۆر ڕێگای دیکەش بە مەرجێک هەوڵەکان، نیازی خزمەتکردنی نەتەوە و خەڵک و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵیان لە پشت بێ، جێگای ڕێزن.

شتێکی سروشتییە کە لە نێوان ئەم جۆرە کەسانە و کەسانێک کە تەنیا بەژەوەندەی تاکەکەسیی خۆیان بە لاوە گرنگە و ئەوەی

بیری لێ نەکەنەوە نەتەوەکەیان، خەڵکەکەیان، کۆمەڵ و نیشتمانەکەیانە، جیاوازیی زۆر گەورە هەیە.بەڵام لەنێو هەر کام لەو دوو بەشەش دا، کە دەکرێ بە باش و خراپ پۆلێنیان بکەین، گرووپێکی تایبەت هەیە کە ئاوێنەی باڵانوێنی تایبەتمەندیی سەرەکیی بەشەکەی خۆیانن. لەنێو بەشە باشەکەی خەڵک و کۆمەڵ و وڵاتێک، کەسانێک هەن کە نەک هەر ڕێگای خزمەت بە کۆمەڵ و وڵات و نەتەوەی خۆیان هەڵ دەبژێرن، بەڵکوو دژوارترین ڕێگاش هەڵ دەبژێرن. ئەگەر خەڵکی دیکە، لە پەنا ژیانی ئاسایی خۆیان دا، بەشێک لە کات و بیر و توانا و سەرمایەی ماددی و مەعنەویی خۆیان، بۆ خزمەتی کۆمەڵ و خەڵکەکەیان تەرخان دەکەن، ئەمانە، هەموو ژیانی خۆیان و گیانی خۆشیان بۆ ئەو ڕێگایە تەرخان دەکەن. با ڕاشکاوانە بڵێین مەبەستمان چ کەسانێکە. ئەوانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستانیان بۆ خزمەت و تێکۆشان هەڵبژاردوە، لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە خەباتکارەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە دا کاریان کردوە و کار دەکەن، بوون بە پێشمەرگە و بە هەزارانیان لێ شەهید بوون، یا تووشی کەمئەندامی، ئاوارەیی، ژیانی نائاسایی و دوورە وڵاتی بوون، سەبارەت بە هاوکاری لە گەڵ ئەم بزووتنەوەیە کەوتوونە بەندیخانە و ئەشکەنجە و ئێعدام بەشیان بووە، ئەمانە، سەرچڵ و سەرتۆپی مرۆڤە باش و خۆبەخشەکانی نەتەوە و کۆمەڵگەی خۆیانن. لە ڕاستیدا ئەو دەستەیە و بنەماڵەکانیانن کە گەورەترین و زۆرترین تێچووی گەیشتنی نەتەوەکەیان بە ئازادی و مافەکانی، دەدەن.

وەک وترا لە نێو ئەو بەشەی خەڵکیش دا کە هیچ ئەرکێکیان لە بارەی خزمەت بە نەتەوە و کۆمەڵ و نیشتمان نەخستوەتە سەرشانی خۆیان، دەستەیەکی تایبەت هەن. ئەو دەستە تایبەتە هەر بەوەندە ڕازی نەبوون و نابن کە هیچ سوود و خێرێکیان بۆ نەتەوە و خەڵکی خۆیان نەبێ، بەڵکوو ڕێک ڕێگای دژایەتی و خەیانەت بەرامبەر بە گەل و نیشتمان و کۆمەڵی خۆشیان هەڵبژاردوە. ئەوانە دەستیان لە گەڵ دامودەزگا بەدناو و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمێک کە گەلەکەیانی لە بندەستی دا ڕاگرتوە، تێکەڵ کردوە. بە شێوەی ئاشکرا و نیوە ئاشکرا، هاوکاریی ئەو دامودەزگایانە دەکەن کە کاریان سەرکوت و چەوساندنەوەی خەڵکی کوردستانە. تێیان دایە چەکی خەیانەتی هەڵگرتوە و دەستی بە خوێنی تێکۆشەرانی کورد سوور بووە، یا بوون بە چاو و گوێی ئیتلاعات و سوپای پاسداران و بەسیج، بۆئەوەی باشتر بتوانن دەست لە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی خۆیان بوەشێنن. ژمارەیەکیش بە گوێرەی پیشەکەی خۆیان و لە شوێنی کار و هەڵسووڕانیان، بەرنامە و مەبەستە دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمە جێبەجێ دەکەن. بۆ وێنە مینبەری مزگەوت و پێشنوێژی و پیشەی مەلایەتی بۆ خۆشخزمەتی بە ڕێژیم و دژایەتی لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان بە کار دێنن. یا بە پشتگیریی کاربەدەستان و مۆرە گرنگەکانی ڕێژیم، لە بازار و بواری ئابووری دا، مەیدانداری دەکەن و لە ڕێگای لە مەیدان وەدەرنانی خەڵکی دیکە و پاوانکردنی بوارەکە بۆ خۆیان، سوودێکی زۆر بۆ خۆیان و شەریکەکانیان، دابین دەکەن. ئەمانە نەک هەر لە گەڵ ئەخلاق، ویژدان، نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری و سوودگەیاندن بە خەڵک و نەتەوەی خۆیان بێگانەن، بە پێچەوانەوە ڕاست لە سەر حیسابی ژێرپێخستنی هەمووی ئەوانە و خزمەت بە دوژمنانی نەتەوەکەیان، بوون بە خاوەن سامان و سەرمایەیەکی خەیاڵیی و ژیانێکی مشەخۆرانە. ئەو تاقمە لە ڕاستیدا، گاڵتەیان بەو کەسانە دێ کە سەربەرزانە و شەرافەتمەندانە دەژین و پێیان شەرمە نیشتمانفرۆشی و خۆفرۆشی بکەن.

ئەرکی هێزێکی سیاسیی خاوەن ڕۆڵ لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا ئەوەیە، زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بۆ هاوکاری لە گەڵ بزووتنەوەکە ڕابکێشێ و هەر کامیان بە جۆرێک بەشداری مەیدان و بوارە جیاوازەکانی خەبات لە پێناوی

مافە نەتەوەییەکانیاندا بکا. نابێ هەرچی تێچوو و پێداویستیی بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەیەکە، تەنیا لە سەر بەشێکی کەمی خەڵک و کۆمەڵ بێت، بەشێکیش هیچ قورساییەک نەکەوێتە سەرشانیان. لە مانەش گرنگتر ئەوەیە نابێ،تاقمێک مشەخۆر، لە سەر حیسابی دوژمنایەتیی نەتەوەکەی خۆیان و خەیانەت بە خەڵک، بە بەردەوامی سامان پێکەوە بنێن، پلە و پایەیان بچتە سەر و بە ڕێشی کۆمەڵگە و بزووتنەوە پێ بکەنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لێبڕاوە بە بردنەپێشی سیاسەت و تێکۆشانێکی هەمە لایەنەی ڕۆژهەڵاتتەوەر، گیانێکی نوێ بە بەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا، بکاتەوە. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە قورس و پیرۆزە، پێش هەموان، هاوکاری و پشتیوانیی دلسۆزانی هەمیشەیی بزووتنەوەکەی پێویستە. دیارە لە پلەی یەکەم دا لە سەر پشتیوانی و هاوکاریی ئەوانە حیساب دەکەین کە لە درێژایی مێژوو دا بنکە و پێگە و پشتیوانی ئەم حیزبە و بزووتنەوەی سۆڕشگێرانەی کوردستان بوون. بەشێکی دیکەی کۆمەڵ، ئەوانەن کە لە ڕیزی پشتیوانان و دڵسۆزانی بزووتنەوە دان، بەڵام بە هەر هۆیەک هەیە، نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان لە ئاست بزووتنەوە جێبەجێ بکەن. لەوانەیە هەلیان بۆ نەڕەخسابێ، یا بە هۆی سیاسی و ئەمنییەتی، بۆیان نەگونجاوە، پشتیوانی و هاوکاریی پیویستی بزووتنەوە و حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەن. ئەو بەشە ئەگەر پێشمەرگایەتی و چوونە بەندیخانە و ئاوارەیی و زۆر نەهامەتیی دیکەشیان لە پێناوی داهاتووی نەتەوەکەیان دا، نەگرتووەتە خۆ، لانیکەم پێویست بوو و پێویستە لە باری ماڵییەوە هاوکار و پستیوانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بن. یا لانیکەم دەبوا ئاگایەکیان لەو بنەماڵانە بێ کەلە سۆنگەی بەشداری لە بزووتنەوەی کوردستان دا، یەک یان چەند کەسیان شەهید یا نەقوستان بووە یا کەوتوونە بەندیخانە، و لە گەڵ کێشە و ئاستەنگی جۆراوجۆر بەرەوڕوون. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەورەی نوێی تێکۆشانی خۆی دا، ئەم بەشە لە خەڵکی کوردستان وەبیر ئەو ئەرکانە دەخاتەوە کە لێیان کەمتەر خەم بوون و گوێی خۆیان لێ خەواندوە. لەم بارەیەوە بە ڕاشکاوی و بێپەردە چاوەڕوانیی خۆی لە گەڵیان باس دەکا و ئەرکداریان دەکا.

بەڵام حیسێبی ئەو مشەخۆرانەی کە لە سۆنگەی خەیانەت بە گەل و نیشتمان و دەست تیکەڵکردن لە گەڵ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، دەستیان بۆ ڕاورووت و گەندەڵی و پێکەوەنانی سامانی خەیاڵی، ئاوەلا کراوە، شتێکی جیاوازە. لە ڕاستی دا، سامانی ئەوان، سامانی دەستبەسەرداگیراوی خەڵکە. هەر بۆیە پێویستە تاکەکانی کۆمەڵ هاوکار و ڕێخۆشکەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بن بۆ لەقاودانی گەندەڵییەکانی ئەم تاقمە و دەستبەسەرداگرتنی سامانیان بە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بە قازانجی بەرنامە و پرۆژەکانی خەباتی ئازادیخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان. ئەم تاقمە وەک زەروو دەمیان ناوەتە خوێنی خەڵک و نەتەوەکەی خۆیان. بۆیە پێویستە کۆمەڵانی خەڵک و هێزەسیاسیە خەباتکارەکان هەر کام لە ڕێگای خۆیانەوە، تەنگ بەم مشەخۆرانە هەڵ بچنن و دەستی تالان و دزیکردنیان لە سەر خۆیان و کۆمەڵ و نیشتمانەکەیان کورت بکەنەوە. لە داهاتوو دا لەم بارەیەوە لە گەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان پتر دەدوێین.

لە ژمارە ٦٤٢ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# پیش زمینەکانی ئاشتیی نەتەوایەتی

شەماڵ میرزا*



سالانیکی دوور و درێژە، دەنگوگەلی وەکو "بەرە"، "هاوپەیمانێتی"، "کۆنگرەی گەل"، "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد" و لەو دوایانەشدا "کۆنگرەی رۆژهەلات" و "رۆژهەلات میحوەری" و هتد دەبیسین. کەش و هەوایەک کە ئەو چەمکانەی تێدا خولقاون بێگومان کەش و هەوایەکە کە قەیرانە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی تێدا زالە و لەڕاستیدا هیچ یەک لەو چەمکانە، بە کردەوە لە ناو پارتەکان و بەگشتی لە ناو کۆمەڵگادا بەدی ناکرێن. ئەو دەورەیە، خولێکی تاریکە لە مێژوی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستان کە خەڵک لە سیاسەت و پارتی سیاسی لە خەڵک دابڕوان. چەمکی ئینشعاب و دابڕان کە زۆر جاران هێمایەکە بوۆ پلۆرالیسم و فرەچەشنیی سیاسی، بۆتە خۆرە بۆ حیزبەکانی رۆژهەلات و ئینشعابە یەک لە دوای یەک و بێ ئاکامەکان، ئاخرین هومێدییان لە خەڵکی کوردستان بڕیوە. پارتە سیاسییەکان تەحەمولی جیاوازیی بیروڕای یەکتر ناکەن و دوژمنی سیاسی، جێگای رکەبەری سیاسی گرتۆتەوە. حیزبەکان دەرگاکانی رەخنەیان بە سەر خۆیاندا داخستووە، پەیوەندیی ئۆرگانیکی نێوان رۆشنبیر و خوێندکار و ئاکادێمیسیەنن و رۆژنامەنووس لە گەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاستیکی نزم دایە و مەجالی سوودوەرگرتن لە یەکتریان لێ هەڵگیراوە؛ فەقری تیۆری بە رووخساری حیزبی سیاسییەوە دیارە و حیزب لە حالەتی محافزەکاریدا بواری بۆ نوێبوونەوەی تێدا نەماوە. ئەو پێناسەیە هەر وەها لە مەڕ چەمکی "ئاشتیی نەتەوایەتی"ش کە ئەمڕوکە باسی لێوە دەکەین واتادارە. بەو مانایە کاتێک باس کە چەمکی ئاشتیی نەتەوایەتی بو رۆژهەلاتی کوردستان دەکەین، بەو مانایەیە کە رۆژهەلاتی کوردستان لە قەیرانی سیاسی و کۆمەلایەتی دایەو پێویستی بە میکانیزمێکی گونجاو هەیە کە خۆی لەو قەیرانانە دەرباز بکات.

بە ئاوڕدانەوە بەسەر رابردودا ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوی کە هیچ یەک لەو چەمکانەی سەرەوە نەیانتوانیوە لە گوتارەوە بە کردار بگەن و گوتاری یەکگرتویی سیاسی و کۆمەلایەتی ناو کۆمەڵگای کوردی پێک بێنن. زۆرێک لەو چەمکانە هەر بە نەزۆکی مردن و بەشێکیشیان یا بوونە ملکی لایەنێک یاخود هەر لە سەر لاپەڕەی کاغەز ماونەتەوە و دواتریش لە بیر کراون و هیندێکیشیان لە بواری مەودا و پانتاوە، لە چوارگوشەی بە تەسکی حیزبێکی سیاسی تێنەپەڕین.

پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە بۆچی هیچ یەک لەو چەمکانە نەیانتوانی بە ئاکام بگەن؟

گرێکوێرەی سەرەکی، وڵامی ئەو پرسیارە بێگومان لە ئامانج و مەبەستی گەلاڵەدانەرانی ئەو چەمکانهدا نییە. بەڵکوو هۆی سەرەکی لە بەئاکام نەگەیەشتنیان دەگەڕێتەوە بو مێتۆدی چەوتی تێگەیەشتنی پێشوومان لە چەمکی کۆمەڵگای زیندوو، سالم و یەکگرتوو. بەو مانایە کە نەمانتوانیوە بو گەیەشتن بە ئامانجەکانمان لە میتودی گونجاو کەڵک وەرگرین و چەمکەکانمان لە سەر ئەساسییکی دروست بخەینە پێشەوە. بو نمونە کاتێک چەمکی "کۆنگرەی نەتەوەیی"یمان پێش بخەین کە کۆمەڵگای کوردی لە پەرتەوازەیی سیاسی و کولتووری ئاڵۆزدا بووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە "کۆنگرەی نەتەوەیی" پیویستی بە خوڵقاندنی زمینەی لەبار هەیە کە ئاشتیی نەتەوایەتی یەکێک لە زەروورەتە دەست لێ بەرنەدراوەکانییەتی.

هینانە گوری چەمکی ئاشتیی نەتەوایەتی، دوایین دەستەواژە لەو کۆمەڵە دەستەواژانەیە کە بۆ چارەسەریی پرسی ناوخۆی کورد لە ڕوژهەڵاتی کوردستان دێتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کورد. ئەمە هەر چەند مێژوویەکی درێژی هەیە؛ بەڵام وەکو چەمکێکی سیاسی لەڕاستیدا وا مەزەندە دەکرێ بەرهەمی گەڕان بە دوای هۆکاری سەرنەکەوتنی دەستەواژەکانی پێشووتر بێ. ئەو چەمکە بە ڕووبەری سیاسیی خۆیدا تایبەتمەندیگەلێکی هەیە کە خۆی لە دەستەواژەکانی پێشووتر لە خۆی جیا دەکاتە.
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو چەمکە ئەویە کە ڕووبەر و پانتایەکی فراوانتری لە دەستەواژەکانی تر هەیە و خۆی لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا قەتیس ناکات؛ بەڵکو لە هەنگاوی یەکەم دا دەبی:

- ئامانجی ئاشتەوایی حیزبە سیاسییەکان لەگەڵ گشت چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵگایە بن کە تێیدا سەریان هەڵداوە. چەمکی ئاشتەوایی لێرەدا گرێدانی پارت سیاسییەکن بە خەڵک و جەماوەرەوەیە.

- لە هەنگاوی دووهەمدا حەولدان بێ بۆ ئاشتەوایی نێوان چێن و توێژەکانی کۆمەڵگا. لێرەدا پارتی سیاسی روڵی پەیوندی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەگێڕی.

لە پاشان ئاکامی ئەو گەڕانەوە بۆ ناو خەڵکە، کە دەبێتە هێی ئاشتیی نێوان حیزبە سیاسییەکان. پەرتەوازەیی پارتە سیاسییەکان ڕەنگدانەوی ڕاستەقینەی دابەشبوونی کۆمەڵگایەکە کە تێدا ئەو پارتانە دروست بوون.

ئەگەر لە چەمکەکانی تری، بو نمونە وەک "گۆنگرەی نەتەوەیی کورد"، مەبەست پێکهێنانی مەرجەعێکی ئێلیت-میحوەر و سیاسی بۆ بڕیاردان لەسەر گشت چەڵەمەکانی کۆمەڵگای کوردی، ئاوا لە ئاشتیی نەتەوایەتیدا بە جێگای پێداگرتن لە سەر ''ئێلیتی سیاسی"، خودی کۆمەڵگا و گرێدانی جومگەکانی ئەو کۆمەڵگاییە کە بە ئەساس وەردەگێرێ.

بە بێ پەیوەندیی لق و پوپەکانی کۆمەڵگا بێرکردنەوە لە هەر چەمکێکی یەکگرتنخوازانە و لەوانە کۆنگرەی نەتەوەیی، لەوانەیە ئاستەم بێ. بە ئاوڕدانە بەسەر هۆکاری کارانەوبونی ئەو دەستەواژانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن وا دەردەکەوێ کە فاکتۆری ئاشتیی نەتەوایەتی، وەکوو بەردی بناغە لە تێگەیشتنمان بۆ دۆزی یەکگرتویی ناوماڵی کورد بە کار نەهێناوە یا ئەویکە لێکنیزیک

بوونەوەیەکی چەوتمان بۆ یەکگرتوویی هەبووە. بەو مانایە کە خوڵقێنەرانی ئەو چەمکانە، نەیانتوانیوە دەرک بە گرینگی ئەو فاکتۆرە سەرەکییە بکەن یا خود ئەگر دەرکیشیان پێکردبێ، میکانیسمی پێویستیان لەبەردەستدا نەووبووە بۆ بە کردار گەیاندنی ئەو چەمکانە. ئاشتیی نەتەوایەتی هەوێن و بەستەڵەکی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی پتەو و بەهێزە کە لەوێدا دەکرێ باس لە "بەرە"، "کۆنگرەی نەتەوەیی"، "کۆنگرەی گەل" یا خود هەر چەمکێکی یەکگرتوخوازنە بکرێت.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی چەمکی ئاشتیی نەتەوەیی، گرێدانی جومگە سیاسییەکانی کۆمەڵگا و خەڵکە کە من لێرەدا بە گرێدانی دو چەمکی "سیاسەت" و "کۆمەڵگا" ناوی دەبەم. بەستنەوەی دو چەمکی سیاسەت و کۆمەڵگا بە یەکەوە لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگای کوردەواری. لە کۆمەڵگای کوردەواریدا دو چەمکی سیاسەت و کۆمەڵگا بە شێوەیەک تێکهەڵکێشراون کە بە زەحمەت دەتواندرێ ئەو دو چەمکە لێک دابڕین، یا خود نێوانیان بۆ دیاری بکەین. ئەو دوو چەمکە لە پرۆسەیەکی دوور و درێژی مێژوییدا لە یەکتر تێرئاو دەبن و کولتورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تایبەت بە کۆمەڵگای کورد دروست دەکەن. تێکهەڵکێشانێکی لەو چەشنە ئەگەرچی بەشێکی جیانەکراوەیە لە سروشتی سیاسەت و کۆمەڵگا لە تاریفی گشتی خۆیدا، بەڵام ئەو تێکهەڵکێشانە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە هۆگەلی زۆر، لەوانە نەبوونی دەوڵەت-نەتەوە، گرینگیی تایبەتی هەیە و بە بەراوەردکردن لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تر، لانیکەم کۆمەڵگاکانی خاوەن دەوڵەت-نەتەوە، ئەو گرینگییە زیاتر هەستی پێ دەکرێ.

لە کۆمەڵگا بێدەوڵەتەکاندا لە بەر نەبوون یا خود گاریگەرنەبوونی سازە کۆمەڵایەتییەکانی، ڕامیاری و کولتووری، پڕهێز و تۆکمە وەکوو زانستگا و قوتابخانەی نەتەوەیی، دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی هزر، مزگەوتەکان، سازی کۆمەڵایەتیی چالاک، بزوتنەوەگەلی کۆمەڵایەتیی پڕهێز کە بتوانن لق و پۆ و بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بخەنە ژێر ڕهکێفی خۆیانەوە و ئاڕاستەیان بکەن، بۆشایی نێوان ناوەند جوراوجورەکانی نەتەوە زیاترە لە کۆمەڵگاکانی خاون دەوڵەت-نەتەوەدا کە لە وێدا هەر هەمووی ئەو دامەزراوانە لە خزمەت یەکبوون و پێکەوەبوونی کۆمەڵگادا کار دەکەن. دەوڵەتی نەتەوەیی لەڕاستیدا لۆکۆلۆموتیو و بزوێنەری ئەو بەشە جیاوازانەی کۆمەڵگا بەرەو ئاراستەیەکی یەکگرتوویە.

لە وەها هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵگا لە سیاسەت دادەبڕێ لەڕاستیدا، کۆمەڵگای لە هێزی سەرەکیی خۆی کە ڕۆڵی لۆکۆمۆتیڤی کۆمەڵگا دەگێڕێ دابڕاوە. لە کۆمەڵگا بێدەوڵەتەکاندا ڕووناکبیر، ڕۆژنامەنووس، نووسەر، چالاکی سیاسی و کولتووری، چالاکی ژنان و هتد، ڕۆڵی سازییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەت-نەتەوەدا دەبینن. کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکەی بێدەوڵەتە، ئەگەر حیزبی سیاسی ڕۆڵی لانیکەمی دەوڵەت نەگێڕێ، ئاوانەبوونی پەیوەندی نێوان حیزب و کۆمەڵگا دەبێتە هۆی وێناکردنی کۆمەڵگایەک کە ئەندامەکانی جیا لە یەک و یا خود بە ناقیسی کار دەکەن و بۆشایەکی زۆر لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بەدی دەکرێ. و تێیدا ڕووناکبیر، ڕۆژنامەنووس، نووسەر، چالاکی سیاسی و کولتووری، چالاکی ژنان و منداڵان، بە بێ گەڕانەوە بۆ یەکتر کار دەکەن.

ناسیۆنالیسمی کورد و ناسنامەکەی، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێ و ئەو ڕەهەندە، بوارەکانی ئابووری،کولتووری و ئەدەبیات و هونەر و هتدی گرتۆتەوە. بۆشایەکی لەو چەشنە لە کۆمەڵگا بێدەوڵەتەکاندا دەکرێ لە لایەن بزوتنەوە نەتەوایەتییەکان پڕ

بکرێنەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بزوتنەوەی کورد لە کوردستان ئیران ئەو هێزەی، لانی کەم لە ئیستادا، بە هوی نەبوونی ئاشتیی نەتەوایەتی تێدا بەدی ناکرێ. ئاشتیی نەتەوایەتی لێرەد، دەکرێ وەک پەیوەندیدانی ئەو لایەنانە بە یەک و ئاڕاستەکردنیان لە بەرژەوەندی گشتیدا پێناسە بکرێ. کەواتە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی کوردی وکوو ئاشتیی نەتەوایەتی رونگێڕانە لە پێوەندیی جومگەکانی کومەڵگایە. ئەو ڕوڵە کاتێک بەرجەستە دەبێ کە متمانە بە لایەنی سیاسیی کۆمەڵگا بدەن کە نوێنەری ڕاستەقینەیان بن.

لە سەر ئەو ئەساسە ئاشتیی نەتەوایەتی، بە پێچەوانەی ڕوانگەی باو، زەروورەتەن بە مانای ئاشتیی نێوان دوو حیزبی سیاسی نایە بەڵکوو دەبێ پانتای ئەو چەمکە بە شێوەیەک بەرفراوان بکرێت کە تەوای لق و پۆپەکانی کۆمەڵگای کوردی بگرێتەوە کە بە هۆگەلی سیاسی، کولتووری، دیسپلینی، زمانی و ئایینی لە یەکتر دابڕوان و تەنانەت کەوتوونەتە سەنگەرگرتن لە یەکتر. لە کۆمەڵگای ڕوژهەڵاتدا پوتانسیەلگەلێکی یەکجار فراوان هەیە، هەر لە کەسایەتییە سەربەخۆکانەوە بگرە تاکوو دەگاتە هێزی ئەو لایەنانەی کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی حیزبە سیاسییەکانەوە کەوتوونەتە بەرەی دوژمنەوە. دابینکردنی میکانیسمی گونجاو بۆ بەشداریکردنی ئەو هێزانە لە دیالۆگی نیشتمانیدا دەتوانێ ئاراستەی ئاشتیی نەتەوایەتی هەم لە نێوان حیزبە سیاسییەکاندا و هەمیش لە کۆمەڵگای کوردیدا پتەوتر بکات. لە هەلومەرجێکی لەو چەشنەدا حیزبی سیاسی وەکو پێکهاتەیەکی ڕێکخراو دەبێ زەمینەی لەبار بۆ بەدەستەوگرتنی ئەو ڕۆلە لە خۆیدا دروست بکات کە لە کۆمەڵگاکانی خاوەن دەوڵەت-نەتەوە، دەوڵەت دەیگێڕی.

پێکهێنانی زەمینەی لەبار بۆ گەڕانەوەی متمانە، بەردی بناغەی پەیوندی نێوان خەڵک و پارتە سیاسییەکانە. بەو مانایە دەبێ ئازایانە بگەڕێنەوە بە دوای ڕابردوومان و لە کەموکوڕییەکانمان کە بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی متمانە خەڵک پێمان، بپرسینەوە و دەرگای دیالۆگ لە گەڵ دەوروبەرمان بکەینەوە.

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕوژهەڵاتی کوردستان تاکوو ئەورۆکە ڕێگای پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕیوە، لە سەردەمی زێڕینی خۆی لەو پەڕی هێز و خوشەویستییەوە بگرە تاکوو دەگاتە ئینشعابە یەک لە دوای یەک و تێکدەرانەکانی، لەو پەڕی متمانەپێکردنی خەڵکەوە بگرە تاکوو بێ هومێدی و دابڕانی لە خەڵک، لە خەباتی چەکدارییەوە بگرە تاکەو خەباتی سیاسی و بێ کاریگەرییەکانی، لە سیاسەتە باش و ژێرانەکانی تاکوو شەڕە ناوخۆییە وێرانکەرەکانی. ڕوانینێکی مێژوویانە بە سەر ئەو هەوراز و نشێوانەدا لەگەڵ بە سەرکردنەوەی هۆکاری سەرکەوتن و شکەستەکان لەو ساتەوەختەی کە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا چاوەڕوانەکراون، دەتوانن ببنە زمینەیەک بو دووبارە ئاوڕدانەوە بە سەر کار و ئەرکەکانمان، وەکو حیزبی سیاسی لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا.

ئەورۆکە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ڕوژهەڵاتی ناویندا، لە هەر کات و ساتێکی تر زیاترە. خێرایی ئەو ئاڵوگۆڕانە بە ئەندازەیەکە کە دەرفەتی بو لێکدانەوە کەم کردۆتەوە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ناوچەکەدا خەریکن ڕو دەدەن و ئاکامیان لەوانەیە باش یا خود خراپ بن. لە هەر ئەگەریکدا، ئەوەیکە دەبێ بکرێ، خۆئامادەکردنە بو ئەو زرووفە چاوەڕواننەکراوە. بە دڵنیاییەوە ئەو ڕووداوانە ڕێسا هەنووکەییەکان دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئاشتیی نەتەوایەتی لەڕاستیدا دوایین شانسی ئیمە بو

ئامادەبوون بو ئەو هەلومەرجە چاوەڕواننەکراوانەیە. بێگومان خۆئامادەکردن بو ئەو هەڵومەرجە پێویستی بە مکانیسمگەلێک هەیە. ئەو مکانیسمانە بۆ کۆمەڵگای ئێمە، لە هەڵسەنگاندنی دروستمان لە سەرکەوتن و تێکشکانەکانمان، لە ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ کۆمەڵگا و ئەندامەکانی دایە.

سەرکەوتوبن

تێبینی: ئەو بابەتە بۆ کۆنفرانسی ئاشتیی نەتەوەیی لە ستۆکهۆڵم ئامادە کرابوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ / ڕێکەوتی : ٢٥ی ژانویە ٢٠١٥

# بزووتنەوەی مەدەنی - خەباتی شار

جیهان کەرەمی

دیارە نەتەوەیەکی بن دەست کە بە دوای دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خۆیەتی، دەبێ لە هەر دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی خۆی و وەگەڕخستنی گڕی خەبات کەڵک وەرگرێ.



مەرگی گوماناوی "فەریناز خوسرەوانی" ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو کە چەخماغی لە ڕقی پەنگ خواردووی خەڵکی مەهاباد دا و وەک زۆربەی شۆڕشەکان کوت و پڕ دەستی پێ کرد و هێندێک شتی خوازراو و نەخوازراوی لێکەوتەوە و دوا لەرزەکانی ئەو بوومە لەرزەیە ئێستاش زۆر شوێن و بە تایبەت فەزای مەجازی دەلەرزێنێتەوە.

یەکێک لە و ڕووداوانەی کە لە ئاکامی کۆبوونەوەی خەڵک لە بەر دەم هۆتێل تارا واتا شوێنی ڕووداوەکە قەوما، ئاگر دانی هۆتێلەکە بوو کە بوو بە هۆی سازبوونی دوو ڕوانگە کە یەکیان وەها کارێکی بە شیاو و ڕەوا دەزانێ و پێی وایە کە ئەوە شوێنێکی سەر بە دەسەڵات و مەکۆی چێ کردنی پلانەکانی دەسەڵاتە و ڕوانگەی تر کە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە سووتاندنی هۆتێل وەک کارێکی بە پەلە و توند و تیژانە دەتوانێ ببێتە هۆی سەرکوتی زیاتر و بەهانە بۆ لەمپەرخستنی سەر پێشکەوتنی ئابووری شار لە لایان دەسەڵاتەوە.

جیاوازی ئەو دوو بۆچوونە دەچێتەوە سەر دوو شێوە بۆچوون بۆ خەبات و شێوەکانی شوێندانەری شۆڕش. بۆچوونی یەکەم پێی وایە کە خەباتی مەدەنی لە گەڵ ڕێژیمێکی درەندەی وەک کۆماری ئیسلامی ڕێگەچارەیەکی شیاو نیە و ناتوانێ بگاتە ئاکامێکی ئەوتۆ. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە کە زیاتر لە دەرەوەی وڵات و لە نێو حیزبەکان دا هەڵسوورن، باوەڕیان بە توند و تیژی و خەباتێکی ئاگرین و بێ بەزەییانە هەیە. ڕوانگەی دووهەم کە قایل بە خەباتێکی نەرم و درێژخایەن بە کەمترین تێچوویە و ئەبزاری نەرم و کاناڵی مەدەنی وەک باشترین کەرەسە دەزانێ.

لە دوای ڕووداوی هۆتێل تارا ئەو دوو بۆچوونە تێک ئالقان و بە تایبەت ئەو کەسانەی سەر بە بۆچوونی ڕادیکاڵ و توند و تیژ بوونی شۆڕشن، بە شێوەیەکی ناحەز و نابەرپرسیارانە هەڵیانکووتا سەر لایەنگرانی خەباتی مەدەنی و ئەو کەسانەی کە وا لە ئاست توند و تیژیەکانی دوای ڕووداوەکە ڕەخنەیان هەبوو. لێرە دا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا بە ڕاستی ئەو دوو بۆچوونە دژی یەکترن؟ یا بە پێچەوانە تەواوکەر و پاڵپشتی یەکتر؟

ئەگەر چاوخشاندنێکمان بە مێژووی خەباتی وڵاتانی تر دا هەبێ، بەو ئاکامە دەگەین کە خەباتی مەدەنی دەتوانێ تەواوکەر و پاڵپشتی خەباتی سیاسی و نیزامی بێ و لە زۆر جێ کە مەجاڵ و دەرفەت بۆ خەباتی سیاسی و چەکداری بوونی نیە، خەباتی مەدەنی و چالاکانی مەدەنی دەتوانن ژیلەمۆی ئاگری شۆرشی تەواوکەر زیندوو راگرن.

بە داخەوە ڕووداوەکانی ئەو چەند ڕۆژە نیشانی دا کە جگە لە لەوەی کە هیچ پردێکی پێوەندی لە نێوان ئەو دوو شێوە روانین و جۆری خەباتە نیە، بەڵکوو زۆر بە ئاسانی دەتوانن تێک ئالقێن و لە بەرامبەر یەکتر راوەستن؛ لە حالێکدا کە ئەوە یەکێک لەو دەرفەتانە بوو کە دەکرا ئالقەیەکی پێوەندی لە نێوان ئەو دوو روانگەیە و تەنانەت بە قەولێک خەباتی شار و شاخ دا ساز کرێ.

نابێ لە بیر کەین کە ئێمەی کورد بە هۆی بەرگری و بەرخۆدانی درێژخایەنمان لە بەرامبەر یەکێک لە دڕەندەترین و لاسارترین ڕژێمەکانی دنیا، هەموو کات لە مەترسی سەرکوت و هێرشی نیزامی، سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری داین و بۆ مانەوە و بەرگری نیازمان بە شۆڕش و بۆ بەرەوپێش بردنی شۆڕشیش نیازمان بە پێوەندی شار و شاخ، ژوورەوە و دەرەوە، ڕووناکبیر و شۆڕشگێر هەیە.

بەرچەسب لێدان و ڕووخاندنی کەسایەتیە ڕووناکبیرەکان و خەباتکارانی مەدەنی، لە حالێکدا کە لە نێو وڵات دا و لە بن ددانی گورگ دا، دڵسوزانە خەریکی چالاکین، خەساری زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە کە کەلێن تێکەوتن و لێک دابرانی هەرچی زیاتری شار و شاخ و دەرەوە و ژوورەوە، تەنیا یەکێک لەوانە.

لە بیرمان نەچی کە بەشێک لەو کەسانەی کە هێستا لە دەرەوە و لە نێو حیزبەکان دا خەبات دەکەن، زەمانێک لە نێو گۆڤارەکان، بزووتنەوە خوێندکاریەکان، بزووتنەوە پیشەییەکان، ئەنجوومەنە ئەدەبیەکان و ... دا هەڵسوور و خەباتکار بوون.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی : ١٢ی مەی ٢٠١٥

# چالاکی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی حدک لەو چالاکیانە

مستەفا شەڵماشی

زیاتر لە مانگێکە کەش و هەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر تیشکی چالاکی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات دایە. ئەوەندەی زانیاری من



دەری خستبێ کاردانەوەیەکی زۆر و بەرفراوان، لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆ ئەو چالاکیانە هەبووە. کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان بە گشتی پێی دلخۆش بوون و هیوایەکی تازە لە دڵ و دەرونیان دا سەری هەڵداوە. کۆمەڵانی خەڵک تەنیا بە لەدەست دانی ڕۆڵەیەکی بە وەفای گەلەکەمان پێشمەرگەی قارەمانی شەهید " هەژار قاسمی" نارەحەت بوون و باقی هەواڵەکانی ئەو دەرکەوتنە تازەیە، زۆر دڵخۆشکەر بووە بۆ چین و توێژە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی خۆشەویستمان. دیارە لەو نێوە دا لایەن وکەسانی واش هەن کە قازانجی ڕێکخراوەیی و شەخسیی خۆیان لەوەدا نابینن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتکارەکانی ئەو مەیدانە جموجووڵی زیاتریان هەبێ، چونکە لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان نایەتەوە. تا ئەو جێگایە ی کە پەیوەندی هەبێ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خۆفرۆشەکانی سەر بەو ڕێژیمە، ئاساییە کە بە چالاکتر بوونی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نارەحەت بن و بە ڕێگای جۆراوجۆر هەوڵ بدەن لە کاریگەری ئەو جموجۆڵە شۆڕشگێڕانەیە، کەم بکەنەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی خۆی نیشانی داوە، کە لە هیچ جووڵانەوەیەک و بەر هە ڵستکارییەک، بە ڕاددەی جووڵانەوەی گەلی کورد ترسی نییە. هەر جووڵانەوەیەکیش کە لە کوردستان خۆی دەرخا، بەتایبەت ئەگەر سەرە هەودایەکی ئەو جووڵانەوەیە بچێتەوە لای حیزبی دێموکڕات، زراوی کاربەدەستانی ڕێژیم دەبا و بە ڕاستی بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر نیزامەکەیانی دەزانن.

هەر چەند جووڵانەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکڕات بە درێژایی مێژوو خۆیان نیشانیان داوە کە جووڵانەوە و حیزبێکی ئاشتیخوازن و لە ڕابردوو و ئێستاش دا بە ڕێگای جۆراوجۆر و تەنانەت بە لە دەست دانی ڕێبەرانی گەورەی وەک پێشەواو قاسملو ڕایانگەیاندوە کە ڕێگاچارەی گۆنجاو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وتووێژە، بەڵام چ ڕێژیمی پاشایەتی و چ کۆماری ئیسلامی لە هەر قۆناغێک دا، هەوڵیان داوە ئەو مەسەلەیە گرێ بدەن بە مەسەلەی ئەمنییەتیەوەو تەنیا ڕێگایەک کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە کردەوەدا بەکاریان هێناوە، ڕێگای کوشتار، ئێعدام ، تیرۆر و زەبر و زەنگ بووە. تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی بەزاهیر ویستویەتی نیشانی بدا کە توانای لە نێوبردنی جووڵانەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکڕاتی هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەو جینایەتانەی لە ترس و لاوازییەوە سەرچاوە دەگرن . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە غیرەتی ئەوەی نییە کە چاوێک بەسەر هەڵوێستو کردەوەکانی ڕابردووی خۆیدا بخشێنێتەوەو خەسارناسییەک بۆ ئەو هەموو کردەوە دژی گەلیانەی کە هیچ چارەسەرێکیان بۆ مەسەلەکە بە دەستەوە نەداوە، بکا و تەنانەت ئەگەر بە قازانجی مانەوەی خۆشی بووە، هەنگاوێکی جیددی بۆ

گۆڕینی سیاسەتەکانی و گرتنە بەری عەقڵانیی ڕێگاچارەکان ببینێتەوە. هەرچەندە گومان لەوە دا هەیە کە ماهییەتی ئەو ڕێژیمە ڕێگا بە کاربەدەستانی بدا، وەرچەرخانێکی سیاسی ئاوا بکەن. هەربۆیە ئێستاش بە زیاتر لە ڕێگایەک دا، پڕوپاگاندە دەکا کە گۆیا حیزبی دێکوکڕاتی کوردستان شەڕی چەکداری دەست پێ کردوەتەوە. هەروا بزانە حیزبی دێموکڕات لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیم دا شەڕی چەکداری دەست پێ کردبوو، دوایە بۆ چەند ساڵ ڕای گرتبو، ئێستاش دیسان دەستی پێ کردوەتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕات هیچ کاتێک شەڕی چەکداری دەست پێ نەکردوە. چ لە زەمانی شاداو چ لە سەردەمی خۆمەینی دا و چ دواتر حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی ناڕەواو جینایەتکارانەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، تەنیا بەرگرییان لە خۆیان کردوە کە هیچ زمانێک نازانن جگە لە کوشتار و جینایەت. ئێستاش ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕیزەکانی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات دا، تەنیا بەرگری لەخۆیان و گەلەکەیان دەکەن و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش وەک هەمیشە لە نێو خۆی وڵات دا سەرقاڵی کاری سیاسی و تەشکیلاتین و ئەگەر بۆسەشیان بۆ دابنرێ، یا هێرشیان بکرێتە سەر بێگومان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بەرگری دەکەن.

دەستەیەکی دیکەی تەنگاو بە چالاکتر بوونی خەباتکارانی ڕۆژهەڵات، جاش و خۆفرۆش و مەواد فرۆشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، کە لە ژێر سایەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دا خۆیان مەڵاس داوە و بۆ قازانجی شەخسی خۆیان، ڕۆژ نییە لاوانی وڵاتەکەمان لە گەڵ مەرگ ڕوو بەڕوو نەکەن. جا چ بە بڵاو کردنەوەی ماددەی هۆشبەر، چ بە هێرش بۆ سەر کۆڵبەران و چ بە جاسوسی و بە گرت دانی ڕۆڵەکانی ئەم ئاو و خاکە بێ. ئەو خۆفرۆشانە بە چالاکتر بوونی ڕۆڵەکانی گەل تەنگاو دەبن و ترسیان وەبەر دەنیشێ. ئەوان بەڕاستی دەزانن کە خەباتکارانی گەلەکەمان چی دی ڕێگایان پێ نادەن گیان و سەر و سامانی لاوانی وڵاتەکەمان بە قازانجی خۆیان بخەنە مەترسیەوە و کوڕان و کچانی ئەم نیشتمانە بەرەو کوشتارگای ماددە هۆشبەرەکان ڕاکێشن. هەربۆیە بە هەر نرخێک بۆیان بکرێ، دەیانهەوێ مەسەلەکە ئەمنییەتی بکەن، تا لە سەنگەرەکانی هێزە سەرکوتکەرەکان دا بۆ ماوەیەک ژیانی سەرشۆڕانەی خۆیان درێژ بکەنەوە. تا ئێرە هەڵوێستی ئەو دوو دەستەیە دەرک دەکرێ و دەزانرێ بۆچی بە ئاشکرا بوق و کەڕەنای هەڵگیرساندنەوەی شەڕی چەکداری لێدەدەن.

بەڵام ئەوەی دەرک ناکرێ هەڵوێستی هێندێک کە سانی خۆ بە ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیر زانە، کە بە هێنانەوەی بڕ و بیانوی جۆراوجۆرەوە دەیان هەوێ سابیت بکەن کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان شەڕی چەکداری دەست پێکردوەتەوە و پاشان شێر و ڕێوی بێننەوە کە ئەوە بۆ جووڵانەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بۆ چالاکی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قازانج نییە. بەر لە هەموو شتێکیش بۆ ئەوەی بۆچونەکەی خۆیان بچەسپێنن، دوو تێرمی تەواو جیاواز لە یەکتر، تێکەڵ دەکەن و بە یەکی دادەنێن. ئەویش تێرمەکانی شەڕی چەکداری و خەباتی چەکدارییە. کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەڕەواکانی خۆی دەیان ساڵە خەباتی چەکداری دەکا. ئەویش بەو مانایەی کە بە خاتری دڕندەیی دژبەرەکانی، لە خەباتی سیاسی خۆی دا، ناچار بووە بۆ دیفاع لە خۆی چەک لە شانی بکا، بۆ ئەوەی خۆی و گەلەکەی لە هێرشی دوژمنان بپارێزێ‌و دیفاع بکا. بەڵام هەرگیز شەڕی دژی هیچ هێزێک دەست پێ نەکردوە و پەلاماری هیچ دراوسێیەک و وڵاتێک و گرووپێکی نەداوە. کەوابوو ئەوەی کە شەڕی چەکداری دژی گەلی کورد دەست پێ کردوە، دوژمنەکانی ئەو گەلە بوون و ئیستاش پارێزەرانی ڕۆژهەڵات و کادر و ئەندامەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر ئەو کارە

دەکەن و لە وەتەی حیزبی دێموکراتیش دروست بووە هەر ئەوکارەی کردوە. هیچ مەسەلەیەک نە گۆڕاوە تەنیا ئەوەندە نەبێ کە ڕەنگە لەو مانگانەی دواییدا سەرنجی زۆرتر درابێ بە چالاکی سیاسی، تەبلیغاتیو تەشکیلاتی لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان مەسەلەی ڕۆژهەڵات میحوەری بۆ خەباتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات هێناوەتە گۆڕێ و بێگومان کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرمی ڕۆژهەڵاتی وەڵامی ئەو داوا ئوسولی و ڕەوایەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدەنەوە.

لاوانی کورد تینوی خەباتی ڕەواو و ئوسولین. جگە لەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگای متمانە و باوەڕ پێکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. هەموو لایەک دەبێ بزانن کە حیزبی پێشەوا، قاسملو و شەرەفکەندی و دەیان ڕێبەری شەهیدی دیکە، لەسەر لاوانی ڕۆژهەڵات نفوزی زۆرەو ئەگەر بیرۆکەیەک لە شێوەی خەبات و بۆچالاکتر کردنی خەبات بێنێتە گۆڕێ، بێگومان هاندەر دەبێ بۆ لاوانی وڵات. پێویستە ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە چالاکتر بوونی خەبات لە هەر پارچەیەکی کوردستان دا ئەگەر نەبێتە هۆی بە هێز بوونی هێزە خەباتگێڕەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە هیچ جۆر نابێتە هۆی لاوازییان. هەروەک چۆن بەهێزبوونی حکوومەتی هەرێمی باشوری کوردستان، بە هێزبوونی ئیدارەی خۆ جێیی ڕۆژئاوای کوردستان و بە هێزبوونی جووڵانەوەی کورد لە باکوری کوردستان دەبنە هۆی بە هێز بوونی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر بەو جۆرەش بەهێز بوونی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە هۆی بە هێزبوونی جووڵانەوەی کورد لە پارچەکانی دیکە. دەبێ هەموو لایەک ئەوەیان لە بیر بێ کە جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات هەمیشە پشت و پەنای جووڵانەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە بووە. ڕێبەریی جووڵانەوەی هەموو پارچەکان لە ساڵانی پێشودا لە ڕۆژهەڵات گیرساونەوە و یارمەتیان دراوە. ماوەیەکی زۆر جوڵانەوەی ڕۆژهەڵات بە خاتری باشوور دەستی لە زۆر پێداویستی خۆی هەڵگرتوە. لە هەموی گرنگتر، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەرگیز هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان کارێکیان نەکردوە کە بە پێچەوانەی قازانجی بەشەکانی دیکەی کوردستان بێ. بەڵام ئەوانە هەمووی بەومانایە نییە، کە ڕۆژهەڵات دەست لە خەبات هەڵگرێ.

تەنانەت لە شەڕی داعش دژی باشوردا، هێزەکانی ڕۆژهەڵات زۆر نەتەوەیی جووڵانەوە و هەمویان ئامادەیی خۆیان بۆبەرگری لە باشور ڕاگەیاند. هەر بەو جۆرەش بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاوا هەڵوێستیان گرت. کەوابو با هیچ کەس نەتەوەیی بوون بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕات نەفرۆشێ. مێژووی حیزبی دێموکڕات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی و پشتیوانی نەتەوەییەوە، جێگای شانازییە و کەس ناتوانێ فەخرفرۆشی بەسەرەوە بکا.

ئەوەندەی پەیوەندیشی هەبێ بە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هیچ شێوەیەک نابێ تێکەڵ بە جوڵانەوەی سیاسی بکرێ. کۆماری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی خۆی نیشانی داوە کە لە هەر حاڵ دا ناتوانێ هیچ جیابیرێک تەحەممول بکا. خەباتی چەکداری بەهێز بووبێ، یا لاواز کۆماری ئیسلامی هەمو ڕێگاکانی هەر داخستوە. تەنانەت زۆرجار بۆ خاتری هێورکردنەوەی خەڵک ڕاست لەو کاتەدا، برێک چاوپۆشی کردوە لە خەباتی مەدەنی، کە خەباتی سیاسی و چەکداری بەهێزتر دەرکەوتبێ. ئەگەر لە کوردستان تا ڕاددەیەک مەسەلەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ڕێگای پێ دراوە، ڕاست بۆ ئەوە بووە کە لە کوردستان خەباتی سیاسی بە هێزتر بووە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران.

قسەی کۆتایی ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتییەکان بە هەموو حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی و ئەنجومەنەکانی دەرەوە و نێو خۆوە، تەنیا دوو ڕێگایان لە بەردەمە، یا بە یەکگرتوویی زۆر چالاکتر بێنە مەیدان، یا بە تێپەڕبوونی زەمان، بەرە بەرە شکست و تێداچوونی خۆیان قەبووڵ بکەن.

لە ژمارە ٦٤٢ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# خەباتی چەکداری بوون و نەبوون

**سوهراب کەریمی**



دیارە کە کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک نایهەوێ کە دان بە مەسەلەی کورددا بنێت ئەوە ٢٠ساڵە کە کوررد چاوەڕوانی ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکانی ناوخۆ بەرەوە ئەوە ئاقارە بچێت کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی تورکیا رێ بە کورد بدات کە خەباتی خۆی بە شێوەی دیموکراتیک درێژەبدات بەڵام نە تەنیا شتێکی وامان نەدیوە بەڵکوو عەلی خامنەیی لە تازەترین لێدوانی خۆی دا دەیهەوێ کە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەی شێعە و سوننی نزم بکاتەوە، بەداخەوە لە ناوخۆش هێزە ئاسایشیکانی کۆماری ئیسلامی وەها زەختێکیان خستووەتە سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد کە خەریکە داخوازیە میللی دێموکراتییەکانی کورد ئەوندە نزم دەبێتەوە کە گەیشتووەتە ئاستێک کە برێک لە چالاکانی کورد ئەو داخوازیە تا ئاستێک نزمی دەکەنەوە کە ئیتر بە جۆرێک کێشەی نەتەوەیی بوونی نامێنێت. ئەمە خۆی لە بەر نەبوونی پشتیوانێکی بەهێزی کە گوتاری کورد پێویستی پێ هەیە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە شێوەی سیستماتیک خەریکی هاوکاری ئێرانە بۆ لەناوبردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی رۆژهەڵات بە تایبەتی حیزبی دێموکرات، بۆیە بڕیاری حیزبی دێموکرات بۆ ناردنی پێشمەرگە بۆ قەندیل و سنوورەکانی رۆژهەڵات، بڕیارێکی عەقڵانیە، بۆ پاراستی موجودیتی حیزبی و تەشکیلاتی ئەو حیزبە. ئەمە خۆی ئەبێتە هۆی ئەوەی کە توانای رێکخراوەیی کورد لە ناو بچێت.

دیارە کە حیزبی دێموکرات هەستی بە ئەوە کردووە سیستمێک وەک کۆماری ئیسلامی کە ئیزن بە هیچ شێوە چالاکی نادات و بەردەوامە لە سەر سیاسەتی هەڵاواردن و زبر و زەنگ لە سەر کوردە، ئەگەر کورد نەتوانێت قەیران بۆ ئەو سیستمە دروست بکات واتای ئەوەیە کە کوردی رۆژهەڵات وەک لایەنکی سیاسی هەر بوونی نیە لە نێو معادلاتی ناوچەییدا. لە ماوەی دوو دەیە کە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە ناچاری وازیان لە خەباتی چەکدارانە هێناوە، چ لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە چ لایەن حیزبەکانی پارچەکانی ترەوە تەحقیر کراون، پەکەکە رۆژهەڵاتی بە حەیات خەڵوەتی خۆی دەزانێت پێی وایە دوای کۆبانی ئەوە لایەنگرانی ئەوانە کە لە رۆژهەڵات یەکەم هێزن بەڵام هاوکات باش ئەزانی کە خەباتی رۆژهەڵاتی بۆ ناکرێت لە بەر ئەوە خەبات چەکداری لە دووپارچەی تریشی بۆ ناکرێت، بویە ئێستا تەنیا زەختی لە سەر رۆژئاوایە. بە هاتنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات پەکەکە باش دەزانی ئیتر جێگایەک لە رۆژهەڵات نیە و ئەڵبەت پێویستیشی بە رۆژهەڵات نیە لە بەر ئەوە ئێران بۆ پەکەکە یەکەم تەکیەگای ژئوپۆلیتیکە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست.

لە واقع دا هەبوونی هێزێکی چەکدار ئامادە لە رۆژهەلات کە پێوەندی ئایدئولوژی و تەشکیلاتی بە پەکەکە و نەبێت لە بەرژەوەندی پەکەکەدایە یەکەم هەم بەرپرسایەتی پەکەکە کەم دەکاتەوە بە باشی ئەتوانێ لە سەر باکور و رۆژئاوا فوکوس بکات و هەمیش ئەرگەری هاوپێمانی ئێران و تورکیە دژی ئەو حیزبە بۆ هەمیشە بن بڕ دەبێ. هەروها ئەوە ئەرکێکی نەتەوەیە کە پەکەکە ئەبی دان بەلایەنەکانی تردا بنێت. بویە بچوکترین خەتای پەکەکە ئەبێتە گەورەترین شکستی لە ناو بیرو ڕای گشتیدا ئەگەری هەر جۆرە کیشەیکی لە داهاتودا بۆ پەکەکە چاوەڕوان دەکرێت .

زۆربەی هەرە زۆری لایەنگرانی پەکەکە لە رۆژهەلات لە بەر ناچاری لایەنگری لە پەکەکە ئەکەن واتە لە دانیشتینی حیزبەکانی رۆژهەلات و نەبوونی جموجۆڵی بەرچاو ئەوانی ناچار کرد پشت بە پەکەکە ببستن.

لاینگرانی پەکەکە لە رۆژهەلات ئەبێ لە واقعیتی مەسەلەکە تێبگن کە پەکەکە هیچکات ناتوانێت وەک لاینێک لە رۆژهەلاتدا رۆڵی کاریگەری هەبێت. مەگەر ئەوە کە ئەوە لاینگرانی پەکەکە خۆیان خاوەن بڕیاری سەربەخۆ بن کە دیارە بێ پەکەکە ناتوانن خۆیان بە خاون بکەن بۆیە ئەمە خەیاڵێکی خاوە کە ئەوان بتوانن جگە لە پروپاگەندە بۆ پەکەکە شتێکی تر لە دەستیان بێت. دیارە چاوەڕوانی ئەوە ئەکرێت کە لە داهاتوودا ئەم لاینگرانە خۆیان لەم پارادوکسە دەرباز بکەن.
دیارە کە بڕیارەکەی حیزبی دێموکرات بڕیارێکی عقلانی و ژیرانەی بۆ دەربازکردنی حیزبی دێموکرات و کوردی رۆژهەلات لە مەترسی دارمانی نەتەوەیە و تەشکیلاتیە.

بەڵام بۆ ئەم کارە بوێرانەیە پێویستە ستراتیژی و تاکتیکی دەقیقی بۆی دارژرا بێت.

لەئاکامداچ یەکێتی و پارتی چ پەکەکە ئەبێ لە جیاتی دروست کردنی ئاستەنگ بۆ پێشمەرگە، ئەبی ئاسانکاریش بۆ ئەو بڕیارە بکەن .

یەکێتی و پارتی ئەبێ باش بزانن لاوازی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان زەختی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەوان کەم ناکاتەوە تەنانەت ئەبێتە هۆی ئاڵوزی زیاتر لە نێوان هەولێر و بەغدا لە لایەکەوە و یەکێتی و پارتی لەلایکی ترەوە، دیارە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی یەک ساڵێ ڕابردودا توانی بە دەست تێوەردان لە ناو عێراق و کوردستاندا گەورەترین قازانج بکات و زۆرتر خەسار لە کوردی باشور بدات.

بۆیە حوزووری هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە سەر شاخەکانی کوردستان ئەبێتە هۆی حوزووری کوردی رۆژهەلات لە ناو معادلاتی ناوچەکەدا واتە ئەبێتە ئامرازێکی زەخت لە سەر ئێران و پاشەکشەی رۆڵی ئێران لە ناوچەکە برجەستە بوونی رۆڵی کورد لە ناو ئەم معادلاتە لە خۆیدا لە راستای بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد دایە و پێویستە پاشەکشەی رۆڵی ئێران بە هەمان ئەندازە رۆڵی کورد

برجەستە ئەکاتەوە هەموو لایەن و تاکی کورد لە ئەو بڕیارەی حیزبی دێموکرات پشتگیری بکەن و بۆ باشتر بەرەوپێشچوونی ئەوە هەنگاوە بویەرانەیە حیزبی دێموکرات هەموو تواناکانیان بەکار بێنن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی : ٢٨ی مەی ٢٠١٥

# خەباتی چەکداری پەرچەکردارێکە دژی دیکتاتۆری و تیرۆریزمی سەردەم

## کاوە بەهرامی

ئامانج لە دەست پێکردنی خەباتی چەکداری، بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمێکی تۆتالیتێر و دیکتاتۆر بۆ گۆڕانکاری لە سیستەمە لەمەڕ پێکهێنانی ژیانێکی مەدەنی و مرۆڤ دۆستانە کە مرۆڤەکان تێیدا ئازادانە بژین. ئەو فاکتەرانە کە دەبنە هۆکارێک بۆ گۆڕانکاری لە سیستمی دێمۆکراتیک، بریتییە لە: لێک ترازە کۆمەڵایەتی، سیاسی، و ئابوورییەکان لە هەر وڵاتێک کە دەتوانین بڵێین سێ (٣) روکنی سەرەکین بۆ ڕاوەستانی پایەی هەر وڵاتێک.




ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە ئەگەر ئەم سێ فاکتەرە لە وڵاتێک لەرزۆک بوون، دەبێتە هۆی ڕاپەڕین و ناسەقامگیریی ئەو وڵاتە دەکەوێتە ژێر پرسیار. کە وابوو کاتێک لە وڵاتێک لە بوارەکانی ئەمنیەت، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە بیروڕای گشتیی جیهاندا بکەوێتە ژێر پرسیار، دەتوانین ئاماژە بە نیشانەکانی گۆڕانکاریی لەو وڵاتەدا بکەین.

ئێران هەنووکە لەو وڵاتانەیە کە لەو چوار بوارەوە، لە ژێر پرسیار دایە. بەڵام بۆ دیمەنێکی سەقامگیر لە ناوچە لە خۆی نیشان دەدات! بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە فاکتەری سەقامگیری؟ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک داتای تایبەت کە ئاماژەیان پێ دەکەین.

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی پێکهێنانی ئیمپراتۆریەکی شیعە مەزهەب و هەوڵی هەمەلایەنەی لەو وڵاتانەی کە پێڕەوانی مەزهەبی شیعەی تێدایە و لە ڕێگای بە ناو سەفارەت و دەست و پێوەندییەکانیانەوە تێکۆشاوە، ئاڵۆزی و ناڕەزایەتی دروست بکات. هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ئاخوند "موعتەشەمی"یەوە حیزبوڵڵای لوبنانی دامەزراند و لەو ڕێگایەوە توانیی بە کەڵک وەرگرتن لە سەرووەت و سامانی وڵات، حەماس و باقی دەست و پێوەندییە تیرۆریستییەکانی دیکە ڕێک بخات. وەک هەنووکە دەبینین لە وڵاتانی کەنداو و هەروەها یەمەن، عێراق، سووریە. شیعەکانی بە شێوەی چەکداری دژی وڵاتانی خۆیان هان داوە و لەو بوارەدا بە هەموو شێوەیەک پشتگیرییان دەکات بە چەشنێک کە ئێستا بەهاری عەرەبی خەریکە بەرەو زستانی عەرەبی هەنگاو هەڵدەگرێ. کێشەکانی یەمەن، لیبی، میسر، سوودان، عێراق، سووریە و ... هتد، سەرەکیترین فاکتەری هەرەس هێنانی بەهاری عەرەبین.

کاتێک لە وڵاتانی ناوچە بەو چەشنە کە باس کرا، سەقامگیری لە هەموو بوارەکاندا پەرەی ستاندووە، بەڵام لە ئێرن لە بواری

شەڕ و كێشەی چەكداری و ئاڵۆزییەكی ئەوتۆ بەرچاو ناكەوێ، لە سۆنگەی وڵاتانی ئورووپاییەوە، ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران بە رواڵەت دەبێ ساحەب قەرار و خاوەن دەسەلات و سەقامگیر بێ، ئەم بۆچوونە بەشێكی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئوپۆزیسیۆنێكی كارامە و فەعال كە كێشە سەرەكی، ناوخۆیی و دەرەكییەكانی ئێران بە كردەوە بخاتە روو.

بۆ دانانی پلان بۆ ئەم گۆڕانكارییە پێویستی بە ئوپۆزیسیۆنێكی یەكگرتووی ئێرانییە كە بتوانێ خەباتێكی چەكداریی كارا رێك بخات بە شێوەیەك كە ئەم خەباتە كاریگەریی خۆی وەك پاڵپشت بۆ خەباتی مەدەنی نیشان بدا.

لەو باوەڕە دام بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی هەنووكەیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرنامە دانان بۆ هەر چەشنە سەر ئێشەیەك بۆ كۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی ئێران دەبێتە هۆی گۆڕانكاری و پەرە دەسێنێ. بێ گومان لەگەڵ رێژیمێكی وەك كۆماری ئیسلامیی ئێراندا خەبات بە بێ قوربانیدان بە داخەوە رێگە پێدراو نییە. كە وابوو حیزب و لایەنە سیاسییەكانی ئێران وەك نوخبەی ئەو وڵاتە پێویستە بە گۆڕانكارییەك كۆمەڵێك داتا بخەمە بەرچاو لەو پێوەندیەدا بڕیار بدەن.
مەرج نییە لە سەرەتاوە دەست بە خەباتی چەكداری بكرێت، پێویستە رێكخستنێك لەو پێوەندییەدا ئامادە بكرێ هەتا كۆمەلانی خەڵك بە پشت بەستنی بەو رێكخستنە و هەروەها بەرەنگاربوونەوە لە كاتێك دەست درێژی چەكدارانی رێژیم بۆسەر خۆپیشاندەران هەست بە پشتگیری بكەن.

كوردستان و بەلووچستان هەردەم بۆ هەرچەشنە بەرەنگاربوونەوەیەك لەلایەن حیزب و سازمانەكانی خۆیان رێك خراون. ئەوەی ماوەتەوە جووڵانەوەیەكی سەرانسەرییە كە پێویستە هەموان قوربانیی بۆ بدەین و ئەوە دەبێتە رەمزی سەركەوتن بەسەر رێژیمی دیكتاتۆر و كۆنە پەرستی كۆماری ئیسلامیدا.

جێی ئاماژەیە جووڵانەوەی رۆژئاوای كوردستان و بەرگریی قارەمانانەی لاوانی بە ئەمەگی كووبانی بە رێبەریی حیزبە شۆڕشگێڕەكانیان، ئەوەیان سەلماند كە خۆڕاگری و بەربەرەكانێ لەگەڵ هەرچەشنە سیستمێكی كۆنە پەرست، تیرۆریست و دیكتاتۆر، ئەگەر ئیرادەی خەڵكی لەگەڵ بێت، سەردەكەوێ. لەلایەكی دیكەشەوە پشتگیریی كۆمەلانی خەڵكی كوردستانی رۆژهەڵات ئەوەی سەلماند بە گوڕ و تینێكی شۆڕشگێڕانەوە لە گۆرەپانی خەبات دان و هەر دەم ئامادەن و چاوەڕوانی یەكگرتنی حیزبەكانی كودستانی رۆژهەلاتن. ئەوەی كە جێگای داخە شارەكانی دیكەی ئێران لەو پێوەندییەدا بێ دەنگ بوون لە كاتێكدا كێشەی كووبانی دونیای هەژاند.

درێژەپێدانی ئەو رەوتە و هاتنە مەیدانی بە كردەوەی خەڵك لە رۆژهەڵات وەڵامێك بوو بۆ تیرۆریست و تیرۆریستپەروەران و دەست و پێوەندییەكانیان ئە، كەس و لایەنانە كە پێیان وایە شۆڕش لە رۆژهەڵاتی كوردستان نەماوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی كوردستان میدیا / ڕیكەوتی : ١٣ی ئۆكتۆبری ٢٠١٤

# کوردستانی رۆژهەلات، خەباتی مەدەنی یان بزووتنەوەی چەکداری؟،

سمکۆ بێکەس

بۆ ئەوەی کە بزانین لە نێوان دوو بژاردەی خەباتی مەدەنی یان بزوتنەوە چەکداری دا کامیان باشترە، بێگومان ، یەکەم خاڵ کە دەبێت هەڵوێستەی لە سەر بکەین ، هەلٌ و مەرجی ئیستای جیهان و ناوچەکە و بە تایبەت کوردستانی رۆژ هەلاتە.



لە راستی دا بۆ بەر چاو روونی بابەتەکە دەبێت تۆزێک بەرەوە دواوە بگەرێنەوە، گەر سەرنج بدەینە ساڵەکانی دەیەی شەست و حەفتاکانی هەتاوی رابردوو دەتوانین بەو ئامانجە بگەین کە خەباتی چەکداری ئەو کات هێزی پێشمەرگە هێزێکی زۆر و بە توانا بوو لە لایەکی دیکەوە لاوازی هێزی رژێمی ئاخوندی و تەنانەت کێشەی شەری نێوان دوو وڵاتی ئیران و عیراق هەل و مەرجی لە باری بۆ خەباتی چەکداری رەخساند بوو و هەر وەها بەشێکی زۆری خاکی کوردستان ناوچەی ئازاد کراوی کوردستان بوون و لە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگە دا بوو، لە گەل ئەمانەش ئەو کات، هەموو کات رێبەرانی ئێمە لە هەموو کۆر و کوبونەوەیەک دا سیاسەتی حیزبەکەیان باس کردووە کە ئامانجی ئێمە لە خەباتی چەکداری گەیشتن بە مافەکانمانە نەک داگیر کردن و ئێمە عاشقی چەک و شەر نین و بەڵکو ئەوە رژێمی ئاخوندی یە کە شەری بە زۆر بە سەر کوردستان دا سەپاندووە، بە پێ ئەم لێکدانەوە سەرەتایی یە بەو ئاکامە دەگەین کە حیزبی ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هیچ کات خەباتی چەکداری وەک ئامانج دیاری نەکردووە بەڵکو وەک وەسیلە بۆ گەیشتن بە ئامانج کە ئازادی کوردستان بووە ئەوە تەنیا شێوەیەک بووە لە شێوەکانی خەباتی گەلەکەمان، کە هیچ کات رەدی ناکەینەوە و هەر کات هەل و مەرج وا بخوازێ حیزبەکەمان خەباتی چەکداری بکات ئەوە ئەو بژاردەیە هەڵدبژێری و چاوەرێ بریاری هیچ کەس ناکات.

کە واتە. لەم کات و هەل و مەرجەی ئیستا دا کە سەردەمی ئیستا سەردەمی تەکنولوژیای نوێ یە ، رەنگە ئیتر لولەی تفەنگەکان وەڵام دەری ئەم هەل و مەرجەی ئێستا نەبن، چونکە بۆ تەنیا چالاکی یەکی بچوک رەنگە ئێمە باشترین کەسەکانمان لە دەست بدەین ، کەم نین ئەو سیخور و خۆ فروشانەی کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان چلکاوی رژێم دەخون و بە زووترین کات بە تەلەفون دەتوانن لە چوونی پێشمەرگە لە ناوچە ئاگادار بن و بە داخەوە ئەو کات ئەوەی کە نابێت روو بدات روو دەدات و زۆر بە ئاسان ئێمە وەک هێزێکی چەکداری دەکەوینە بوسەی هەزاران کەسی رژێمەوە و زەربەیەک دەخۆین کە گەر تەنیا یەک پێشمەرگەش شەهید ببێ نرخی هەزاران مۆرەی رژێمی هەیە،

کە واتە گەر خەباتی چەکداری نەبیت چی بکەین بۆ ئەم کاتە، خەباتی مەدەنی تاکە ریگای گونجاوە کە حیزبی ئیمە بیگریتە بەر بەڵام بۆ ئەم کارە هەم ورد بینی دەوی و هەم پلانی بە جێ و رێ و هەم کاری زۆرتر و باشتر و چالاکتر ، کە من وەک خۆم بەم شیوە ریکاری ئەم خەباتە شی دەکەمەوە کە هیوادارم بچوکترین ریگا چارەی ئەم قوناغە بیت.

یەکەم ریگای میدیا. لە راستی دا ، میدیا ئیستا ئیتر کەم کەس هەیە رۆژنامەیەک بگری بە دەستیەوە و بیخوینیتەوە ، بۆیە چاپەمەنی دەوریکی کاری گەری نابیت، بەڵکو دەبیت ئەو هیز و توانایەی کە لە چاپەمەنی دا بە کار دەبری لە راگەیەنە دەنگ و رەنگ و ئینترنیتەکان بە کار ببری.

تی ڤی / و بەرنامەی بە جێ و رێ و بە پلان و جۆراو جۆر کە سەرنجی گشتی خەڵک رابکیشێ و هەر وەها هاندانی خەڵک بیت بۆ زیاتر کۆر و کوبونەوە و لە دەوری یەکتر. واتە لە خەڵکەوە بۆ خەڵک و زیاتر چالاک بکرین و ریکارە جیاوازەکان بە کار ببرێ بۆ زیاتر ئەکتیڤ بوونی خەڵک بۆ خەباتی مەدەنی.

ئینترنیت / ئەو دەنگ و رەنگەی هەموو کۆمەڵگایی جیهانی داگیر کردووە بە ئاسانی. بۆیە دەبیت هەوڵ بدەین لە کەسانی بە توانا و لیزان لەو بارەوە کەڵک وەر بگرین و لە سەر تۆری ئینترنیت . بە تایبەت تۆرە کۆمەڵایەتی یەکان ، وەک تویتیر و فایس بووک ، زیاترین هەوڵی خۆمان بخەینە گەر تا زۆرترین کەس لە ناو پەیژەکانی چالاکی حیزب دا ببنە هاورێ و زۆرترین زانیاری و کاری تەشکیلاتی لەو جیگە و پیگەوە ئەنجام بدەین. ئەمە بە تاکە کەس ناکرێ و پیویستە هەموو ئەندامانی حیزبی لەم بوارە چالاکی بەربڵاو دەست پی بکەن و تا لە ناو خۆیی کوردستان شۆرشیکی ئینترنیتی وەگەر بخرێ ، بە دروست کردنی کەمپینی جۆراو جۆر و پشتیوانی بەربڵاو لەو کەمپینانەی کە تایبەتن بە خەڵک و شۆرشگیران ، بۆ نمونە کەمپینی پشتیوانی ، لە زیندانیانی سیاسی ، یان کەمپیکی داکاری ئازادی و ماف .

بۆیە خەباتی مەدەنی ناو خۆیی وڵات، دەبیت پیگەی گرینگی ئیمە بیت، بۆ ئەم مەبەستە دەبیت خەڵک وا بار بینین کە نارەزایەتی لە ئیمکاناتی ژیانی رۆژانەیانەوە دەست پێ بکەن ، لە نەبوونی کار و بژیوی ژیان و گرانی و هەزاران مەینەتی تری سەر ئەو خەڵکە ببیتە خەباتیکی مەدەنی بۆ دەنگ هەڵبرینی دەنگی نارەزایەتی خەڵک بەرامبەر رژیم و لەو بارەشەو داواکانی خەڵکی کورد بخەنە ناو داخوازی یەکانی خۆیانەوە و وردە وردە خەڵک بە داواکانیان ئاشنا بکەن، تا رادەیەک کە ببیتە داخوازی رۆژانەی خەڵک و ئەو دەنگە بچیتە ناو دەزگاکانی رژیم کە گەلی کورد گەلیکی جیاوازە و داخوازی جیاوازی هەیە بۆ ژیان و ئازادی و گەیشتن بە مافەکانی خۆی.

بۆیە لەم کات و ساتە وختەدا گرینگە گوریکی زیاتر بە خەباتی مەدەنی بدەین بە هەموومان بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و بۆ وەدی هاتنی ئاواتەکانمان کە گەر هەوڵی جیدی بدەین لە داهاتوویەکی نزیک دا هەوڵەکانمان ئەنجامی خۆی دەبیت

گرینگ کارو ئەکتیڤ بوونی حیزبە لە خەباتی مەدەنی دا و لە هەمووی ئەوخەباتە دا چینێک هەیە کە دەوری گرینگ دەبینی کە لاوەکانن، بۆیە ئەرکی گرینگ لە خەباتی مەدەنی دا لە دەرەوە و ناو خۆیی روژهەڵاتی کوردستان لاوانن، ئەوە لاوانن کە زیاترین کەسانی شارەزان لە خەباتی مەدەنی و میدیایی دا و دەتوانن بە ئاسانی و بە باشی ئەم خەباتە بکەنە خەباتێکی مەدەنی لە ناو خۆیی روژهەڵاتی کوردستان بۆیە هیواداریم لاوەکان ئەم هەنگاوە بە هەند وەر بگرن و بیکەنە خاڵێکی گرینگ لە ئەرکی رۆژانەی یەکیەتی لاوان دا کە کاری جیدی بۆ بکات، لاوان چینی رۆشنبیری ئەم سەردەمە دەبێت هەنگاوی جیدی و پراکتیکی بهاوێن بۆ سەرکەوتنی خەباتی مەدەنی لە کوردستانی رۆژ هەڵات دا تا سەرکەوتن مسۆگەر بکەن.

لە گەل ئەو پەری رێزم دا

سەرچاوە : ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان / ڕێکەوتی : ١٥ی فێوریەی ٢٠١٥

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان- خەباتی چەکداری مەترسی یان هەل؟

**مەجید حەقی**

له کاتێکدا که :

١- له ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کێشەکانی دەسەڵات و جیناحەکان قوول بووتەوەو بەتایبەت نەخۆشی جیددی خامنەیی‌و هەگەری جێگیرەکەی دەتوانێت ببێتە هۆی پێکهاتنی کودتایەکی سوپای پاسداران له ناو رژیمدا.



٢- نەسلێکی بەتەواوی تازە له ناو کوردستان‌و ئێراندا گەورەبووە که زیاتر له ٨٠%ی خەڵکی وڵات پێک دێنن‌و بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، پیشەیی و بەتایبەت پێوەندیە گشتیەکانەوە نرخ‌و بەهاکانیان جیاوازە له گەل نرخ‌و بەهاکانی نەوەی سەرەتای شۆڕش‌و نەسلی دووەم و سێهەمی حیزبی دێموکرات.

٣- بە دەیان هەزار له کوردی ڕۆژهەلات نیشتەجێی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئورووپا، ئەمریکای باکووری‌و ئوسترالیان.

٤- ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە هۆی بزاڤە شکست خواردووەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی‌و سەرهەڵدانی گرووپی ئیسلامی داعش، تووشی بوومەلەرزەیەکی سیاسی بووەو هەگەری پێکهێنانی ئاڵوگۆری قووڵی جوغرافیایی، سیاسی و سووناميەکی نویّ له ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا پتر دەبێت.

٥- باشووری کوردستان بە هۆی هەڵکەوت و هەڵوێستی بەرامبەر بە گرووپی تیرۆریستی داعش بووتە شوێنێکی سەرنج و یارمەتی ناوەندە بریاردەرەکان‌و پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان له هەرێم و هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

٦- نزیک بوونەوەی پرسی کورد له باکووری کوردستان بە چارەسەریەکی نیسبی.

٧- دانپێنانی کۆماری ئیسلامی بە بوونی کێشە "قەومیەکان"و "کەم لوتفی له گەڵ کەمایەتیەکان"و هەوڵی رواڵەتی ئەوان بۆ چارەسەر کردنیان.

٨- قەیرانی ئابووری جیهان، قەیرانەکانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی وڵاتی ئێرانی قووڵتر کردووە.

٩- خەباتی نەتەوایەتی‌و داوای مافە نەتەوایەتیەکان بووتە ویستی زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکانی دانیشتووی ئێرنا.

١٠- کێشەکانی ناوخۆی هێزە سیاسیەکانی باشووری کوردستان و دەخاڵەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت هەمووکاتێک مەترسیەکی جیددی دژی خەباتی گەلی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان که نیشتەجێی باشوورن، پێشنیار دەکرێت.

هەواڵی تێکهەڵچوونەکانی ئەو دواییانەی چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی له گەڵ پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بزاڤی کورد

لەو بەشەی کوردستاندا بوو بە رۆژەڤی میدیاکانو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوەی لەو نێوەدا جێگای سەرنجە بوونی "حزووری چەکدارانە"یە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆکردنەوەی سەرنج لە سەر قورسترین شێوەی بەرخۆدان واتە خەباتی چەکداری.

داخوا لەو هەلومەرجەدا خەباتی چەکداری بە قازانجی بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە؟ ئەوەکە خەباتی نەتەوەی کورد بە هەموو شێوە ئوسووڵیەکانی مومکین خەباتێکی رەوایە جێگای گومان نیە. بەڵام داخوا ئێستا کاتی خەباتی چەکداریە؟ بە بڕوای من بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان خراپترین سەردەمە بۆ دەسپێکی بزاڤێکی چەکدارانە:

١- هەلومەرجی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رووی ئاڵوگۆڕەکانی حەشیمەتی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و شارنشینیەوە لە گەڵ بیست ساڵ لەمەوبەر گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە. خەڵکی کورد بەو رەوشە ئابووری، کۆمەڵایەتیو سیاسیەوە توانای دانی هەزینەی خەباتی چەکداریان نیە.

٢- بە پێچەوانەی باکوورو رۆژهەڵاتو تەنانەت رۆژئاوای کوردستان، رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا ناوچەی کێشەداری نەتەوایەتی لەگەل حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نیە، بۆیە بزاڤی نەتەوایەتی بەواتای کۆ کردنەوەو زیادکردنی هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستانو سەرکوتی زیاتری خەڵکی کوردستان دەبێت و لە ئاکامدا لەو خەباتەدا تەنیا دەمێنێتەوە.

٣- لە رووی ناونەتەوەییەوە، کۆماری ئیسلامی وەک ساڵانی رابردوو تەریک نیەو بە هەڵوەشانەوەی بەرەبەرەی گەمارۆ ئابووریەکان، پشتیوانی ناونەتەوەیی ئەوتۆ نیە بۆ خەباتی چەکدارانە لە کوردستان.

٤- پرسی خەباتی چەکداری پیوەندی بە بەرژەوەندیو شوێندانانی باشووری کوردستانیش هەیە. لە هەشتاکاندا کورد شتێکی نەبوو لە دەست بدات، بەڵام ئەمرۆ پێکهێنانی ناوچەیەکی ئەمنیەتی دیکە لە سنووری باشووری کوردستان دەتوانێت زیان لە بەرژەوەندیە درێژخایەنەکانی کوردستان لە تەواویەتی خۆیدا بدات.

٥- ماوەی بیست ساڵی رابردوودا لە "غیابی" خەباتی چەکداریدا، خەباتی مەدەنی، بنەماکانی خەباتی پەروەردەییو ژینگەپارێزی لە کوردستاندا گەشەی سەندووە، دەنگی چەک دەتوانێت هەموو ئەو دەنگە مەدەنیانە لە ناو بباتو هەموو جووڵانەوەیەکی مەدەنی بە بزاڤێکی "ئەمنیەتی" ببیندرێتو لە ئاکامدا ئەزموونی خەباتی مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی شکست بێت.

٦- زۆربەی هەرەزۆری کوژراوەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی کورد بوون. ئەو پێشمەرگەیەی کە شەهیدیش بووە کورد بوو. لەو شەڕەدا خوێنی کورد بە دەستی کورد دەرژێتەوەو ئەمەش دژی بیرۆکەی "قەرارداد اجتماعی"یەک دێت کە رێزدار خالد عەزیزی پرۆپاگەندەی بۆ دەکات. قووڵبوونی برینی کورد بە دەستی کورد بە هەرناوێکەوە زیان لە گەشەسەندنی یەکیەتی نەتەوایەتی و وێک گەیشتنی جڤاکی لە ناو کۆمەڵگای کوردی دا دەکات.

٧- چەک هەستی بە هێزی دەخوڵقێنێتو دەبێتە هۆی لە دەست تێگەیشتن لە ریالیزمی سیاسی. لە هەلومەرجێکدا کە پێوەندی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لەو پەری خراپی خۆیدایەو هەر حیزبێک لانی کەم بە سەر دوو رێکخراوی هاوناو دابەش کراون، هەمیشە هەگەری رووبەرووبوونەوەی رکەبەرە تەشکیلاتیەکان هەیەو ئەو پۆتانسیێلە دەتوانێت کارەساتی گەورە بخوڵقێنێت. جێی خۆیەتی بە جیاتی گەشەدانی خەباتی چەکداریو دەسپێکی دانی هەزینەیەکی قورس کە لە درێژدەمدا ئاسەواری ئینسانی، ژینگەیی،

ئابووری، کۆمەڵایەتیو دەروونی بۆ کورد دەبێت، بیر لە یەکگرتنەوەی هێزی سیاسی کوردو یەکخستنەوەی ویستی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەنەوە.

٨- پێکهێنانی هاوپەیمانی یان پەیمانێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی کە بتوانێت هەموو هێزو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری دروشمو ستراتیژی دریژخایەنو کورت خایەندا کۆ بکاتەوە دەتوانێت ئاسەواری قورسترو کەم "هەزینە"تر لە خەباتی چەکداری بێت، خەباتێک کە هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بارێکەوە نابەرامبەرن. بەداخەوە تەنیا باوەڕی شۆرشگێرانە بەس نیە بۆ سەرکەوتن بە سەر دوژمنێکی پۆشتەوپەرداخو نیشتیمانێکی تەنراو لە رایەڵکە جاسووسیەکان. بەتایبەت کاتێک پشتی "جەبهەی" خۆمان پڕە لە کەموکۆریو لە هەمووی گرنگتر نەبوونی هاودەنگیو یەکریزی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# جووڵەی چەکداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی لەپشتگیرییە

**هاوار بازیان**



چالاکییە چەکدارییەکانی یەک مانگی ڕابردووی دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەیاندنی چەند زیانێک و هەروەها شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک لە چوارچێوەی جەولەی "پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" کە تا ئێستەش بەردەوامە، دیسان ئەو پرسەی خستەوە بەرباس کە سەرهەڵدانی کاری چەکداری لە ناوەخۆی ئێران بۆ کورد شتێکی مەحاڵ نییە و ئەزموونی هێزی چەک لە گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر و دۆخی دوژمن و ناوچەکە هانی کوردی ئەو پارچەیەش دەدات باشتر و کاریگەرتر بیر لە نوێکردنەوەی خەباتی چەکداری بکاتەوە. لەو نێوەندەدا هەندێک چاوەڕوانی لە کورد بەگشتی دەکرێ:

### ١- لە ناوەخۆی ڕۆژهەڵات

کوردانی ناوەخۆی ولات ئەگەر هەندێک بەباشی بیر بکەنەوە و بەراوردێکی باری سیاسیی خۆیان و بەشەکانی تری کوردستان بکەن، پێویستە هاوکاریی هەرجۆرە کردەیەکی دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بکەن کە نێزیکەی 35 ساڵە ڕێگەی نەداوە کورد بی و هەست بە کوردبوونی خۆت بکەی. لە ڕۆژهەڵات کە کانگای سیاسەتی سەردەمیانەی کوردە و ئاڵای کۆماری تێدا هەڵکراوە، ڕۆژانە کورد لە زیندان دەکرێن و وەڵامی بچووکترین مافەکانی ئەو نەتەوەیە بە گرتن و ئازار و سێدارە وەڵام دەدرێتەوە، بۆیە ئەرکی کوردانی ئەو پارچەیە پێشکێشکردنی هەموو جۆرە هاوکارییەکی پێویستە بۆ ئەوانەی وەک هێزەکانی پارێزەری کورد لەناوەخۆی ولات لە جووڵەدان و ناسراون. کاتێک کەسێک یان پێشمەرگەیەک ڕێگەی ناوەخۆ دەگرێتەبەر، گەورەترین دڵخۆشی و گەورەترین نیگەرانییەکەی لە خەڵک و ئەوانەیە کە لەو گەشتەدا تووشی دەبێ. لەلایەکەوە دڵخۆشە بەوەی دەستی بە جەماوەر و جەرگەی خەڵکی خۆی دەگا و دەتوانێ پەیامی خۆی بگەیەنێ و هاوکات نیگەرانیشە لەوەی کوردێک کە پشتی پێ بەستووە دەستی تێکەڵی دوژمن بکا یان کردبێ. لە ئێستەدا کە کورد لە هەموو بەشەکانی تر بۆ ئازادی و سەربەرزیی خۆی ڕۆژانە خوێن و قوربانی دەدا، پێویستە کوردی ڕۆژهەڵاتیش هەوڵی خۆی بەگەڕ بخا. هاوکاریکردنی جووڵەکانی دژی کۆماری ئیسلامی دەکرێ کەم بەڵام تەندروست بن. بۆ نموونە هێزی پێشمەرگە چاوەڕێ نییە لە گوندێک خەڵک فیشەک چەک و تەقەمەنی بۆ ئامادە بکا یان کاری هەواڵگریی مەترسیداری بۆ بکا، بەڵام کەمترین چاوەڕوانی ئەوەیە خەڵک وەک فریادڕەسێک سەیری هێزی پارێزەر بکا و خۆی لەوان بزانێ نەک دوژمن. خەڵک پێیوانەبێ تەقەیەکی بێسوود لە چیایەکی دووردەست جگە لە سەرئێشە هیچ مانایەکی تری نابێ، بەڵکوو پێویستە دڵنیا بن لەوەی شەڕی ڕزگاریی گەورەترین نەتەوە و وڵاتی دنیا هەر بە یەک جووڵە دەستی پێکردووە و دواتر پشتگیریی خەڵکی تێکەڵ بووە و گەیشتووەتە لووتکەی ئامانجەکانی کە هەمان ڕزگارییە. لەباری دەروونییەوە پێویستە خەڵک بەپێی توانا کەشێکی ئارام و دوور لە نیگەرانی بڵاو

بکەنەوە و ئەو هەوڵەی دوژمن پووچەڵ بکەنەوە کە بەنیازە لە وەڵامی یەک هێرشی پێشمەرگەدا فەزایەکی پڕ لە گومان و فشار و ترس بڵاو بکاتەوە و هەموو مەبەستەکەی ناهومێدکردنی خەڵکە لە بەرەنگاری.

### ٢- هێز و حزبەکان

حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات پێویستیان بە هاودەنگییەک هەیە و هیچ پێویست ناکات لە ئێستەدا باس لە دابەشکردنی شەهیدانی ئەو جووڵە نوێیە چەکدارییە بکەن. ئەگەر لە بنکە و بارەگاکانی حزبیدا لەسەر پۆست و دەسەڵات کێشەیەکیش هەبێ یان تا ئێستەش چەند هێز و لایەنی جۆراوجۆر خۆیان بەخاوەنی ئەو جووڵە و قوربانیانی دەزانن، ئەو جووڵە و کاری چەکداری لە ناوەخۆ هیچ جۆرە دوودڵی و کێشەیەک هەڵناگرێ و پێویستە هەموو هێزەکان بە یەکدەنگ بەرگری لە چالاکیی یەکتری بکەن. بۆ باشترکردنی ئەو پرسەش، چاوەڕێ دەکرێ هێزەکان لەناو خۆیاندا بتوانن ژوورێکی کردەگەل (عەمەلیات) یان هەماهەنگییەکی باڵاتر لە پەیوەندیی حزبی نێوان خۆیان دروست بکەن. هێزەکان لە ڕێگەی توانا تەشکیلاتی و دیپلۆماسیی خۆیان گەشە بەو جووڵە سەربازییە ناوەخۆییە بدەن و تەنانەت دەستی هاوکاری بۆ دۆست و نێزیکانی سیاسیی خۆیان درێژ بکەن. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لە سەرووی هەموو عورفی خۆیان ئامادەن دژی گرووپی داعش دەستی یارمەتی بۆ یەکتری درێژ بکەن، مافێکی ئاساییی سیاسی و ئەمنیی خۆیانە، مافێک کە کوردیش پێویستە درکی پێ بکا لە دژی دوژمنەکەی خۆی کە ڕابردووەکەی لەدژی کورد مەترسیدارتر لە داعشە، دەستی هاوکاری بۆ نەیارانی دوژمن درێژ بکا. پێویستە هێزەکان سەرەتا لە ئەنجامدەرانی چالاکییە چەکدارەکان دڵنیا بنەوە و دواتر پشتگیری بکەن و ئەندام و لایەنگرانیان لە سیاسەتی خۆیان ئاگادار بکەنەوە و پێویستیش ناکات ئەو کاروبارانە بگاتە ئاستێکی ئاشکرا و لە ئێستەدا چاوەڕێ ناکرێ لە ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکاندا بە وردەکاری ڕەنگ بداتەوە.

لەگەڵ پەرەگرتنی ئەو چالاکییانە، بێگومان هێزەکانی کوردی باشوور کە بەڵێنی بێدەنگبوونی کوردانی ڕۆژهەڵاتیان بە کۆماری ئیسلامی داوە لە جووڵەی ئەو کوردانە بێدەنگ نابن. هاوکات پێویستە بیر لە خۆ دەربازکردن لەو ژێردەستەییە سیاسییەی حزبەکانی باشووری بکەنەوە و ئەو قەناعەتە دروست بکەن کە ناکرێ تا هەمیشە کوردی ڕۆژهەڵات خۆی بکاتە قوربانی پارچەیەکی تر و جگە لە کۆماری ئیسلامی ئەوە خۆی دیل و بەردەستەی هێزێکی تری دووەمیش بکا! ئەو کارەی پارتی کرێکاران و پارتی یەکێتیی دیموکراتی نەیانکرد و سەرکەوتووش بوون لەوەی سەرەڕای دوژمنی داگیرکار، ئەوە خۆیان بکەن بە ژێردەستەی هێزێکی دیکەی کوردیش و ڕەتیان کردەوە.

### ٣- حکوومەتی هەرێم و حزبەکانی باشووری

بەرپرسانی کوردی لە باشووری کوردستان کە پێکهاتەی سیاسی و ئەمنیەتیی ئەو بەشەی کوردستان لەخۆ دەگرن، باشتر لە هەموو کەس و لایەنێک ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەن کە بەسەر ناوچە و دۆخەکەدا هاتووە. ئەگەر پێش ڕووداوەکانی موسڵ کار بە ڕێکەوتن و هاوکێشە سیاسییەکانی نێوان کورد و هەریەک لە بەغدا و ئەنکارا و تاران دەکرا، ئێستە کورد لە هەموو بەشەکان

بەرۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە هەست بە هێزێکی دەروونی گەورەتر دەکا و پێیوایە رۆژی دانیشتن و دەستەوەستانی نییە. ئەگەر حکوومەت و حزبەکانی باشووری بەمافی کوردی باکوری دەزانن کە بەشداریی چالاکانەیان لە پرسەکاندا هەبێ و رەزامەندە بەوەی قەندیل هەموو هێزی خۆی بەکار بێنێ و دواتر بچێتە ناو گفتوگۆکانی لەگەڵ تورکیا، بۆچی ئەو مافە و تەنانەت کەمتریشی بۆ کوردی رۆژهەڵات بە رەوا نابینێ؟ پێویستە حزبەکانی باشووری بەرپرسیارێتیی زیاتر بەرامبەر کوردی رۆژهەڵات وەربگرن و کۆتایی بەو ژێردەستەیییەی خۆیان بەرامبەر ئێران بێنن، بەشێوەیەک کە لەسەر حسێبی مافی سیاسی و نەتەوەیی کوردی ئەو پارچەیە خەریکە تاران و هەولێر درێژە بە مامەڵەیەکی ناڕەوای سیاسیی نێوانیان دەدەن کە ساڵانێکە بەردەوامە.

چاوەڕوانی لە کوردانی باشوور و حزب و راگەیاندنەکانی ئەو هێزانە دەکرێ، خۆیان نەناس نەکەن لە کوردی رۆژهەڵاتی کە دوژمنێکی دڕندە و ئایدیۆلۆژیکی وەک کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک پیلانگێڕی لەدژی دەکا. خۆ بواردن لەو ئەرکە خەلاقی-نەتەوەیییە هیچ جۆرە پاساوێکی سیاسی و ئابووری هەڵناگرێ.

### ٤- کوردانی دەرەوەی وڵات

هەرجۆرە رووداوێکی گەورەی ناوخۆیی پێویستی بە هەڵوێستێکی دەرەکی و دەرەوەی کوردستانی هەیە. کوردانی دەرەوەی وڵات کە لە ماوەی رابردوودا لەبارەی باشووری کوردستان و داعش ئەزموونی باشیان لە هەڵوێست و پشتگیریی کوردستان پیشان دا و کاریگەری باشی لێکەوتەوە، پێویستە ئەو ئەرکەش لە ئەستۆ بگرن بەوەی دنیای دەرەوە گوێ لە ئازاری کوردی رۆژهەڵات بگرێ و پشتگیری بکەن. سەرخستنی شۆڕشێک بەتایبەت بەرامبەر دوژمنێکی بێ پرەنسیپی وەک کۆماری ئیسلامی پێویستی بە رێکخستن و کۆدەنگی و هەموو جۆرەکانی خەبات هەر لە مەدەنی و چەکداری هەیە. ئەگەر لەناوەخۆ جووڵەیەکی چەکداری دەکرێ، پێویستە کوردانی دەرەوەی وڵات لە نێزیکەوە ئاگاداری رووداوەکانی دواتر بن و راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خۆیان بەخاوەنی ئەو کەسانە بزانن کە ئامادەن لە قوڵایی دەسەڵاتی نەیارێکی وەک کۆماری ئیسلامی چالاکی بکەن و تەنانەت گیانیشیان بەخت بکەن. کوردانی دەرەوە ئەگەر لە ئێستەدا ناتوانن دەستبەجێ تێکەڵ بە جەولەی مەیدانیی هێزەکان بن، دەتوانن پەیوەندییان بە رێکخەرانی ئەو چالاکییانە لە هێز و حیزبەکانەوە هەبێ تا بزانن چۆن دەتوانن هاوکار بن. بەشداریکردن لە چالاکییە مەدەنییەکان، کۆکردنەوەی یارمەتی لە چوارچێوەیەکی شەفاف و دیاردا، تێگەیاندنی میدیای رۆژئاوایی لە رووداوەکان، گەشەدانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و پشتگیریکردنی هێزەکانی ناوەخۆ لە ئێستەدا کەمترین ئەرک و هەڵوێستی کوردانی دووره وڵات دەبێ.

### ٥- راگەیاندنە کوردییەکان و رۆشنبیران

ئەرکێکی قورس و گلەیییەکی زۆر دەکەوێتە سەر ئەو بەشە لە پێکهاتەی کورد کە دەتوانن رۆڵێکی باش و کاریگەر ببینین لەوەی گرینگی بە رەنگدانەوەی جووڵەیەکی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان بدەن. کاتێک لە کەناڵێکی راگەیاندن باس لە کردەیەکی هێزەکانی کوردی لە ناوەخۆ دەکرێ و گرینگی پێ دەدرێ، دیارە ئەو هێزە ناوەخۆیییەی کوردستان کە خۆی بۆ قوربانیدان ئامادە

کردووه بەشێک لە مەبەستەکەی خۆی پێکاوه و توانای هەبووه دەنگی مافخوازیی بە شوێنێک بگا. لە کاتێکدا لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا میدیای کوردی زۆر کەمتر لە ئاستی پێویست گرینگی بە چالاکیی "پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان" لە ناوەخۆی وڵات داوه کە ئەگەر هۆیەکی بۆ دۆخی کوردستان و خەریکبوونیان بە پرسی گرینگتری وەک کۆبانی و شنگال و نائارامییەکانی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، بەشێکی زۆریشی بۆ بە کەم سەیرکردنی جووڵە و چالاکیی کوردانی رۆژهەڵاتی پاش ٢٠ ساڵ بێدەنگی دەگەڕێتەوە. چاوەڕێ دەکرێ میدیای کوردی و نووسەر و رۆشنبیران و حزبەکان ئەو جووڵەیە وەک سەرەتایەک بۆ کوردانی رۆژهەڵاتی بخوێننەوە و لانیکەم هاوکار بن لەوەی کوردی ئەو بەشە لە کوردستانیش بتوانێ هەناسەیەکی ئازاد بدا.

### ئەنجام

چارەنووسی کورد بەیەکەوە بەستراوە و بەهێزبوونی هەر کوردێک لە هەر پارچەیەک، بەهای کوردانی پارچەکەی تر بەرز دەکاتەوە و بە پێچەوانەشەوە هەروەک چۆن ئەگەر کورد لە شنگال شکا، هەموو کورد هەستی بەو خەسارە کرد. لەبارەی رۆژهەڵاتەوە چاوەڕێ لە کوردان بەتایبەت بەشەکانی تری کوردستان و لە ریزی یەکەمدا باشووری کوردستان دەکرێ بە پلەی یەکەم راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پاڵپشتیی بزووتنەوەی چەکداریی کورد لە رۆژهەڵات بن و درک بەو راستییە بکەن کە دوژمنێکی وەک کۆماری ئیسلامی تەنیا لە زمانی چەک تێدەگا. پێویستە کورد دڵخۆش بێ بەوەی تاکە پارچەی تەواو ژێردەستەی رۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک بەشەکانی تر بۆ رزگاری جووڵەیەک دەکا و پێویستە هاوپشت بن. لەو رێگەیەشدا ئەگەر کوردێک توانا و وەرەی پشتگیریی نییە و ناتوانێ دۆست بێ، کوردی رۆژهەڵات سوپاسی دەکا ئەگەر لانیکەم لەمپەر و دۆستی نەیاری نەبێ!

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / رێکەوتی : ١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# خەباتی چەکداری حیزبەکانی رۆژهەڵات دەکاتە دوو بەرە

**فواد حەقیقی**

حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) کە بەرپرسیارێتی خۆی لە پێکدادانەکانی ئەم دواییەی رۆژهەڵاتی کوردستان راگەیاند، دەڵێت چالاکییەکانیان لە قووڵایی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەردەوام دەبن، بەڵام حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵات بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون، بەشێکیان پشتگیری لە چالاکی پێشمەرگانە دەکەن و بەشێکیشیان پێیانوایە هێشتا کاتی خەباتی چەکداری نەهاتووە.



پاش چەندین ساڵ لە بێدەنگبوونی چەکەکان، لە سەرەتای ئەم مانگەوە جارێکی دیکە دەنگی تەقە لە چەند ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان بیسترایەوە.

پێش ئەو دوو چالاکییە پارتیزانییە لە ناوچەکانی پیرانشار و سەردەشت، هاووڵاتییەکی کوردی ناحیەی روانسەری نزیک جوانرۆ کە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکاندا سەرباز بووە لە سەردەشت، دەیگوت "سەردەشت زۆر خۆشبوو، بەڵام دیموکرات و کۆمەڵە سەربازیان لێدەکوشتین". هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی سەردەشتیش دەیگوت "ئێستا وەزعەکە زۆر خۆشە، ئەوان لێرە نەماون". بەڵام پێدەچێت ئەو وەزعە خۆشە چیدی بەردەوام نەبێت، چونکە حدک رایگەیاندووە کە لەمەودوا درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

دوای ئەم دوو تێکهەڵچوونە سەرەتا کەس خاوەندارێتی لە شەڕەکان نەکرد، دواتر یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بەرپرسیارێتی خۆی لە دوو چالاکییەکە راگەیاند، لە هەمانکاتدا حدکیش بە ناڕاستەوخۆ خۆی کردە خاوەنی چالاکییەکان.

بەڵام ئێستا حدک بە ئاشکرا دەڵێت کە دەستی بە خەباتی چەکداری کردووەتەوە و پێشمەرگەکانی لە ژێر ناوی پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵات بەڕێ کردووەتەوە. ئەو حیزبە پێداگری لەسەر درێژەدان بەو چالاکییانە دەکات.

هەفتەی رابردوو لە ئەنجامی تێکهەڵچوونێک لە ناوچەی شنۆ پێشمەرگەیەکی حدک بە ناوی هەژار قاسمی شەهید بوو، چوار کەسی دیکەشیان بریندار بوون. ئەوان کەوتبوونە کەمینێکی هێزە سەربازییەکانی سوپای پاسدارانی ئێرانەوە. دوای ئەوە حدک بە ئاشکرا بەرپرسیارێتی شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی رۆژانی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستانی لە ئەستۆ گرت.

عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک، رایگەیاند کە ئەوان درێژە بە چالاکییە سەربازییەکانیان لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن و چیدی ناکشێنەوە. باڵەکی بە (رووداو)ی گوت "ئەو هێزانە لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستانن و ناتوانین بڵێین

لێرەوە چوون، بەڵکو ئەوان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتن و چالاکی سیاسی و پڕوپاگەندەیی دەکەن، بۆیەشە ئاساییە کە کۆماری ئیسلامی تەحەمولیان نەکات". گوتیشی "درێژە بە چالاکییەکانمان دەدەین."

دەستپێکردنەوەی چالاکی سەربازی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ دووبەرە دابەش کردووە، حیزبێکی وەکو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پشتیوانی لە چالاکییە سەربازییەکانی حدک دەکات. کەریم کەریمی، ئەندامی ڕێبەریی ئەو حیزبە دەڵێ "هەر حیزبێکی ڕۆژهەڵات کە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بەربەرەکانێ بکات پشتیوانی لێدەکەین."
کەریمی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕەتنەکردەوە و گوتیشی ئەوان هێزێکی چەکداریان لە ژێر ناوی لەشکری پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵات هەیە کە هەرکات پێویست بکات چالاکی چەکداری دەکەن.

بەڵام بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تاوەکو دوێنێ لەگەڵ حدک لە یەک سەنگەردا بوون بەرامبەر کۆماری ئیسلامی، ئامادە نین بە هیچ شێوەیەک قسە لەسەر چالاکییەکانی ئەم دواییەی پێشمەرگەکانی حدک بکەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ساڵی پار خواستی خەباتی چەکداری لە نێو پێشمەرگەکانی حدکا لایەنگرانێکی زۆری هەبوو. بەڵام ڕێبەری حدکا ڕەزامەندی لەسەر نیشان نەدا.
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێیوایە، هێشتا هەلومەرج بۆ خەباتی چەکداری لەبار نییە و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. ئەنوەر محەممەدی، ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبە، بە (ڕووداو)ی گوت "هەر حیزبێک بۆ خۆی بڕیار دەدات کە بە چ شێوەیەک خەبات بکات."

پارتی ئازادیی کوردستان کە لەگەڵ پێشمەرگەکانی هەرێمی کوردستان لە دژی داعش شەڕی کردووە، جموجۆڵە چەکدارییەکانی حدک ڕەتناکاتەوە و پشتیوانیشی لێ ناکات .
ڕزگار عەباس زادە، ئەندامی ڕێبەریی پارتی ئازادیی کوردستان، پێیوایە بارودۆخی ئێستا بۆ خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان "نەگونجاوە" و هەر جۆرە ڕێکخستنێکی چەکداری لەو قۆناغەدا زەرەر لە بەرژەوەندییەکانی باشووری کوردستان دەدات.
بەهۆی هەڕەشەکانی ئێران بۆ سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ماوەی چەند ساڵێکە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیان لە خەباتی چەکداری هەڵگرتووە و هەر کاتێکیش داوای خەباتی چەکدارییان لێبکرێت، دەڵێن بەرژەوەندی باشووری کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە.

حاجی جوندی کە لە فەرماندە بەناوبانگەکانی حدکایە، پێیوایە ئێستا دۆخەکە گونجاوە بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، ئەو حیزبانەش هێندە هێز و توانایان هەیە کە بتوانن خەباتی چەکداری بکەن.
حاجی جوندی کە ئێستا لە ئەڵمانیا دادەنیشێ، دەڵێت حیزبەکان نزیکەی 20 ساڵە لە خەباتی چەکداری دابڕاون. ژمارەی پێشمەرگە کۆنەکان زۆر کەم ماون لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا، ئەوانەی ئێستاش زۆربەیان پێشمەرگەی تازەن، بۆیە ئەزموونیان نییە. هەر بۆیە ڕەنگە سەرەتا تووشی هەندێ زەرەر و زیانی بچووک ببن، بەڵام بەرە بەرە ئەو هێزانەش ئەزموون وەردەگرن.

سازمانی خەباتی کوردستان پشتیوانی لە چالاکیی حدک دەکات. کامیل نوورانی فەرد ئەندامی ڕێبەریی سازمانی خەباتی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "هەر جۆرە جموجۆڵێکی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ هەلومەرجدا گونجاو بێت پشتیوانی لێدەکەین ."

سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لەلایەن سازمانی خەباتەوە. کامیل نوورانی فەرد گوتی "بۆ نا، ئەگەر دەرفەتێکی گونجاومان بۆ بڕەخسێت، خەباتی چەکداری دەستپێدەکەینەوە".

سەرچاوە : ماڵپەڕی رووداو نیت / ڕێکەوتی : ٣٠ی دیسامبری ٢٠١٤

# پێویستیی بەرەنگاری چەکدارانە (لەگەڵ چاوخشانێک بەسەر دەسپێکی خەباتی چەکدارانەی حدک)

ئەردەڵان باستانی

سەرەتای حەفتاکان دەتوانین وەک کۆتاییەک بۆ موقاوەمەتی چەکدارانە و دەسپێکێک بۆ خەباتی مەدەنی بناسێنین. هەر چەند لە دوای داگیرکرانەوەی شارەکان و بەرە بەرە گوندەکان، خەباتی چەکدارانە کەمڕەنگ ببۆوە، بەڵام تا حەفتاکان وەک حەرەکەتێکی چریکی‌و لێرەو لەوێ‌و بێ‌نەزم بەردەوام بوو.



ئاوەدان کردنەوەی بارەگاو کەمپەکان لە باشووری کوردستان لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو بە خالی کۆتایی بزووتنەوەی چەکداری. پاشان حیزبەکان بە پێداچوونەوە بە سەر سیاسەتەکانیان‌و دارشتنەوەی سەر لە نوێی خۆیان، ڕوویان کردە سیاسەتی سپی‌و بە دوور لە چەکو شەڕ. بۆ ئەو مەبەستەش هێنانە کایەی خەباتی مەدەنیان کردە سەرەکیترین سیاسەتی خۆیان.

بەڵام هێزی چەکداریان هەر ڕاگرت بەو بیانۆیەوە کە خەباتی چەکداری تەواو نەبووەو تەنیا تاکتیکێکی شۆڕشەو ئێستا پێویست نیە کەڵکی لێوەر گرین. ئەم هێزە چەکدارەش هەندێکی ڕووی کردە وڵاتانی دەرەوەو هەندێک گەڕاوە نێوخۆی وڵاتو هەندێکیش لە بارەگاکان نیشتەجێ بوون. لە ماوەی ٢٠ تا ٢٥ ساڵی ڕابردوو هاتوو چۆی شۆڕشگێڕانی کوردستان بۆ نێو لایەنە سیاسییەکان بەردەوام بووەو هەر بە مەودای یەک دوو ساڵ جارێکیش دەنگدانەوەی چالاکییەکی پێشمەرگانە لە شوێنێکی کوردستان سەرنجەکانی ڕاکێشاو هیوایەکی بۆ بوژانەوەی ئەم شێوە خەباتە لە دڵی جەماوەر دا ژیاندەوە، بەڵام هەموو جارێک چالاکیەکان بەریان پێ‌گیراو کۆتاییان هات.

بەڵام خەباتی مەدەنی کە بوو بە سیاسەتی زۆربەی لایەنەکان بە کوێ گەیشتو تا کام قۆناخ چووە پێش، یان چ دەسکەوتێکی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کورد بوو؟

خەباتی مەدەنی شتێکی نوێ و تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێگانەیە. بێگانە بوونی ئەم خەباتە هۆیەکی سەرەکی هەیە کە بریتیە لەوەی کە بۆ پەرە گرتنی خەباتی مەدەنی دوو لایەن پێویستە، لایەنی دەسەڵاتو لایەنی خەڵک. لایەنی خەڵک کە داخوازێکی هەیە، ئاراستەی دەسەڵاتی دەکاتو بە شێوەیەکی دوور لە توندو تیژی هەوڵ بۆ بەدی هاتنی دەدات. لایەنی دەسەڵاتیش بە دوور لە توندو تیژی یان بە کەمترین توندو تیژی وەڵامی خۆی دەداتەوە. خەڵک لەم شێوە خەباتەدا زیاتر کەڵک لە نافەرمانی مەدەنی وەردەگرن، بۆ وێنە مانگرتن، یا بەزاندنی بە کۆمەڵی یاسایەک.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان هەر وڵات و ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان بۆ خەباتی مەدەنی تەنیا یەک لایەنیان هەیە: خەڵک. چونکە دەسەڵات هەموو دەنگێک کپ دەکاتو کۆمەڵگا دەباتە قۆناخێکەوە کە ملکەچی دیکتاتۆر بێت. بەتایبەتی ئێران کە وڵاتێکە دەسەڵاتەکەی، ڕەوایی خۆی نەک لە خەڵک یان ڕەگەزو بنەماڵە، بەڵکوو لە ئاسمانو ئایین وەردەگرێتو هەر نارەزایییەک لەگەڵ خۆی گرێ دەداتەوە لەگەڵ دژایەتی خوداو گەورەترین سزاکانیشی بۆ دەسەپێنێت. دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران، هەموو دەنگێک لە تەقەی تفەنگ تا دەگاتە ڕێپێوانی بێدەنگ، بە کردەوەی دوژمنانەو دژە شۆڕشی لە قەڵەم دەداتو بەو هەزاران پێناسەیەی وا بۆی داتاشیوە نێوی لێ هەڵ دەدات و سەرکووتی دەکات.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، خەباتی مەدەنی نزیک لە ٢٠ ساڵە بوونی هەیەو خەڵکانێک لە پانکایی وڵاتدا حەوڵیان داوە بۆ سازدانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو داواکار، کە داواکانی خۆی لە ڕێگای دەنگ دان یان هەر شێوەیەکی بە دوور لە توندو تیژی پێشکەش کەن. بەڵام دەسەڵات هەموو کاتێک ڕێوشوێنێکی گرتۆتە بەر کە نارەزایییەکان ڕادیکاڵ ببنەوە و دەستی ئەویش بۆ سەرکوتی توند بکرێتەوە. نارەزایی ساڵی ٧٨ کە بە کووی دانیشگا ناسرا یەکێکە لە دەیانو سەدان ڕووداوی لەو چەشنە کە خەڵکانێک داواکاری خۆیان یان نارەزایی خۆیان بە شێوەگەلی مەدەنی دەربڕیوە، بەڵام وەڵامی دەسەڵات لە چەشنێک بووە کە خەڵکی هانداوە بۆ ڕادیکاڵ بوونەوە. یان ساڵی ٨٨ کە پاش هەڵبژاردنو دژی ئەنجامەکان نارەزایی بەرینی جەماوەری ڕوویدا، بە شێوەیەک وەڵام درایەوە کە خەڵکی هاندا بۆ ڕادیکاڵ بوونەوەو حەرەکەتی توندو تیژ.

لە ڕاستیدا ڕادیکاڵیسم لە زاتی بزووتنەوەکانی خەڵکی ئێران دا نیە و نابێت وەک کردەوە سەیری بکرێت، بەڵکوو ڕادیکاڵیسم دەرئەنجامی سەرکوتی سیستێماتیکی دەسەڵاتە و دەچێتە خانەی دژکردەوەیەکی کۆمەڵایەتی.

کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا نیشانیداوە کە هەڵگری هیچ مەدەنیەتێک نیەو کورد وتەنی تەڕو ویشک پێکەوە دەسووتێنێت. لە سیستەمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا تەنیا بە شێوەیەک ڕێگەی دەربڕینی نارەزایی هەیە، ئەویش بە مەرجی ئەوەی کە بنەماکانی ئایینی ئیسلام پێشێل نەکات. ئەم یاسایەش وا دارێژراوە کە هەموو کۆبوونەوەیەک دەخاتە ئاڵقەی دژە ئیسلامییەوە.

ئەگەر نەڵێین خەباتی مەدەنی لە ئێران دا هەرەسی هێناوەو شکستی خواردوە، دەتوانین بڵێین ناسەرکەوتوو بووەو نەیتوانیوە بگاتە ئامانجەکانی خۆی.

دەسەڵاتێک کە ناتوانێتو نایهەوێت هیچ نارەزایییەک ببینێتو هەموو نارەزایییەکان بە دارێک ڕادەداتو بە زمانی ئاگرو ئاسن دەدوێ، بە زمانی خۆی دەبێ مامەڵەی دەگەڵ بکرێت.

بزووتنەوەی چەکدارانە نە بە مەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵات یان ئازاد کردنی شارەکان یان سەپاندنی دانوستان، بەڵکوو بە مەبەستی تێوەگلانی خەڵک لە شۆڕش و سازکردنی بەستەری ئاڵوگۆری دەبێ سەیر بکرێ. دەسەڵاتی دیکتاتور شانازی بە ئەمنیەتە درۆیینەکەی دەکات، ئەمنیەتێک کە بە پشتیوانی چەکو جبە خانەو سەرکوتی خەڵک دەستەبەر کراوەو بۆتە ئابڕووی دەسەڵات دەبێ تێک بشکێ. ٢٥ ساڵ هەڵپەساردنی تفەنگەکان شێوەیەک لە تەقەدوسی داوە بەو بێدەنگیەو لە پانکایی ئێراندا تفەنگ بۆتە بڤە. بە پێچەوانەی سەردەمی پاشایەتی کە خەباتی چەکدارانە بڤە نەبوو ئێستا بۆتە قوبح. سیاسەتی سپی نەک هەر لە کوردستان،

بەڵکوو لە پانتایی ئێران نەیتوانی خۆی بچەسپێنێتو ئەمەش تەنیا خەتابارەکەی کۆماری ئیسلامییە کە بە سیستم توندو تیژی دەبووژێنێتەوەو هەڵسوڕاوانی مەدەنی سزای قورس دەداتو ئێعدامیان دەکاتو تاقە هەنگاوێک پاشەکشە ناکات لە بەرامبەر بزووتنەوەیەکی هێمنو مەدەنی.

خەباتی پێشمەرگانە دەبێ تەنیا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بێت و ئامانجەکەی نەک دان وستان بەڵکو شۆڕشی جەماوەری بێت.

دەسپێکی خەباتی پێشمەرگانە لە لایەن حدک (هەڵە یان سیاسەتی شیاو)

کەمتر لە یەک مانگە هێزێکی حیزبی دێموکڕات کوردستان لە ناوچەکانی کوردستان چالاکی پێشمەرگانەی کردووە خۆی بە "پارێزەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان" ناساندوە، لە پاش زنجیرەیەک چالاکیو دوای شەهید بوونی پێشمەرگەیەک (هەژار قاسمی) بە فەرمی حدک لە ڕاگەیاندراوێکدا دەڵێ: "ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەینە گۆڕەپانی دژایەتی ستەم و...".

ئەگەر حدک یان هەر لایەنێکی کە، خەباتی چەکداری بکاتەوە بە تاکتیکی سەرەکی خۆیو بیهەوێت کوردستانی ڕۆژهەلات بشلەژێنێو خەڵک هان بداتەوە بۆ شۆڕش، دەتوانێت سەرکەوتن بە دەست بێنێ، بەلام ئەگەر تەنیا بۆ سەپاندنی دانوستان بێت ئەمە هەڵەیە. چون کورد ئێستا پاش ٣٦ ساڵ کاکڵی راستەقینەی کۆماری ئیسلامی ناسیوەو پێویست بە دانوستان ناکات، لە ڕاستیدا دەسەلاتی ئێران تەنیا شتێک کە قەت ملکەچی نابێت دانوستانە، نموونەکەشی زیاتر لە ١٥ ساڵ دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوایە بۆ پرسی ناوەکی.

هێزە کوردییەکان ئەگەر بە هیوای دانوستان خەباتی پێشمەرگانە ڕاگەیێننەوە هەڵەیان کردووەو تەنیا خەساریان گەیاندۆتە بەدەنەی خۆیانو خەڵکی کوردستانیش، بەلام ئەگەر بۆ سازدانەوەی شۆڕشی بەرینی کۆمەڵگا بێت ئەمە دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کورددا.

لە کۆتایی دا ڕێز دەگرین لە یادی هەژار قاسمی، شەهیدی بەرزە بالای ولات.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەلات تایمز / ڕیکەوتی : ٢٩ی سێپتامبری ٢٠١٤

# ئایا هەوڵەکەی حدک قۆناغێکی نوێیە یانخود ئەزموونێکی ناسەرکەوتوو؟

ئاریتما محەممەدی



هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بوومە کە خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرەو دەمێکە سێبەری نەبوونی خەباتی چەکداری لەو پارچەیەی کوردستان کاریگەری نەرێنی لەسەر تێکۆشانی ئازادیخوازانەی کورد داناوە.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین بابەتی گرینگم لەو پێوەندییەدا بڵاو کردووەتەوەو ئاماژەم بە گرینگیی‌و پڕ بایخیی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. دەمێکە لەسەر ئەو بۆچوونە بوومە کە دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لەلایەن پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قورسایی سیاسیی ئەو پارتانە بۆ ئاستێکی باڵا بەرز دەکاتەوەو کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەندامانو لایەنگرانی ئەو حیزبانە دادەنێت. هاوکات پێم وابووە کە ڕاگەیاندنی ئەو خەباتە بە چەشنێکی نوێ‌و بەربڵاو و هەروەها پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی‌و بنەمایی دەبێتە هۆی ئاشتبوونەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەو پارتانەو ئەوەش هیوای گەل زیندوو دەکاتەوە. هیوایەک کە هەمیشە لەگەڵ دەسپێکی خەباتی چەکداری بزواوەو گەشەی کردووەو چەندین قۆناغی مەزنی تێپەڕ کردووە، هەروەها ئەو هەستو تینە گەرمەی شۆڕش و خەبات و تێکۆشان لەگەڵ ڕاگرتنی ئەو خەباتەدا سارد بووەتەوەو تەنانەت گەلی بێ هیوا کردووەو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کوردیشی لاواز کردووە. بۆیە هەمیشە لەهەر قۆناغو دۆخێکی سیاسیی‌و لە ڕێڕەوی مێژوودا، هەروەها لەهەر کاتێکدا کە کورد دەستکەوتی بەدەست هێناوەو هەنگاوێک خەباتەکەی چووەتە پێش، تاکە هۆکەی شۆڕشو خەباتی چەکداری بووە.

هیچکات لە هیچ قۆناغێکی مێژوودا نەتەوەی کورد دەستکەوتی سیاسیی مەزن و جێگری لەڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بەدەست نەهێناوە و بگرە دیالۆگ و گفتوگۆ تاکە ڕێگای لەنێو بردنی سەرکردەکانی کورد بووە. زۆربەی هەرەزۆری سەرکردەکانی کورد لە ڕەوتی مێژوودا لە ڕێگای دیالۆگو گفتوگۆو لەکاتی ئاخاوتنو وتووێژ لەمەڕ چارەسەر کردنی کێشەی کورد تیرۆر کراون. سمکۆی مەزن، قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی‌و بگرە دەیان سەرکردەی مەزنی دیکەی کورد لەکاتی ئاخاوتن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کێشەی کورد شەهید بوونە. بۆیە هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان، لەڕێگای خەباتی چەکداری و لولەی چەکەوە دانیان بەبوونی کێشەی کورددا ناوەو هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە کە کورد لەبەڕێوەبردنی ئەو خەباتە پاشگەز بکەنەوە، یانخود لە هەوڵی ئەوەدا بوونە کە دەرفەتی بەڕێوەبردنی ئەو چەشنە لە تێکۆشان بۆ کورد نەڕەخسێت، ئەوەش بەسەپاندنی گۆشاری سیاسیی‌و سەربازی‌و بە میلیتاریزە کردنی کوردستان. هاوکات تاکە ڕێگای بەربەرەکانێ کردنی کوردو پارێزگاری کردن لەمافو ئازادی‌و کولتوورو زمانو ناسنامەی خۆی چەک و خەباتی چەکداری بووە.

من هەمیشە بایەخی گرینگم بە خەباتی چەکداری داوە و هەردەم لەسەر ئەو ڕوانگە بوومە کە خەباتی چەکداری هەوێنی هەموو چەشنە دەستکەوتێکی سیاسیی، کولتووریو تەنانەت ئابووریشە. بەڵام قەد لەگەڵ ئەوەدا نەبوومە کە خەباتی چەکداری بە شاراوە بەڕێوە بچێت، یانخود بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێت. چونکە بەڕێوە بردنی خەباتی چەکداریو هەڵگیرسانی شۆڕش و گەرمەی تێکۆشان بەو چەشنە چەند پەیامێکی لاوازو نەرێنی لەگەڵ خۆی دێنێت. یەکەم ئەگەر باوەڕت بە خەباتی چەکداری هەیە، بۆ بە شاراوە بەڕێوەی دەبەیت؟ یانخود ئەگەر خەباتی چەکداری پڕ بایەخە و پێت وایە هەنووکە دۆخەکە بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی چەکداری لەبارە، بۆ بە چەند پێشمەرگەی ناشارەزاو پەروەردە نەکراو ئەو هەنگاوە مەزنە دەهاوێژیت؟ یان بۆ بە فەرمی ناڵەیت پێشمەرگەی منەو باوەڕم بە خەباتی چەکداری هەیەو پێموایە ئەو شێوە لە خەبات پێویستییەکی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؟ بۆیە دەڵێم ئەو هەوڵە هەر لەبنەڕەتەوە هەوڵێکی نەزۆک بووەو پەیامی سیاسییو گۆڕانکاریی سیاسییو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتو ئیستراتیژیی ئەو پارتانە لەخۆ ناگرێتو ئامانجی ڕاستەقینە نەبووەو نییە، تەنیا تاکتیکێکی سیاسییە کە لەگەڵ ئەوەدا گیانی چەند تێکۆشەری نەتەوەیی کورد دەکاتە قوربانی، هاوکات چەند پەیامێکی بۆ دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستان پێیە.

لە پاش هاتنە کایەی کێشەی ئابووریو سیاسیی لەنێوان دەسەڵاتی ناوەندیی ئێراقو هەرێمی کوردستان، کە دواتر بووە هۆی ئەوەکە حکوومەتی بەغدا بوجەی هەرێمی کوردستانی بڕیو هەرێم تووشی کەمو کورتی لە بوجە هاتو ئابلۆقەی ئابووری خرایە سەر هەرێم و خەڵکی کوردستان تووشی کێشەی ئابووری بوون، ساردیو سڕی کەوتە نێوان دەسەڵاتی سیاسیی باشوور، واتە یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتەکانی ڕۆژهەڵات، چونکە حکوومەتی هەرێم بەشە بوجەی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بڕی، ئەوەش ڕۆژهەڵاتییەکانی نیگەران کرد. ئەگەر لەو ماوەیەدا سرنجی میدیاکانی سەر بەو پارتانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابێت، بۆتان دەردەکەوێت کە لەو کاتەوە بوجەیان بڕاوە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە یەکێتیو پارتی دەگرنو تەنانەت سکرتێرەکانی پارتەکانی ڕۆژهەڵات ئاماژە بە مەترسییەکانیان کردووە و باس لەوە دەکەن کە هەرێم ئەوان بە ئێران دەفرۆشێت، بەڵام ئەم چەشنە لە ڕەخنەو ڕوانگە لە پاش کەمپنشین بوونی لایەنەکانی ڕۆژهەڵات لە باشوور تاکوو ئەمڕۆ سیاسەتو تاکتیکێکی غەریب بووە، یانخود، قەد بە فەرمی نەدرکێنراوەو باسی لەسەر نەکراوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بوجەیان بڕا. بۆیە بەڕێوەچوونی خەباتی چەکداریی لەو چەشنە، یانخود ناردنەوەی چەند پێشمەرگەی تێکۆشەر بە شاراوە کە دواتر بە لایەنگەرو سەرەڕۆ لە قەڵەم بدرێنو بڵێن کە لەژێر دەسەڵاتی سیاسیی ئەواندا نینو ناتوانن بڕیاریان بەسەردا جێبەجێ بکەن، تەنیا لە تاکتیکێکی نەزۆکو ناسەرکەوتوو بەدەر شتێکی دیکە نییەو هیچ دەستکەوتێکی سیاسیی نەتەوەیی لێ شین نابێتو پێ دەستبەر ناکرێت.

چونکە پێشتر ئاماژەیان بەوە کردبوو کە ئەوانە پێشمەرگەی ئەو حیزبە نین، تەنیا لایەنگرن و لەژێر بڕیاری سیاسیی و سەربازیی ئەواندا چالاکی بەڕێوە نابەن، بەڵام هەنووکە دەرکەوت کە یەکێ لە پێشمەرگەکانی شەهیدبوو پێشمەرگەی فەرمی ئەو حیزبە بووەو پێشتریش لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەیان بەوە کردبوو کە ئەو دەستە لەو چەکدارانەی کە لە ڕۆژهەڵات چالاکی دەکەن تەنیا دۆست و لایەنگری ئەوانن. لە لایەکی دیکەوە بەڕێوە بردنی خەباتی چەکداری لەو شێوە کە هەنووکە یەکێ لە پارتەکانی

ڕۆژهەڵات بەڕێوەی دەبات هەموو دەرفەتێکی نافەرمانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات لەبار دەباتو کوردستان پتر میلیتاریزە دەکات، بەڵام ئەگەر خەباتی چەکداری بەرفەراوان بێتو گشتگیر بێت، ڕاستە ئەو دەرفەتەی کە ئاماژەم پێکرد لەبار دەبات، بەڵام هاوکات لە درێژماوەدا دەرفەتی باشترو دەستکەوتی مەزنتر بەدەست دەهێنێت و مسۆگەر دەکات. بۆیە ئەو چەشنە لە تێکۆشان بە تاکتیکی گۆشار خستنە سەر دەسەڵاتی باشوور پێناسە دەکەمو هاوکات بۆ ماوەیەکیش ئەو هەوڵە چەکدارییە لە ڕۆژهەڵات دەنگدانەوە بەخۆیەوە دەبینێت، بەتایبەت کە ژیانی خەڵکی کوردستان لەژێر گوشارەکانی ئابووریو سیاسیی، کۆمەڵایەتییو سەربازیی ڕژیمی ئێراندا دارمانی بەخۆیەوە بینیوە و گەل تامەزرۆی خەباتی چەکدارییە و بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی کوردستان لەژێر هێڵی هەژارییەوە ژیان تێپەڕ دەکەن و هەموو دەرفەتێکی سیاسیی و کولتووری و ئابووری لە خەڵکی کوردستان یاساغ و لەمپەرڕێژ کراوە.

هەروەها پێشتریش ئەو تاکتیکە لەلایەن پارتی ژیانی ئازادی کوردستان پژاک بەڕێوە چووە و سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، هەرچەند بووە هۆی ئەوەکە کۆمەڵێکی زۆر لە لاوانی تێکۆشەر ڕوو بکەنە ئەو پارتە، بەڵام لە ئاکامدا ئەو سیاسەتە بۆ هەموو لایەک ڕوو کراو بۆ گەلیش ڕوون بووەوە کە ئامانج لەو تاکتیکانە چی بووە! من پێموایە ئەم هەوڵەی حیزبی دیوکراتی کوردستانیش لە چوارچێوەی هەمان ڕێبازو تاکتیکی سیاسیی پژاک بەڕێوە دەچێتو پتر خۆی لە تاکتیکی ئەزموونکراو دەبینێتەوە تاکوو ئامانجو ئیستراتیژی دوورهاوێژو درێژماوە. بۆیە بە سیاسەتێکی سەرکەوتووی نازانم. من ئەو چەشنە لە خەباتی چەکداری ڕەد ناکەمەوە، بەڵام ڕەخنەی بنەماییو بنەڕەتیی ئاڕاستە دەکەم، چونکە بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە خەباتی چەکداری بەو شێوە بەڕێوە ناچێتو بێ ئاکام دەبێت. من هیوادارم کە ئەو خەباتە دەسپێکی هەوڵێکی گشتگیرانە بێت، نەک تاکتیکێکی سیاسیی حیزبییانەو بەرژەوەندیخوازانە! لێرەوەش سڵاوو ڕێز بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدەو سەرجەم شەهیدانی سەربەرزی کوردستان دەنێرمو دەڵێم ڕێو ڕێبازتان هەمیشە پیرۆزو پڕ ڕێبوارە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٤

# ڕاپۆرتی حەوتوونامەی وشە لەسەر چالاکییەکانی ئەم دواییانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**هیدایەت جان**

لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوو دا لە رۆژهەڵاتی کوردستان گرووپێک بەناوی "پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان" بوونی خۆیان راگەیاند و لەو ماوە کورتەدا کۆمەڵێک چالاکی و شەڕی چەکدارییان لە ناوچە جیاجیاکان ئەنجامدا. ئەو گرووپە خۆیان بە پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن و تا ئێستا بە روونی ناسنامەی خۆیان ئاشکرا نەکردووە.

هەروەک لە راگەیاندنێکدا بۆ رای گشتی رۆژهەڵات نووسیویانە: "ئێمە سەرجەم هێزە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانی خۆمان و خۆمان بە پشتیوانی ئەوان دەزانین" و ئەوە لە کاتێکدایە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان چالاکییەکانی ئەم گرووپە بە کارێکی شیاو وەسپ دەکات و ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بێ ئاگایی حزبەکەی لەو گرووپە دەردەبڕێت.

دوابەدوای بەڕاگەیاندن کردنی چالاکی ئەو گرووپە لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران هێزێکی زۆری رەوانەی کوردستان کرد و بەرپرسانی تەناهی ئەو وڵاتە رایانگەیاند، "هەر مەترسییەک لە سنوورەکان درووست ببێت بە زوترینکات کۆنترۆڵی دەکەین".

لە راگەیاندنەکەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیان ئاگادار کردۆتەوە لەوەی: "دەمانەوێ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەستی بەسەر هەموو مافەکانی نەتەوەکەمان داگرتوە،ڕابگەیەنین کە سەرکوتو تاوانەکانی لە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێوەڵام ناهێڵینەوە".

لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا لە چەند ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان، شەڕ و پێکدادان لەنێوان سوپای پاسداران و پێشمەرگەی رۆژهەڵات رووی دا و ماڵپەڕەکانی سەر بە سپای پاسدارانی ئێران هەواڵی ناردنی هێزیان بۆ ناوچەکانی سەردەشت و مەریوان و بانە بڵاو کردەوە و پارێزەرانی رۆژهەڵات بەرپرسیاری ئەو شەڕانەیان وە ئەستۆ گرت.

ئەگەرچی ئەو گروپە خۆیان بە پاڵپشتی سەرجەم هێزەکانی رۆژهەڵات دەزانن بەڵام وەک لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە بەتایبەتی خۆیان لە حزبی دیموکراتی کوردستان بە نزیک زانیوە و حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بێبەریبوونی حزبەکەی لە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیەنێت و لە لێدوانێکیدا بۆ "وشە" دەڵێ: "ئەو گروپە هیچ پێوەندییەکیان بە ئێمەوە نییە و ئێمە بێئاگاین لێیان".

قادر وریا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ وشە دەڵێ: "ئێمە هەم لەڕێگەی ڕێکخستنەکانمانەوە و هەمیش لەڕێگەی ئەو پەیجانەی ئەو گرووپە چالاکییەکان و ڕاگەیاندراوەکانیانی تیادا بڵاو دەکەنەوە، ئاگاداری ئەوە هەین کە خۆیان وەک گروپێکی سەر بە حزبی دیموکراتی کوردستان دەناسێنن و گوتوشیانە سەرجەم حزبەکان و بەتایبەت حزبی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانی خۆمان دەزانین و ئاگاداری ئەوەش هەین کە لە ناوچەی جۆراوجۆر چالاکیان هەبووە و خەڵکیش پێشوازی لێ کردوون".

قادر وریا، لەبارەی پێوەندی ئەو گروپە بە حزبەکەیەوە دەڵێ: "ئێمە دەزانین کە ئەو گرووپە لە ئێمە و برادەرانمانەوە نزیکن و ئاگاداری ئەوەش هەین ڕابردوویەکی باشیان لە کوردایەتی و خەباتگێڕیدا هەیە".

ئەو ئەندامەی ڕێبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان چالاکییەکانی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات بە کارێکی باش وەسپ دەکات و ڕای دەگەیەنێت: "هەرکەس و گروپێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشان بکات بۆ بەرپەرچدانەوە و دژایەتیکردن لەگەڵ زوڵم و زۆری دەسەڵاتداران و لایەنگری لە ویست و داخوازییەکانی خەڵک بکات ئەوا بە شیاوی دەزانین".

دەشڵێت: "ئەو گروپە لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایان گەیاندووە کە بەرامبەر بە ستەم و زۆرداری کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر کوردی ڕۆژهەڵات بێدەنگ نابین و دژی ئەوەن کە چەکدارانی ڕژێم کاسبکار و زەحمەتکێشانی کورد دەگوژن و باسیان لە بازرگانانی مادەی هۆشبەر کردووە و کۆمەڵێک خاڵی تریش کە لە بەرژەوەندی خەڵکدایە و بەڕای ئێمە ئەوانە هەمووی شیاون و ئەرکی مرۆڤێکی خەباتکار لەناوخۆی وڵات ئەمڕۆ هەر ئەوەیە".

بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوەی گروپی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات بڵاویان کردووەتەوە، هەڵوێستیان زۆر نزیکە لە حزبی دیموکراتی کوردستان و لە بەرامبەردا قادر وریا هەڵوێستی حزبەکەی بەرامبەر ئەو گرووپە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: "هەر هێزێک لەناوخۆی وڵات بەرامبەر بە ستەم و زۆرداری دەسەڵاتداران بوەستێتەوە و بە لایەنگری لە خەڵکی ئێمە خەبات بکات و هەڵگری ئامانجێکی پیرۆز و جەماوەری و شۆڕشگێڕانە بێت، ئێمە بە باشی دەزانین و هەرکات لەناوخۆدا خەڵک بە شێوەی مەدەنی یان هەر شێوەیەکی تر کاری کردبێت ئێمە پشتیوانیمان لێ کردوون و ئێستاش ئێمە هیچ عەیبێک لە کاری ئەوانەدا نابینین و پێمان وایە ئەرکێکی پیرۆزیان دەست داوەتێ و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین و ئەوەی لەدەست ئێمە بێت دریغی لێ ناکەین و ئەوەی کە ئێمەیان بە نزیک لە خۆیان زانیوە پێمان باشە و پێشمان وایە سیاسەتەکانی ئێمەیان بەلاوە پەسندە".

هەڵوێست لە بەرامبەر بەرهەمهێنەرانی مادەی هۆشبەر

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا یەکێک بووە لە قوربانییە هەرە سەرەکییەکانی مادەی هۆشبەر و هەندێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵات بوونەتە ناوەندی بەرهەمهێنانی مادەی هۆشبەر لە جۆری پیشەسازی کە ئەمەش وای کردووە بەهۆی هەرزانبوونی نرخی مادە هۆشبەرەکان گەنجانی ئەو ناوچەیە زیاتر گیرۆدە بن و زۆربەی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ناوخۆ هۆشداری ئەوەیان داوە کە ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە گەورەترین قوربانی مادە هۆشبەرەکان لە ئێران.

پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاگەیاندنەکەیاندا ئاماژەیان داوە کە دژی بازرگانی و بەرهەمهێنانی مادەی هۆشبەر دەوەستنەوە و ڕایان گەیاندووە: "هاتووینە مەیدان تا بە مەوادفرۆشەکانو بازرگانانی ماددە سڕکەرەکان ڕابگەیەنین چی دیکە ڕێگاتان پێ نادەین کچان و کوڕانی خەڵکی کوردستان گیرۆدەی ماددە سڕکەرەکان بکەنو ژیان و داهاتوویان بەرباد دەن و داوا لە خەڵک دەکەین  لە تاقیگەو ئاشپەزخانەی بازرگانانی ماددە سڕکەرەکان، ئاگادارمان بکەنەوە".

قادر وریا پاڵپشتی لەو هەڵوێستە دەکات و پێیوایە ئەوەش هاوتەریبی سیاسەتی حزبەکەیەتی و دەڵێ: "ئەو گروپە باسیان لەوە کردووە کە خەڵک هاوکاریان بن بۆ ناساندنی ئەو تاقم و گروپانەی مادەی هۆشبەر بەرهەم دەهێنن و بازرگانی پێوە دەکەن، ئێمە پێمان باشە کە بە کۆمەڵگا بگوترێ دەبێ ئەوجۆرە کەسانە تەرد بکەن و بیانگێڕنەوە و لە هەرجێیەکیش پێویست بوو لەقاویان بدەن و ریسوایان بکەن و زیان بەو کارانەیان بگەیەنن، بۆ ئەوەی نەتوانن بە مەیلی خۆیان خەڵک گیرۆدەی زەلکاوی مادەی هۆشبەر و ماڵوێرانی بکەن".

وریا دەشڵێ: "ئێمە لەهەرشوێنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگار بووبین کەسانێک بازرگانی بە مادەی هۆشبەرەوە دەکەن، هەوڵمان داوە لەڕێگەی ڕێکخستنەکانمانەوە ئاگاداریان بکەینەوە واز لەو کارە نەشیاوەیان بهێنن و هانی خەڵکمان داوە لەهەر شوێنێک زانیان مادەی هۆشبەر بەرهەم دێت، زیانی پێ بگەیەنن و ئەو گرووپەش کە ئەو بەرپرسیارییەیان خستووەتە ناو بەرنامەی کارەکانیان ئەوا ئێمە بە کردەیەکی شیاوی دەزانین و کارێک کە کۆمەڵگا پێویستی پێی ببێت چی ئێمە بیگەین یان کەسانێکی تر، ئەوا بە شیاوی دەزانین و ئەگەر خەڵک بۆخۆشیان دژی ئەوە بوەستنەوە هەر بە پیرۆزی دەزانین".

چالاکییەکان و بڕینی بودجەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات

لەدوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبیانووی قەیرانی دارایی هەرێم یارمەتییەکانی بۆ ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕی، لە ڕاگەیەندنەکان باس لەوە کرا کە چالاکی ئەو گروپە لەناوخۆی ڕۆژهەڵات پەیوەست بووە بەو بابەتەوە و پێیان وابوو وەک وەڵامێک بۆ هەرێمی کوردستان و ئاگادارکردنەوەیان ئەو هەڵمەتە دەستی پێکردووە.

لەگەڵ ئەمەشدا لە راگەیەندنەکاندا هەواڵی ئەوە بڵاو کرایەوە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاگاداری مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کردووەتەوە کە چالاکییەکانیان لەناوخۆی وڵات بوەستێنن و ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی دیموکرات دەڵێ: "لە چەند حەوتووی رابردوو دا هیچ دیدار و دانیشتنێک لە نێوان مەکتەبی سیاسیی حیزبی ئێمە و یەکیەتیی نیشتمانی دا پێک نەهاتوە تا ئەم جۆرە باسانەی تیدا هاتبێتە گۆڕێ.

قادر وریا ئاماژە بە بەیاننامەی ئەو گرووپە دەکا کە وتوویانە "بزووتنەوەی کوردستان وهێزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان پێویستیان بەهاوکاری وپشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن و بۆچالاککردنەوەی خەبات وتێکۆشانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەماندا، پشتی پێببەستن."وریا ئەوەشی کوت :"ئەوەندەی پێوەندی بە حزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەبێت، ئێمە هەمیشە پێمان وا بووە مەیدانی سەرەکی تێکۆشانی ئەندام و لایەنگرانی حزبەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەمیشە هەوڵمان ئەوە بووە لە ناوەوەی وڵات چالاکی و تێکۆشانی جۆراوجۆرمان هەبێت و ساڵانە کەسی دیار و ناسراومان لەناوخۆی وڵات چالاکی ئەنجام داوە بەڵام ئێستا کە لەناوەوە کەسانێکی نزیک لە ئێمە ئەو چالاکییانە ئەنجام دەدەن بە کاردەیەکی باشی دەزانین و پێمان وایە مەیدانی سەرەکیی خەبات لەوێیە".

دەشڵێت: " ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵات هەتا لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پتر پشتگوێ بخرێن زیاتر هان دەدرێن کە خۆیان بە ناوخۆی رۆژهەڵاتەوە ببەستنەوە و چاوەڕوانی پشتیوانی و هاوکاریی خەڵکی خۆیا بن و بەم شێوەیە دەتوانن لەسەر پێی خۆیان راوەستن".

ئاگادارکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵات

لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا حزبەکانی رۆژهەڵات جۆرێک لە کەمکاری و ناچالاکبوونیان بە رووخسارییەوە دەرکەوت کە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بیبەش نەبن لە رەخنەی جەماوەر. لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕش لە رۆژاوا و بەشداری هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆر لە باشوور جارێکی تر رۆژهەڵات کەوتە جوڵە و دەشێ سەرهەڵدانی گرووپێکی لەم شێوەیەش لە ناوخۆی رۆژهەڵات ئاگادارکردنەوەی ئۆپۆزسیۆن بێت لەوەی کە گرنگی بە خەبات لە ناوخۆی وڵات بدەن.

لە کۆبوونەوەی مانگی رابردووی هەر پێنج لایەنی رۆژهەڵات لە بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەموان لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە رووی خەباتیان بکەنە رۆژهەڵاتی کوردستان.

قادر وریا دەڵێ: "ئێمە بۆخۆمان رەخنەمان هەیە و پێمان وایە دەبێ حزبەکانی رۆژهەڵات و بەتایبەت حزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوەوەی رۆژهەڵات چالاکتر بن و مەیدانی سەرەکی خەباتیان رۆژهەڵات بێت جا ئەو خەباتە مەدەنی بێت یان هەر شێوازێکی

خەباتی سیاسی بێت دەبێ ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستان ئەو پرسەمان هێناوەتە بەر باس و پێمان وایە دەبێ ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "ڕۆژهەڵات تەوەر" بن و مەیدانی سەرەکی تێکۆشانیان لە پێناوی ئەوێدا بێت و ئێستاش کە ئەو چالاکیانە لەوێ هەیە، پێمانوایە ئەوە راکێشانی سەرنجی حزبەکان و گۆڕەپانی سیاسییە کە دەبێ لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات بایەخ بە کارو تێکۆشان بدرێت".

سەرچاوە : حەوتوونامەی وشە / ڕێکەوتی : ٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٤

# عەبدوڵا موهتەدی: حکوومەتی هەرێم بەهۆی لاوازیی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵاتەوە ئیمتیاز بە ئێران دەدات

**کاوە جەم**

عەبدوڵا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە هەوڵ و کۆبوونەوەکانی بۆ کۆنگرەی ڕۆژهەڵات بەردەوامە. ئەو دووپاتی دەکاتەوە کە "ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیمتیاز بە ئێران بدات، زۆرتر لە لاوازیی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵاتەوەیە". موهتەدی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "وشە" لەبارەی بوونی سەربازیی ئێران لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستاندا دەڵێ، "زیادبوونی نفووزی ئێران بە مەترسییەک بۆ دوارۆژی خۆمان و هەرێمی کوردستان دەزانین".



*** تا ئێستە بەشێوەی ڕەسمی لەگەڵ حزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لەسەر پرسی کۆنگرەی ڕۆژهەڵات کۆ بوونەتەوە و گفتوگۆتان کردووە؟**

ئێمە پێمان خۆشە کارێکی گەورەی وەک کۆنگرەی ڕۆژهەڵات بە هاوکاری هەموو لایەنێک بکرێت، بۆیە پێمان خۆشە لە نێو حزب و لایەنە سیاسییەکان، چالاکانی مەدەنی و بواری ژنان، تێکۆشەرانی دێرین، ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران، جۆرێک هاوکاری و کۆدەنگی لەسەر پرۆژەی کۆنگرەی ڕۆژهەڵات هەبێت. دەمانەوێ بە هاوکاری هەموو لایەنێک ئەو کارە سەرکەوتوو بێت.

*** زۆر باشە، بەڵام بەشێوەی ڕەسمی لەگەڵ ئەو حزب و لایەنانەدا دانیشتوون؟**

ئێمە بەردەوام دانیشتمان هەیە.

*** یانی لەگەڵ هەموو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوەتان کردووە؟**

لەگەڵ هەموویان کۆ دەبینەوە.

*** ئەی لەگەڵ پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) و پارتی ئازادی کوردستان (پاک)، کۆبوونەوەتان کردووە؟**

پژاک جیاوازە، ئێمە پژاک بە بەشێک لە حزبەکانی کوردستان ڕۆژهەڵات ناناسین و پێمان وایە درێژکراوەی پەکەکەیە، هەرچەند ئێمە کێشەمان لەگەڵ پەکەکە نییە.

* جیاوازییەکە چییە؟ خۆ ئێستە پژاک بووەتە ئەمرێکی واقیع لە خەباتی سیاسی و چەکداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

ئەوە بۆچوونی جەنابتە و من وای نابینم.

* بۆ؟ دەکرێ هۆیەکەیم پێ بڵێی؟

بە هەر شێوەیەک، پژاک ئێستە لە لیستی ئێمەدا نییە بۆ ئەوەی لەگەڵی کۆ ببینەوە و باس لە ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی کۆنگرەی ڕۆژهەڵات بکەین، بەڵام میکانیزمێکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەکرێ ئەوان وەک کەسایەتی و تاکەکەکان لە کۆنگرەدا بەشدار بن.

* زۆر باشە، بەڵام ئەگەر پرۆژەکەی ئێوە سەرکەوتوو بوو و تەنانەت چوونەوە ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، پێتان وانییە بەو بۆچوونە و تێڕوانینەتان لەسەر پژاک، ئەو حزبە لە داوڕۆژدا کێشە بۆ حزبەکانی ڕۆژهەڵات دروست دەکات؟

هیواداڕین کارێکی لەو شێوەیە نەکات.

* پێتان وایە بە هیواداربوون، هەموو شتێک جێبەجێ دەبێت؟

ئەوە بە دەست ئێمە نییە کە پژاک لە داهاتوودا کێشە دروست نەکات. هیواداڕین سیاسەت و هەڵسوکەوتەکەی جۆرێک بێ کە گرفت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا نەخوڵقێنێت.

* تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنگرەی ڕۆژهەڵات چین؟

ئێمە بیرکردنەوە و بۆچوونی خۆمان هەیە بۆ ئەوەی تەوەرەکانی کۆنگرەی ڕۆژهەڵات چی بن، بەڵام ئەوە شتێک نییە بڕابێتەوە، بەڵام دەکرێ بە هاوفکری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی تردا، تەوەرەکان دیاری بکەین.

* ئەو تەوەرانەی ئێستە بۆ کۆنگرەی ڕۆژهەڵای کوردستان لای عەبدوڵا موهتەدی هەیە، چین؟

پـێم وایە یەک لە ئەرکە سـەرەکی و گەورەکـانی کـۆنگرەی ڕۆژهەڵات، ئەوەبێـت کە سـەرنجەکان بـۆ لای کوردسـتانی ڕۆژهەڵات ڕابکێشێت. ئـێمە پێمـان وایە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات بە هەمـوو پێشـینەی پرشـنگداری خەبـاتییەوە لە پـێش کۆمـاری مەهابـاد و لە کۆمەڵەی (ژ . ک)ەوە، تەنانەت پێش ئەویش و دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ و لە شۆڕشی ئێران بەملاوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا هەبووە و ڕەنگە زۆر نەریت و شێوازی نـوێ و پێشکەوتنخوازی هێنـابێتە نـاو بـزووتنەوەی کوردی، وەک پشکی خۆی لە بزووتنەوەکەدا، بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە ئێستە تا ڕادەیەک پەراوێزە، کەمتر لە بەرچاوانە، کەمتر لە بەرچاوی میدیا و کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتییە، تەنـانەت کەمتـر لە بەرچـاوی پارچەکـانی تـری کوردسـتانە. لە ڕوانگەی ئـێمەوە ڕاسپاردەیەکی کـۆنگرەی ڕۆژهەڵات دەبێ ئەوە بێ کە ئەو پرسە بێنێتەوە پێش چاوان.

* مەبەستان هەر پرسی ڕۆژهەڵات میحوەرییە کە ماوەیەکە باسی لێوە دەکەن؟

بەڵێ، ئێمە بڕوامان بە گوتـارێکی ڕۆژهەڵات تەوەر هەیە لە کوردسـتان، ئەوەش لە پێنـاو ئەوەدایە کە هەقـی خـۆی پـێ بـدرێت و بتوانێ جێگە و پێگەی خۆی پەیدا بکـات. کوردی ڕۆژهەڵات پێویسـتیان بەوە هەیە کە بڕوابەخۆبـوونێکی نـوێ لە نێـو خۆیانـدا پەیـدا بکەن، چ وەک حزبە سیاسییەکان، چ وەک خەباتی پێشمەرگانە، چ وەک لایەنـی ڕۆشـنبیری و فەرهەنگـی، چ وەک کـاری ڕاگەیانـدن و هاتنەگۆڕەوە لە دنیای سیاسەتی جیهانیدا، پێویستە ئێمە بەدەستی بەهێزەوە بنباڵی ئەو بزووتنەوەیە لە کوردسـتانی ئێـران بگـرین و کاری بۆ بکەین. ئەوە دەتوانێ پەیام و ڕاسپاردەیەکی گرنگ بێت، بەڵام زۆر کاری تریش هەیە کە دەتوانرێ لە کۆنگرەکەدا بکرێت.

* ئەگەر هەیە لە کۆنگرەکەدا سیستەمێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی – ئیداری بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات دابنـدرێت، یـان بەلانـی کەمەوە لەسەر سیستەمێکی سێبەر بۆ ئەوکات ڕێک بکەون؟ یان ببێتە بنەمایەک بۆ دروستبوونی بەرە؟

ڕەتی ناکەمەوە کە قسە لەسەر سیستەمێکی دەسـەڵات بـۆ داهـاتووش بکرێت، بەڵام ئەوەی بە بـڕوای من دەبێ بکرێت، ئەوەیە کە چوارچێوەکـان یـان پرەنسیپەکانی دەسەڵاتێکی لەو شێوەیە بـاس بکرێت، تـا ئەوەی ئێستە بە خێرایـی شتێکی لەو جۆرە دابمەزرێت. ڕەنگە بۆ ئەو کارە زوو بێت. ڕەنگە زۆرتـر پرەنسـیپێکی گشـتی بـۆ ئەوە دابنـدرێت کە ڕوونی بکەینەوە تێڕوانینـی ئـێمە بـۆ داهـاتووی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئیدارەکەی چییە.

* ئەی نابێتە بنەمایەک بۆ بەرەیەک لە ڕۆژهەڵات؟

بە بـڕوای من ئەو گـۆنگرەیەی ڕۆژهەڵات، دەتـوانێ پردێـک بـێ لە نێـوان ئێسـتە تـا گەیشـتن بە بەرەیەکـی یەکگرتـووی کـورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. ڕەنگە ئێستە هەنـدێ گرفت لە نێو حزبەکانـدا هەبێت، بەوەی کە هەنـدێ لایەن پێیـان خـۆش نەبـێ هەردووڵا ژێرەوەی ڕێککەوتنیک ئیمزا بکەن، بەڵام تایبەتمەندیی کۆنگرەکە ئەوەیە کە مەرج نییە حزبەکان ئیمزای بکەن. ئەو حزبـانە دەتـوانن

لیژنەیەک پێک بێنن و وەک خۆیان نەک وەک حزبەکەیان، راسپاردە یان ڕێککەوتنی کۆنگرەکە ئیمزا بکەن. دەکرێ کەسایەتییە حزبییەکانیش ئەوە بکەن.

* بەڵام ئەوکات پابەندبوونی تاکەکەسییە نەک حزبی؟

نا، دەبێ پابەندبوونی حزبی بێت. حزبەکان دەبێ پاڵپشت و کۆڵەکەی کۆنگرەی رۆژهەڵات بن، بەڵام تەنیا لە حزبەکان پێک نەیەت، بەڵکو شتێکی گشتگیری نەتەوەیی بێت.

* ئێوە لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێککەوتننامەتان هەیە. ئەو ڕێککەوتننامەیە نابێتە بەربەست بۆ کۆنگرەیەکی لەو شێوەیە؟

ئەو ڕێککەوتننامەیە دەبی ببێتە ڕێگەخۆشکەر و پردەبازێک بۆ گەیشتن بە کۆنگرەی رۆژهەڵات و لە داهاتووشدا بۆ بەرە. لە ڕێککەوتننامەی ئێمە و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە کە یەک لە ئەرکەکانی ڕێککەوتننامەکە، ئەوەیە هەوڵ بۆ فراوانکردن و پەرەپێدانی دووقۆڵییەکە بکەین.

* مەبەستی منیش هەر ئەوەیە، ئایا ئەوکات لایەنەکانی تر ڕێککەوتننامەکە وەک بنەمایەک بۆ کۆنگرەکە دانانێن؟

نابی ئەوە ببێتە کێشە، چونکە ئێمە پێمان وایە دەبێ هەموو لایەنێک لە رۆژی یەکەمەوە بەشداری لە ئامادەکارییەکانی کۆنگرەکەدا بکەن. بەشداری و دانیشتنەکان دەبێ هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێک و کۆدەنگییە پێک بێت. ئێمە نالێین لایەنێک یان دوو لایەن پێکی بێنن و دواتر خەڵکی تر پەیوەستی بن.

* ئێوە باس لە کۆدەنگیی رۆژهەڵات دەکەن، بەڵام ئێستە زۆربەی حزبەکانی رۆژهەڵات کێشەی ناوخۆییان هەیە. باشتر نییە سەرەتا ئەو کێشە ناوخۆییانە چارە بکرێن و دواتر هەنگاو بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی بنرێت؟

نابێ هیچیان لەسەر هیچیان رابوەستن. ناکرێ ساڵانێک رابوەستین بۆ ئەوەی بزانین ئەو حزبانە یەک دەگرنەوە یان نا و هەموو هەوڵەکان بۆ کۆنگرەکە بوەستن.

* مەبەست جیابوونەوەکانی پێشتر نین، ئێستەش کێشەی ناوخۆیی لە نێو حزبەکانی رۆژهەڵاتدا هەیە؟

من ئاگەداری ئەو کێشە ناوخۆییانە نیم، بەڵام هیوادارم بە دیالۆگ لە نێو خۆیاندا چارە بکرێن و بێنە سەر ئەو بڕوایەی کە

پشتگیری لە پرۆژەی کۆنگرەی رۆژهەلات، لە بەرژەوەندی هەموو لایەنێک و بزووتنەوەی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستاندایە. خەڵکی کوردستانی رۆژهەلات بە تەواوی لەگەڵ کۆدەنگی و هاوکاری و یەکگرتووی حزبەکاندانە. ئەو هێڵە لە کوردستان سەر دەکەوێ کە ئاڵا هەڵگری ئەم یەکگرتوویی و کۆدەنگییە بێت.

* باس لەو هێڵە دەکەی کە زیاتر ناسیۆنالیستن، ئەی ئەو لایەنانەی کە بیری کۆمۆنیستیان هەیە، ئەوان لەو رەوتە جیا دەبنەوە؟

کۆمۆنیستێکیش دەتوانێ نەتەوەیی بێت، بەڵام بڕیار بە خۆیانە. لە روانگەی منەوە هیچ قەدەغە و قۆرخێک بۆ هیچ بیروبۆچوونێک نییە. ئێمە دەبی چەترێکی نەتەوەیی بۆ کوردستانی رۆژهەلات پێک بێنین کە هەموان بتوانین لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگی و هاوکاری بکەین و بە تێکڕایی بتوانین دەنگی کوردستانی رۆژهەلات بە گوێی ناوچە و دنیادا بدەین و لای هاونیشتمانانی کوردمان لە پارچەکانی تردا ئەو دەنگە رابگەیەنین . من پێم وایە کۆنگرەی رۆژهەلات کاریگەری زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی وورەی خەباتکارانە لە کوردستانی ئێران، لەسەر بڕوا بەخۆبوونیان و ئامادەبوونیان دەبێ و هیوایەکیان دەداتێ بۆ خەباتی داهاتوویان. با کۆمۆنیستەکان لەو کۆنگرەیەدا دوو هەزار رەخنەمان لێ بگرن و پێمان بڵێن ناسیونالیست، کەیفی خۆیانە با ئەوە بڵێن و من بە جنێوی نازانم و هەر گوێشی نادەمێ و بە مافی خۆشیانی دەزانم کە بیڵێن. غەیری دوژمنی کورد نەبێت، کەس لەو کۆنگرەیە زیان نابینێت. جیا لەوە، پارچەکانی تری کوردستان سوود لەو کۆنگرەیە دەبینن، چونکە هاوپەیمانێکی بەهێزتریان بۆ دروست دەبێت. گوتاری رۆژهەلات تەوەر بە واتای پشتگوێخستنی پارچەکانی تری کوردستان نییە، بەڵکو بەو واتایەیە کە خۆت بەهێز و بە توانا بکەی و ببی بە دۆست و هاوپەیمانێکی باش، تۆش کۆڵەکەیەک بی لەو چوار کۆڵەکەیەی کە سەرجەم کوردستان پێک دێنن.

* پێت وانییە ئەوکات ئێران گوشارێکی زۆر بۆ یەکێتی و پارتی دێنێ بۆ ئەوەی کۆنگرەی رۆژهەلات سەرنەگرێت؟

ئەوە هیچ هۆکارێک نییە کە ئێمە لاواز بمێنینەوە، بۆ ئەوەی ئێران گوشاری کەم بێنێت. ئەگەر ئێمە بەهێز بووین، ئێرانیش گوشاریش بێنێت، هیچ نییە. پێم وایە تا ئەوکاتەی بە تاک کەوتبینەوە، ئێران گوشاری زیاتر دێنێ و هەرێمیش ئەگەر ئیمتیاز بدات، زۆرتر لە لاوازی ئێمەوە ئیمتیاز دەدات. ئەگەر ئێمە هەمووماں یەکگرتوو بین بۆ هەرێمیش ئاسان نییە ئەو ئیمتیازە بدات.

* ئێوە ئەو پرۆژەیەتان لەگەڵ هاوپەیمانەکەی خۆتان (حدکا) باس کردووە؟

لەگەڵ هەموو لایەنێک باسی دەکەین. هەندێ شت هەیە جارێ بۆ راگەیاندن نابێ و پێم وایە کارەکە باشتر دەچێتە پێشەوە ئەگەر هەندێ لایەن باس نەکەین.

* حکوومەتی ئێران بە رەسمی رای گەیاند کە گفتوگۆی لەگەڵ حزبە کوردییەکاندا کردووە، ئەوە راستە؟ کۆبوونەوەی لەگەڵ ئێوەش هەبووە؟

نەخێر، لەگەڵ ئێمە هیچ دانیشتنێک نەکراوە.

* ئەی بۆ دەبێ حکوومەتی ئێران وا بڵێت؟ ئایا مەبەستی نانەوەی دووبەرەکییە لە نێو ئۆپۆزسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتدا؟

ئێران هەر لە سەرەتاییەکانی هاتنە سەر کارییەوە و تا ئێستە دەیەوێ دووبەرەکی بنێتەوە و بەردەوامە.

* بۆچوونی ئێوە لەسەر ئەو گفتوگۆیانە چییە؟

کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات هیچ کاتێک گفتوگۆی بۆ چارەسەکردنی پرسەکەی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا رەت نەکردووەتەوە، بەڵکو ئەوە ئێران بووە کە مێزی گفتوگۆی جێ هێشت و دەستی بە زەبر و زەنگ کرد. ئەگەر گفتوگۆیەک بکرێ رەنگە وا باشتر بێ لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد دابمەزرێت و ئەگەر گفتوگۆ لەگەڵ ئێران هاتەگۆڕێ، لیژنەکە لەگەڵی دابنیشێت.

* پێوەندیتان لەگەڵ یەکێتی و پارتی چۆنە؟ ئایا دۆخی نوێ هیچ کاریگەری لەسەر پێوەندییەکان هەبووە؟ بەتایبەت کە ئێستە ئێران لە رووی سەربازییەوە بە ئاشکرا لە نێو عێراقدایە. ئایا ئێوە هەست بە هیچ مەترسییەک دەکەن؟

پێوەندیمان لەگەڵ یەکێتی، پارتی و حکوومەتی هەرێم زۆر باش و دۆستانەیە، بەڵام بە گشتی ئێمە لە زیادبوونی نفووزی ئێران لە هەرێمی کوردستان خۆشحاڵ نین و بە مەترسییەک بۆ دوارۆژی خۆمان و هەرێمی کوردستانی دەزانین.

سەرچاوە : ماڵپەڕی وشەنیوز / ڕیکەوتی : ٢١ی دێسامبری ٢٠١٤

# د. عەباس وەلی: ڕێبەرایەتی حزبەکانی ڕۆژهەڵات فکریان مردووە

**وشە/هەولێر-هیدایەت جان**

پرۆفیسۆر عەباس وەلی لەو چاوپێکەوتنەدا بۆ "وشە" دۆخی سیاسی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخاتە بەر باس و تیشک دەخاتە سەر ئەو خاڵە لاوازانەی ڕۆژهەڵات کە دۆخی خەبات و سیاسەتی ئەو پارچەیەی کوردستانی گەیاندووەتە ئەو ئاستە لاوازەی ئێستا و دەڵێ: "کۆماری ئیسلامی ئێران یان هەر دەوڵەتێکی تر بە خۆڕایی ئیمتیاز نادا بە ئۆپۆزسیۆن، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هێزێکی هەبێت و لە فەزای سیاسەتدا چالاکی بکات و کاریگەریی لەسەر ئەو فەزایە هەبێت، دەسەڵاتیش حیسابی خۆی دەکات و دەکەوێتە ئەو فکرەی کە کۆمەڵێک ئیمتیاز بدەن بە جەماوەر بۆ ئەوەی لە حزبەکان دووریان بخەنەوە. بە بڕوای من حزبە کوردییەکان ئەو چالاکییەیان لە ڕۆژهەڵاتدا نەکردووە و هەر کەسانێکیش لە ڕۆژهەڵاتدا چالاکییان کردووە، ئەوانە بەدناویان کردووە"، هاوکات خوێندنەوە بۆ شکڵگرتنی شووناسێکی نوێی کوردی دەکات لە ئیلام و کرماشان و پێشی وایە ڕۆشنبیرانی ناوخۆی ڕۆژهەڵات بە شێوەی گروپ گروپ کاردەکەن و نەیانتوانیوە یەکگرتوویی بکەن بە بنەمایەک بۆ درووستبوونی بزاڤێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



*** بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای کوردستان، پرسی کورد لە هەرسێ بەشی ڕۆژاوا و باشوور و باکور، لە ڕۆژەڤدایە، تاکە بەشێکی کوردستان کە هیچ دەنگێکی لێ نابیستریێ و وەک بەشێکی لەکارکەوتووی ئەو مەکینە سیاسییە هەژمار دەکرێ، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، حزبەکانی ڕۆژهەڵات بیانوویان بۆ ئەو کپبوونە، هەلومەرجی سیاسی و شێوەی حوکمڕانییە لەو وڵاتەدا، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو دۆخەی ڕۆژهەڵات تیایدا بەسەر دەبات چییە؟ بەڕای ئێوە ئەو پاساوانەی لەلایەن حزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەهێندرێنەوە لۆژیکین؟.**

ئاماژەت بە وشەیەکی زۆر گرنگ کرد، ئەوەی کە بۆچی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژەڤدا نییە، ئەوە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی ڕۆژەڤ شتێک نییە کە یەکێک دابنیشێت و بینووسێت. دانانی ڕۆژەڤ خۆی ئەنجامی خەباتێکی دەسەڵاتییە، ئەگەر هێزە کوردییەکان نەچووبن بۆ ناو ململانێی خەباتی دەسەڵاتخوازانە لەگەڵ دەسەڵات، جێگەی سەرسوڕمان نییە پرسی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژەڤدا نەبێت، ئەجێندای ڕۆژەڤی سیاسەت هەمیشە ملمالنێ لەگەڵ دەسەڵات و پێوەندییەکانی هێزی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیە ڕۆژەڤی سیاسی درووست دەکات. ئەگەر هێزە کوردییەکان بە ڕێژەیەک بەشدارییان لە دانانی ئەو ڕۆژەڤەدا نەکردبێت، بۆچی دەبێ سەرمان سووڕ بمێنێت لەوەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژەڤی سیاسەتدا نین؟ ئەوە لە ئەنجامی هەلومەرجی سیاسی ڕۆژهەڵات نییە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەو هەلومەرجەدا هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ڕۆژەڤە درووست بکەن. لە سیاسەتدا هەمیشە دانانی ڕۆژەڤی سیاسی شتێک نییە کە تاکە کەسێک یان هێزێک بە تەنیا درووستی بکات، بەڵکو ئەوە لە ئەنجامی خەبات و ململانێ و هاوسەنگی هێز و لە ئەنجامی ئەوە درووست دەبێ کە کێ بتوانێ لە چوارچێوەیەی دۆخی سیاسیدا ئەو شتانەی دەیەوێت، بیخاتە ناو ڕۆژەڤی سیاسییەوە، کاتێک کە هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووردا خۆیان

خانەنشین کردووە، یان مۆڵەتیان داوە خانەنشین بکرێن، چ جێگەی سەرسوڕمانێکە کە پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژەڤی سیاسیدا نەبێت، بەڵکو زۆر ئاساییە.

* هەر لەبارەی ئەو پرسەوە، سەرۆکی یەک لە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی "وشە" دەڵێ: "ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان بۆ ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات بوو بە حەبێکی ئازاربڕ و وای کرد بۆ درێژخایەن پرسی ڕۆژهەڵات فەرامۆش بکەین"، ئێستا دوای زیاد لە ٢٥ ساڵ درووشمگەلی وەک "ڕۆژهەڵات تەوەری و کۆنگرەی ڕۆژهەڵات" بەرز دەکەنەوە، ئەوانە هەمووی بەڵگە نین بۆ ئەوەی ئەو حزبانە لەو ماوەدا پلانێکی ئەوتۆیان بۆ ڕۆژهەڵات پێ نەبووە؟.

ئەو حزبانە لە دوای ساڵی ١٩٨٥ بە شێوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کشاونەتەوە و هاتنە باشووری کوردستان، بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٩١ و بە یەکجاری دوای ساڵی ٢٠٠٣ مۆڵەتی ئەوەیان دا خانەنشین بکرێن، کاتێک خۆیان ڕێگەیان بە خانەنشینبوونی خۆیان دا، نابێ گلەییەک بکەن لە بابەت ئەو خانەنشینکردنەیان، هۆی ئەو خانەنشینبوونەیش ئەوەیە کە فکرێکی ستراتیجی لەناو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتدا نەبووە و نییە، گرفتی سەرەکی ئەو ڕێکخراوانە نەبوونی فکری ستراتیجی و نەبوونی ئاگایی و زانایی سیاسی و عەقڵی سیاسیە و تواناي ئەوەیان نییە هەلومەرجەکە بە جۆرێک لێک بدەنەوە بۆ ئەوەی لەمەڕ کارەکانی خۆیان سوودی لێ وەربگرن. ئەوەش تەنیا ناکەوێتە سەرشانی هێزی سیاسی, بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هێزی ڕۆشنبیری و زانستی تیوری و زانستی سیاسی سەرۆکایەتیی ئەو حزبانە. ئەگەر سەیر بکەین لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا، بەرهەمی ڕۆشنبیری سیاسی و فەرهەنگی سیاسی سفر بووە، ئەوانە نەیانتوانیوە بەهیچ شێوەیەک ببنە داهێنەری فەرهەنگێکی سیاسی دیموکراتی و نوێ، نەیانتوانیوە میکانیزمی تیۆری و فەلسەفەی سیاسی بخەنە ناو وتارەکەیانەوە, نەیانتوانیوە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەنتەلیجێنسیای زۆر بەهێزی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە گەنجەکانن و ئێستا زۆر بەهێزن، پێوەندی درووست بکەن. لە هەموو بابەتەکاندا ئەگەر سەیر بکەن، نووسینی ئەو گەنجانە لە ڕووی تیۆری و فەلسەفی و شیکردنەوەی سیاسییەوە لە هی ئەو حزبانە لەپێشترە. کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی ئەو حزبانە، فکریان مردووە، فکری زیندوو و فکری بەرهەمهێنی تیادا نەماوە، ئەوانە هەموو سیاسەت و ستراتیجییان ئەوەیە تەنیا چاوەڕوان بکەن لەناو ئێراندا تەقینەوەیەک ڕوو بدات و سەرهەڵدانێک ببێت بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە، بەڵام کاتێک ئەوان بگەڕێنەوە، ئەو کەسانەی کە لە ئێراندا سەرهەڵدانیان کردووە، بۆچی دەبێ بەڕێوەبردنەکە بدەنە دەست ئەو حزبانە؟ کە تا ئێستا نەیانتوانیوە هێندەی یەک سانتیمەتر لە کات و زەمەنی خۆیان وەپێش بکەون. کاتێک کە باسی حزبی سیاسی دەکەین، حزبی سیاسی پێشەنگە، حزبی سیاسی دەبێ لە زەمەنی خۆی و لە خەڵکەکەی وەپێش بکەوێت، بەڵام من ئەو تایبەتمەندییەم لە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا نەدیوە. بە بڕوای من هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە فکری بەرهەمهێن و ستراتیجی لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانەی سیاسی دانەندراوە.

* ڕوانگەیەکی باو هەیە کە "سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگە بەوە نادات یان دەرەتانی ئەوەی نەداوە لەناو سیستمی پەرلەمان و سیاسیدا بتوانی وەک کورد لۆبییەک بۆ خۆت درووست بکەیت، بۆ لانیکەمی ویستە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات"، لە ساڵی ٢٠٠٨ دا وتووێژێکم لەگەڵ کردن لەسەر ئەو بابەتە و ئێوە تیایدا ئاماژەتان بەوە دا کە "لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتدا کۆمەڵێک گەنج هاتبوونە پێش و حەزیان لە کاری سیاسی بوو و نەیاندەویست لە وڵات دەربچن و بێنە ناو کەمپەکانەوە، بۆیە خۆیان بۆ پەرلەمان دەپاڵاوت، بەڵام لەلایەن حزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە سووک دەکران و داوایان لە خەڵک دەکرد هەڵبژاردنەکان بایکۆت بکەن و دەنگیان پێ نەدەن"، لێرەدا دەمەوێ لە ڕوانگەی ئێوەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئایا بە ڕاستی لەناو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بەو شێوە کۆنکرێتییە بووە و دەبێ دەستی لێ بشۆێتەوە و بڵێی مادام سیستم ڕێگە نادات, منیش کاری لەسەر ناکەم؟ ئاخۆ ئەو هەڵسوکەوتەی ئەوکات لەگەڵ ئەو کوردانە کە خۆیان بۆ پەرلەمان پاڵاوتووە بە هەڵسوکەوتێکی لۆژیکی دەزانن؟.

به بڕوای من دەبێ بابەتەکە بەو شێوەیە ببینیت کە کۆماری ئیسلامی ئێران یان هەر دەوڵەتێکی تر بە خۆڕایی ئیمتیاز نادا بە ئۆپۆزسیۆن، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هێزێکی هەبێت و لە فەزای سیاسەتدا چالاکی بکات و کاریگەریی لەسەر ئەو فەزایە هەبێت، دەسەڵاتیش حیسابی خۆی دەکات و دەکەوێتە ئەو فکرەی کە کۆمەڵێک ئیمتیاز بدەن بە جەماوەر بۆ ئەوەی لە حزبەکان دووریان بخەنەوە. بە بڕوای من حزبە کوردییەکان ئەو چالاکییەیان لە ڕۆژهەڵاتدا نەکردووە و هەر کەسانێکیش لە ڕۆژهەڵاتدا چالاکییان کردووە، ئەوانە بەدناویان کردووە و فەلسەفەی ئەوان بەو شێوەیە بووە کە هەر کەس لەگەڵمانە باشە و هەر کەسیش لەگەڵمان نییە جاشە، پیسە و نۆکەری حکوومەتە. هۆکارەکەیشی ئەوە بووە کە لە ئێراندا ئەو هێزانەی پۆتانسییەلی ئەوەیان هەیە لە بزووتنەوەیەکدا لەناو ڕۆژهەڵات بەشدار بن، یان ئەگەر بزووتنەوەیش نەبێت و تەنیا وەک کۆمەڵگەیەکی مەدەنی سیاسی کە ببێتە ناوەڕۆکی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی سیاسی، ئەوەیان بە جۆرێک لە جۆران لەناو بردووە و بە شێوەیەک نەیانهێشتووە شکڵ بگرێت. هەروەک ئەوکاتیش باسم کرد، کاتێک ئەو حزبانە ناهێڵن بزاڤێکی ئاوا لە ڕۆژهەڵات دروست بێت و ئەو کەسانە بەدناو دەکەن و هەزار ناو و ناتۆرەیان لێ دەنێن و سەدان کێشەی ئەخلاقی و سیاسییان بۆ دروست دەکەن، ئەنجامی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە هیچ چالاکییەک لە ڕۆژهەڵات نامێنێ و ئەوانە زیاتر دادەبڕێن لە جەماوەری ڕۆژهەڵات، ئەنجامێکی تریش ئەوەیە کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەزانێت پێوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەو هێزانەی کە بەهێزەوە دەتوانن لە وڵاتدا چالاک بن لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دەرەوە نییە، ئەوانیش هیچ حسابێک بۆ بزووتنەوەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵات ناکەن و لە ئەنجامدا هیچ ئیمتیازێکیان پێ نادەن.

ئەگەر بڵێین سیاسەت پێوەندییەکی دەسەڵاتییە، ئەگەر شەڕە لەسەر دەسەڵات و زۆرملێ و زاڵبوون بەسەر ئەویتردایە، ئەگەر سیاسەت بەم شێوەیە بێت، نابێ بگەینە ئەو ئەنجامە کە بڵێین حکوومەت ئیمتیاز نادات و ناهێڵێ کار بکەین، هیچ حکوومەتێک ئەو ئیمتیازە بە خۆڕایی نادات، مەگەر لە تورکیا دەیانهێشت کار بکرێت؟، ئایا دۆخی تورکیا لە ئێران باشتر بوو؟ چۆن بوو بزووتنەوەی کوردی لە تورکیا بەمشێوەیە سەرکەوت و ئەوهەموو ئیمتیازەی لە حکوومەت وەرگرت و ئێستا بۆ خۆی وەک هێزێکی بنەڕەتی لە باکوری کوردستان چالاکی دەکات. با هەر پێی بڵێن تیرۆریست و هەر پێی بڵێن نایاساییە، بەڵام کاریگەریی هەیە.

هۆکارێکی گرنگ کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێی نەگەیشتن، ئەوە بوو نەیانتوانی بزووتنەوەیەکی سیاسی بکەن بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی. کاتێک کە بزووتنەوەی سیاسی نەکرێت بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی، بەتایبەتی بزووتنەوەیەکی سیاسی کە لە کۆیە و لە سلێمانی و هەولێر دانیشتوون، ناتوانێ بە شێوەیەکی چالاک و زیندوو لە مەیدانی سیاسەتی ئێراندا کاریگەریی هەبێت. ئەو فکرە لەناویاندا نەبووە و من بەشی زۆری نەبوونی ئەو بابەتە لە ترسی لە ڕادەبەدەری حزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبینم، لەوەی کە لە ئێراندا بزووتنەوەیەک سەر بکەوێت، حزبێک یان چەند حزب دروست بێت و خەڵک وەدوایان بکەوێت، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی نهێنیش دروست ببێت و ئەوانە زیاتر بخرێنە پەراوێزەوە. ئەوە وەک بقاڵێک وایە کە لە کێبڕکێ لەگەڵ بقاڵێکی تر دەترسێت، ئەو حزبانەش ئا بەوشێوەیان لێ هاتووە.

ئەو پێوەندییەی ئێستای حزبەکانی باشوور لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵات بە ئێمە دەڵێ، چونکە ئەوانە نەیانتوانیووە لە پلەی یەکەمدا بزووتنەوەیەکی سیاسی دروست بکەن و لە پلەی دوومیشدا، نەیانتوانیوە ئەو بزووتنەوە سیاسییە بکەن بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی، لەلایەکەوە بەو شێوەیە ئیزۆلە بوون و لەلایەکی تر ئەو دەسەڵاتەی هێزەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دوو حزبە سەرەکییەکە، لەسەر حزبەکانی ڕۆژهەڵات هەیانە، دەبینن کە ئەوانە ورده ورده فاشل بوون، کاتێک کە فەشەلیان هێنا دەبینین تەنیا بەشێوەی بیرۆکراسییەکی حزبی ماونەتەوە، بیرۆکراسی حزبیش کاتێک نەتوانێ ڕۆژەڤی سیاسی دابنێت و نەتوانێ جووڵانەوەیەکی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی

بەڕێوە ببات و نەتوانێ کاریگەریی لەسەر شوێنەکەی هەبێت، بەو مانایەی کە تەنیا و تەنیا لەبەرئەوەی بتوانێ لەسەر ژیانی خۆی بەردەوام بێت، دوای بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکەوێت. بۆیە ئێستا ئەو بڕۆکراسییانە بەشێوەی ئۆلیگارشی بیرۆکراسییەتی حزبی دەرهاتوون، ئەوەش لە تیۆری سیاسەتدا شتێکە زۆر لەسەری نووسراوە. کاتێک حزبێکی سیاسی بەتایبەتی حزبێک کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە ریشەی لەناو کۆمەڵگەی خۆیدا هەیە و خەڵکی لەگەڵە، ئەگەر پشتیوانی خەڵک لەدەست بدات و پێوەندی لەگەڵ خەڵک نەمێنێت و نەتوانێ ببێتە بنەمای بزووتنەوەیەکی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، ئەوا دەبێت بە ڕێکخراوێکی بیرۆکراتی و دەبێ بە ڕێکخراوێکی ئۆلیگارشی سیاسی کە لە کۆمەڵناسی سیاسیدا پێی دەگوترێ یاسای پۆڵایینی بیرۆکراسی، هەر حزبێک کە بانگەشە بۆ دیموکراسی دەکات و پێوەندی لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسییەکەی بپچڕێنێت و ترسی لەوە هەبێت کاریگەریی لەسەر ژینگەی خۆی لەدەست بدات، بەوەی نەتوانێ ژینگەی خۆی بخوێنێتەوە و نەتوانێ بەرنامە بۆ ژینگە و کۆمەڵگەی خۆی دابنێت و نەتوانێ هێزێک دروست بکات کە ئەو بەرنامەیەی لە تیۆرییەوە بۆ بکات بە کرار، ئەوە دەبێتە بیرۆکراسییەت، بە بڕوای من ئێستا حزبەکانی ڕۆژهەڵات تەنیا وەک ڕێکخراوێکی ئیداری بیرۆکراسین کە لە ڕوانگەی داراییەوە چاویان لە دەستی پارتی و یەکێتییە, یەکێتی و پارتی فەرماندەی ئەوانەن و پێیان دەگوترێ چی بکەن و چی نەکەن، پێیان دەڵێن کە دەتوانن چالاکی بکەن یان نەیکەن، هەر لە شەڕی داعشدا دیترا کە ئەو حزبە ڕۆژهەڵاتییانە هەستان و کلاشینکۆفەکانیان هەڵگرت بۆ ئەوەی بچن بۆ شنگال و شەڕ بکەن، ئێران هەڕەشەی لە پارتی و یەکێتی کرد و لە ئەنجامدا پارتی و یەکێتی پێیان گوتن بڕۆنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان. ئەو حزبانەی ڕۆژهەڵات هاتن کاریگەرییەک لەسەر دۆخەکە دابنێن، تەنانەت کاریگەرییەکی بچووک، بەڵام بەهۆی پێوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێم و بەهۆی خانەنشینبوونیان، بەهۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٥ەوە کە لە ئێران دابڕاون، وەک کلکی پارتی و یەکێتییان لێ هاتووە. حزبی ئاوا نە دەتوانێ ڕۆژەڤ دابنێت و نە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ژینگە دابنێت، جا حزبێکی ئاوا بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ کەریگەری لەسەر ژینگەی ڕۆشنبیری هەبێت، من لێرە پێ لەسەر بابەتی ڕۆشنبیری دادەگرم، لەبەرئەوەی دیسان ئەوەش لە تیۆری سیاسیدا بە سەتان جار گوتراوە و ڕاستی ئەو بابەتە دەرکەوتووە کە ئەگەر حزبێک، ڕێکخراوێک، هێزێکی سیاسی، دەیەوێ ڕێبەرایەتی سیاسی خۆی بگرێتە دەستەوە و لە سیاسەتدا سەرکەوتوو بێت، لە پلەی یەکەمدا دەبێ لە بواری ڕۆشنبیری و تیۆریدا سەر بکەوێت. ئەگەر لە بواری ڕۆشنبیری و فەرهەنگی سیاسی و تیۆریدا سەرنەکەوێ، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ زەمینەی ئەوەی تیادا بێت کە تەنانەت بیر لەوەش بکاتەوە کە دەسەڵات بگرێتە دەستەوە. سەرۆکایەتی حزبەکانی ڕۆژهەڵات هیچکات ئەو توان ڕۆشنبیری و زانستی و تیۆرییەیان تیادا نەبووە کە بتوانن بیر لەوە بکەنەوە لانیکەم ئەگەر بەشێوەیەکی چالاک سیاسەتیش ناکەن، بتوانن لە ڕووی فەرهەنگییەوە کاریگەریی خۆیان لەسەر ژینگەکەیان ڕابگرن بۆ ئەوەی بتوانن ژینگەی فەرهەنگەکە بێننە ژێر سەیتەرەی ڕۆشنبیری خۆیان. شتێکی ئاوا نەبووە و نەکراوە و تەنانەت بە بیریشیان نەگەیشتووە.

*** لە چەند ساڵی دواییدا کۆمەڵێک ڕەخنە لەسەر ستراتیجی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵات گیرا، سەرەتا حزبەکان لە دژی دەوەستانەوە، بەڵام دواتر بە شێوەیەکی لێهات کە گۆیا هەر لە بنەڕەتەوە خۆیان خاوەن گوتاری خەباتێکی مەدەنی بوونە، هەمیشە باس لەوە دەکەن کە ئێمە بەجۆرێک خەباتی چەکداریمان بۆ ئێستا وەلا ناوە، کەچی بەپێی لێکدانەوەکانی ئێوە هیچ جوڵەیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییان لەناو ڕۆژهەڵات نەخستووەتە گەڕ، ئێوە ئەو دۆخە چۆن لێک دەدەنەوە؟**

حزبەکانی ڕۆژهەڵات هاتون ئەو ڕەخنانەی بەشی هەرەزۆری بە درووست لە ستراتیژی شەڕی چەکداری گیراوە، قبوڵیان کردووە، قبوڵکردنەکەش لەبەر ئەوە نەبووە کە باوەڕیان پێیەتی، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە ئەو ڕەخنانە بوون بە بیانویەک بۆ ئەوەی هێژموونی پارتی و یەکێتی بەسەر خۆیاندا پێ پاساو بدەن، لەبەر ئەوەی ئەوان پێیان دەڵێن ئێوە نابێ شەڕی چەکداری لە دژی کۆماری ئیسلامی بکەن، ئەوان هاتوون ئەو ڕەخنانەی کە بەشی زۆریان ڕەخنەی دروستن، کەڵکیان لێ وەردەگرن و دەڵێن ئێمە شەڕی چەکداریمان بەشێوەیەک وەلا ناوە، لانیکەم خستومانەتە پەڕاوێزەوە، باشە ئەوە هۆکارێکە، دەپرسین کە چیت لەجێگەی ئەو خەباتە چەکدارییە داناوە، ئایا سیاسەتێکی چالاکی

مەدەنیت لە ڕۆژهەڵات خستووەتە جێگەی ئەمە؟ ئایا تۆ ویستووتە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی ئێران "ئۆپۆزسیۆنی نەتەوەکانی تری جگە لە کورد" پێوەندییەکی ئۆرگانیک درووست بکەی، ئایا توانیوتە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی دیموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درووست بکەیت؟ بێگومان نەخێر. ئەوانە لەولاش دابڕاون و لە لایەکەی تریش خۆیان دابڕاندووە، واتا هیچ چالاکییەکیان نەکردووە. ئەنجامی ئەوەی لێ کەوتووەتەوە کە ئێستا بۆشاییەک هەیە کە بە بڕوای من بۆشاییەکی زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی هێزێکی چالاک نییە ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. چارەنووسی کۆی ئەمانە دراوەتە دەست ئەوەی، لەناو خودی چوارچێوەی ئێراندا سیاسەتەکە بەرەو چ لایەک بڕوات، ئەگەر بێت و لە ئێراندا سیاسەت بکەوێتە دەستی توندڕەوە ئاینییەکان، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو بۆشاییە لەلایەن هێزە ئاینییە کوردەکانی ڕۆژهەڵات یان لانیکەم ئەو هێزانەی کە لەگەڵ حکومەت هاوکاری دەکەن، پڕ بکرێتەوە. ئەوە بابەتێکی زۆر مەترسیدارە و دەبێ بیری لێ بکەنەوە.

*** لە کۆنگرەی نەتەوەییدا ڕۆژهەڵات بێدەنگترین و بێ پلانترین بەشی کوردستان بوو، نەیتوانی بە بارستایی مێژووی سیاسی خۆی تەنانەت ئەگەر ئەو ٢٥ ساڵەی دواییشی لێ دەربێنین، سەنگی هەبێت، ئەوەی دیترا ململانێی نێوان پەکەکە و پارتی بوو کە ڕۆژهەڵات تیایدا هەوڵی دەدا قاچ لەسەر شوێنپێکانی پارتی دابگرێت، بە بڕوای ئێوە لەو دۆخەی ئێستای ڕۆژهەڵاتدا کە وەک ئێوە شیکردنەوەتان بۆ کرد، کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێ چ سوودێکی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت؟.**

بە باوەڕی من سوودێکی زۆر کەمیی دەبێت. لە ڕاستیدا ئەوەی کە هێڵە سەرەکییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەستنیشان دەکات، ئەو ململانێیەی نێوان پەکەکە و پارتییە. هێزەکانی تری وەک پەیەدەی ڕۆژاوا و هێزەکانی دیموکرات و کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵات، لە دەوری ئەو دوو بازنەیەدا دەخولێنەوە، بە جۆرێک کە ئەوان ڕۆڵ و جێگەی ئەوانە و قەبارەی دەسەڵاتی ئەوانە لەو کۆنگرەیەدا دیاری بکەن، ئەو هێزانە هیچیان ناتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەوێدا بەشدار ببن و کاریگەرییەکیان لەسەر ڕۆژەڤی کۆنگرە و ئەنجام و ئاکامی کۆنگرە هەبێت. هۆکارێکی تری ئەوەیە کە ئەگەر سەیرێکی ڕێبەرایەتی ئێستای ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات بکەی، کام سەرۆک لەوێدا دەبینی کە ئەو هێزە سیاسی و فەرهەنگی و تیۆرییەی هەیە بتوانێ تەنانەت ئەگەر حزبێکی ڕێکخراوەیی بەهێزیشی نەبێت، بتوانێ لە بابەتی فەرهەنگ و تیۆری و کاریگەریی لەسەر کۆنگرە دابنێت، چونکە جاری وا هەیە هێزێکی سیاسی کە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، دەچێتە کۆنگرەیەکی گەورە و بەهۆی ئەوەی چەند کەسایەتییەکی وای تیادایە کە دەتوانن کاریگەرییەکی گەورە لەسەر کۆنگرەکە دابنێن، ئێمە شتی ئاوامان نییە, لەبەرئەوەیە کە ئەوان هیچ کارێکیان لەو بوارەدا نەکردووە. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ئێستا کە ساڵی ٢٠١٥یە، ئەگەر سەیری ئەو مەودایە بکەین، بەرهەمی سیاسی و تیۆری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەو ڕێکخراوانە چی بوون؟ تۆ ئەگەر بچی بۆ کتێبخانەیەک یان بڕۆی بۆ کۆنفرانسێک کە بابەتی ئەو حزبانە بڵاو دەکاتەوە، بڵێی من دەمەوێ کتێبێک لە سەرۆکایەتی ئەو حزبانە بخوێنمەوە و لێی فێر بم، هیچ شتێک نییە بیدەنە دەستتەوە. بە بڕوای من ئێمە نەک تەنیا لەوێدا بۆشاییەکی سیاسیمان هەیە، لەوەش موسیبەتبارتر ئەوەیە کە بیابانێکی فکری لێیە، بیابانێک کە هیچی لێ شین نەبووە، تا دەڕوانی هەر لم و خۆڵە، هاوکات لەگەڵ ڕێککەوتنی نا موبارەکی ئەوان لەگەڵ یەکێتی و پارتی، بە شێوەیەکە کە دەوری ئەو بیابانە لمەیان داوە و هەر شتێکیش کە لەوێ شین ببێت و سەر دەربێنێ، خاکەنازێکی لەسەر دەدەن و لەناوی دەبەن، لەبەرئەوەی تەنیا بۆ خۆیان بمێننەوە. بۆیە دەڵێم لە ڕوانگەی مێژووییەوە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا بەرەو ئەوە دەڕۆن کە ببن بە هێزێکی نێگەتیڤی مێژوویی، واتا نەک تەنیا تایبەتمەندی پۆزەتیڤ و چالاکی خۆیان لەدەست داوە، بەڵکو بەرەو ئەوە دەچن ببن بە هێزێکی نێگەتیڤ. تەواوی ژیانی ئەوان بەوەوە بەستراوەتەوە کە ئێران جارێکیتر بتەقێتەوە و دیسان شۆڕش بکرێت یان بارودۆخێک بێتە پێش کە دیسان بتوانن بگەڕێنەوە، بەڵام ئەوە لەسەر بنەمای لێکدانەوەیەکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی ئەوانەی ئێستا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات بەشێوەی ڕاستەقینە دەتوانن چالاکی سیاسی بکەن، هیچ ئینتیمایەکیان بەرەو ئەو حزبانە نییە و ئەوەی لەگەڵیانن تەنیا ئەو نەوەیەن کە لە نێوان ٥٠ بۆ ٧٠ ساڵاندان، ئەوانە ئەو کەسانەی کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەریان بیر ماوە و ئێستاش بە هەست و شانازی خەباتی ٦٠ بۆ ٧٠ ساڵە دەژین. ئەو نەوەیەی تەمەنی لە نێوان بۆ ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵاندان، ئەوان لە دنیایەکی فکری

جیاوازتردان، ئەو دنیا فکرییە هێزێکی سیاسی تایبەتتری دەوێت، هێزێکی سیاسی تازەی دەوێت و ئەو هێزە سیاسییە نوێیە لە گۆڕانکاری ناوخۆی ئەو حزبانە دەرناکەوێت. بۆ نموونە سەیری کۆمەڵە بکە، هەتا ئێستا چەند پارچەی لێ جیا بووەتەوە، ئەگەر گەورەترین پسپۆڕی سیاسی دنیا بێنی و بڵێی لە روانگەی ئایدۆلۆجییەوە جیاوازی نێوان ئەو چەند پارچەیەی کۆمەڵە چییە، بە دڵنیاییەوە ناتوانێ هیچت پێ بڵێت، لەبەرئەوەی شتی وا نییە و تەنیا و تەنیا کێشەی ناوخۆی حزبییە بەو دۆخەی گەیاندووە. ئێستا کێ دەتوانێ تەنانەت لە یەک لاپەڕەدا لەسەر جیاوازی سیاسی و ئایدۆلۆجی دوو بەشەکەی حزبی دیموکرات بنووسێت. کەس ناتوانێ ئەوە بکات لەبەرئەوەی هیچ بنەمایەکی نییە و تەنیا و تەنیا فارس واتەنی "دعوا سر لحاف ملاست". ئەوە شتێکمان پێ دەڵێ ئەویش ئەوەیە کە ئەو حزبە لە ئامانجی سیاسی خۆی دابڕاوە. ئەوە نییە کە شەڕی ئایدۆلۆجی لەسەر ئەوە بکەن کە دەبێ چ ستراتیجییەک لە ئێراندا بەکار ببرێت. تەنیا کێشە لەسەر ئەوەیە کە کێ دەبێ لەناو حزبدا سەربکەوێت و کێ حزب بەڕێوە ببات، ئەوەیش بەو مانایەیە کە چ پێوەندییەکی لەگەڵ هێزەکانی دەسەڵاتی کوردی لە باشوور دەبێ و کێ دەتوانێ لە سەرچاوەی مادی و سیاسی ئەوان کەڵک وەربگرێت بۆ ئەوەی ئەو ژیانە بەردەوام ببێت. من کە گوتم ئەوانە بەرەو ئەوە دەچن ببن بە حزبێکی نێگەتیڤ، لەبەرئەوەیە کە حزبیش ئۆرگانیزمێکی زیندووە، وەک مرۆڤ پیر دەبێت، ئەگەر هەم بە جەستە پیر بێت و هەم لەڕووی فکریشەوە پیر ببێت، ئەوکات واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بووە بە حزبێکی نێگەتیڤ، زۆر حزب هەیە لەوانەیە وەک مرۆڤ جەستەی پیر ببێت، بەڵام لەڕووی فکرەوە پیر نەبێت، کەچی دۆخی ئێمە بەو شێوەیە نییە، بەداخەوە لەڕووی فکری و جەستەییشەوە بەرەو ئەوە چووە کە ئەو گەشە سیاسییەیان لەدەست بدەن، ئەوە لەلایەک، بەرەو ئەوە دەڕۆن کە ببن بە بوونەوەرێکی ناکارا. هەر بۆیە دەڵێم ئەو حزبانە بەرەو ئەوە دەچن کە ببن بە هێزێکی نێگەتیڤ.

* لە دەیەکانی پێشوودا شۆڕشگێڕی کورد ئەو شۆڕشگێڕە بوو کە لە روانگەی ناسیۆنالیستییەوە کەسێکی دەمارگرژ بووایە، بەڵام ئێستا دەبینین جۆرێکیتر لە شۆڕشگێڕ هاتووەتە مەیدانەوە کە بە شووناسێکی کوردییەوە کار دەکات, بەڵام جیاواز لەو پێناسە و تێگەیشتنەی پێشووتر کە بۆ ناسیۆنالیستێک دەکرا، بۆ نموونە لە کرماشان و ئیلام، دەبینین لەم چەند ساڵەی رابردوودا زیاترین کتێب و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی نووسراون و چاپیش کراون، ئەو نەوەیە سەرباری ئەو هەوڵانەی داویەتی، لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە فەرامۆش کراون، بەو مانایەی هیچ شوێنێکی ئۆرگانی و فکرییان لەو ئۆپۆزسیۆنە بۆ دیاری نەکراوە و خواست و ویستەکانیان بە کەم تا زۆر لەناو ئەو رێکخراوانەدا رەنگی نەداوەتەوە، ئێوە وەک تاکە تیۆریسیەنێکی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەو دوو خوێندنەوە جیاوازە بۆ کوردبوون و ناسیۆنالیزم بە پارادۆکس دەبینن یان ئەوەی کە تەنیا بە جیاوازی روانین و تێگەیشتنی دەزانن لە چەمکەکە؟.

ئەوە پارادۆکس نییە، هەمیشە لەو کۆمەڵگەیانەی وەک ئیلام کە سنووری هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگەی فارس هەیە، ئەو کوردانە زۆر زەقتر بنەماکانی شوناسی خۆیان لەگەڵ ئەویتر دەبینن, لە لایەکیشەوە کاریگەری ئەو ناسیۆنالیزمە ئیتنیکییەی لە بەشەکانی ناوەندی رۆژهەڵاتدا کە هەمیشە بەشێوەیەکی نەریتی بووە، ئەوە لە ئیلام و کرماشان زۆر کەمترە. ئێستا من پێم وایە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناسیۆنالیزمێکی فەرهەنگی دیموکراتی نوێ بە باشی وەدەر کەوتووە، بەڵام بەداخەوە هیچ هێزێک نییە بتوانێ ئەوە تەرجومە بکاتەوە بۆ دۆخێکی سیاسی، بۆیە هەر بەم شێوەیە لە نیوەی رێگەدا ماوەتەوە و ئێستا نە دەتوانێ ئەو ناسیۆنالیزمە ئیتنیکییەی حزبەکان کە فەشەلی هێناوە، قبووڵ بکات و نە خۆیشی ئەو هێزە سیاسییەی لە ناوەڕۆکدایە بتوانێ بنەمایەکی سیاسی بدات بەو ناسیۆنالیزمە فەرهەنگییەی کە بە بەراورد لەگەڵ حزبەکان، بواری تیۆری تا رادەیەک بەهێزی هەیە, بۆیە لە درووستبوونی ئەو بۆشاییەدا ئەوانە بە شێوەیەکی ناسەقامگیر دەجووڵێنەوە.

بەو جۆرەی کە من رۆژانە دەیبینم، ئێستاش چ لە بەشەکانی ناوەندی رۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە بەشەکانی سنووری کە لەسەر سنووری کۆمەڵگەی فارسن و لە ناوەندی ئەتنیکی کوردی دوورن، لەوێ فەرهەنگێکی سیاسی هاتووەتە پێش کە شتێکی زۆر نوێی تیادایە، ئەو شوناسی

خۆی لە پلەی یەکەمدا لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیک پێناسە دەکات، لێرە بابەتی زمان و ئیتنیک زۆر گرنگە، بەڵام نە لەو چوارچێوە کۆنەدا کە بە شێوەیەکی ناسیۆنالیستی ئیتنیکی لە بەرامبەر ئەویتردا رادەوەستا، لێرەدا ئەویتری شوناسی کوردی لە چوارچێوەی رووبەڕووبوونەوەیەکی فەرهەنگی تیۆریدایە، کە هەموویان لە فەرهەنگێکی سیاسی تیۆری کە بنەماکەی ئۆپۆزیشن لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە کەڵک وەردەگرن، بەڵام کاتێک لە فلتەرەکانی ئیتنیک و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردی تێدەپەڕێ، ئەو شووناسە سیاسییەی کە تازە درووست بووە، پێداویستی خۆی لەوە وەردەگرێت. بۆیە پێم وایە ئەو حزبانە ئەگەر بیشگەڕێنەوە رۆژهەڵات، شانسێکی ئەوتۆیان نییە وەک پێشتر جێگەی خۆیان بکەنەوە و نووسینگەکانیان دابمەزرێنن و خەڵک بێت و لە دەوریان کۆ ببێتەوە. خەڵک ئێستا لەسەر بنەمایەکی تری فەرهەنگی و سیاسی بیر دەکاتەوە و کاتێکیش ئاڵوگۆڕ بەسەر دۆخی ئێراندا بێت و ئەو حزبانە بگەڕێنەوە، ئەوان دێن پرسیاری تر دەکەن و شتی تریان دەوێ کە من پێم وایە بەهۆی راوەستانی فکری ئەو حزبانە، تواناى ئەوەیان تیادا نابێت پرسیارەکانیان لە چوارچێوەی سیاسەتی رۆژدا وەڵام بدەنەوە.

*** ئاماژەتان بەوە دا کە شوناسی کوردی لە ناوچەکانی سەر سنووری فارس بە شێوەیەکی فەرهەنگی و لەسەر بنەمایەکی دیموکراتی خۆی پێناسە کردووە، بەڵام لە ناوەندی ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەڵات، جۆرێکی تر بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە هەر ئەو راپرسییەی لە تەلەڤزیۆنی مهاباد کرا، لەوێدا بینیمان گۆرانیبێژێکی فارس لەو ناوەندە ناسیۆنالیستییە دەنگی یەکەم دێنێتەوە، هۆی ئەوە چییە، ئایا خوێندنەوەی ئەو نەوەیە لەوێ بۆ شووناس جیاوازترە یا هۆی ترە؟.**

بە بڕوای من پێکهاتەی کۆمەڵناسی سیاسی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕاوە و زیاتریش دەگۆڕێت، ئێستا چینێکی ناوەندی نوێ پێگەیشتووە، ئەو چینە ناوەندییە وەک چینی ناوەندی پێشوو نییە، ئەوە فەرهەنگێکی هەیە کە لە چوارچێوەی ئەو فەرهەنگەدا شووناسی خۆی پێناسە دەکات، ئەو فەرهەنگە بەهۆی لاوازی فەرهەنگی سیاسی کوردی لەو ناوچەیە ناتوانێ بە باشی و بە درووستی سوود لە فەرهەنگی سیاسی کوردی ببینێت. یەک لە هۆکارەکان ئەوەیە بۆ نموونە دەبینی ئەو چینە ناوەندییە لەڕووی گوزەرانی ئابوورییەوە دۆخی تا رادەیەک باشە، لەوێ نە کەناڵێک هەیە و نە مەیدانێکیش واتا فەرهەنگێکی سیاسی و دیموکراتی پلۆرالیستی بوونی نییە کە ئەوانە بتوانن وەک سەرچاوە سوودی لێ وەربگرن، بۆیە بەرەو فەرهەنگێکی بێ بنەما دەڕۆن کە تەنیا خۆ لە بەرامبەر قەدەغەکراوەکانی کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکەن. تەنیا رەهەندی سیاسی ئەو فەرهەنگە ئەوەیە کە بۆ نموونە ئەو مۆسیقا و شیعر و فیلمانە بەکار بێنێت کە کۆماری ئیسلامی ئێران قەدەغەی کردووە و لە دەرەوەی ئەوە هیچ چالاکییەکی سیاسییان نییە و پێوەندییان لەگەڵ فەرهەنگێکی سیاسی چالاکی کوردی یەکجار کەمە، لەو چوارچێوە فەرهەنگە سیاسییەی کوردیشدا کە لەوێ هەیە و هەر بەشێوە کۆنەکەی خۆی ماوەتەوە، نە لەڕووی ناوەڕۆکی دیموکراتییەوە و نە لەڕووی ناوەڕۆکی فەرهەنگییەوە لەو پلۆڕالیزمەی کە پێویستە ئەو چینە ناوەندییە بێنێتە ناوخۆی و وزەی سەرەکیی ئەوانە بۆ لای خۆی ببات، بوونی نییە. بۆیە ئەوانە بەرەو ئۆپۆزسیۆنی نهێنی و ژێرزەمینی فارس دەڕۆن. بۆ نموونە لە مۆسیقای پۆپ کە لە تاران گەنج گوێی لێ دەگرن و ئەوانە بەو قایل دەبن، ئەوان ئەو پێوەندییەیان لەگەڵ محەممەدی ماملێ نەماوە، لەبەرئەوەیە کە ئەو فەرهەنگەی محەممەدی ماملێ و موسیقای ماملێ و حەسەن زیرەک و... تیایدا گەشەیان دەکرد، ناوەڕۆکی پلۆرالیست و دیموکراتی خۆی لەدەست داوە و ناتوانێ ئەو گەنجانە بۆ لای خۆی رابکێشێت. هەندێک لەو گەنجانە دەبینی بەرەو مۆسیقا و فەرهەنگێکی وەک کامکاران یان فەرهەنگ و مۆسیقای ئەلتەرناتیڤی قەدەغەکراو کە لە تاران رەواجی هەیە دەڕۆن، لە مۆسیقای پۆپ باشترە، بەڵام ئەوانەش زیاتر ئەو کەسانەن کە دەست بەقەڵەمن و بیر دەکەنەوە و دەنووسن و دەخوێننەوە و دەشزانن کە فەرهەنگی کلاسیکی کوردی کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ فکری سیاسی پێشوو پێوەندی هەیە، ئیتر نەزۆک بووە و فەرهەنگێکی پلۆرالیستی دیموکرات کە بتوانێ ئەو چینە ناوەندییە نوێیە و ئێلێمێنتەکانی سەرەکی رۆشنبیری کۆمەڵگە، یان زیاتر سیاسی رۆشنبیری کۆمەڵگە، بتوانن لەو مەیدان و فەرهەنگە سوود وەربگرن، تا ئێستا درووست نەبووە و نەکراوە.

یەکێک لە بناغەکانی ئەوە لاوازی سیاسییە. هۆکارەکەش هەر ئەوەیە کە ئێمە دەبینین فەرهەنگی ڕۆشنبیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر گەشە دەکات، بەڵام گەشەکردنەکە بەشێوەی بزاڤێکی فەرهەنگی دەرناچێت و بەشێوەی پاکەت، پاکەت لە سنە و مهاباد و بۆکان... کار دەکەن و نەیانتوانیوە ژێرخانێکی فەرهەنگی هاوبەش درووست بکەن کە بتوانن سوودی لێ ببینن و یەک بگرن و بە یەکەوە سیمایەکی یەکگرتوو درووست بکەن. ئەوەی لە مهابادە لەناو مهاباد کار دەکات و ئەوەی لە تارانە لە تاران و ئەوەی لە کرماشانە لە کرماشان و... ئەوانە وەک گرووپی بچووکی حەوت کەسی و چوار کەسی، یان دە کەسی و پازدە کەسی کار دەکەن، بەڵام بزاڤێکی فەرهەنگی یەکگرتووی کوردی ئەوتۆ بوونی نییە و هۆکاریشی ئەوەیە کە ئەو فەرهەنگە سیاسییە دیموکراتە کە لە هەناوی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵا بێت و توانای ئەوەی هەبێ ببێت بە بنەما بۆ فکرێکی پلۆرالیستی بەهێز کە بتوانێ توخمەکانی شوناسی کوردی لە ناو خۆیدا پەروەردە بکات و هۆکار بێ بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی ئەو گرووپە ڕۆشنبیرییانە، بوونی نییە، سەرکوتکردنەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆڵێکی یەکجار زۆری لەوەدا بینیووە، بەڵام ئەوە تاکە هۆ نییە, بەڵکو هۆکاری تر ئەوەیە کە لە ماوەی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هێزە پێشەنگەکانی ڕۆژهەڵات کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە و لە ڕاستیدا کۆمەڵگەیەکی پلۆرالیست و دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتدا بوونی هەیە, بەڵام وەک باسم کرد دەستەی بچووک بچووک و ئیزۆلەن، تا ئێستایش بنەمایەکی یەکگرتوویان نییە کە بتوانن یەک بگرنەوە و ببن بە بنەمای بزاڤێک.

سەرچاوە : ماڵپەڕی وشە نێت / ڕێکەوتی : ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٥

# كۆنگرەی رۆژهەڵاتی كوردستان بەڕێوەیە

**كاوە جەم**

چەند حزبێكی رۆژهەڵاتی كوردستان هەوڵ بۆ بەرنامەیەكی نوێ دەدەن و ئەمجارە دەیانەوێ بە یەكگرتوویی و هاوئاهەنگی زیاترەوە هەڵسوكەوت لەگەڵ هاوكێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەكان بكەن. ئەوان بە نیازی بەستنی كۆنفڕانس یان كۆنگرەی رۆژهەڵاتی كوردستانن.



چیرۆكی هاوئاهەنگی نێوان حزبەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان چەند دەیەیەكە هەیە، بەڵام پێویستیی بوونی بەتایبەت لە میانەی ئامادەكارییەكان بۆ كۆنگرەی نەتەوەیی كورددا بەتەواوی بەدی كرا. حزبەكانی رۆژهەڵات لەو ئامادەكارییانەدا هەستیان بە "غەدر" دەكرد. ئەوان بۆ نموونە باسیان لە پشكی رۆژهەڵات و رۆژئاوای كوردستان لە كۆنگرەكەدا دەكرد و رەخنەیان لەوە دەگرت كە بۆچی دەبێ پشكی رۆژئاوا ٩٠ كورسی و پشكی رۆژهەڵاتیش ١٢٠ كورسی بێت. گلەییەكەیان ئەوەبوو، خۆ ئەگەر ژمارەی دانیشتووان و مێژووی خەباتی ئەو دوو پارچەیە بەراورد بكرێ و ببێتە بنەمایەك بۆ كورسییەكان، دەبێ پشكی رۆژهەڵات دوو ئەوەندە زیاتر لە پشكی رۆژئاوا بێت.

گفتوگۆی حزبە رۆژهەڵاتییەكان لەسەر ئەو تەوەرە، هەر لە میانەی ئامادەكارییەكانی كۆنگرەی نەتەوەییدا دەست پێ كرا و گەیشتە قۆناغی "رۆژهەڵات میحوەری". ئێستە چەند حزبێكی "سەرەكی"ی رۆژهەڵات دەیانەوێ لە كۆنفڕانس یان كۆنگرەیەكدا بەرنامەیەك بۆ هاوئاهەنگی خۆیان و داهاتووی نیشتمانەكەیان دیاری بكەن.

موهتەدی كۆبوونەوەكانی چڕ دەكاتەوە

ماوەیەكە عەبدوڵا موهتەدی سكرتێری كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران، كۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەكانی تری رۆژهەڵات چڕتر كردووەتەوە و تەوەری سەرەكیش هەمان پرسی رۆژهەڵات میحوەری و دیاریكردنی هاوئاهەنگی و بەرنامەیەكە بۆ داهاتووی رۆژهەڵات.

دوا كۆبوونەوەی موهتەدی، لەگەڵ خالید عەزیزی سكرتێری حزبی دیموكراتی كوردستان بووە.

زاگرۆس خوسرەوی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە لە کۆبوونەوەی نێوان موهتەدی و عەزیزیدا بووە، دووپات لە "باش" بوونی دەرەنجامەکان دەکاتەوە.

خوسرەوی کە هاوکات بەرپرسی پێوەندییەکانی حزبەکەیەتی لە هەولێر، بە ڕۆژنامەی "وشە" دەڵێ، "تا ئێستە دیار نییە ئەو کۆبوونەوەیە لە ژێر چ ناوێک دەبێت، بەڵام مەبەست هاوئاهەنگی زیاتری نێوان حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و دووریش نییە ببێتە بنەمایەک بۆ بەرەی کوردستانی و حکوومەتی کاتیی لە ڕۆژهەڵاتدا".

ئەو دووپاتی دەکاتەوە کە بەپێی هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، بە نیازی ئەو کارەن و وەک گەشبینییەک بۆ داهاتووی گۆڕانکارییەکان لە ئێراندا دەڵێ، "پێش لە شۆڕش، جیمی کارتەر و شای ئێران پێکیان بە خۆشیی سەقامگیریی ئێران خواردەوە، بەڵام چەند مانگێکی نەخایاند شا ڕووخا و حکوومەتی ئیسلامی هاتەسەر کار". بۆیە خوسرەوی پێی وایە سەرەڕای کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی تاران و واشنتۆن لەسەر دۆسیەی ناوەکی، دوور نییە چارەنووسی حکوومەتی ئێستەی تارانیش وەک شا بێت.

تا ئێستە ئەو بەرنامەیەی عەبدوڵا موهتەدی هەوڵی بۆ دەدات، تەنیا بیرۆکەیە و بە ڕێکخراوی نەنووسراوە. ئەوە، کێشەی سەرەکیی حزبی دیموکراتی کوردستانە و دەیانەوێ پاش نووسینەوەی پڕۆژەکە، وەڵامی کۆمەڵە بدەنەوە.

کەمال کەریمی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕۆژنامەی "وشە" دەڵێ، "کۆمەڵە دەیەوێ لە ئاستی کۆمیتەی ناوەندیدا لەسەر ئەو پرسە ساغ بێتەوە، ئەوکات ئێمەش باس لە پرسەکە دەکەین و وەڵامیان دەدەینەوە".

## بەربەستەکان

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵە، ئەو 4 حزبەن کە تا ئێستە پرسەکە لە نێو خۆیاندا تاوتوێ دەکەن.

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) لەو گفتوگۆیانە هەڵاوێردراوە و زۆربەی لایەنەکان دووپاتی دەکەنەوە کە بەو هۆیەی پژاک بە حزبێکی سەربەخۆ نازانن، نایانەوێ بێتە ناو گفتوگۆکانەوە. ئەوان دەڵێن پژاک سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یە و هەڵقوڵاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. تەنانەت قسە لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران بە سەرۆکایەتیی عومەر ئێلخانیزادە نەکراوە و بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە لە هێڵی پەکەکە نزیک بووەتەوە.

ئەو چەند حزبەی ڕۆژهەڵات لە کاتێکدا هەوڵی ڕێکخستن و هاوئاهەنگی خەباتیان دەدەن کە تا ئێستەش کێشە نێوخۆییەکان باڵی بەسەر زۆربەیاندا کێشاوە.

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حزبی دیموکراتی کوردستان، ڕێکەوتنی هاوبەشیان هەیە و ڕەنگە ئەگەر ئەو دوو حزبە بیانەوێ ڕێکەوتنەکەیان بکەنە بنەمای هاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی تر، ئەوکات لایەنەکان ئەوە قبوڵ نەکەن. هەرچەند زاگرۆس خوسرەوی ڕەتی دەکاتەوە کە ڕێکەوتنەکە ببێتە بنەمای دانوستانەکان.

هاوکات ئەگەر هەوڵەکەش سەرکەوتوو بێ و لایەنەکان ڕێکەوتنەکە ئیمزا بکەن، دیسان ئەو ئاستەنگە لەسەر ڕێگەیە کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بیەوێ ئیمزاکەی لە تەک حزبێکی تری وەک حزبی دیموکراتی کوردستان بێت، چونکە تا ئێستە بەشێوەیەکی ڕەسمی دانی بەو حزبە دانەناوە.

## دووبارەبوونەوەی چیرۆک

ڕەنگە دیسان چیرۆکی دووجەمسەری ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی نەوتەوەیی کورد لە هەوڵەکەی ڕۆژهەڵاتییەکان دووبارە ببێتەوە. لەو ئامادەکارییەکاندا حزبە کوردییەکان بوونە دوو بەرە، بەرەیەک بە سەرۆکایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ئاراستەی سیاسەتەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا و بەرەکەی تریش بە سەرۆکایەتیی پەکەکە و لە ئاراستەی سیاسییەکانی ڕووسیا و هیلالی شیعیدا.

لەو ئامادەکارییەکانەدا زۆربەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ سیاسیەتی پارتیدا بوون، جیا لە پژاک کە لەگەڵ پەکەکەدا بوو. ئێستەش کە پژاک لەو گفتوگۆیانە هەڵاوێردراوە، ڕەنگە هەمان چیرۆک لە داهاتووی گفتوگۆ و دەرەنجامەکاندا بێتە پێش.

زاگرۆس خوسرەی ئەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ، "کۆمەڵە و دیموکراتەکان هێزی سەرەکین و لە گفتوگۆکاندان، ئەگەر کۆمەڵە یان دیموکراتەکان لەگەڵ نەبوونایە، ڕەنگە دوو جەمسەری چارەنووسمان بووایە، بەڵام ئێستە بەو شێوەیە نییە".

سەرچاوە : ماڵپەڕی وشە نێت / ڕێکەوتی : ٨ی دێسامبری ٢٠١٤

# جووڵەی پێشمەرگە ئێرانی هێنایە دەنگ

مەنسوور مروەتی

دوو شەو لەوەپێش عەلی شەمخانی دەبیری یەکەمی شۆرای باڵای ئاسایشی وڵات لە میانەی وتووێژێکدا لە کاناڵی یەکی تلوزیۆنی ئێران لە یەکەم کاردانەوەی ئاشکرا بەرانبەر بە ئامادەبوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە کوێستانەکانی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە دەنگ و وێڕای نیگەرانی خۆی لە هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو شاخانە کوتی، هاتنی ئەو هێزانە بۆ سەر سنوورەکان بە فیتی ئامریکایە دەنا چۆنە کە ئەوانە پاش بیست ساڵ لە جێگیر بوونیان لە هەرێمی باشووری کوردستان هێزەکانیان دێننەوە بۆ سنوورەکان. ناوبراو هەروەها وتی ئێمە بوونی ئەو هێزانە لە سنوور قەبووڵ ناکەین و ئەوەمان بە دەوڵەتی عێراق ڕاگەیاندوە کە دەبێ پێش بە چالاکیەکانی ئەوان بگرن.



ئەوەی ڕاستی بێ لەم ٣٦ ساڵەی خەباتی ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی بەرانبەر بە حیزبەکان و چالاکیەکانی هێزی پیشمەرگە بە کار بردوە کە دەکرێ بە سیاسەتی " پیلانی بێ دەنگی" ناوی لێ ببرێ. واتە بە درێژایی ئەم ساڵانە هەوڵی داوە کە ڕێگە لە هەرچەشنە چالاکییەکی سیاسی بگرێ و هەرچەشنە چالاکیەکی نیزامیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەگەر تەنانەتیش زەرەری قورسیشی لە هێزەکانی دابێ، لە خەڵکی ئێرانی بشارێتەوە و بێ دەنگیی لێ بکا.

بەڵام لە پاش جێگیر بوونی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە کوێستانەکانی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی بە گوێرەی سەرچاوەکان بە چەندین کۆبوونەوەی نهێنی لە ئاستی زۆر بەرز و تەنانەت لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامیدا بەڕێوە چوە ئەمما لە ئاستی میدیاییدا ئەمە یەکەم کاردانەوەی بەرپرسێکی بەرزی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە دەکرێ لە چەند لایەنەوە هەڵوەستەی لە سەر بکرێ.

ئەم قسانە و شێوەی هەڵوێست گرتنی عەلی شەمخانی لە حاڵێکدایە کە ناوبراو نزیکەی دوو مانگ لەوەپێش لە میزگردێکدا لە زانکۆ عەللامە تەباتەبایی لە پێوەندی لە گەڵ کێشەی" ئەقوامدا" وتی لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا دەرفەتی ئەوەمان نەبوو کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین و بە چاوێکی دیکە چاومان لێ دەکرد بەڵام دەبێ ئێستا کێشەی ئەقوام بە دەرفەت بزانین نەک هەڕەشە. بۆیە لێرەدا دەبێ بە جەنابی شەمخانی و بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بوترێ کە:

جەنابی شەمخانی تۆ کە هەر ماوەیەک لەوەپێش باس لە کیشەی ئەقوام دەکەی و دەڵێی کە دەبێ بە دەرفەتی بزانین نەک هەڕەشە، دەبێ بیر لەوەش بکەیتەوە کە ئەو هێزی پێشمەرگەیە کە جەنابت جموجووڵەکانیان بە فیتی ئامریکا ناودەبەی نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئەو نەتەوەیەن کە ٣٦ ساڵە بە هەڕەشەتان زانیوە و هیچ کات بە کردەوە بە دەرفەتتان نەزانیوە هەتاکوو هەوڵێک بۆ چارەسەر کردنی پرسەکەیان بدەن.

ئێوە کە زیاتر لە ٣٦ ساڵە لە جیاتی چارەسەر کردنی پرسی کورد لە ئێران هەوڵی لە ناوبردنی ئەو نەتەوەیە لە هەموو ڕێگایەکەوە دەدەن، ئەوەتا سەرەڕای ئەو هەموو گرتن و ئیعدام کردن و تیرۆری ڕێبەرانی کورد نە توانیوتانە حیزبەکان و هێزی پێشمەرگە لە ناو بەرن و نە توانیوتانە نەتەوەی کورد لە ئێراندا بیتوێننەوە.

کەوایە ئاکامی ئەو سیاسەتە هەڵەیە بۆ ئێوە شکست بووە چونکە نە نەتەوەی کورد داخوازیەکانی خۆی لە بیر بردۆتەوە و نە شاخەکانی کوردستان پێشمەرگەی لێ بڕاوە.

ئێوە کە هەرلە سەرەتاوە تا ئێستا هەرچەشنە چالاکییەکی خەڵکی کوردستانتان بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی بە پیلانی ئیستکباری جیهانی نابردوە و هەر جارەو تۆمەتی دەست تێدا هەبوونی وڵاتێکتان خستوەتە پاڵ، دەبێ ئەوە چاک بزانن کە ئەوە سیاسەتێکی سواوە کە چیدیکە کڕیار و بیسەری نیە.

بۆیە لە کاتی ئێستادا کە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە پرسی کوردی تێدا بەرچاوە، لە بەردەم گۆڕانکارییەکی جیددی دانە و ناکرێ بە درێژەدانی سیاسەتێکی شکست خواردوو خۆتان لە چارەسەری پرسی کورد لە ئێران گێل بکەن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٣ی جوونی ٢٠١٥

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتەوە نێو هاوکێشە سیاسییەکان؟

ئالان. ب

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەریانخست سەرەڕای ئەوەی بزووتنەوەی دێرینی ئەم پارچەیەی کوردستان بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری وەک سەرکوتی قورس و هەمەلایەنە، گۆڕانی هاوکێشە ناوچەییەکان، تەنیا مانەوەی بزووتنەوەی کوردستانو هۆکارە نێوخۆییەکانی بزووتنەوە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا سەنگی پێویستی نیە، بەڵام وزەو پتانسیەلێکی لەبڕاننەهاتووی بۆ هەستانەوەو بوونەوە بە فاکتۆڕ تێدا بەدی دەکرێ.




لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا کە هێزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەت حیزبی دیمۆکرات ناچاربوون بەشێوەی کردەیی و لە ئاستێکی بەرفراواندا لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئامادەییان نەبێ، لە راستیدا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نەیتوانیوە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا دیار بێ. ئەم بیست ساڵە کە بە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکراتو ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکانی وەک شەڕی یەکەمو دووەمی کەنداو، پێکهاتنی هەرێمی باشووری کوردستانو کشانەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچە ستراتژیکییەکانی نێوان ڕۆژهەڵاتو باشوور دەست پێدەکا، تاڕادەیەکی زۆر بە ساڵانی دەرچوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکان دەژمێردرێ. دیارە کە باس لە دەرچوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ، بەو مانایە نیە کارتێکەریی گوتارو سیاسەتەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە سەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتو ڕووداوەکانی نەماوە، بەڵام دەبێ ددان بەم راستییەدا بنرێ ئەم کارتێکەرییە هەرچەند بەردەوام بوە، بەڵام لە ئاستێکدا نەبووە کە گۆڕان بخوڵقێنێ. ئەزموونگەلی سەرچاوەگرتوو لە ڕووداوە جۆراجۆرەکانی ئەم بیست ساڵەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرخەری ئەو راستییەن کە هەرچەند بزووتنەوەی کوردستان لە ئاستی مەیدانداری راستەقینەدا لە هاوکێشە سیاسییەکاندا کەمڕەنگ بۆتەوە، بەڵام لە بەستێنی جۆراوجۆردا خۆی دەرخستوەو وزەو توانایە کردەیی و شاراوەکانی خۆی نیشان داوە.

ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم پوتانسیەل و توانایە کە لە بەستێنەکەکانی شارو شاخدا کۆی کردۆتەوەو لەبەر تیشکی بەرەوپێشچوونو بە فاکتۆربوونی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانداو هەروەها ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو دۆخی نێوخۆیی ئێران چاوەڕوانی هەستانەوەو مەیدانداریی بزووتنەوەکەیەتی. هەستانەوەو مەیدانداریییەک کە بێگومان بەستێنی دروستبوونی هەیە، بەڵام پێویستیی بە یەکگرتوویی و یەکگوتاریی هێزە شوێندانەرەکانو پلانێکی وردو هەڵسەنگێندراو هەیە. ڕوونە کە بە بێ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ئەم هەستانەوەیەو بە سەرنجدان بەوە کە لە هەلومەرجی ئێستادا لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بەرەنگارییەکی جیدی لە ئارادا نیە، بزووتنەوەی کوردستان تووشی زیانی قورس ببێتەوە.

بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کورستان لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا بۆتە خاوەنی باڵێکی مەدەنی کە لە هەناوی شارو ناوەندە فەرهەنگیو زانستییەکان‌دا سەری هەڵداوە. ئەم لایەنەی بزووتنەوەی کوردستان هەرچەند لەگەڵ سەرکوتو فشاری قورسو ئیعدامو زیندانیکرانی بەشێک بەرەوڕووبۆتەوەو نەیتوانیوە توانایییە ڕاستەقینەکانی خۆی دەربخا، بەڵام بە پێی دەرفەت بوونی خۆی سەلماندەوە. چالاکانی مەدەنی جگە لە وەڕێخستنی مانگرتن‌و ناڕەزایەتیی جۆراوجۆر، چالاکیی ژینگەپارێزی، فەرهەنگی، هەوڵیان داوە کەلێنە نیمچە قانوونییەکانی وەک هەڵبژاردنەکان بقۆزنەوەو دەوریان تێدا بگێڕن.

کەواتە گومانی تێدا نیە کە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بێتەوە نێو هاوکێشە سیاسییەکان پێویستی بە خەباتێکی فرە ڕەهەند هەیە. لەم نێوەدا دەبێ لایەنەکانی نێو بزووتنەوە لە چوارچێوەی ستراتیژی نەتەوەیی، واتە دابین‌بوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا خۆیان ببیننەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتێکی سەرکوتکارو میلیتاردا تەنیا خەباتێکی فرە ڕەهەند دەتوانێ کاریگەر بێ‌و هاوکێشەی سیاسی دروست بکا. لەم حاڵەتەدا بەشە جۆراوجۆرەکانی نێو بزووتنەوە دەتوانن وەک پشتیوانی یەکتر کار بکەن‌و بەم چەشنە مەیدانی بەرەنگاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرفراوانتر بکەن.

هەرچەند ڕەنگە وێناکردنی ئەوە کە کورد دەتوانێ بە تەنیا لە ئێران‌دا مەیدانداری بکاو بێتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانەوە بۆ هێندێک کەس قورس بێ، بەڵام ئەزموونەکانی پێشوو دەریانخستوە ئەوە کارێکی نەکراو نیە. بزووتنەوەی کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی زۆرەو لە پشتیوانییەکی بەرینی کۆمەڵایەتی بەهرەمەندە توانایی ئەوەی هەیە کە بە سوودوەرگرتن لە هەلومەرجی ناوچەیی‌و کێشەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە لەلایەکو وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوایی لەلایەکی دیکەوە خۆی بکا بە پارسەنگی هێز لە ناوچەدا.

لەم نێوەدا سەرەکیترین فاکتۆر بریتییە لە ئیرادەی هەستانەوە، یەکگرتوویی‌و دانانی پلانێکی هەمەلایەنەو تۆکمە بۆ بووژانەوەو هەستانەوە. چونکە بە بێ‌بوونی ئەم سێ فاکتۆرە ناکرێ نە لە تواناو پوتانسیەلی کۆمەڵگەو نە لەو هەل‌و دەرفەتانە کەڵک وەرگێرێ کە لە ئاکامی گۆڕانکارییە ناوچەییەکانەوە دێنە گۆڕێ. کەواتە دەتوانین بڵێین ئێستا زیاتر لە هەر کاتێک هەست بە بۆشایی مەیدانداریی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و ئازادیخوازانەی ڕۆژهەڵاتی دەکرێ. بزووتنەوەیەک کە هەم لە پشتیوانیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی بەهرەمەندە، هەم دەکرێ چاوەڕوان بێ لە پشتیوانیی دەرەکییش بەهرەمەند بێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١ی جوونی ٢٠١٥

# هەنگاوێک بەرەو ئاسۆ

## کاوە بەهرامی

دەمێکە باسی دەست پێکردنی خەباتی چەکداری دەکەین و لە دوور و نزیکەوە، کۆمەڵێک لە خەڵکی کوردپەروەر و نەتەوە پارێز و لایەنەکان، هەر کەس بە بۆچوونی خۆی لێکی دەداتەوە، زۆربەیان خەباتی چەکداری بە گرینگترین هەنگاو بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی دەزانن، تەنیا جیاوازییەک کە لەنێو نووسینەکاندا بەرچاو دەکەوێت، ئەوەیە کە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو شێوە خەباتە و عەمەلیکردنی و لە دوورەوە لێکدانەوە لەسەر چەند و چوونی ئەو بوارە و ڕەخنەگرتن لە خەباتگێڕانی مەیدانی خەباتی چەکداری و مەنع و لۆمەکردنی حیزبە کوردییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگرتنی ئەو شێوە خەباتە دەرکەوت، بێ کەند و کۆسپ نەبوو، بە درێژایی ئەم چەند ساڵە بە لەبەر چاو گرتنی هەرێمی کوردستان بۆ خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات دوورکەوتنەوەیەکی بەرچاوی بۆ ئەو پارچەیەی کوردستان بە دواوە بوو.



لەگەڵ ئەوەش ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شانازی بەوەوە دەکەین کە توانیمان بە بەڵێنەکانی خۆمان وەفادار بین و بەرژەوەندیی نەتەوەییمان لە سەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبییەوە دانا.

هەر چەند لەو پێوەندییەدا لە زۆر بواردا زەرەمەند بووین، لە بابەتەکانی پێشوودا ئاماژەم بە چۆنیەتیی بارودۆخی ئێران و بەتایبەت ستراتیژیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کرد و هەروەها ستراتیژیی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، باسم کردووە و ئاماژەم بە ئەرکی خۆمان لە هەلومەرجی هەنووکییدا کردووە.

کاتێک حیزبی ئێمە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێ کەوت، پێویستی بە ئیزن وەرگرتن و پاڕانەوە لە هیچ حیزب و کەس و لایەنێک نەبوو، ئەرکی ئەم حیزبەیە کە دژی ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی خەباتی خۆی بە هەر شێوەیەک کە بە گونجاوی دەزانێ، درێژە پێ بدا، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە بەرەو سنوورەکانی کێلەشین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ کەوت.

کۆسپی دیکەی وەکوو پکک لەسەر ڕێگای شین دەبێ و بەبێ لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، پەلاماری چەند پێشمەرگەیەکی ئێمەی دا. ڕێگای هاتوچۆی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات بەست و وەکوو پاسەوانانی

سنووری ئێران هەڵسوکەوتی لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئێمە کرد. هەر ئەو حیزبە و لق و پۆکانی بە دەیان جار رایانگەیاندووە؛ حیزبەکانی رۆژهەڵات کەمپنشین بوون و ئیرادەی شۆڕشگێڕییان لە دەست داوە، لە حاڵێکدا پاش تێکهەڵچوونەکەی چەند رۆژی رابردوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات، دەڵێن ئێران کاری بە ئێمەوە نییە و بە بوونی ئێوەیە کە کێشە بۆ ئێمەش دروست دەبێ، لەلایەکی دیکەوە وەچەکانی پکک وەکوو خۆیان دەڵێن "پژاک، کۆدار و ..." لە نێوخۆی ئێران دەسووڕێنەوە و گۆیا لەدژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن، داخۆ ئەوانە لە چ رێگایەکەوە بەرەو کوردستانی رۆژهەڵات رۆیشتبن؟، سەیر ئەوەیە کە کۆمەڵە کەسێک لە نێو کوردستان کە خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵاتن، هێشتا لە پەلاماری پکک بۆسەر حیزبی دێموکرات وەخەبەر نەهاتوون، بەڵام پاساو بۆ براکوژیی پکک دێننەوە و دەڵێن حیزبی دێموکرات تەجاوەزی هەرێمی میدیای کردووە، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە کوردستانی گەورە هەیە و کورد بە یەک نەتەوە دەزانن؟ بۆ چی شەڕی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەن؟ ئەگەر خەبات بۆ نەتەوەیە، بڵێی حیزبی ئێمە دژە نەتەوەیی بین و دژی ئامانجەکانی خۆمان هەنگاو هەڵگرین؟ حیزبی دێموکرات بە ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ رزگاریی نەتەوەی کورد لە مەیداندا بووە و دەبێ و هەنگاوەکان و جێ پێی خۆی قایم دەکا هەتا بتوانێ پاشەکشە بە نەیارانی نەتەوەی کورد بکا و مێژوو و شانازییەکانی خۆی لە رۆژهەڵات چەند پات بکاتەوە، بە چاوخشاندنێک بە رابردوو و زیانەکانی شەڕی نێوخۆیی، هیچ حیزبێکی کوردی بە دژی خۆی نازانێ و رزگاریی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان بە ئامانجی خۆی دەزانێ .

بەهیوای سەرکەوتن بۆ گەلی کورد و دوورکەوتنەوەی حیزبەکان لە هەر چەشنە بارگرژی و دووبەرەکییەک

نەمان بۆ نەیارانی گەلی کورد و بەتایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی : ٢ی جووونی ٢٠١٥

# بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەر دەم خاڵی وەرچەرخاندا،

هیوا بەهرامی



مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. ئەم بزووتنەوەیە ئەگەر لە چەند قۆناغێکی مێژووی خۆیدا و زۆر جار لە بەر هۆکاری دەرەکی و هێندێک جاریش بە هۆی کێشەی ناوخۆیی و پەرتەوازەیی لاواز بووبێت، هیچکات لە هەوڵ وتێکۆشان بو هەستانەوەییەکی دوبارە نەوەستاوە.

لە ماوەی بیست ساڵی پێشوودا کە هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە پێی هەلوومەرجی هەرێمی کوردستان بنکەکانیان لە ناوچە سنووریەکان بەرەو قووڵایی خاکی کوردستانی باشوور گواستەوە،بەکردەوە درێژەدانی خەباتی چەکداری وەستێندرا. هەموو حێزبە ڕۆژهەڵاتیەکان هۆکاری وەستاندنی خەباتی چەکداریان بۆ بارودۆخی هەستیاری هەرێمی کوردستان وەک تەنیا کیانێکی نیمچە سەربەخۆی کورد دەگەڕاندەوە کە خوی لە خویدا ئەم هەڵوێستە وەک هەڵوێستێکی نەتەوەیی هەردەم بەرز نرخێندراوە. لەم پێوەندییەدا هۆکاری دیکەش هەبوون کە زەقتەرینیان تەبا نەبوونی ئوپۆزسیونی ڕۆژهەڵات و دابڕانی نێو حێزبەکان بوو کە بووە هۆکاری لاوازبوونیان

ڕاگرتنی خەباتی چەکداری لە گەڵ ئەوەی زۆر کەس و لایەن بە ماوەبەسەرچوو ناویان دەبرد، بە روونی دەرکەوت کە کەلێنێکی گەورەی لە کار و تێکۆشانی حێزبەکانی ڕۆژهەڵات دروست کرد و لە ڕاستیدا کۆتایی حوزووری بەردەوامی کادر و پێشمەرگە لە ناوخۆی وڵات، دابڕانێکی دیاری لە نێوان شۆڕش و کۆمەڵگادا بەدوادا هات. هەرچەند حێزبەکانی ڕۆژهەڵات پەرەپێدانی خەباتی سیاسی - مەدەنیان وەک ئالترناتیڤێک بو خەباتی سیاسی - چەکداری کردە ئامانج، بەڵام لە بەر ئەوەی فەزای سیاسی داخراوی ئێران دەرفەتی تێکۆشانێکی لەو چەشنەی تێدا نەبوو، وەک بینرا نەیتوانی وڵامدەر بێت.

لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە هیچ کات فەزاییکی کراوە یا نیمچە دێموکراسییەکی بە خۆیەوە نەبینیوە و لە هەموو مێژوویدا لە لایەن کەسانی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر و سیستمگەلی توتالیتێرەوە بەڕێوە براوە، ناکرێت لە پرێکدا زەمینەی خەباتی مەدەنی لێ ساز بکرێت. لە گەڵ ئەوەی کە حێزبە سیاسیەکان کەم تا زۆر ئاگاداری بارودۆخی ئێران بوون و دەیانزانی ئەو فەزایەی ئەوان دەیانەوێت خەباتی مەدەنی تێدا بەڕێوەبەرن، دەستبەر نیە، بەڵام لە بەر نەبوونی ئالتێرناتیڤ و ڕێگەچارەی دیکە، بە جورێک مەجبوور بوون، ساڵانێک بەم شێوە خەباتە قەناعەت بکەن.

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەمووان دەیانزانی بو زیندووکردنەوەی شۆڕش، کۆمەڵگا پێویستی بە شۆکێک هەیە و ئەو شۆکە لانیکەم

لە ئێراندا بە تەنیا لە ڕێگای خەباتی مەدەنییەوە دەستەبەر ناکرێت. لە هەمانکاتدا دەبێ بوترێت کە زامنی سەرکەوتوویی خەباتی شاخ، بەستنەوەی بە خەباتی شارە و ئەگەر ئوپۆزیسیونی ڕۆژهەڵات بتوانێت شاخ و شار پێکەوە گرێ بدات، سەرکەوتن مسوەگەرتر دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە هەستانەوەی دووبارە و دەستپێکردن بە قۆناغێکی نوێی خەبات، بەستراوەیی چەند فاکتۆر بوو بۆ ئەوەی زەمینەیەکی لەباری بو ئەو هەستانەوەیە دەستەبەر کردبا. لە باروودۆخی ئەم چەند ساڵەی دوایی ناوچەکدا و ئەو قەیرانە یەک لە دوای یەکانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گرتەوە، بە چەشنێک کە موعادلاتەکان هەر دەم لە ئاڵووگۆردا بوون، دەست لە سەر دەست دانان و چاوەڕوانیکردنی ئەوەی کە ئەم قەیرانانە ڕاستەوخۆ ئێرانیش بگرێتەوە و بە جورێک پەلکێشی شەڕ ببێت، دیسان کاتێکی زۆری حێزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بە هەدەر دا.

پاش رووخانی ڕێژیمی بەعس، هەلێکی لەبار بۆ هێزەکانی رۆژهەڵات هاتە ئاراوە کە بە بوونی ئەو پشێویەی ئێراقی گرتەوە، بیر لە دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی تێکۆشان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بکەنەوە. ئەگەر تا پێش ڕووخانی ڕێژیمی ئێراق، گۆشارێکی زۆری سیاسی وئابووری لە سەر هەرێمی کوردستان بوو و ئەمەش وایکردبوو کە هەرێمی کوردستان بەستراوەی ڕێژیمی ئێران بێت، پاش رووخانی سەدام، ئەم بەستراوەییە تا دەهات کەمتر دەبووەوە. بو هەرێمی کوردستان دەرگای زۆر زیاتر کرانەوە و بە جورێک کە ئێران لانیکەم لە باری ئابووریەوە نەیدەتوانی گۆشار بخاتە سەر هەرێمی کوردستان. بەڵام لەو هەلەی کە ئەو چەند ساڵە بۆ هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵکەوت، نەتوانرا کەمترین کەڵک وەربگیردرێت.

پاش هێرشی داعش بو ئێراق و دواتریش پەلاماردانی هەرێمی کوردستان، دیسان هەرێمی کوردستان کەوتە نێو باروودۆخێکی زۆر مەترسیدار و ئەگەر پاڵپشتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی نەبوایە، گۆمانی ئەوە دەکرا کە داعش بەو هیزە زەبەلاح و پۆشتەیەی بتوانێت دەست بە سەر هەرێمدا بگرێت. ئێستا ساڵیک پاش ئەو پەلامارەی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، باروودۆخەکە تا ڕادەییەک بە قازانجی هەرێم گۆراوە و لە ڕاستیدا هەرچەند ئەو شەڕە بووە هۆی گیان لە دەستدانی زیاتر لە هەزار پێشمەرگە، بەڵام لە باری سیاسیەوە قازانجی بەرچاوی هەم بو هەرێم و هەم تا ڕادەیێکیش بو پرسی کورد بە گشتی هەبووە.

لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی ئێران تا دێت سیاسەتی پاوانخوازانەی خوی لە ناوچەکەدا پەرە پێدەدات. لە ئێستادا ئەو ڕێژیمە دەسەلاتی بە سەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا هەیە و لە هەموو ئەو چوار وڵاتەش، هێزی سەربازی ئێران یا ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕن، یاکوو داڵدە دراون. ئەم دەستتێوەردانانەی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەدا، بۆتە هۆی نارەزایی وڵاتانی عەرەبی و تورکیە و لە ڕاستیدا بەرەیەکی نافەرمی دژ بە ئێران دروست کراوە کە هەرچەند تا ئێستا تەنیا لە رووی مێدیایەوە دژ بە ڕێژیمی ئێران تێکۆشان دەکات، بەڵام لە داهاتووی نێزیکدا دەتوانێ ئەم تێکۆشانەی دژ بە ڕێژیمی ئێران بچێتە قۆناغێکی دیکەوە. لە ئێستادا بە بوونی دوو جەمسەری شیعی و سوننە بە ڕێبەرایەتی عەرەبستانی سعوودی – تورکیە لە بەرەیێک و ئێران لە بەرەکەی دیکەدا، بلۆکبەندییەک لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا خۆی دەرخستەوە بۆ بوتە ئەمری واقع.

حێزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەتوانن لەم هەلەی کە ئێستا ڕەخساوە، بو بووژاندنەوە و هەستاندنەوەی شۆڕش لەو بەشەی کوردستاندا کەڵک وەرگرن. دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری حوزووری سەرلەنوێ و بەردەوامی کادر و پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتدا دەتوانێت لە پەنا چالاکی دیکەدا ڕێگەچارەیەکی بە هێزە بۆ بووژاندنەوەی شۆڕش بێت . لە ئێستادا هەم لە ئاستی ناوچە و هەم لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات، بارودۆخ بو ئاڵووگۆڕ لەبارە. دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری و حوزووری بەردەوامی پێشمەرگەو کادری حێزبەکان نەک هەر پێویستی بە سەرلە نوێ خوڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و تەنانەت ئاڵووگۆڕی شوێنی مانەوەی ئەو هێزانە هەیە، بەڵکوو خوڕێکخستنی سیاسی و بینینەوەی هاوپەیمان لە ناوچەدا فاکتۆرێکی گرێنگ و یەکێک لە پێویستیەکانە.

حێزبەکانی ڕۆژهەڵات ناتوانن ئەو بلۆکبەندیەی کە ئێستا لە ناوچەکەدا بوونی هەیە بە هێند وەرنەگرن و تەنانەت نێزیک کەوتنەو لە بلۆکی دژ بە ڕێژیمی ئێران دەتوانێت کاریگەری دیاری بە سەر خەباتی ئەو هێزانەی ڕۆژهەڵاتەوە هەبێت. حێزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەتوانن وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی خویان، لە گەڵ دژبەرانی ئێران هاوئاهەنگ بن و بو تێکۆشان و خەباتیان کەڵکی لێوەرگرن. هاوپەیوەندی سیاسی لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی هاوبەش دەکرێت و بە پێ قۆناغ ئاڵووگۆڕی بە سەردا دێت. لە ئێستاشدا ئەو بەرەیەی کە وەک دژبەری ئێران پێناسە دەکرێت، دەتوانێت هاوپەیمانێکی باش بێت بو حێزبەکانی ڕۆژهەڵات. ئەگەر پاراستنی بەرژەوەندی کوردستانی ڕۆژهەڵات بو ئەو حێزبانە ئەولەویەتی هەبێت کە هەیەتی، گرێنگە لە هەموو ئەو هەلانەی بویان دەرەخسێت کەڵکی پێویست وەربگرن.

لە ئێستادا ئەو بلۆکبەندیەی ئاماژەی پێکرا چەندین پارتی سیاسی کوردی تێدایە و هەرچەند ئەمە بە فەرمی دانی پێدا نانرێت، بەڵام ڕاستیێکە نکۆڵی لێناکریت. بو نموونە پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەرەی ئێراندایەو لە سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان هاوئاهەنگی تەواویان پێکەوە هەیە. ئەمەش بۆتە هۆکار بو ئەوەی هەردوولا بەرژەوەندیەکانی یەکتر لەم قۆناغەی ئێستادا بپارێزن.

بو سەلماندنی ئەم ڕاستیەش ئەو ڕووداوەی ڕۆژی ٢٥ی مانگی مای لە کێلەشین ڕووی دا بەڵگەیێکی زیندووە. کاتێک هێزیکی پێشمەرگەی حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی پەڕینەوە بۆ ڕۆژهەلات یانیش جێگیر بوون لە خاڵی سێفری سنووی نێوان ڕۆژهەڵات - باشوور دەچنە دەڤەری کێلەشین، لە لایەن چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان پێشیان پێ دەگیرێت و داوایان لێ دەکرێت لەو هەرێمە نەمێننەوە. وەک دەزانین زیاتر لە سێ ساڵە پکک پەیماننامەیەکی لە گەڵ ڕێژیمی ئێران واژۆ کردووە کە ئێزن بە هیچ هێزێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدات، سنوور ببەزێنن. هەر لە سەر ئەساسی ئەم پەیماننامەیە، چەکدارانی پکک بۆ دوورخستنەوەی پێشمەرگەکانی حدکا، هێرشیان کردە سەریان و ئەو هێرشە شەهید و برینداری لێکەوتەوە. ئەم بەڵگەیە سەلمێندەری بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەرەی ڕێژیمی ئێراندایە و هەرچەند دەیان بەڵگەی دیکە بو سەلماندنی ئەم ڕاستییە لە بەر دەستدان و لە کۆمەڵگای کوردیش شاراوە نین.

لە ئێستادا هەم حێزبی دێموکرات و هەم باقی حێزبەکانی ڕۆژهەڵات دوو بژاردەی سەرەکیان لە بەردەمدایە:

١- هەوڵەکانیان بۆ حوزووری هێزی پێشمەرگە لە ناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات چڕ دەکەنەوە و هەموو هەوڵیان دەخەنە گڕ تاکوو لە ڕێگای تەوافوق و تێگەییشتن بەربەستی هاتووچۆی پێشمەرگە بۆ دیوی ڕۆژهەڵات نەمێنێت.

٢- بە هۆی گۆشاری سیاسی لە لایەک و بەربەستی پکک لە لایەکی دیکەوە، مەجبوور بىن ئەو جووڵەیەی دەستیانپێکردووە ڕابگرن و دیسان بگەڕێنەوە دۆخی پێشتر و چاوەڕێ بکەن لە داهاتوودا هەلی دیکەیان بو بڕەخسێت.

لە ئەگەری یەکەمدا پێویستە ئەو حیزبانەی کە بڕیاری ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان داوە، هەم لە باری سیاسی و هەم لە باری سەربازییەوە کۆدەنگییەک لە نێو خویاندا ساز بکەن. بە هەبوونی گۆتارێکی سیاسی هاوبەش و ژوورێکی عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەشێکی ئەساسی ئەو بەربەستەی هاتۆتە پێش تێپەڕاندنی ئاسنتر دەبێت. لە هەمانکاتدا دەبێ هەوڵی بینینەوەی پشتگیری لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا بدرێت و وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، لەو بلۆکبەندییەی لە ناوچەکەدا هەیە کەڵکی پێویست وەربگیردرێت. بە هەڵگرتنی ئەم دوو هەنگاوە دەتوانن هەلێکی لەبار بۆ خەباتێکی بەردەوام و کاریگەر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستەبەر بکرێت.

لە ئەگەری ساغ بوونەوە لە سەر بژاردەی دووەم، مەترسی ئەوە دەکرێت کە ئەو حێزبانەی ڕۆژهەڵات بە مانەوە لە بارودۆخی ساڵانی پێشوو، مەودای نێوانیان لە گەڵ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات زیاتر ببێت و لەم دۆخە هەستیارەی کوردستان و ئێران بە گشتی تێدایە، نەتوانن بە شێوەی پێویست کاریگەریان هەبێت.

بە پێی ئەو فاکت و لێکدانەوانەی باسیان کرا، ئەم قۆناغەی بەردەم حێزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چارەنووسسازە و دەتوانێت ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان و ڕۆحێکی نوێ بەو بزووتنەوەیە ببەخشێت کە بە مێلیون کوردی ئەو پارچەیە هیوای زۆریان پێبەستووە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی : ٢ی جوونی ٢٠١٥




**کۆکردنەوەو ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٢٧١٥ی کوردی – جوونی ٢٠١٥ی زایینی**